# کۆی شیعرەکانی

## ئەحمەدی مەلا

## 2006-1974

**بەختیار عەلی پێشەکی بۆ نووسیوە**

ناوی کتێب: کۆی شیعرەکانی ئەحمەدی مەلا
نووسینی: ئەحمەدی مەلا
بابەت: کۆمەڵە شیعر
تایپ نەخشەساز:
چاپ:
تیراژ:   دانە
ژمارەی سپاردن:

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

نووسینی: بەختیار عەلی

هەواڵنامەی کتێب

# شاعیر و بوون

# «ئەزموونی ئازادی» لە شیعری ئەحمەدی مەلادا

بەختیار عەلی

هەواڵنامەی کتێب

ئەزموونی ئەحمەدی مەلا لە شیعری کوردیدا شوێنێکی زۆر دیاریکراوی هەیە، لە مێژە چاوەڕوانی ئەوە دەکەم یەکێک شتێک لەسەر ئەم ئەزموونە بڵێت، بەڵام تا ئێستا شتێکی ئەوتۆم نەبینیوە شایەنی باسبێت. شیعری ئەحمەدیش وەک زۆربەی تێکستە جوانەکانی دیکەی ناو ئەدەبی کوردی نەخوێنراوەتەوە و فەرامۆشی داپۆشیوە. لەم نوسینە بچوکەدا هەوڵدەدەم شتێک لە قووڵایی ناو قەسیدەکانی ئەحمەد بخوێنمەوە، ئەوەی لێرەدا من بەرابەر ئەو ئەزموونە چڕە دەتوانم بیڵێم، دەستدانێکە لە ڕوخساری نهێنی ئەو ئەزموونە شیعرییە بە گشتی، واتە ڕاوەستانێک نییە لای قەسیدەیەک و وێنەیەک، بەڵکو ڕاوەستانێکی گشتییە لەلای مانای کۆی ئەزموونەکە و شتێک لە نهێنی دروستبوونی. ئەحمەد لە ڕێبوارێک دەچێت کە لە نێوان بۆن و نیگا و هەناسەی شوێنەکاندا ونبووە. پێش ئەحمەد تێکستێکمان نییە بەوجۆرە هەناسەی خۆرهەڵات و خۆرئاوای تیکەڵکردبێت. لە زەردکەوە تا قورتوبە، شاعیرێکی دیمان نییە، بەو جۆرە بۆنی سەفەری بۆ گواستبێتینەوە. بەر لە ئەحمەد شاعیرانی ئێمە تەنیا بۆنی غوربەتیان بۆ دەگواستینەوە، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا

شاعیری موسافیرمان نەبینیوە، شاعیرێک کە یادەوەری و خەون و هەستەکانی ئێستا تێکەڵدەکات بۆئەوەی وێنەیەکی نوێی جیهانمان بداتێ. جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان شاعیری غەریب و شاعیری گەڕاڵدا، شاعیری نیشتەجێ و شاعیری نۆماد <کۆچەر>دا. ئەحمەدی مەلا بەبۆچوونی من شاعیرێکی کۆچەرە، کۆچەر بەو مانایەی کە شاعیر هیچ وەختماڵیکی ڕاستەقینەی نەبێت یان لە ڕاستیدا هەرگیز بۆ ماڵ «بە مانا شیعرییەکەی» نەگەڕێت. هەندێک لە شاعیران بە جیهاندا سەفەردەکەن و سەفەری خۆیان دەکەن بە شیعر ، هەندێکی دیکەشیان بە شیعردا سەفەردەکەن و سەفەری خۆیان دەکەن بە جیهانێکی تایبەتی و ناوازە و نەبینراو. ئەحمەدی مەلا لە جنسی دووەمە، گەشتی خۆی بە دونیادا تەنیا لە ژێر سێبەری گەشتی خۆی بە شیعردا نیشاندەداتەوە. شیعر ڕەچەڵەکی ڕاستەقینە بیر مرۆڤ دەباتەوە ( چەندین ساڵ نەمدەزانی باوباپیرانم لە چ قوڕێک دروست کرابوون ). ئەحمەد خۆی لە یەکێک لە قەسیدەکانیدا وادەڵێت. مرۆڤ دەبێت ونببێت بۆ ئەوەی ببێتە شاعیر، دەبێت لە ناو زمان و لە ناو خەون و لە ناو جیهاندا بەدوای مانایەکی وێڵ و شوێنێکی نەگیراو و ڕوناکییەکی نهێنیدا ونببێت، بەبی ئەم ونبوونە گەورەیە ئەستەمە مرۆڤ کانگا ڕاستەقینەکانی شیعر بدۆزێتەوە... کە مرۆڤ بەوردیش دیوانەکەی ئەحمەد دەخوێنێتەوە، ڕوخسارەکانی ئەو ونبوونە گەورەیە بە چاوی خۆی دەبینێت و تێدەگات، شیعر تۆمارێکی هەمیشەیی ونبوونێکی بیکۆتاییە

*** *** ***

ئەوەی لە شیعری نوێدا زۆر سەختە کۆکردنەوەی ئەبستراکت و بەرجەستەبوونە، کۆکردنەوەی ئاماژەی ناڕاستەوخۆ و شەفافییەتە، کۆکردنەوەی هەست و تێزی عەقڵییە لەناو یەک یەکەدا. شیعر گەمەیەکی سەختی نێوان دیوە ڕەمزییەکەی دونیایە بەرابەر دیوە واقعییەکەی. ئیشی شاعیر تێکدانی ئەو بونیادە تۆکمە و یەک فۆرمەی جیهانە، جیهان بەبێ شیعر جێگایەکی نەگۆڕ و یەک ڕوخسارە. گەر شیعر نەبێت پەیوەندی نهێنی نێوان شتەکان دەرناکەوێت. ئەوەی من پێیدەڵێم «ڕوناکی نهێنی»، ئەو تیشکەیە کە لە شکاندنی فۆرمی دونیاوە سەرچاوە دەگرێت. شیعر زیندووکردنەوەی ڕەهەندە ڕەمزییەکەی ناو وجودە. ئێمە کە دێینە دونیاوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان گوڵ و ئەستێرەدا نابینین، شتەکان

بە کۆ، ماهییەتی جیاواز و شوێنی سەقامگیری خۆیان هەیە. درەخت لە جێگای خۆیەتی و هەور هەمیشە بەڕێگای خۆیدا دەڕوات. بەڵام لە ناو ئەم فۆرمە سەقامگیرەی دونیادا ، لە ناو ئەم شێوە نەگۆڕەی وجوددا ڕەهەندێکی خەوتوو هەیە کە ڕەهەندە ڕەمزییەکەی دونیایە. ئەو ڕەهەندەیە کە تێیدا گوڵ و ئەستێرە لە یەک دوورنین، درەخت تەنیا بەزەوییەوە نەبەستراوە و هەور تەنیا بە ئاسماندا سەفەرناکات. ئەوەی شیعر دروستدەکات، بینینی جیهان نییە وەکو خۆی، تێگەیشتن نییە لە واقیع، بەڵکو توانای هەڵدانەوە و جێهێشتنی واقیعە بەرەو ناو ئەو رەهەندە ڕەمزییەی دونیا کە تێیدا شتەکان چیدی جەوهەری نەگۆڕیان نییە... بەڵکو لە فەزایەکی رەمزیدا مەلەدەکەن، هەر شاعیرە و فەزایەکی ڕەمزی هەیە... هەر شاعیرە و درەخت لە جێگایەک و ئەستێرە لە شوێنێکدا دەبینێت. شاعیر لەو ساتەدا دەبێتە شاعیر کە جیهان جێدەهێڵێت و دەکەوێتە سەفەرکردن لە زەوییەکی تایبەتی خۆیدا، زەوییەک کە تەنیا ماڵی خۆیەتی. بەڵام چۆن ماڵێکە؟... ماڵێکە کە سیفەتی ماڵی نییە، بەڵکو لە گەردونێکی کراوە دەچێت. کەس ناتوانێت مەملەکەتی شاعیر جارێکی دی بە هەمان چاوی شاعیر ببینێتەوە ... ئەوەی شاعیر دەیبینێت و بۆمان دەگوازێتەوە، کەسی دی وەکو ئەو نایبینێت، شیعر زەوییەکە کەس ناتوانێت دووجار سەفەری پێدابکات... ساتی لەدایکبوونی شیعر، وەک ساتی گەشتکردن وایە بە ماڵێکدا کە شاعیر بە تەنیا دەچێتە ناوی، تەنیای تەنیا... هیچ کەس لەگەڵ شاعیردا ناتوانێت بچێتە ئەو ماڵەوە، لە ساتی لەدایکبوونی شیعردا مرۆڤ دەگاتە قووڵترین ئاستەکانی ناوازەیی و تەنهایی خۆی. ئێمەی خوێنەر دواتر تەنیا بە یادەوری شاعیردا سەفەردەکەین نەوەک بەو گەردونە بەرینەی شیعردا. نوسین لەسەر شیعر بۆیە سەختە، چونکە خوێندنەوەی شیعر، نامانباتەوە ناو ئەو جێگا عاسی و داخراوە، ئێمەی خوێنەر لەگەڵ شیعردا بەردەوام بەوە مەحکومین بە عەقڵ بیر لە ساتەوەختێک بکەینەوە کە عەقڵ تێیدا سەروەر نەبووە.

*** *** ***

شیعری سەخت دوو چەشنە، چەشنێکیان بەرەنجامی بێتوانایی شاعیرە لە تێگەیشتن لەو فەزایەی پێی تێخستووە و لەو ماڵەی چۆتە ناوی، چەشنەکەی دیشیان وابەستەی ماهییەتی شیعرە وەک ژانرێک کە لەگەڵ واقیعدا مامەڵە ناکات. چەشنێکیان دەرەنجامی بێتوانایی

شـاعیره له مـامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕەهەنـده ڕەمـزییەی نـاو وجـود و چەشـنەکەی دییـان دەرەنجـامی ژیـانه لەگەڵ ئەو ڕەهەنـده ڕەمـزییەدا تـا ئاسـته هەره وردو هەره قووڵەکـانی.
شــیعری ئەحــمەد له جــۆری دووەمه... ســەختی لەم ئەزمــوونەدا دەگەڕێــتەوه بــۆ دەستکاریکردنی فۆرمی دونیا. ئەوەی له فەرهەنگی سادەدا به وێـنەی شـیعری ناویـدەبەین، تێکـدانی سـەقامگیری شـتەکانه. هەمـوو شـتەکان له بەرگ و شوناسـی واقعییانـدا هەژارن، وێـنەی شـیعری ڕزگـارکردنی شـتەکانه لەدەسـت واقیـع ... له شـیعری ئەحـمەددا واقیـع نابینینەوه، هەر شتێک که دەردەکەوێت له واقیـع ئـازادکراوه. ئەحـمەد لەو شـاعیرانەیه که دیوانەکەی دەگرین بەدەستەوه، دەزانین لەبەردەم ئەزموونێکداین «بینین» و «دونیابینین» تێیدا بوونەته دوو جەمسەری تەواو جودا. ئازادکردنی بینین له جەبـری شـته واقعییەکـان، ئەوه پەیـامی نهێنـی و ڕاسـتەقینەی شـیعره . دونیـابینین ئەو چەشـنه بینیـنەیه که دونیـا نـاوەڕۆکی بینینیمـان دیاریـدەکات... له شـیعری ئەحـمەدا دونیـابینی بـوونی نیـیه، لای ئەو بینین «ڕوئیا» هێزێکی گەورەیه که ئەو ناوەڕۆکی دونیا دیاریـدەکات. شـاعیری ڕاسـتەقینه ئەو شـتانه نابینێـت که دونیـا دەیخـاته بەردەسـتی، بەلکـو ئەو شـتانه دەبینێـت که ئەو دەیخاته بەردەستی دونیا.

*** *** ***

بەڵام واقیع که وندەبێت دەچێت بۆ کوێ؟. واقیع لەم دیوانەدا پەرشدەبێتەوه. ئەوەی که به ناوی ئاستی ڕەمزی وجود ناویدەبەین، لەبیربـردنەوەی جیهـان نیـیه، بەڵکـو تێڕامـانه له قووڵاییەکەی. بۆئەوەی جیهان ببینین دەبێـت، هەمـوو ئەو شـتانه فەرامۆشـبکەین که خـۆی دەربارەی خۆی دەیدرکێنێت. ئەم دیوانەش فەرامۆشـکردنێکی گەورەی هەمـوو ئەو قـسانەیه که شاعیر تـا ئەو کـات له زاری دونیـا بیـستوێتی. شـیعر گـوێگرتن نیـیه له بانگەوازەکـانی دونیـا، بەڵکـو گەڕانه بـۆ ئەو شـفره نهێنیـیەی که له پـشت هەمـوو دەنگێکـی وجـودەوەیه. زۆربەی شیعرەکانی ئەم کتێبه، گەڕانه بۆ ئەو شفرەیه. ئەوەی له شیعری ئەحمەدا دەیبینین ئەوه نیـیه که دونیـا دەربـارەی خـۆی ئاشـکرایدەکات، ئەوەیه که دونیـا دەربـارەی خـۆی نایدرکێنێت و دەیشارێتەوه.

هەواڵنامەی کتێب

*** *** ***

کەواتە بەسەرێک شیعر ونبوونە و ونبوونێکی ناکۆتا و بێسنووریشە، بەڵام بەسەرێکی دی شیعر ماڵە و ماڵێکی تا ئەندازەیەک داخراویش. ئەزموونی ئەحمەد، ئەو خولیایەمان دەخاتە سەر پتر لە چەمکی ماڵی شاعیر وردبببینەوە. قسەیەکی کۆن و دووبارەیە گەر لەسەر ماڵی ناو زمان بدوێین. ماڵی ناو زمان دەنگدانەوەی ماڵێکی گەردونی و بەرینترە. لە هەموو ئەزموونێکی قووڵی شیعردا، سەنتەر بوونی نامێنێت... گەر لەم دیوانەدا بگەڕێین نازانین چ شتێک زۆر ئەحمەدی مەلا دەجولێنێت... ئەو نامۆیە، لەسەرەتاوە تا کۆتایی نیشتیمانێک لە یادەوەری ئەحمەدا هەیە. بەڵام نیشتیمانێکە لە ناو هەزار شتتدا تواوەتەوە، نیشتیمانێکی سیاسی نییە. هێندەی میتافۆرێکی دیکەی گەردونە. زمان بۆیە گرنگە چونکە تاکە کەرەستەیەکە ئەو ئازادییە مەجازییەمان دەداتێ کە ڕەهەندی گەردونی ناو هەموو شتێک ببینین. لەلای ئەحمەد شتەکان ناتوێنەوە، بەڵکو ڕۆحی لۆکاڵی خۆیان وندەکەن... ماڵی شاعیر ئەو جێگایەیە کە هەموو شتەکان دیوە ناکۆتا و بەرین و کراوەکەیان ئاشکرادەکەن. نەمانی سەنتەر واتە کۆتایی لۆژیک بە مانا عەقلانی و لۆگۆسگەراکەی، واتە کرانەوەی هەموو ڕستەیەک لەبەردەم ئەگەری نەبڕاوەدا... کە سەنتەر نامێنێت، شتەکان وننابن، بەڵکو لە یاسا کۆنەکان دەچنەدەرێ. شاعیر سەرەتا زمان ڕزگارناکات، بەڵکو سەرەتا شت لە جەوهەرە فیزیکیەکەی رزگاردەکات. شت لە ماڵ ڕزگاردەکات. ماڵی شاعیر لەم ئەزموونەی ئەحمەددا، ماڵێکی گەردونییە کە شتەکان پێکرا لە ڕووبەرێکی بچوکدا کۆدەکاتەوە... کە لە خوێندنەوەی ئەم دیوانە دەبینەوە، دەزانین ماڵی شاعیر جێگایەکە تێیدا شتەکانی گەردون زۆر لێکەوە نزیکن.

*** *** ***

کەواتە وێنە لە شیعری ئەحمەدا چڕکردنەوەیەکی گەورەی جیهانە.،. تێکدان و تێکەڵکردنەوەی ئەو ڕستانەیە کە وجود پێمانی دەبەخشێت. ئەوەی من پێی دەڵێم ڕەهەندی ڕەمزی بوون لەم ئەزموونەدا، بریتی نییە لە وێناکردنی شتە ڕاستەوخۆکان بە زمانێکی ناڕاستەوخۆ، ملکەچی ئەو سیستمە میتافۆرییە سادە نییە کە بۆ وەک یەکی لە خەسڵەتی سروشتیدا دەگەڕێت، ڕەمزییەت لای ئەحمەد دوورخستنەوە و ئاڵۆزکردنی ئەو

ڕێگـایە نیـیە کە دەکەوێـتە نێـوان «شـتەکان» و «تەعبیرەکـان»، بەڵکـو تـاکە ڕێگـایەکی کـراوەیە کە دەکەوێـتە نێـوان شـیعر و جیهـانەوە. بە مانـایەکی دی بـۆئەوەی لە شـیعری ئەحـمەدا لە مانـای ڕاسـتەقینەی ڕەمـزییەت تێـبگەین، دەبێـت ئەو تێگەیـشتنە دێـرین و سـواوانەمان دەربـارەی جەوهەری ڕەمـزییەت بگـۆڕین. ڕەمزییەتـی تەقلیـدی بـریتییە لە تەعبیرکردن لە سیاسـەت بە وێنە و گـوزارەی ناسیاسـی، تەعبیرکـردن لە جـنس بە زمـانی مەجاز و ناڕاستەوخۆ، لە نـاوەڕۆک و بـابەتی چەپێنـراو بە مانـای ڕێپێـدراو. بەڵام لە جـۆرە شیعرێکدا کە قـووڵتر لەم ئاسـتانە ڕۆدەچێـت، ڕەمـزییەت بـریتییە لە زمـانە ڕاسـتەقینەکەی وجود، ئەو زمانەی کە ژیان و بـوون بەبـێ ئەو نـاتوانن بێـنە قسە، واتە ڕەمـزییەت لێـرەدا دوورکەوتنەوە نییە لە قسە ڕەسەن و یەکەمییەکان، دوورکەوتنەوە نییە لە ئەسڵ بۆ دەستی دوو، دوورکەوتــنەوە نیـیە لە ڕاسـتەوخۆ بـۆ ناراسـتەوخۆ، بەڵکـو تەواو بە پـێچەوانەوە ڕەمزییەت تاکە زمانێکە کە هەیە و دەشێت هەبێت بۆئەوەی «جەوهەری بـوون» تەعبیـر لە خۆی بکات.

*** *** ***

زاراوەی «جەوهەری بـوون» لێـرەدا واتـایەکی میتـافیزیکی نیـیە. وەک ئەوەی شـاعیر وەزیـفەی بێـت بـۆ جەوهەرێکـی دیـاریکراوی جیهـان و مانـایەکی بنەڕەتـی بـوون بگەڕێـت. جەوهەر یان بنەچەی بوون واتە گەڕان بۆ کورتترین ڕێگا بۆ دەرخستنی هەمەڕەنگـی بـوون. کە قووڵ بە هەنـاوی ئەم ئەزمـوونەدا دەڕوانـین، پتـر لەو جیـابوونەوە هەمیـشەییەی نێـوان شـیعر و میتافیزیـک تێـدەگەین. میتافیزیـک دەرخـستن و دیـاریکردنی مانـایەکی بنەڕەتـی و جەوهەرییە بۆ بوون، بەڵام شیعر نیشاندانەوەی هەمـوو گەردێکـی بچـوکی نـاو بـوونە وەک جەوهەر. میتافیزیک فەرامۆشکردنی بوونی هەمەڕەنگە لە پێناوی گەڕان بۆ جەوهەردا، شیعر گەڕانە بۆ جەوهەر لە ناو بوونی هەمە ڕەنگدا. لێرەوە شیعر قەدەرێتی کراوە بێت، ماناشکێن بێت، دەرچوون بێت لە دیاریکردن، خۆ ڕزگارکردن بێت لە ناونان. مانـای بـوون لای شـاعیر واتە ڕێزگرتنـی هەمـوو بـوون، لێـرەوە وەک لەم دیوانەشـدا دەبینـین، شـیعر بـریتییە لە ئامـادەکردنەوەی هەمـوو شـتێک لە نـاوکۆیی«سـیاق»ێکـی نوێـدا... کە ئەم دیـوانە دەخوێننینەوە شەهوەتی ئامادەکردنەوەی جیهان، هەمـوو جیهـان بە جـۆرێکی دی لە نێـوان

دێرەکاندا دەبینین. شاعیر دونیا خەلق ناکاتەوە، شوبهاندنی شاعیر بە خودا دروست نییە، شاعیر جیهان دروست ناکات، بەڵکو لە بێدەنگی و وەستان و سکون دەریدەهێنێت. ڕێزگرتنی هەموو بوون، واتە خستنەوە جووڵەی هەموو بوون، واتە بە جەوهەریی ناساندنی هەموو شتێک. میتافیزیک کورتکردنەوەی ژیان و بوونە بۆ یەک مانا، شیعر دژایەتیکردنی هەر کورتکردنەوەیەکە... شیعر درێژکردنەوەییەکی ناکۆتایە بۆ ژیان و وێنەکان، بۆ بوون و ئەگەرەکانی.

*** *** ***

شیعری ئەحمەد جوڵاندنەوەی ئەو ناکۆتابوونەی بوونە، ئەو فەزا کراوەیەیە کە سنووری تەعبیر بە ئەندازەی جیهان و ئەگەرەکانی ناوی گەورەدەکات .

ئەو دەستکاریکردنە بەردەوامەی بابەت، ئەو جێنەگیرییە لە وێنەدا، ئەو شکاندنەی لۆژیک... ئەوانەن شیعر بە ناکۆتاوە گرێدەدەن. لە شیعری ئەحمەدی مەلادا ئەو کرانەوە گەورەیە دەبینین کە هەر پرۆسەیەکی شکاندنی سەنتریزم پێویستی پێیەتی. شیعر ئینکارکردنی هەبوونی هەر جۆرە چەقێکی نەگۆڕ و ناکۆتایە بۆ بوون. بەڵام شیعر تەنیا ڕەتکردنەوەی ئەو سەنتەریزمە نییە، بەڵکو پراکتیککردنی ئەو ناسەنتەریزمەیە. ئیشی شاعیر نییە بە هاتوهاوارێکی زۆرەوە مەرگی ئەو سەنتەریزمە ڕابگەیێنێت، بەڵکو ئیشی ئەوەیە بە جۆرێک بنوسێت و بژی، وەک ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیان چەقێکی نەبووبێت.

*** *** ***

نەمانی سەنتەر، بیرۆکەی «ماڵی شاعیر» «هەڵبەت بە مانا هایدگەرییەکەی» بە ئازادی ڕەهاوە گرێدەدات. بەوەدا سەنتەرێک نییە بگەڕێینەوە لای، بەوەدا شوێنێکی موقەدەس نییە بچینەوە باوەشی، پەرستگایەک نییە شاعیر نوێژی تیابکات. کەواتە هیچ جێگایەک نییە سەنتەر یان ئەگەری سەنتەر نەبێت، هەموو گوڵێک دەشێت چەقی گەردون بێت، هەموو پەپولەیەکیش دەشێت خاڵی دەست پێکردنی ناکۆتابێت.

*** *** ***

لەم سەرەتایەوە کە قووڵ لە ناو ئەزموونی شیعری ئەحمەدا چەقیوە، بەجۆرێک قووڵ تێگەیشتن لە ڕیشەی ڕاستەقینەی ئەزموونی شیعری لای ئەحمەد بەبێ تێگەیشتن لەو کرانەوە ڕەهایەی ماڵ ئەستەمە. هەندەی دەست بۆ قەسیدەیەکی ئەم دیوانە دەبەین دەکەوینە ناشوێنەوە. کە مانا لەم قەسیدانەدا لێمان ڕادەکەن لەبەر ئەوە نییە کە بێمانان، بەڵکو لەبەرئەوەیە ئەم قەسیدانە سێبەری جیهانێکن کە لێمان ڕادەکات و سێبەری بوونێکن کە بەردەوام لە دروستبوونەوەدایە. تەنیا ئەو شیعرانە مانای کۆنکرێتمان دەدەنێ کە لەگەڵ جیهانێکی کۆنکرێت و ئامادە و سنووردارادا مامەڵەدەکەن. قەسیدەکانی ئەحمەد لەدەرەوەی هەر سەنتەرێکی مانا دەژین، لەبەرئەوەی هەر سەنتەرێک بۆ مانا، کۆتاییدانانێکە بۆ مانا. شیعر لە مانادا دوایی نایەت، بەڵکو شیعر ئەو ڕێگایەیە کە بەلای مانادا دەڕوات و لای نیشتەجێ نابێت. شیعر ناچێتە ناو ماناوە، بەو مانایەی مانا ماڵی یاخود ئومێد و نیازی بێت، بەڵکو تەنیای لێینزیکدەبێتەوەو لە گۆڕان و تاریکییەکانی دەڕوانێت. شیعر بە گشتی دژی مانا نییە، شیعری ئەحمەدیش بەتایبەتی لەسەر دژایەتی مانا دروست نەبووە، بەڵام لەسەر ئەو ڕاستییە بونیادنراوە کە هیچ مانایەک ناتوانێت هەموو جیهان بگرێتەوە، هیچ لۆژیکێک تاکە سەروەری بوون نییە. بە واتایەکی دی شیعر گەورەترە لە مانا، وە قووڵتر لە سنووری مانا بە ناو جیهاندا دەڕوات.

*** *** ***

شاعیر گەمەی زمان ناکات، زمان ماڵی شاعیر نییە. چونکە لە جەوهەردا «مانا» گەمەی هەرە گەورەی زمانە، هەموو زمانێک بە مەبەستی درکاندنی «مانا» دروستدەبێت. لەدەرەوەی خواستی «مانا»دا زمان نامێنێت، لێرەوە شیعر بە لۆژیکی زمان ئیش ناکات، چونکە هیچ وەخت قووڵایی شیعر بە ماناوە نەبەستراوە. هەروەها شیعر تەنیا تێکشکاندنی زمان نییە، ئیشی شاعیر هێندەی تێکشکاندنی ئەو سیستمە وێنەییە کە دونیای پێدەبینین، تێکشکاندنی ئەو زمانە نییە کە قسەی پێدەکەین، کە لە خوێندنەوەی شیعر دەبینەوە زمانمان بیرناچێتەوە، بەڵکو ستراکتوری ئەو دونیایەمان بیردەچێتەوە کە تیا دەژین.

شـیعری ئەحمەدیـش بەرجەسـتەکردنی ئەو پەیـامە گەردونیـیەیە. ئیـشی شـیعر ئەوەیە وێنەیەکـی تـر بـۆ دونیـا دروسـتبکات، ئیـشی ئەوەیە ئەم جیهـانەی ئەمـڕۆ وەک سـێبەر و کـورتکراوەی دونیـایەکی ناکۆتـا نیـشانبداتەوە، هەر بـۆیە زمـانیش بـۆئەوەی لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا بژی، وەک سێبەری زمانێکی ناکۆتا دەردەکەوێت. شیعری ئەحـمەد لەو ئەزمـوونە کەمانەی شیعری نوێی کوردییە کە نەتەسلیمی مانا بووە بە شێوە سـادە و ڕاسـتەوخۆکەی، نە تەسلیمی «هەرتەقە» و «بێمانایی» بووە، واتە تەواوی جڵەوی شیعری نەداوەتە دەست یـاری زمـان، زمـان کە یـان گەمەی مانـا دەکـات یـان گەمەی بێمانـایی. بەپـێچەوانەوە لەم ئەزموونەدا شیعر، بەرلە هاتنە قسەی «زمان» لە فەزایەکی وێنەکار و تایبەتدا دەخولقێت. لە ئەزموونی ئەحمەددا ساتی لەدایکبوونی وێنە دەکەوێتە پـێش سـاتی لەدایکبـوونی زمـان. لێرەدا زمان نوتقکەرە نەوەک خولقێنەر بێت. لەم جۆرە شـیعرەدا «ئـازادی بـوون» لەگەڵ «هەمە ڕەنگی وجود» پێکەوە یاسای خۆیان بەسەر ئیشکردنی زماندا دەسەپێنن. نـا ... ئەوە «ئـازادی زمـان» نیـیە کە وێـنەی سـەیری بـۆ دونیـا لێکەوتـۆتەوە، ئەوە «ئـازادی بـوون»ـە کە زمـانی بە ئاقـارێکی دیـدا بـردوە. «وێـنە» بەرەنجـامی ڕیزبەنـدییەکی نـوێی زمانەوانی نییە، بەڵکو ڕێزبەندی نوێی زمان، دەرەنجـامی سـتراکتورێکی هەمیـشە گـۆڕدراوی بـوونە. شـاعیر ئـازادی دەبەخـشێتە بـوون، بـۆئەوەی بـوون بتوانێـت هەمیـشە خـۆی پێناسـەبکاتەوە. شـیعریش بـریتییە لە پێناسـەکردنێکی هەمیـشەیی و نەبـڕاوەی وجـود بـۆ خۆی.

بەبۆچـوونی مـن شـیعر ئەوکـاتە نـابێتە شـیعر کە زمـان بەر ئەگەرە ناوەکییەکـانی خـۆی دەکەوێـت، بەڵکـو ئەو کـاتە دەبێـتە شـیعر کە «بـوون» بەر ئەگەرە ناوەکییەکـانی خـۆی دەکەوێت.

*** *** ***

نەبەخشینی هەموو شتێک بە مانا، لەوەدا دوایی دێت هەموو شتێک نەبەخـشین بە زمـان. کە لە مانادا ناخەوین واتە دەبێت لە مانا بێینەدەرێ و بۆ شتێکی جوانتر و گرنگتـر لە مانـا بگەڕێـین. چـوونەدەرەوە لە مانـا لە یەککاتـدا مانـای هەیە، ئەوەی بەرەو نـاو ئەو جـوڵە

گەورەیەی وجود بکەوینە ڕێ، کە مانا ناتوانێت فراوانی و هەمە ڕەنگی کۆبکاتەوە. سنووری نیگای شیعر لە سنووری توانای مانا و زمان تێدەپەڕێت. ئەوە تەنیا شاعیری بێبەهرەیە کە زمان تێکدەشکێنێت بۆئەوەی شتێک بڵێت. بەڵام شاعیری ڕاستەقینە زمان لەبەردەم نیگایدا دەشکێت، لەو شیعرانەدا کە شاعیر بە مەبەست زمان دەشکێنێت، شیعرێکی مردوو لەدایکدەبێت، بەڵام لەو ساتەدا کە نیگای شیعری و ڕوئیا زمان دەشکێنن، وەک ئەوە وایە زمان دووبارە لەدایکببێتەوە. پاککردنەوەی زمان لە مانا کۆنەکانی، بۆئەوەی نەکەوێتە ناو بێمانابیەوە، دەبێت هاوڕێ بێت بە پاکردنەوەی جیهان لە مانا کۆنەکانی.

*** *** ***

«ئازادی زمان» لێرەدا هەڵقوڵاوی ئازادی شاعیرە بەرابەر کۆی سیاقە سادە و بینراوەکانی ژیان. زمان ناتوانێت ئازاد بێت گەر بینین ئازاد نەبێت، بینینیش ناتوانێت ئازاد بێت گەر بوون وەک گۆڕەپانێکی کراوە دەرنەکەوێت. لە قووڵایی شیعری ئەحمەدی مەلادا شۆڕشی بینین پێش گۆڕینی زمان دەکەوێت. ئەوەی سەرەتا دەگۆڕێت ئەو ناوکۆییانەیە کە شتەکانی تێدایە، ئەو ناوکۆییانەیە کە بینینمانی تێدایە، زمان دواتر لە پشت بینینەوە دەجوڵێتەوە.

*** *** ***

ئەم ئیشکالییەتەی لە شیعری ئەحمەدی مەلادا بەرەو ئیشکالییەتێکی زۆر دێرینمان دەباتەوە، سەبارەت بە پەیوەندی شیعر و موقەدەس. ئەم گرفتە بە ئەندازەی دێرینی شیعر دێرینە. بەڵام لێرەدا دەکرێت لە ڕوانگەیەکی نوێوە لێی بڕوانین، کە پەیوەندی بە ڕیشە دینی و میتۆلۆگییەکانی شیعرەوە نەبێت. پرسیارەکە ئەوەیە : ئایا جیهانێکی بێسەنتەر، جیهانێکی خاڵییە لە موقەدەس؟ ئایا شیعر دەروازەی سڕینەوەی قودسییەتە لە جیهاندا ؟. هەڵبەت نەبوونی سەنتەر مانای نەبوونی قودسییەت، موقەدەس هەمیشە پرۆسەی دروستکردنی سەنتەربووە و هەرواش دەمێنێتەوە. بەڵام گەر شتەکان وا وێنابکەین وەک ئەوەی شیعر بە شکاندنی بۆ سەنتەر وجود لە قودسییەت بەتاڵدەکاتەوە، ئەوەیان ڕەنگە تێزێکی هەڵە بێت. شیعر نەخشەی قودسییەت تێکدەدات، نەوەک قودسییەت بکاتە دەرەوە.

ئەوەی شــیعر دەیــشکێنێت پرۆســـەی بەســـەنترالیزەکردنی مــوقەدەس و کــۆکردنەوە و جیـاکردنەوەیەتی لە نـاموقەدەس. شـکاندنی سـەنتەر، دەرکردنـی مـوقەدەس نیـیە، بەڵکـو شکاندنی پاوانکردنی موقەدەسە، بە موقەدەسکردنی هەموو شتێکە وە گێڕانەوەی قودسییەتە بۆ  ئەو شتانەی قودسییەتیان لێ سەندراوەتەوە. لە قووڵایی ئەزموونی ئەحمەددا ئەو مەیلە قووڵە هەیە بۆ گێڕانەوەی نرخ بۆ هەموو شتە فەرامۆشکراوەکان. یادەوەری شاعیر، هێـزێکە تەنیا شتە لە یادکراوەکان و نەبینراوەکان دەبینێت... قودسییەت لای شاعیر مانایەکی دینی نییە، بەڵکو مانـایەکی سـیحری هەیە. بەو مانـایەی شـیعر ئامـادەکردنەوەی نائامادەکـانە... شاعیر شتەکان ناپەرستێت، بەڵام وادەکات ببینرێن. هەموو شتێکی وجود، هەموو گـوڵێکی، هەمـوو تیـشکێکی، هەمـوو گەردە غوبـارێکی چیرۆکێکـی لەگەڵ مرۆڤـدا هەیە. قودسـییەت لێرەوە لە پەرستن و عیبادەتدا نییە، بەڵکو لەو پەیوەندییە بەربڵاو و نەپساو و کراوەیەدایە کە شاعیر بە بوونەوە گرێدەدات.

*** *** ***

بەڵام لەو پرۆسە شیعرییە گەورەیەدا من «الانا»ـی شاعیر لە کوێـدایە.  شـاعیر خـۆی لە کویادا وەستاوە؟.

لێرەشدا ئێمە هەمان دۆخ دەبینین کە باسمانکرد. کە بوون سەنتەرێکی نەبێت، کە زمـان دوامالّ نەبێت، ئیدی شاعیریش  نابێتە مەخلوقێـک بە پێناسـەیەکی دیـاریکراو و ڕۆشـنەوە، بەڵکـو کـۆچەرییەکی گەردونیـیە کە بێمەبەسـت بە جیهـانی وێـنە و هەسـت و شـتەکاندا دەسوڕێتەوە. منی شاعیر بەتاڵ نابێتەوە، بەڵکـو بەجۆرێـک گەورەدەبێـت لە نێـوان خـود و بابەتدا دیوارێک نامێنێتەوە. ئەوە وادەکات قەسـیدەکانی ئەحـمەد بەریەککەوتنێکی گەورەی نێوان خود و بوون بن  خودێک کە پڕە لە ژانی ڕابوردوو، سەرسامی ئێستا و شەهییەت بـۆ داهاتوو، بەسەر دونیایەکی کراوەدا دەڕوانێت و ئازادە چی تیادەبینێت. واتە منی شـاعیر بە پێچەوانەی کەسانێکەوە کە شـیعری سیاسـی یـان کـۆمەڵایەتی دەنوسـن، لە شـتێکدا بەتـاڵ نابێتەوە، لە ئاڕاستەیەکدا ناوەستێت، بەڵکـو وەک «بـا» بە نـاو شـتەکاندا هەڵـدەکات. کە ئەم دیوانە دەخوێنینەوە ناتوانین خودی شـاعیر ببیـنـین، ئەومـان بـۆ ناگیرێـت، لەبەرئەوەی شیعر پرۆسـەیەکە وادەکـات شـاعیر بەردەوام لە جـوڵەدا بێـت. لە شـیعری ئـازاددا، شـاعیر

هەولێرنامەی کتێب

نابینرێت، بەڵکو تەنیا دەتوانین هەستی پێبکەین، بەجۆرێک شیعر خوێندنەوە وەک گەڕان و ڕاکردنێکی بەردەوامی لێدێت بەدوای تارمایی و سەرابدا، شاعیر دەبێتە کەسێک کە لە هەموو جێگایەکدا هەست بەبوونی دەکەین، بەڵام نایبینین. دەبێتە کەسێک کە جێ پەنجەی لەسەر هەموو شتێک و جێ پێی لەسەر هەموو ڕێگایەک دەردەکەوێت، بەڵام بێئەوەی هەرگیز بتوانین ڕێکەوتی خۆی بکەین. منی شاعیر دەبێتە لێشاوێک لە وێنە و ئاماژە، دەبێتە کۆمەڵێک سیستمی سەمبولی بەیەکدا چوو، کە لە ئەزموونی ئازادییەکەی تێدەگەین، بەڵام لە خۆی تێناگەین. شیعری ئەم دیوانە ڕێگایەکی کراوە نییە بۆ ناو منی شاعیر، بەڵکو چیرۆکی بەریەککەوتنی ئەو منەیە لەگەڵ بووندا، ئەوەی بە ئێمە دەگات لە شاعیر چیرۆکی پێکدادانێتی لەگەڵ دیوی ناکۆتا و فرەوێنەی شتەکاندا... ئەوەی ئێمە تیادەژین ئازادییەتی، چونکە لە جەوهەردا هەموو شیعرێکی ئەم کتێبە جۆرێکە لە پراکتیککردنی ئازادی.

هەوڵنامەی کتێب

**کۆی ئەم شیعرانە لە نێوان ١٩٧٤ بۆ ٢٠٠٦ نووسراون و بەم شێوەیە ڕێکخراون :**

١- زەردک
٢- کتێبی شیعر
٣- ئاقیقی زڕ و زستانێکی زۆر
٤- مانگ و هەڵپەڕین
٥- درزی ئاو و درزی ئاوێنە
٦- پاشکۆکان
٧- سەرەتاکان

هۆڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# شیعرەکان

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# زەردک[1]

**دەس بەندیانەدێن و دەچن سەرو و نارەوەن**

**صاحێب کولاەو سایەوو بەرگن وەکو مولووک**

**ڕاییل و تار و، پۆپی کولووی بەفرە، ئابشار**

**با بای دەدات و ماسی پیێدا دێ وەک مەکووک**

نالی

---

[1] لە وەرگێڕانی ئیسماعیل دەروێش،بە زمانی فەرەنسی، لە دەزگای ئارمەتان، لە پاریس، لە ساڵی 1993 بڵاوبووە.

هەوالنامەی کتێب

# لەدایکبوون

**تەنها دڵە وێنەی مەزنی تۆ ناشارێتەوە زراڤ لە ڕووباری ئەم**

**سەردەمەوە ئاشنای ئاو و هەوای ئەم خاکە ڕەشەبوویت مەلەت**

**دەکرد باسک و بازووت گوڵەکێویلە بوون قژ گەڵای**

**هەڵوەریوی کەناری شەقامە دوورەکانە لە دایکبوویت نەشمیل**

**ماندوو لە ناو سکی ماسییە گەورەکان دا کرنۆشت بۆ بەرزی چاو**

**دەبرد ئیمڕۆ سەر لەبەیانییەکی خەمناکە وەنەوز پڕ لەشتە بە**

**سەما باسی ئاو و سەوزایی ئۆقیانووسەکانت دەکرد زمانت پژا هیچ**

**شتێک لەتۆ نەدەچوو خوێندرایتەوە درایتەبەر بەرد و چەوە**

**وردەکانی کەنار کەناریش لە خەو هەڵستاو گرتیتیە باوەش**

**ئەنکیدۆ–کچۆڵەیەکی گیان نەرم بوویت منیش بە چرپە لە**

**گیرفانی پەنجەکانمەوە چەند لاپەڕەیەکی زەردی کتێبە کۆنەکانم**

**خوێندەوە گەڵایەکی سەوزم نووشتاندەوە لە نێوچەوانتم چاند**

**ئاوەنگی پێش هەتاوهەڵاتن شیعری ڕەق و بەردین**

**داچۆڕینە خوارێ وەنەوز وەکو پەپوولە لە جەستەتەوە بۆ دونیا**

پڕشوبڵاو دەبووەوە هەنگاوە مۆرەکانت هەورێکی ڕەشتاڵەی

گەرم بوون ئیمڕۆ سەرەتای زیندوویەتی تۆیە.

وتیان : خودایت

وتیان : شیعریت و بەزمان لەسەر خاکوخۆڵ و دونیایەکی تر

دەدوێیت

هاتیتەزمان

شەو و ماسی وەنەوەشەی زەمەن

لەزەردک–ەوە

گوێیە پڕ گوارەکانت

بۆ کازێوە دەلەرینەوە

زەردک گوندە هەژارەکەی دونیایە

زەوی پڕ جۆ و

جوتکاری گەنم ڕەنگ

شۆڕشیان دەکرد و

مشتێ ساوەریان دەدا بەڕاتبە

ڕاتبە دەبووە خوێندن و جوزوعەممەش

نەغمەی بولبولێکی ناوەخت بوو

لەپڕێکدا

زەمین شەق بوو

هەوالنامەی کتێب

**کانی و ڕووبار، ماسی و هەتاو بوونە شیری**

**مەمکی دایکێکی سەرما بردەڵەی کز و چاپووک**

**خاک نارنجیە**

**هەتاو گەرد و تۆزە**

**چرای ئێواران زەنگیانەتیشکی دەناردە ئاسمان**

**ملوانکەکەی لەسەر سینەی تۆ دەترازاند ...ئاسمان**

**تاریکیی چەپکێ ڕێحانەیە**

**گۆرانی نەرمە ئاوازێکی ڕەشبەڵەکە**

**فانۆزە وردیلەکانی دەست زارۆکان کوژانەوە**

**دایک وێنەی مەریەمی بەرزدەکردەوە**

**دەروێشەکان قەسیدە درێژەکانیان دەهۆنییەوە**

**شڕوشێت و فەقی و مەلا**

**لەدەوری حەوزی پیرۆز فوویان لە ئاو دەکرد**

**سواری ملی یەکتر دەبوون**

**تاکو چاویان بەنوور دەکەوت**

**داری سەرو و چناری مزگەوت**

**بە حەوایە هەڵدەگژان**

**پڕ حەوشەکە لە شەیتان و جنۆکە بوو**

**تەنها تۆ بووی لە مەزنیت**

وێنەت لەدڵدا نەشارایەوە

فریشتەیەکی تووڕە بوویت

خودایەکی چکۆلانە

تۆ هاتیتە سەر ئەم زەمینە ڕەشە

زەمین خۆی دەپێچێتەوە

دەبێتە ڕووبارێکی وشکی بە هەرەس

ڕووباری شیعری سەردەم

کۆتری ڕەشی ئاشتییە

هەواڵنامەی کتێب

# کۆتر و لقەدارخورما

کۆترەکانمان هەڵدەدا و دەبوونە تەباشیر، دەبوونە ئاو
پڕ ئێسکەکان دەبوون، کەنداوەکانی بڵند دەکردەوە
سەربازەکان خۆیان و یادگارەکانیان دەئاوسان وەک دومەڵان
و خارچکیان لێ دەهات. باشوورییەکان پاڵیان بە پشتی
خۆیانەوە دەنا. دەرد و بەڵا پێی بچووکی زارۆکە کراس خەتخەتەکان...
کۆترەکان لە نێو پەنجەکانمەوە
لە نێو پەنجەکانیانەوە
لەنێو پەنجەکانتانەوە

هەموو ساتێ خۆزگەی ئەوەمان دەخواستئێمەش ببینە ئاو

گوێدرێژە بۆزەکان،، کەرتە بەتانییە بۆرەکان
ڕێچکەیەکی سوتاو
دۆڵێکی بەرز...ڕووبارەکان قژە هەڵگەچراوەکەی دایکانە

ئەو کۆترانەتان بۆچی بەرەڵاکرد ؟

ئاسمان دەبێتە گەندەمووی پەپوولە،

مانگیش ناڵێکی برۆنزییە دەداتە شەققەی باڵ

ئاومان خۆش دەویست، تامی خوێی وشکەوەبووی

لێ دەهات.

بەردمان هاویشتە بیرە بێ بنکەی حەوشەکەمانەوە

یوسف زوقمی کاوێژ دەکرد

چیچکەی دابوو، ڕەق و وشک بەرامبەر کامیرەکە

یوسف-مان دەرهێنا و

لەگەڵ کۆترەکانا بەرەڵامان کرد

جوانیی لێ دەوەری

وەک مێروولەی مێژوو بە قەد درەخت و بۆشاییا هەڵدەگژان

دوگمەی سوخمەکەتیان ترازاند، بۆنی هەڵمی پاپۆڕەکان و

ساردیی لێ دەهات

دەریاوانێکی پێنەرم

دەستــــەکانی تــــــاکــو باکـــوور درێـــژ دەکرد، دەمی

نە دەگەیشتە چەناگەت، دەمی نە دەگەیشتە پشت گوێیەکانت

کە سوخمەکەتیان داماڵی لەزیندانییەک دەچوویت پڕ گیانی

مومی کوژاوەبێت

من چیم پێ دەکرێت؟

تۆ چیت پێ دەکرێت؟

ئەوان چییان پێ دەکرێت؟

هەینییان بۆ پەرستگا و شێوانیش لەباڵای تۆ ڕادەماین

پۆشاکە نارنجییەکانمان دادەکەند و زەردەخەنەکانمان

دەبوونە کۆتر

گزنگ لە دیوارە درزبردووەکاندا بە پێخاووس دەهاتە دەر

ئێمە پێمان خاووس دەکرد و لە ئاو دەگەڕاین

ئاومان دۆزییەوە ...ئاومان نەدۆزییەوە

ئاومان کردەبەر...ئاومان لە بەرداکەند

ئاومان شاردەوە.... پاپۆڕەکان بەرەو ئەودیو

لەنگەرەکانیان گواستەوە

شیعر. ئاو

لم . هەتاو

رۆژباش...بابانەکان

کیغانتان شووی کرد و

بەرۆکی ئەو هەرزەکارە بەردەین...

پڕ کۆشی گوڵەگەنم بکەن و لەسەر ئەو تەپۆلکە ئاوییەدا

بیچەقێنن...

سبەینێ زوو...یا دەبێتە کۆتر

یا دەبێتە مارمێلکە لە نێو بەرد و

گاشەبەرد و لم و چەو و زیخ و کەستەکی ئاویندا

خۆی مەڵاس دەدات....چاوەکانی دەبرسکێنەوە

هەناسەی خێرا....لەژێر ئاودا

سبەینێ زوو.... یا دەبێتە گوڵەبەرۆژە

یا دەبێتەبۆق

بۆقێکی زل و زەبەلاحی نیمچە دوورگەیەکی

ڕەش

سبەینێ زوو...هەڵسن و خەونەکانتان بە سەر تەنافا

هەڵواسن

چی پێدا نایەتەخوارێ!

گۆل و

بۆق و

تابلۆ درز بردووەکانی ڕۆژنامەکان

ئاوی زەردی پێدا دێتەخوارێ

وەکو چڵمی هەتیوەکانی هەزارویەک شەوە

مەڵاس...مەڵاس

لە پشت ئەو دەرگا کاغەزینە...

هەواڵنامەی کتێب

ڕوانینە شەنگیی و باڵای بەرزی ئاو

چەترەکان بە چەقۆ ڕاماڵن

تک تک ئاوی ڕەشی لێ ڕێچکە دەکات

منیش هۆزەکەم دەخەمە خەرجێکەوە

بەرەو وڵاتی ئاو دەیانبەم

هەڵیان دەرێژم

وەک جەنگەلێکی چنار

دەچمە سەربان...

سەر منارەیەکی بڵند

لقە دارخورمایەک وەک شمشێر بە دەستەوە دەگرم و

کۆشم دەکەمەوە

با بفڕن هەرچی کۆتری گیانم هەیە

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ورچە گەورەکە

ئاسمانەکانمان خلّتانی ئەستێرەن خلّتانی ئەستێرەن ئاسمانەکانمان

ئەستیرەن خلّتانیی ئاسمانەکانمان برژانگە سەوزەکانمان

هەڵدەماڵین بە نهێنییەوە سەیری خودا دەکەین خودا لەو

خوارەیە کەواو چاکەتەکەی تۆزی ڕەنگاورەنگی لێ نیشتووە لێی

نیشتووە تۆزی رەنگاورەنگ ماچی کەوشەکەت دەکەین خودای

خاوەن عەقلی زارۆکێکی هەتیو وەرنە ژێر عەباکەمەوە من

دایکتانم من شاژنێکی سوخمە دڕاوی پەروازەم وەرنە ژێر

برژانگەکانمەوە تەماشاکەن کانییەکانی عاسمان بێ عەبان وڕک لە

کەوڵەکەی من دەگرن بەفری ژێر هەنگڵتان بۆنی کەستەک و

دڕکێکی دووری لێ دێت شاعیرەکانمان لە ژێر خاکی ئاردین دا

خۆیان دەتەکێنن وشە بەردییەکانمیان قووت داوە لە سەر

**دڵیان دەبێتە گرێ کوێرەیەکی وەریو لەسەر دڵیان دەبێتە پێی**

**منداڵە کوردەکانی خۆشی نەدیو ئەم کووچانە تەنها بەرەو**
**ئاسمانەکان پەلمان دەگرن پەلمان وردە چەوە دەبێتە تیشکی**

**فانۆزێکی وردوخاش بووی زۆر کەون هۆ کرمانجەکان پەڵتان**

**دابەش کەنە سەر ڕووبارەکان ترسی ئەوەتان نەبیت هەتاو**

**ئاوی زەردی لێ دەتکێ و لەناو کۆشمان دەبێتە دەنکە پرتەقاڵی**

**تاڵ.**

**چی ماوە کەلەپچەی**

**نەخەنە هەناو ؟**

**چی ماوە کۆشی پڕ دەرزیلە نەکەن ؟**

**گۆرانی دیسانەوە گۆرانی ئینجا هەموو گۆرانییەکان بە یەکەوە**

**ئەم زەمینە گەورەبچووکە بچووک-گەورەیە ئەم زەمینە**

**سەگەکانی جەنگەڵە پڕ ئەستێرەکان دوای بۆنی شیعر دەکەون**

**شیعر ئاسکە شیعر کەروێشکە شیعر تانجییەکی بێ هەتوانە شیعر**

**ڕەشەبەردێکی قووڵایی ئەم ئاو وهەوایەیە پاش ئەوەی**

**چاوەکانمان دەبوونە گۆمی پڕ قەوزە ملمان کەچ دەکرد زۆر لە**

**سەر خۆ بەرەو پەرستگاکان دەخشاین هەر لەسەر خۆ باسی**

**مێژووی دار و درەخت و سەوزاییمان دەکرد زۆر لەسەرخۆ**

**پێشمەرگەکان بەرەو شارکان دەگەڕانەوە زۆر لەسەرخۆ لە**

سەر چۆک بەرامبەر وێنە ئاوەژووەکان ڕادەماین و لەشێت

بوون دەترساین.

ئاسمانەکانمان گەلێ قووڵترن لەبرینەکانمان.

ئەم خاکە لە ژێر پێمان بۆنی خەتە نارنجییەکانی لێ دێت

هەندێ جار بۆگەن دەبێت هەندێ جار دەبێتە کەلاک وەکو

بەرازێکی کێوی قەرسیلەکان دەکرۆژێ و خەون بەخاکە

نەدۆزراوەکانەوە دەبینێت مێژووی ئەم شارانە بۆنی گوڵەبارانی

بەخۆیەوە گرێداوە

گوڵەباران

گوڵەباران

دەوارەکانتان دەشواتەوە قەراغ جەستەتان بە هێلکە شەیتانۆکە

دادەپۆشێ

وشکاییتان دەخواتەوە لێوار لەشتان بە گەرای ئەجننە

دادەپۆشێ

گوڵە باران

گوڵە باران

هێشتا تێری سەیری ئاسمان نەبووینە

هێشتا تێری سەیری خۆمان نەبووینە

هێشتا تۆزی بەرەو ئەو دیو نەچووینە

هەوالنامەی کتێب

وەختە لە واقی وڕما، وەختە لە دۆخی شڕما

وەختە لە جەستەی سڕما، لە قژی پڕ جریوەی زڕما

دەمم ببێتە باران

لەشم هەر وەکو گریان

وشەی کۆن و نوێ لە ڕیشەوە بشواتەوە

هۆ ...هۆ ...هۆ

زینەکان زەمینەکان زریزەی زەردی زەمان

ژینەکان ژەنینەکان ژووری ژانی ژنان

هۆ.....هۆ..... هۆ

شیرینەکان شانەی شەو و شەمامەکان

سیسەکان سەمای سام و سەوداسەران

هۆ.....هۆ.....هۆ

خۆتـان ڕاخەن وەک مافـووری بەیانییەکان با لە سەرتان

هەندێ گوڵی ڕەشی باران دابارێ دەبا هەندێ خەونی کەونیی

کۆترەکان لەسەر پشتان بکرێتەوە دەبا هەندێ لێزمەو زرمەی

قامچییەکان وەک سەوزایی پەراسووە ڕەقیتەکان هەندێ شل بێ

و شی بێتەوە ئەو ئاسمانەی خۆی پۆشتەو پەرداغ دەکات خۆی بە

ڕەنگی دەنگی ئێمە ئاڵاوواڵا دەکات و بە نازەوە بەرەو ڕومان

هەواڵنامەی کتێب

ئەستێرەکانی دەکشێن.

هۆ.....هۆ...هۆ

خەڵکی هـەژارو سادەو ئاسمان نەدیو ملتان کەمێ خوار

کەنەوە و تەماشای کلە سەوزەکانی سەر برژانگم کەن سەوزە

وەکو قورئان سەوزە وەکو قەوزە سەوزە وەکو گریان سەوزە

وەکو بەژنە زراڤەکانی سەوزە

براینە برادەرینە

دەردێکم هەیە پڕ برینە

ئەم شەو خەونێکم بینی ڕەبی بیێتە دەفعی قەزاتان

ئەمن دوعایەک دەکەم ئەنگۆ هەموو بڵێن ئامین

لەخەونەجیوێییەکەم دا

لەسەر پێپلیکانەیەکی گەچیندا بە کراسێکی سورەوە وەکو

سەر لە بەیانییەکی خەون زڕاو بەرەو ورچە گەورەکە شاڵاوم

دەبرد و پڕ گیرفانم وردە ئەستێرەی شکاو بوون بەیداغێکی بێ

ڕەنگم توند توند لەناو لەپم دا چاند بوو

تاکو سەر دەکەوتم جەستەم دەبووە بەیداغ

ژێرەوەم ئۆقیانووسێکی ڕەشی پڕ شەپۆلی هاج بوون

سەرەوەم ورچێکی توک درێژی زبر بوو نزیک توکێکی زبری

قاوەیی ڕەنگی ورچەکە بوومەوە هەر دەپەنجەم لێی

**گیر کرد و پێپلیکانەکە زرمەی هات و خۆسایە ناو گەرووی شەپۆڵەکان**

**ورچە هاربوو ورچە شێت بوو ئەستێرە شکاوەکانی**

**گیرفانەکانم دەردەپەرین و دەترازان و دەکەوتنە خوارێ**

**ورچە بوو بە حەزیا....جەستەم بوو بە بەیداغ**

**ورچە ئاگری لە دەمان دەباری....جەستەم شیعر**

**ورچە دوکەڵی لە چاوان دەردەپەڕی...جەستەم شیعر**

**ورچ دەبووە ئەجننە دەبووە دەعبا دەبووە ڕەنگێکی تۆخی زۆر ناشرین**

**جەستەم بە بەیداغەوە کەوتە خوارێ.....**

**تاکو ئێستاش ورچە هەر ورچە جەستە و بەیداغ**

**شۆر**

**دە**

**بنەوە**

هەواڵمەی کتێب

# خزمەکانمان

بۆنی خزمە یەخە چڵکنەکانمان دەهات خزمە پێست

سووتاوەکانمان هەموو شتێکیان دەربارەی ئەو دیوەوە دەزانیؒ

دەربارەی پاکوخاوێنی ئێمەش عارەقی سوێر و ڕەش ئاستی

دەریا و زەمینی جودا دەکردەوە ساڵەکانی پار و پێــــرار و

پەسترپێرارەکان چەند سووک و ڕوون و ئاسان بوون گەش

گەش لەقوڵایی وشەکان دا جــرووکە جرووکــیان دەکرد

ساڵەکانی پار و پێراریش ئیتر نابینرێنەوە خزمەکانمان گشت

ئەمانەیان دەزانی و قسەی کتێبیان بە بەرەواژی دەوتەوە

دەیانزانی باسی چی دەکەن ساڵەکانی عارەقی سوێڕ و ڕەش ئەسپن

گەمژەن ناحیلێنن پار و پێرارەکان....لەگەڵ هەندێ لە

خزمەکانمان....

کچەشازادە و هەژارەکانیان دەگواستەوە....دەیانگواستەوە...

هەموو دەگواسترانەوە کێ نازانی ئەو گشت

خزمانەمان لەسادەییاندا چۆن بارانیان دەباراندە سەر

دەریاچە و دەریا و چلپاو و قوڕاو و هەندێ جاریش وشکاییان

مارە دەکرد ئەگەر لە من دەپرسن ئەی بۆچی زەندەقیان

دەرژایە سەر هەموو دەشتایی و بیابان و ساراو سێبەرە بەرەلاکان

کاتێ بێگانە دەمامکدراوەکان خۆیان و زەمینەکانیان دەگواستەوە

دەڵێم : گشت ئەمانە

ڕەنگی پار و پێرار وبێزاریی ونزاری سەر گۆرستانەلە یەک

چووەکانی پشت گردەسە وزەکە بوون

خزمەکانمان....دوێتە چواردە و پازدە و شانزدە ساڵەکانیان بە

جووتە دەهێنایە ژێر هەتاوی عارەقەکانیانەوە دەستیان بە

جووت و گاشەبەردی زلیان لەڕێگای ژیان هەڵدەدایەوە

هەموو ئەم شازدە بچووکانەی کە لە مێروو و زەنگیانەی ترازاو

دەچوون گەشکەیان دەکرد پەردە تەنکە سەوزەکانیان بە دوو

پەنجەی خەناوییەوە هەڵدەدایەوە

چاوەکانیان .....چاوەکانیان ....چاوەکانیان دەرژانە ئەو دیو

دیوارە ئەستوورە ئەفسانەییەکانەوە ئەم شازادە بچووکانە

تاجەکانیان هەڵنەدەماڵی..خۆ حەزیان لە خەوتن و شەوی درێژ دەکرد.

ئەمانە نووسرا بوون لە گشت کتیبە ڕەشە جوانە خەو

خۆشەکانی ژێر سەرینی ماڵەکان

کتێب هەموو شتی تێدا بوو

ماچی درێژی توندی پڕ لەززەتی خزمەکانمان

تەقەی ڕەشی ساتیی گشت خزمەکانمان

گشت ئەمانە لە ساڵە جوانەکانی پار و پێرار و پەسترپێرارەکان دا

ڕوویان دەدا

گشت ئەمانە لە کتێب نووسرابوونەوە

ساڵەکانی عارەق و تەڕیی و حەسانەوە...توانەوە

ڕۆژمێرە پەڕە نارنجییەکانیش هەڵوەرین.....کوژانەوە

نینۆک و پەنجەکانی ژنەکانی خزمەکانمان ...ئاخۆ..دەشێت ببنە

جوانترین و ناسکترین و نەفرەت لێکراوترین شیعری من

دەشێت نینۆکیان بە خەنەوە قووت قووت ببنەوە

دەشێت پەنجەکانیان بە خەنەوە جووت جووت ببنەوە

دەشێت خزمەکانمان ...ژنەکانیانمان بۆ ڕەوانە بکەن و لەژێر

سێبەرەکانیان ببینەهەموو شتێک

دەشێت ...هەموو شتێک دەشێت تاکو ئێمڕۆش نەچۆتە قابڵغی

پارو پێرارو پەسترپیرارەکان

خزمەکانمان دەکەوتنە شوێنمان...

چوینە مزگەوت... هاتن کڕنۆشیان بۆ مافوورە زەرد و ئاڵەکان برد
چوینە حەج...کەوتنە پێشمان و نێوان سەفاو مەروەیان پێش کاتی خۆی کووتییەوە
چوینەوە مزگەوت ...کتێبە ڕەشە جوانەکانمان زۆر بە دزییەوە شاردەوە هاتن لە گەڵمان کردیانە خەرمانێکی کتێبی ڕەش و ئاگریان لە هەمووی وەکو پووش بەردا
خزمە چەتوونەکانمان زۆر خۆشدەویست
چونکە ئەوان تەنها خزمی نزیک و دوور و-نزیکی هەمووان بوون
چونکە ئەوان کاتێ نزیک دەکەوتنەوە لە شار و شارۆچکە سپییەکان
سەڵەواتیان بۆ گەورەیی خودا و ئێمە هەڵدەدا
ئاخ! سەڵاواتەکانیان هەرگیز نەدەگیشتنە سەر منارەکانیش
وەکو ڕیشۆڵەی تۆپیو بە کۆمەڵ دەتەپینە خوارێ
دەکەوتنە شوێنمان وەک قەراغی پێڵاو
تاکو هەموو هاتن نەتەوەیەکی یەخە چڵکن...لە بەردەمی ئێمەو کانیاوەکان دا ڕاوەستان و دەیانڕوانییە بەژنمان
هاتن هەندێکیان زۆر چڵێس بوون

هەندێکیان کەڵەگەت چاو و برۆ تێکەڵ...مووی بزنە کلک

قووتەکان

هەندێکیان سمێل بادراوی لوول لوول......بەچکە سوڵتانە

بێدسەڵاتەکان

هەندێکیان

شازادەیەکی خستبووە باوەش نووساندبوویە خۆیەوە...

ڕەگی نەرمی ئاویی ڕوەکە غەریبەکان

هەندێکیان دەستیان بۆ ئاسمانەکان درێژ دەکرد و زرمەی

پێیان دەهات

سمی ئەسپێکی چەمووش

خزمە ڕەنگ قاوەییەکانمان چەند خۆشەویست و مەزن بوون

خزمە غەریبەکانمان هەر بە غەریبی مانەوە

ئەی میللەتی قەرەج ئەی خزمە دەربەدەرەکانمان

عارەقی ساڵە ڕەشەکانمان...بوونە ئاگر؟

ئاگری ساڵە کوژاوەکانمان دەبنە پەنگر ؟

بەس ئەوندە بیر لە خوراندنی ژێر پێی و ناولەپتان بکەنەوە

چونکە دەسوێن پار و پێرار و پەستەرپێرارەکان

نەفرەتتان لێبیت

نەفرەتی

هەواڵنامەی کتێب

**بەزەیی و دامان و بێ دەسەڵاتیی و ملکەچیی و شەرمەزاریی و**

**دەست کورتی**

**نەفرەتی**

**گەورەیی و مەزنیی و بڵندیی و سەر بەرزیی و هەڵفڕین و بەرز**

**بوونەوە**

**نەفرەتی**

**پاشماوەی ساڵەکانی پار و پێرار و پەسترپێرارەکان**

**مژی عارەقەکانتان دەلکایە سەر شووشەی پەنجەرە غەمناکەکان و**

**تەونی داپۆشراوی سەر کڵاوڕۆژنە بچووکەکان**

**چەند تەڵخ و زبر و تاڕێک و تاریک و باریک بوون**

**چەند ئاسانن سووک و نەرمن سیمای هەموو پێرارەکان**

# سێبەری خۆڵەمێش

## تۆمار

**پەرژینی سێبەرێکی خۆڵەمێشین، دەروازەکەی جاری**

**جارانمان، پەنجەرە شۆڕبووەکانی لێوار شەتاوە**

**بێ گەمییەکان، پەڕۆ و پیتاڵە ئاڵەکان، سپییەکان**

**نارنجییەکان، خامەکییەکان،**

**دیواری خاڵخاڵەکان، خاڵ سەوز و شین و بۆر و گەنمییەکان**

**دەرگا، باڵی تەنکی پەپوولەکانی سەر گازەرای پشت**

**میچ، تەم تاکو شیراز و ئەسفەهان**

**دیرەگ، تاڵە هەوری سەوز، تاکو شام و دەریا**

**بزمار و تەختە و دار و کاغەزی زەرد و بۆر و غوبار لێنیشتووی،**

**پاڵکەوتووی ناو قۆزاغەیەکی**

**ئاوس بە مرواری**

**تۆمار دەسەسڕێکە....ئەی خەو شیرینی ژێر قووڵایی دەریاکان**

## زەردک

**بەردو قەرسیل، خۆڵەمێش و جۆ**

**ڕێچکەی خۆڵەتەپانییەکە، ئاسۆی منارەی مزگەوتە دیوار**

**شۆڕاوەکان**

**لە کتێبەکانەوە شەرم دادەتکییە سەر ڕوومەتی حەوز**

**حەوز گەرم دادەگیرسا**

**نەمامەکان هەڵدەزنانە کۆڵەگەی ئاسمان**

**شەو، پێچەیەکی گرنج گرنج، کۆشی لم و ئەستێرەی تورِ**

**هەڵدەدایە سەر کۆلێت و زنجەکان**

**لەژێر سەرینەکانیشەوە گیا سەوز دەبوو**

## کەرکووک

**گڕی تێبەر بوو قەڵاکەمان**

**ڕوخسارە کەسکەکان ئاوێنەی تەڕن**

**شاعیرێک بەرەواژ، بە ڕەژوو**

**چەند هێڵێکی تێکشکاوی خۆڵەمێشینی خوساندە سەر دیوار**

**هێڵ و قەڵا و ئاگر، نە ڕووبارن، نەزیندانن**

**جەستەی با و چەند گەڵایەکی بێ ڕەنگن**

**قەڵا کەپووی کلوونە**

**ژیلەموویەکی قووڵە**

**قەڵا پارچە پەڕۆیەکی ڕەشی فڕێدراوی سەر پشتی خاسەیە**

## بەغدا

**ون بوونی لەپ و سیماو سەمایە**

**هێشتا دەشێت ببێتە ژنی یەکەمم**

**لەژێر هەنگڵەکانییەوە گیا سەوز دەبێت**

**لەنێو گیا، ڕووبارەکان دەدەنە شەققەی باڵ**

**کۆترە خورماییەکان، دیوارەکان بەجێ دەهێڵن**

**منارەکان ڕەنگی ئاو دەقۆزنەوە**

**تۆز دەگرن، لەپی حەزرەتێکن**

**بەغدا کوونەپەپوویەکی ڕۆح ڕۆشنی بە نەزاکەت**

**هەندێ جار دێتەسەر خشتە چەوتەکانی دێرە شیعرەکانم**

**هێلکەدەکات**

**دەتروکێن و دەبنەمانگ و شەونم و چلچرا**

گۆرەپانەکان

بەرماڵێکی ڕەشن، گەورەو پانتا دەبن،

قووڵایی چاوە داپلۆسراوەکان

دەبنە مەرگێکی پێویست، سووک سووک دەتوێنەوە

وەکو کلی زۆر ڕەشی کچە سۆزانییەک، لەڕوانینێکی غەریبانەدا

تەڕ دەبێت و دەبریسکێتەوە

ڕۆژێکیان بە شەرمەوە چوومە تەنیشتییە

شیرین وەکو بۆنی دایکم

## ژنێڤ

هەوالنامەی کتێب

باسکە زەردەکانت لەملمە

ڕەگی شەختە و بارانن

قۆچەکانت لەژێر پێمە و منیش توینوانە

ڕۆحم بەجێتدەهێڵێت، دوور دوور دەکەوێتەوە

دەبیتە خاڵی سەرەتای ئارەزوو

لەش ....کەسکەکانە

پەرچەم...زیخە

چاەکان .... پیاڵەی شەرابی کۆنن

دەستەکان....چێون، شێوەی هێمایەکی سپین

تارمەکان چەماونەتەوە، کاس و وڕ و گێژ دەبم

بەمۆنیی خاو دەبێتەوە خەمۆکییە ساوێلکەکەم

پەنجە درێژ و باریکەکانم، لە نێوان خوڵەمێش و شینیی دا،

ئاگر دەڕژێتە سەریان

ئەمە شەشەمین ساڵە، گاز لە دەرد و لە بەرد و لەم

کرێوەیە دەگرم، بۆ بێچووە پشیلە و مشک و جرج

ناکاتەهاوەڵی خۆی ؟

ئازاریش تامی هەناری نەما

ئاخ و خاکە ڕەنگارەکان، لیکاوێکی سوێراویان لێ ڕێچکە

دەکات

ئەمە تابووتە پڕ دەروازەکەی جارانە؟

یان کەڵەشێرێکی پەڕ گەوزاوەی ناو تەمە؟

باران نە مێزەکان تەڕ دەکات، نە شۆستەکان دەشواتەوە

مێوان نەکراسی سپی لەبەردەکەن، نە پەنجەرەش

دەکرێنەوە

شەوانی ئەنگووستەچاوی بەنەشەوشەش

شەمشەمەکوێرەکان ڕووتوقووت دەبنەوە

تەڕ دەبن بە تاریکیی و بەناو بیلبیلەی خۆرهەڵاتا دەڕژێنەوە

ئەمە، شارۆچکەیە، شارە، گوندە، پایتەختە؟

یان مەزارێکی تەپیوی بیابانێکی بێ سنوورە

تاکو کەی ئەم کراسە ونجڕونجڕەی زەمانێکی ترە دانامالێت؟

گەڕانەوە پەرژینە، ئاوابوون پەڕژینە،

مەرگ پەرژینە

مەگەر دونیایەکی تر لە خەوێکی داچۆڕاودا

سەربنێتە سەر کەساسی و شەق بەرێت و بکرێتەوە

لە حەزلێکردنێکی منداڵانەوە

بۆ گەرووی چرچولۆچی خەتەنە خوێندراوەکانی ناو لەپە

ڕەشەکان

لەحەوشیکی بەر بەرەڵاو پڕ ئاودا

بەرەو ئێسگەی چاوەڕوانی یەکەم

سمی ئەسپە شێیەکان

لاقە باریکەکانی ئاسک و مامزان

کێوێتی کەو و پۆڕ و هۆماکان

بەرزیی وشترە موبارەکەکان

چرا، تاکو چراش دەبێتە بەرد، کاتی بەری خەون و پەنجەی

پێ دەگرن

کی لادێیانە دەڕوانێتە ڕوخسارەکەم ؟

هەتا دەمرم لادێیەکم ورک دەگرمە نووستنی نێوان دوو

مەمکوڵەی مۆن

چ دەروێشک دێوانانە پەلم دەگرێت و دەمکاتە پەیکەرێکی

مەرمەڕیی تۆز لێنیشتووی هەندێ لووس

دەسەسرە چڵکنەکانی منداڵیم گەر چنگ کەوێت

دەیدەمە ئەو

دەشێت لەپێشانگایەکی هونەرەجوانەکانیشدا بفروشرێت

چەند خەنی و شانازی دەکەم کە چڵکن بوون

دیسانەوە هەر پەرژینە ....پەرژینە ....پەرژینە

نەختیکی تر، تەمیش بەپێپەتی دێتەئەم کولانەیەوە

دەبێ وەکو جوتیارێکی نووستووی ناو خەونێکی کەستەکیی

دەرپەڕمە دەرێ

دەردەپەڕمە دەرێ

دەهۆڵ و زورنا و تاج و کراسی تا ئاودامانی شۆڕی ئاوریشمی

پاشا

ڕەوەئەسپی زین کراوی زیوین

دەهۆڵ : لەلای ڕاستی کاروان

زۆرنا : لە لای چەپی کاروان

**ئەم لاو ئەو لای شەقامە درەختەگەڵا هەڵوەریوەکانیش**

**سوالکەر و پێ خاووس و چڵمن و شێت و منداڵ و پیر و بێ نەواو**

**بێ نیاز و بێ نیا و بێ مەزار و بێ گوڵ و تاریکیی، هەڵدەپەڕن**

**لە چاوەڕوانی پاشای پاشاکانن**

**دەردەپەڕمە دەرێ**

**دیسانەوە هەر پەرژینە ...پەرژینە ...پەرژینە**

هەواڵنامەی کتێب

# زارۆک و بەرد و خەون

زارۆکیک بوویت هێندەی چنگی خەون

دەشکایت، دەبوویتە خۆڵ

یان

مەلەت لە زەڵکاوی گریان دا دەکرد

دەڕویشتیت لە ژێر سێبەرەکان

بازنەی ڕارایت دەچنی

گەورە دەبوویت

لە لێوار چەم و قامیشە بۆرەکان

بیرت لە شەهوەتی مانگ دەکردەوە

ئەوەندە گەورە بوویت

شەوێکی پڕ تۆز و غەڵبەغەڵب

تەمەنتی کردە هەڵاڵە

نەخشەی دواڕۆژتی سڕییەوە

خەونەکانی باپیرە

وەکو کەستەک، گریان تلیساندییەوە

زارۆکێک بوویت هێندەی چنگێ خەون

ڕووبارت دەدایە سەر شان

وردە وردە ڕوخسارت بوو بە لم

دەشتەکان

کاڵۆکرچیی پاش ڕیگەن

بوون بە سێبەری زەمەن

شار دەبووە گوند

گوند لە یادگارەوە بۆ یادگار

لە مەرگ و جەنگەڵ نزیک دەبووەوە

خاک لە بۆرییەوە

لە نارنجییەوە لە سەوزییەوە

دەبووە تەم

لەش گشت ڕەنگەکانی وەردەگرت

زارۆکێک بوویت بە فراوانی خۆڵ

کانی،

ماچی دەکردی

باران،

دەیکردیتە کراس

له شەودا

خۆت بە خۆت هەڵدەواسی

زارۆکی سپی دەچیتەوە

ڕەهەندستان لەگەڵتا گەورە دەبوو

گوندییەکان بە عەزرەتەوە بوون بۆ تەم بینین

گوند و شار و خاک

هەموو بوونە تۆ

تۆیش بوویتە من و

لەبەر تەمەن کورتی هەتاودا دەتووێنەوە.

ئێستا

منداڵێکە، سێبەری تۆیە

سێبەری تۆیش تامی ڕەنگ و

تەماشایەکی تری دەوێت

من ئێستام

ئیستای بەربەرەکانی

تۆیش دەدرێتە بەر زەم و

گشت شەمەکان تار بوون

دەزانم وەختە ببیتە پەیکەر

پەیکەرێکی مەزن

دەمریت، دەبیتە ستران

ئەی پیرەمیردی چەو

ڕێچکەی تۆ و نالی

شارەزای زنجی ئەستێرەکانن

بۆ پیتێک

چەندەها وڵات جێ دەهێڵن

وڵاتێک بۆ حەبیبە

وڵاتێک بۆ بێ هودەیی

ئەی بێ هودەیی : ئاڵاکانم ونجڕ ونجڕ دەکەیت و

دەمکەیتە ئاڵا :

ئاڵایەک لەم خاکەدا گیر دەبێت

خاکێک لەم زەمینەدا دەقڵیشێتەوە

دەقڵیشێتەوەو دەبێتە ڕەژوو

کێ نەخشەی ڕەژوو دەناسێ؟

کێ نەخشەی ڕەژوو پێ دەزانێ ؟

نەخشەی ڕوخسار

نەخشەیەک، شەو دەبێتە چرا

ڕۆژ، لە ژێر پێ دەکوژێنرێتەوە

کۆچ بە درەخت دەکەن

بەرد لە ئاسمان دەتارێنن
کانی جەستە دەکەنە هەڵم
زەمینی تاک و تەرا
لەم گەردوونەدا دەخافڵێنن
زارۆکێک بوویت
خەونت بە ئێستاوە دەبینی
کە ئاوا دەبیت
هەر وەکو بەردێکی لە یادچوو
دەچیتە قۆزاغەیەکی کۆنەوە
کۆن
کۆنتر لە دەریا
کۆنتر لەئاو
کۆنتر لەخەون
دەستت بدەرە دەستم
وەکو چۆن ڕووبار دەڕژێتە ئاسمانەوە
هەموو لە حەوزێکی خەونین دا
خەون بە درەخت و با و بەردەوە دەبینین

ئەی پیرەمێردی منداڵ

نوقم ببەو ببەرە بەرد

ئەی تیشکی لەیادچوو

هەواڵنامەی کتێب

# پرسیارە سەرەتاییەکان

مەڵێن هیچ ڕوو نادات لەژێر ئەم بلیمەتییە تەواوە
بەرپەرچی چی دەدرێتەوە؟ جەستەدەبێتە "با"
ئاسانترین چارەسەری نزیک بوونەوە
دەستلێدانی تەپ و تۆزی زەردباوە
دەپەڕمەوە لە خۆم
پەنجە لە کەناری خۆم دەدەم
هێشتا گوڵەگەنمەکان نەیاندەزانی دەوری مانگ خۆڵەمێشە
دەوروبەری من زەمینێکی بێ مەیلە
پڕم دەدا لە ئاسمان
ئەمانە دەبنە پەرێز، لەژێر سێبەری خۆم دا
لەپەکانم دەکشێن، دەکرێنەوە، دەبنە ئاو

هەواڵنامەی کتێب

هیچتان پێ نەوتووم

خۆم ئەم کۆچە و بارانەم هەڵبژارد

دەمەوێت وەکو مەرەکەبی شووشە بێڕەنگەکان

وشک ببمەوە

پایزانێک لە کەلەبەری دیوارێکی خاپووردا سەر دەربێنم

چاوە ڕۆشنەکانم دادەخست

ڕێگا بەرەو وەنەوشەیی دەچوو

جەستەم دەنگی دەدایەوە

دەناسرێم ؟

دەبمە پرسیارێک لە گشت خۆڵێکدا ون دەبم

فەقێیانە سپییەکان

ئێستاش بۆنی کاغەز و دووریان لێ دێت؟

با سەڵتە تۆزاوییەکان

ئابلۆقە بدرێن بە ڕووناکی

با ڕوشنایی گوندەکان بکاتە خۆڵەمێش

لە سەرەتای ئەم ئاوازە ڕەشەوە

قازوقوڵینگە نوێیەکان

فێری فڕین و گەوزان دەبن

لەپشت گشت گۆڕستانی،

هەواڵنامەی کتێب

**مێخەکێکی بەردین هەیە**

**لەپشت گشت پەیکەرێکی ئێسقانی**

**رق، ڕاڕایی، تەبایی، سەما هەیە**

**بە ئاستەم گوێم لە خوڕەی نالی دەبێت**

**کەوشەکانی لەسەر سەرەو**

**خوی فێرە سەما دەکات**

**زۆر بە کزیی گوێم لە نەغمەی کیژە بەگزادەکانی جاف دەبێت**

**لە نێوان قامیش و کەستە کەزلەکان، خۆڵ دەخەنە باوەش**

**ئەگەر وشەکانم خۆڵیان لەسەر بووەتە ڕەنگ**

**شتێکی سەر سووڕێنەر و نامۆ نییە**

**شۆڕشەکەمان**

**هەندێ مەرەکەبی وشکی دەوێت، تا لەنزمیی نزیک**

**بێتەوە**

**لەوپەڕی دیوارەکان**

**هەندێ چەک لە دەست، لە تارماییەک دەگەڕێن مارەی**

**بکەن**

**لە درەختێک دەگەڕێن**

**بە ناولەپ قڵیشەکانی بسڕنەوە**

**ڕەشماڵەکان یەک لە دووای یەک هەڵدەدرێن**

هەواڵنامەی کتێب

کێ دەڵێت وەکو خارچک بە کاری زەمین دێن ؟

زەنگوڵی چراکان، دەڕژێنە ئەم دەریایەوە

منداڵێک لەچی دەگەڕێت ؟ خۆی دەسوێنێتە سەر کەفی

کەنار

گرێیەک بدەین لە دەریا

وشکاییەکان دەبنە ڕەنگی پێغەمبەرایەتی

دەشتاییەکان گەمارۆ دەدران

کە تراوێلکەکان نزیک دەبوونەوە

چ مانا دەبەخشێتە خودا ؟

چ وامان لی دەکات وەکو گەچە خووساوەکان

بە نەزاکەت شۆڕببینەوە؟

هانا دەبەمە بەر تاریکاییەک

بۆنی لەپ و شەوی لێ بێت

دەرژێمە سەر دیوارەکان، هەڵدەگژێمە سەر کۆنەکان

لەچ دەسڵەمێمەوە؟! دەتانبیستم

دەنگەکانتان ژەنگی هەڵهیناوە، ڕوخسارەکانتان سەوز دەبن

هەزارها مەچەکی ڕووت خۆ دەکشێنێتە ئاسمانا

زەمەن ناوەرێتە ناو ڕوحیان

هەزارەها پەنجە خۆ دەشارنەوە

ئاسانترین ژان چارەسەری گەڕانێکە

کەینێ لە کۆڵی خۆم دەبمەوە؟

ئەم کیسەڵانە سەر ئاو کەوتوون

ئەم دوورگانە لە پەنای یەکتر خۆ دەشارنەوە

ئەم ئاسمانانە، لە زەمین و ئێمە دەگەڕێن

لەو ڵاتانەی برسێتی و پێکەنین هەیە

زەمین لە ژێر پێی کەس دا نیە

لەو وڵاتانەی تەنها مرۆڤ لەئاوارەیی دەگەڕێت

بە مردنیش رزگاری نابێت

گشت مێوە تاڵەکان بخەنە دەریاوە

گشت پاپۆڕەکان لە قەراغ ئەم ڕووبارانە ریزکەن

گشت چارۆگەکان ڕەنگ کەن

گشت برینەکان بە کۆچێکی بێمانا بسڕنەوە

هەواڵنامەی کتێب

# پەنجەرە ئاوییەکان

**بەجەستەکتێبی ڕەش و سپی دەکەینەوە، کتێبی گەورە و بچووک، کتێبی پیرۆز، سوورەتە کورتەکان، سروودی هەوەڵێنن...**

*** سوورەتی یەکەم**

**چیا دەبیتەلم، چیا دەگواسرێتەوە، چیا ڕەنگ**

**دەکرێت و لە ناولەپ دەشاردرێتەوە، کە یا نامێنێ**

**لەودیو تەم و مژە زەردیلەکان، ڕووتەیەک بە جووتی پێڵاوی**

**سوورەوە، کەپو سەوز، بەرامبەر سروشت، بەرامبەر**

**تابلۆیەکی سپی، سروشت دەکاتە دەزوولەی باریک،**

**دەزوولەی باریک دەبنە تەون دەبنە خەون دەبنە وردە ئاوی**

داچۆڕاوی شەوین.

* سوورەتی دووەم

ئالأ دەبیتەکەف، بەیداغ دەبێتە مژ

درەخت باڵی لێ دەڕوێت، کەو دەڕوتێنەوە

باج نامێنێ، کۆچ لە جەستەکان دا ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ

زەمەن لەودیو ساراوە بۆ ئەودیو سارا

لەشوێنێک دەگەرێت

* سوورەتی سێیەم

شەو وەکو ڕۆژ ڕووناکە

ڕۆژ وەکو شەفەق پاکە

* سوورەتی چوارەم

خوداوەندم پێرێ بینی، وەرس، چارەی گرژ،

گورزەکەی دەستی خووساو، چەرمی پێستی لینج، هەتاو

پەڵەی سەوزی بۆ دروست کردبوو، لە پێپلیکانە ئاسنینەکەوە

ملشۆر دادەبەزی.

* سوورەتی پێنجەم

بەڵێ بێگومان ئەمە ئاخاوتنە، هی پەیامبەرێکی

نەجیبزادەیە

پەنجەرەکانی دۆزەخ دەکرێنەوە

هەواڵنامەی کتێب

پەنجەرە کەسکەکان پەنجەرە سپییەکان

پەنجەرە شینەکان

دەرگاش کلۆم داخراوە

حــەوشــە بـۆرەکەی دەڵێن : کەوڕەنگە، ڕەنگی

دێزەیەکی دەبەنگە

یانیش دەڵێن : نارنجییەکی زەردباوی پڕ وزەیە

چەند شاعیرێک بە ڕوواڵەت پیر

شیعر و ورێنەی سبەینێ دەخوێننەوە

دیوارم بینی غاری دەدا

گلێگۆ بەرەو نەمان دەچوو

شیعرم بینی لە دەمی پێغەمبەرێکەوە بۆ دەم شێتێک، کاژی

دادەکەند و گوڵ و بەردی دەکردەبەر

پەنجەرەکانی بەهەشت دادەخرێن

پەنجەرە سوورەکان

پەنجەرە ئاوییەکان

وەکو دەڵن : تیایانە جوانکیلەی بە غەمزە نە لەلایەن

مرۆوەوە نە لە لایەن ئەجننەوەنە گەچراون

خەونم بینی پەنجەرەئاوییەکان دەبوونە ڕووبار، ڕووبارەکان

بەنیو پەنجە و لەشما خورەیان دەهات، لەشم دەبووە زیخ،

زیخەکانیش وەک چۆلەکە جریوەیان دەهات

کاندنیسکی پەنجەرەکانی کردە تیر و بە ئاسمانا بەرەڵای کردن

ڕامبۆ لە پەنجەرە ئاوییەکەوە خۆی دزییەوە بەرەو یەمەن

نالی هەڵبژیرەری وەنەوشەیی، لەکەشیدەو مرواری دەگەڕا

بەرامبەر ڕەققییەتی تەن و ریققەتی دڵ واقی وڕما

پەنجەرە داخراوە-کراوەکان

دەرگا کراوە-داخراوەکان

زەمەنتان جەستەی داپڵۆسێنراوی منە

شوێنتان پێستی سپی منە

منیش دەبمە چۆڕی خوێنی مەیوو

لەسەر بەردە سەوزەکانا پەپوولە ئاسا دەرژێمە نێو ئاسمانەوە

زەمەن جەستەمە جەستە شوێنمە

ئەی دەرگا-پەنجەرە

کراوە-داخراوەکان

ئاسمان دەهێنمە خوارێ و ملی توند دەگرم

بەرەو ئەو خوارە ڕاپێچی دەکەم

دەڵێم : ئاسمان، شینایت ڕەنگی بەڕوو ڕەنگی تەزوو ڕەنگی

دەزوو

ڕەنگی زەردی هەتیوانی ئێمەی لەکۆڵ دایە

**چاوم دەنووسێنمە زەمینەوە**

**زەمین لەمشتما هەڵدەگرم**

**دەیدەمە دەم ئەو ڕووبارەی کەناوی منی هەڵگرت و**

**بەرەو بێ کۆتایی ملی خۆی شۆڕکردەوە**

**دەرگا–پەنجەرە**

**وەرنە سەر بازووم، دێمە سەر بازووتان**

**دەبمە ئێوە بینە من**

**دەفڕین بەرەو کۆتایی**

**بەرەو تۆ**

**تۆیش وەکو شیعرێکی بریندار**

**زەمین جێگەتەو ئاسمان سەرینە پەمەییەکانتە**

**خودا بیر لەڕەنگی من دەکاتەوە**

**چاوەکانمی خۆشدەوێت**

**سەرم دەنێمە سەر ڕانی**

**پەنجەکانم لە گەردنی دەسووم**

**خودا بیر لەدەنگی من دەکاتەوە**

**سکم دەنێمەسەر سکی**

**وەکو سەدەف ڕۆشنی دەداتە دەریا**

**پێ دەداتە چیا**

لم دەداتە سارا

ئاو دەداتە ڕووبار

خودا تەنها بیر لە من دەکاتەوە

منیش بیر لە پەنجەرەو دەرگا

من بۆ ئەو

ئەوان بۆ من

هێشتا

گەرووم وەکو ئاسمان شەقی نەبردووە

هێشتا

بازووم وەکو چنار بە ئاسمانا نەچووە

هێشتا

پەنجەی پێیەکام

لە زەمیندا لانەی خۆیان چێ نەکردووە

دەگریم بەرد دەبارێ

بەرد دەبارێ.........

لافاو هەڵدەستێ ، لافاوی بەرد

نە نوح فریای کەشتی دەکەوێت

نە باڵندە فریای فڕین

وشکەڕۆیە

هەواڵنامەی کتێب

**ئەم مەڵبەندەو ئەو مەڵبەندە وشەکەڕۆیە**

**کاتێکە، پەنجەکانی وەکو ئاگری نەورۆزە**

**دەسووتێت**

**دەسووتێت**

**دەسووتێت**

**بەرد دەبێتە لەش، لەش دەبێتە رەژوو**

**ئای بۆ ئەم کاتە**

**ئەم مەڵبەندەو ئەو مەڵبەندە وشکەڕۆیە**

**درەخت دەگرییت**

**بەرد بێ چرۆیە**

**ئەم مەڵبەندە و ئەو مەڵبەندە وشکەڕۆیە**

**من کاتێکی زەردی ئێوەم**

**ئێوەش کاتێکی زەردی منن**

**ڕۆژێ دادێ، لەنێو کەسک و بەرد و خاک و ڕەشایی**

**دەرژێمەئاسمانەوە وەک تروسکایی**

هەولنامەی کتێب

# شەهوەتی ڕەفز

هەوالنامەی کتێب

دەگێڕمەوە چیرۆکێک، ڕەگی ئاوە و

جەستەی بارانە خوڵێکی غەریبە

هەموو شەوێک کە تاڵە تاریکی

لە کۆشی ژووردا سەوز دەبێت

دەزووی چیرۆکی مەحاڵ و دوور لە چاوان

خەو زڕ دەکات، ئەنگووستە چرچەکانمان دەگرێت و سکاڵا

دەبێتەقین

لە مێژایە دەیانەوێت

جەستەم پڕ بێت لە تاوان

**نەخشەی چاوەکانم خۆڵ بنیشێتە سەری و دوور بێت لە باران**

**لە مێژایە، مێژوو هەندێ سیپاڵی کەسکە**

**لەسەر قژەو پەرچەم و زوڵف و چاوی خومارمان**

**شۆڕ دەبێتەوە**

**لە مێژایە، زەمەن**

**وەکو کەوێکی لەڕو لاواز، دەواری ماڵەرەوەندێکی پێ**

**سووتاوە**

## * چیرۆکی یەکەمی پاش سوورەتیک

هەواڵنامەی کتێب

**ئەڤینی سەرەتا**

**نووری نێوان رستە و دێڕە سوور و ڕەشەکان**

**نووری ئاو**

**کە دەست دەخەوێنمە ژێر کانی**

**لەشم گڕ دەگرێت**

**لەشم پڕ دەبێت لە واژە و لە واشە و زەردەواڵە**

**لەشم گڕ دەگرێت**

**پڕ دەبێت لە شەهوەتی رەفز**

## * سێ ئایەتی دەمامکدراو

١

**زمان بە زفت و چلّپاو سواغ دەدەن**

**زمان دادەماڵن**

٢

**قەرەجەکانی قەراغ چیا**

**ددانیان زەرکەفت دەکەن**

٣

**دەغەزاریی....دەغەزاریی ....دەغەزاریی**

**بێچوویەکی ڕەخشینە**

## هەندێ لەپەڕەی کۆن

**مێروولە و واژە لە ژێر پێڵوەکانم دا دەورووژێن**

**مێروولەکان دەفڕن**

**واژەکان دەبنە نۆتەی ڕەش**

**کاغەزەبۆرێکی کۆن دەکەنەلانە**

**خرۆشینی تاڵ**

**دەگۆرمە بنچێکی دارخورما**

له نێو کەستەک و بەفردا دیڕوێنم

دەتوێتەوە دەبێتە تەم

تەم کەسک و بەفر دەگۆڕێتە ئاو

ئاو دەبێتە گڕ و

زمانمان دەبەخشێتە جیهان

کەو و زیخ

بە کەساسی دەروانن لمی سارا

لمی سارا لە قەفەزی دووری دا دەخنکێنن

کێ مارەی لم و زیخ لە جەستەم دەبرێت ؟

کێ هیسی نەوت و گریس

لە ژێر پێڵوم دەسرێتەوە ؟

ئاوارە ئازادەکان

ئازادەئاوارەکان

کوردستانییە هەژارەکان، گوێ لەئاو و لم بگرن

ئاو گۆرانی زەردەشتیی دەچرێت

لم گەرمایی غەیبە، ئاسمانمان لێ جودا دەکاتەوە و

زەنگیانەی تەڕمان دەداتێ

هەواڵنامەی کتێب

## هەندێ لاپەڕەی نوێ

ڕووباری نیلتانم، شین، شین تر لە نیل

هێمن، مەنگ، لافاوێکی واژەیی

دێم لەسەر چاوتان ئاو هەڵدەخەم

بە گەرمییەوە لە تەنیشت جەستە مردووەکان

دەنووم

بە گەرمییەوە لە تەنیشت جەستە زیندووەکان

دەلەرێمەوە

ڕووباری نیلتانم، شین، شین تر لەنیل...

لە سەرەتای لە دایک بوونی نمەک و کۆچەوە

جێتان دەهێڵم

هێمن، مەنگ، لافاوێکی واژەیی

دێم لەسەر جەستەتان دڕک دەچێنم

بە ساردییەوە

هاوینان لە تەنیشت گۆڕەکان دەنووشتێتەوە

بە ساردییەوە

هاوینان لە تەنیشت ڕوومەتتان نامــە و پــەیـــام

جێ دەهێڵم

ڕووباری نیلتانم شین، شین تر لەنیل...

تەنهام

هەست دەکەم گشتان لەگەڵمدان

لە گەڵتانم

هەست دەکەم وەکو یەزدان

بیر لە مەسیح و بودا دەکەمەوە

هەزار پەنجەم هەیە،

پەنجەیەکی ڕەش

پەنجەیەکی زەرد،

پەنجەیەکی سوور،

پەنجەیەکی ئاڵ، پەنجەکانی ترم پەڵکەزێرینەن

هێمن...مەنگ...لەسەرخۆ

ڕووباری نیلتانم، شین، شین تر لە نیل

## ئەم قەسیدانەلەشاری ژنێڤ، لەسویسرا، لەنێوان ساڵی ١٩٨٧/١٩٨٦ نووسراون.

# پەراوێزەکان

هەواڵنامەی کتێب

### قەسیدەی لەدایکبوون

- زەردک : گوندیکی نزیک شاری کەرکووک. کە چاوم کردەوەتەنها هەر زەردکم بینی.
- راتبە: ئەو بەشەخۆراکەیەکە خەڵکی بەفەقێیانی دەدەن.

### قەسیدەی کۆتر و لقە دارخورما

- مانگیش ناڵێکی برۆنزییە دەداتەباڵ : ئیحای بەیتێکی (حەمدی)یە ١٨٧٦ـ ١٩٣٦
- لە چیرۆکی یوسفی پێغەمبەر وەرگیراوە .براکانی دەیخەنە بیرێکەوە لە بیر دەمینێتەوە تا کاروانێک بەو شوێنەدا تێدەپڕێت و دەریدەهێنن و

دەیفرۆشن.
- کیغان :سوارچاکێکێ فەرەنگییە لەگەڵ فەقی ئەحمەدی دارەشمانە دەکەوێتە جەنگەوە، دوای بەزین، بڕیاری شووکردن بە فەقێ دەدات، پاشان پاشگەز دەبێتەوە و بۆ فەرەنگستان هەڵدێت. فەقێ دەکەوێتە دوای و لەنێو زەماوەند پیلی دەگرێت و بەرەو کوردستان دەیڕفێنێ. مستەر ریچ ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە.

## قەسیدەی سێبەری خۆڵەمێش

-تۆمار : زێدی شاعیرە.
- کلوون : وشەیەکی فەرەنسییە بەرامبەر بەموهەریجی عەرەبی دەوەستێت.
- هۆما : باڵندەیەکی ئەفسانەییە، بەسەر هەر کێیەکەوە نیشتەوە دەیکاتە پاشا.

## قەسیدەی پەنجەرەئاوییەکان

- چیا دەگواسترێتەوە: ئایەتی ٣/ئەلتەکویر. قورئان.
- بەڵێ بێگومان ئەمە ئاخاوتنە...ئایەتی ١٩/هەمان سوورەت.
- تیایانە جوانکیلەی...ئایەتی ٥٦/ سوورەتی ئەرەحمان.
- رەقیبەتی تەن و ریققەتی دڵ، روقبەتی تاعەت مەخسووسی رەقیب بۆ منی خەستەرقی بوو / نالی

## قەسیدەی شەهوەتی رەفز

- شەهوەتی رەفز : لەبەیتێکی ئەدۆنیسەوە - وەرگیراوە/قەسیدەی /ئەلوەقت/

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# کتێبی شیعر

## بەشی یەکەم

هەوالنامەو کتێب

هەوڵنامەی کتێب

# پێشەکی

## 1

هێڵ ئازاد بوو،

ماسی بۆنی ئاوی دەکرد،

درەختێکی گەڵاپان زڕەی دەهات گەڵاکانی

هێشوەجریوە، هێشوەناز

سەمایان دەکرد تا بەیانی.

هێڵ ئازاد بوو،

چوارگۆشەی تەم بازنەی سەوزکرد،

سێگۆشەی ژنان گوڵالەسوورەی دەمژی،

بازنەی ژیریی دڵمی کردە ئەستێرە،

شەشپاڵو چوارینەکانی خستە گیرفان کەواوە،

لە نیوەڕێی غاردان دا، هەرگیز نەگەڕایەدواوە.

هێڵ ئازاد بوو،

هەواڵنامەی کتێب

چلچرا، چل زارۆکی لە گۆڕەپانێ کۆکردەوە،
چل کۆتر بە شەققەی باڵ، چل چڵی راپەڕاند،
چل کیژۆڵە هێڵێکی سووریان لە دڵی تاریکیی نەخشاند،
کێ بیر لە گوڵێکی سپی ناکاتەوە؟

دەرگا دارینەکان گوێیان قوڵاغ کرد،
دەروێشێک لە نێو زەل و قامیشەڵاندا،
بە پەنجەی زبر نازی دەکرِی،
بە ناولەپ فرمێسکی سروشتی دەسڕی.

هەواڵنامەی کتێب

هێڵ ئازاد بوو،
لە دووری ملیۆن کیلۆمەتری خێراییەوە،
سێ و چوار سۆفی، کتێب لە کۆش،
ترسی ئاویان دەر دەکرد.

ئاو کۆشکێکی بە شووشە دروستکرد.
با وەکو شاژن لەسەر مافوورێکی گوڵدار خەوی لێکەوت.
ئاگر رایەخەکانی پڕ لە خەون دەکرد.

خۆڵ،...خۆڵ.خۆڵ..
جەستەی هیشکی وەکو حەزیا دەکردەوە،
دەیمژی شیلەی با،
وێردی ئاو،
گڕێ رەنگێ دەچووەوە سەر لاولاو.

لەسەر هەمووشییەوە،
باڵندەیەکی سپی فڕەفڕ،
بە بزەیەکی مەیلەو تاڵ، شاپەڕێ لە نێو چنگی،
هەندێ شتی دەنووسی ؛ رۆح تاریک بوو،
دەبێ ئەم نهێنییە چ بێت؟

هەواڵنامەی کتێب

## II

**هێڵێکی سپی تا دەهات درێژ دەبوو،**

**پەڕەسێلکەیەک تەوق لەگەردن، بەدەنووک دەیسڕییەوە.**

**دوو دڵۆپ ئاوی هەنار،**

**هەندێ دەنکە ترێ،**

**دەسەسڕێکی سپی...قەفەسێک، لە دەرەوەی بازنەی گەردوون،**

**منداڵێ هەمووی کۆکردەوە،**

**گرەوەی لە میرۆ[2] بردەوە.**

هەوالنامەی کتێب

**کەللەسەری مرۆڤێک،**

**دوو چڵ گیای پەمەیی لە درزێکییەوە هاتبووە دەرێ،**

**ئەهریمەن لەسەر ئەسکەمیلێکی برۆنزی**

**بادەیەکی ئاڵی بۆ درێژ دەکرد.**

**باران : چەرچەفێکی شیریی بوو، شرین بوو.**

**ئەوەندەم خۆشویستن،**

---

[2] خوان میرۆ تەشکیلی و پەیکەرتاشێکی ئیسپانەییە.

گومبەزی پەرەستگام بینی،

خاچێ،

دوو بازنە،

پزیسکی خۆر،

دەستی موبارەکی زەردەشت.

III

هێشتا ساڵ خەنجەری خۆی لەسەر ڕۆژگارت تیژ

نەکردبوو،

گومەتە شینەکانت وەکو شمشاڵ دەلەرینەوە،

گەردوون، تاریکی ئاسا، بەفێڵ،

قژتی شانە دەکرد،

بێدەنگ ...گوێت لە دەنگی شەوەزەنگ دەگرت،

جەستەت وەک کتێبێ کرایەوە.

هەوالنامەی کتێب

IV

ڕامای، شەوەزنگت وەک چۆڕێ شیر خواردەوە،

دەستی نەرم و ناسکت بە سەر شانی تاریکییدا هێنا،

سەری لاربووەوەت خستە سەر ڕانی نەرمونۆڵی،

ئارەزوو لە ڕۆحی ئاسن دا چەکەرەی کرد.

هەواڵنامەی کتێب

# کتێبی شیعر

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

**بیست و چوار ئەستێرەهەڵاتن،**

**دوانزەی، وەکو دوانزە فانۆز دەجریوانەوە،**

**دوانزەکەی دی بە قەد درەختێکی زڕدا هەڵواسران،**

**دەست وەکو سەراب درێژ،**

**بە قامک ماچت دەکردن.**

## بەشی دووەم

**کەسکایی درەخت،**

**حەوت چڵی پێدا، کەزی ئاسا شۆڕ ببوونەوە،**

**لووتیان لەزەمین دەخشا،**

**بۆنی پووشوپەڵاشی حەسارەدوورەکانیان دەکرد :**

### چڵی یەکەم

**بۆ نێو لینگی کانییەکی تاریک شۆڕببووەوە.**

هەواڵنامەی کتێب

### چڵی دووەم

**قژی خۆی لە بەردەم کانی شانە دەکرد،**

**ماسی دەژمارد، ئاوی دەخواردەوە.**

### چڵی سێیەم

**قاوەیی بوو سەمای دەکرد.**

### چڵی چوارەم

**پەیتا پەیتا گۆرانی لەبەر دەکرد.**

چڵی پێنجەم

**دەستی کردبووە کەپری تەوێڵی، سەیری ڕێبوارانی دەکرد.**

چڵی شەشەم

**ڕەوە کووکووختییەک بە دەوری دا دەخولانەوە.**

چڵی حەوتەم

**وەکو پاشا، لە سەر ڕایەخێکی ئاوریشمین،**

**حیکایەتی بۆ شاژن دەگێڕایەوە، ئاو دەیدایە تریقەی پێکەنین.**

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

**چوار کیژۆڵەی باڵابەرز، قژ قەترانی، بە رووت وقووتی یەک لەدووی ئەویتر، هێدی هێدی، بەرەو ئاهەنگی درەخت دەهاتن.**

## کیژۆڵەی یەکەم

**چاوەکانی : هەتاو بوون.**

**دەمی : مانگێکی سکپڕ.**

**ناوکی : وەکو دەنکە شووتی رەش دەچووەوە.**

**سکی : وەکو کاڵەک گەیو.**

**لەژێر بازووەکانییەوە قەتێ دزەی دەکرد.**

**شوانان دەیانگوت : پەکووو!**

**پشتی : دەشتاییەکی تراوێلکەیی.**

**نیوەڕوان لەسەر مافووری دادەنیشت.**

## کیژۆڵەی دووەم

هەواڵنامەی کتێب

**گڤەی با لەژێر باڵییەوە.**

**ڕیشۆڵەی خەون لە قژییەوە هەڵدەوەرین.**

**مافووریکی زەردباو لە دووری پێیەکانیەوە هێڵی دروست دەکرد،**

**نم نم وشە، جەستەی نەرمینی تەڕ دەکرد.**

## کیژۆڵەی سێ یەم

هەواڵنامەی کتێب

**هەردوو دەستەکانی ڕهێڵە بوون،**

**چاوەکانی ڕەوەزریان،**

**قژ رەشەبا.**

## کیژۆڵەی چوارەم

**گەواڵەی ڕۆژگار لەسەر پشتە نەرمەکەی دەنیشتەوە،**

**بەرخ و کارژیلە ددانە مرواریەکانیان لێ گیر دەکرد،**

**حاجی لەقلەق لەحەجەوەدەهات،**

**پەڕەسێلکەبەکلکی دووفاقی فاقی دەنایەوە،**

**تەنافی بەردەم ماڵان تاکو باکوور درێژ دەبوو،**

**تیترواسک،**

**ڕەنگاڵە،**

**پەپوولەی سلێمان،**

**پەپوولەی حەزرەتی لوقمان،**

**وەکو ریزەخەتی جوان، تەنافیان دەکردە کتێب.**

## بەشی چوارەم

**دوانزە ڕەشماڵ،**

**لە قەراغ ڕۆژگاردا، هەوریان کردە سەرپۆش.**

**شەشیان لەوبەر درەخت سەمایان دەکرد،**

**شەشیان لەمدیو درەخت چەپڵەیان لێ دەدا.**

**ڕم و قەڵغان و تیروکەوان،**

**سروشتیان مسۆگەر دەکرد،**

**هەشەری بوون.**

## بەشی پێنجەم

هەواڵنامەی کتێب

دوو جۆگەلە، وەک نیشانەی کۆ،

لەناو قەدی یەکتردا، یەکتریان ڕادەمووسی.

جۆگەلەی تاریک ڕەشماڵی دەشۆردەوە،

شەوان کیژۆڵان خۆیانیان تێدا دەشۆرد،

کوپەیان پڕ ئاو دەکرد، گۆزەیان تەڕ دەبوو،

سەبەتەیان پێ فێنک دەکردەوە...هتد.

جۆگەلەیەکی ڕوون،

ببووە ئاوێنە.

کیژۆڵان سەیری ڕان و بازوو و سکی خۆیانیان دەکرد ؛

کە ئێواران لار دەبووەوە، خۆیانیان ماچ دەکرد.

ڕۆژگارێکی بەهار، پاش بارانێکی گەمژە :

نیرگزەجاڕ...نیرگزەجاڕ

دەشتودەری کردە بەهار.

زستان : جەنگاوەرێکی جوامێر ؛

بەرگری لە دەسەڵاتی خۆی دەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی شەشەم
## ئافراندن

**سروشت، بێدەنگ، شەوی تاریک بە سەریا تێدەپەڕی**

**ڕۆژی ڕووناک دەیکوژاندەوە.**

**ئاو نوستبوو،**

**سۆلاف وەکو کوڕێکی چواردە ساڵە، وێڵ و عەودالی دەشتایی بوو.**

**ڕۆحی نهێنی، لە ژێریا هەزاران شیعر لەناو قۆزاغەی ڕاڕای دا**

**نوستبوون ؛**

**گردو تەپۆڵکەی، ناڕەزایی خۆیانیان دەردەبڕی ؛**

**خڕپی زەمینیان بوراندبووەوە.**

**زەرد رەش، وەنەوەشەیی، شین، سپی مێخەکی،...بۆر... هەور،**

**ڕەشماڵی ئاسمانیی**

**با-ی رەنگ....فلچەی خۆی ڕادەوەشاند،**

**ئاسمان واقی وڕما، شین هەڵدەگەڕا.**

**لە شیو و دۆڵەکان، کەسبەینێیان کەزی خۆی بۆ هەڵدەوەران،**

ڕیزەچنار: غاریان دەدا تا سەرچنار.

ڕیزە سنەوبەر : هەندێ لەمبەر، هەندێ لەوبەر.

ڕیزەشۆڕەبی : لەناو ئاودا هەڵدەلەرزین.

داربەڕووی کێوی : با دەستەمۆی دەکرد.

توترک : زەردەواڵە لەسەریا ئاگری دەکردەوە.

بنچکە خڕنووک : تاڵ هەروەکو ژەقنەبووت.

ئارەوەن : باوەشێکی گەرمی بۆ ئاسمان دەکردەوە.

بەنگ : بۆن و بەرامەی مێش و مەگەزی گێژ دەکرد.

تاڵێشک : ئارامیی دەدایەزەوی.

پەلۆش : دەم و چاوی پڕ لەزیپکە.

گوڵەئەشرەفی : دەچووە مێوانی گوڵەباغ.

بزنەترێن : تەگەی دەبینی شەرمی دەکرد.

بن گوزروان : دەمی دەخستە ناو دەم ئاوەوە.

داربەهێ : ڕەنگ زەرد و لێو بەبار.

سەمەن : گوڵی شینی بە قژییەوە هەڵدەواسی.

(سینەی نەرم و دڕکاویان چەشنی چارۆگەی پاپۆڕێ کردەوە)

باڵبالووکە: ئەسپی پێغەمبەر، هەوری جێهێشت.

هەواڵنامەی کتێب

**بزن لەڕ: دوای مێگەلی خۆی دەکەوت.**

**پەڵۆش : نووکی خۆی تیژ دەکرد.**

**پەڵپێنە: لووس و جوان خەوی لێکەوت.**

**پاکوورە: بە نێو کەستەکی مەرگ و کەستەکی ژیاندا بازی دەدا.**

**پووش بە قنگە: خۆی لە پووشوپەڵاش دوور دەخستەوە.**

**بورەک : بە خۆی دەوت بۆچی نەبوومە بولبول!**

**کەوی ڕەنگاڵە: فێری قاسپە دەبوو لە قوتابخانە.**

**بزنە هاروهاجەکان : بیریان لە هۆبە دەکردەوە.**

**ئەسپ : حیلەی خۆی بە زەڕەزەڕ نە دەگۆڕییەوە.**

**کەمتیار : گەر دەیزانی مرۆڤ تەنها بیر لە نیوەی دەکاتەوە!**

**مارمێلکە: بە تیمساحی دەوت باپیرە.**

**ئەسپ : حیلەی خۆی بە زەڕەزەڕ نەدەگۆڕییەوە.**

**کەمتیار: ئەگەر دەیزانی،مرۆڤ تەنها بیر لە نیوەی دەکاتەوە.**

**مارمێلکە: بە تیمساحی دەوت باپیرە.**

**بزن مژۆک : شیری بزنی دەمژی.**

**ماروکەومار : بە خشپەخشپ پەپکەیان درەست دەکرد.**

**ورچەتووک نەرمەکانیش : هەنگوینیان دەدزی، کچەعازەبیان دەخوازی.**

**مەڕە چاوجوانەکان : سەیری شینیی ئاسمانیان دەکرد.**

بنێشیتی کوردیان دەجایی.

سەگەدێز و سەگەبۆر و سەگەهار : تازە لەگورگ جودا بیوونەوە،

بەگورگیان وت : خواحافیز

گورگ و ڕێوی : پێکرا لە ژێرسێبەری هەوران دا،

مریشکی بێدەسەڵات و کەڵەبابی لووت بەرزیان دەست نیشان دەکرد.

مێرووولە: ببوونە جەندرمەی خوا

باڵداریان و بێباڵیان لە نهۆمی ژێر زەمین.

مێش هەنگوین : گوڵی ئەشرەفی و گوڵی دەمەشێری جودا دەکردەوە.

مێشەسەگانە پشیلە: شەوان خەونی بە مشکەوە دەبینی،

ڕۆژانیش واقی وڕدەما کە پاساری دەفڕێ.

کەری بەسزمان : کورتانی بۆ دوورا.

قەلەموون : بیری لە لووتی شۆڕی خۆی دەکردە.

مریشکی چینیی : چین چین، بە چینە دەچوونە چین.

قاز : سپێتی خۆی بە سپێتی فریشتە نەدەگۆڕییەوە.

قازوقولێنگ : ئاسمان ماڵیان بوو، ئاسمان نیشتمانیان بوو.

قەتێ، کەڵاو کوڕە، ڕەوەجوڕە، پاساری : بۆنی گەرمایی یان دەکرد.

**تیترواسک : کە هەتاو ئاوادەبوو، دونیا لە نێوئاوی هەناردا نوقم دەبوو،**

**دەیوت : " من غەریبم!"**

**کۆتر باریکە : پاکوخاوێن، وەکو قوتابییەکی زیرەک، بە هێمنی و راستەوخۆ دەیوت :" کووکوو".**

**بۆق : پەنجاساڵ، لە نێو بەردێکی سەوزو زەلکاوێکی کەسکدا خۆی فەرامۆش کرد کە دەردەهات دەیقیڕاند : بۆچی کەسکم بۆچی"؟**

**,کیسەڵ : تەپڵە ئاسنینەیان کردبووە سەرپشتی**

**لە کۆتایی کاروانەوە دەڕۆیشت.**

**پۆڕ : ئاوی شیرینی دەخواردەوە.**

**شەمشەمەکوێرە: حەسحەسی شەوان، ئەستێرەی دەژمارد،**

**هەندە بەرەو دۆزەخ چڕنووکی گیرکرد، چاوی کوێر بوو.**

**مێشوولە: لە ڕێکەوتێکی نامۆدا، لەنێو پووشەڵان دا دەرهات.**

**هەڵۆ : لە هەڵەتە دوورەکاندا، ترۆپکی ئازادی بۆ خۆ هەڵبژارد.**

**مامز : سووک سووک دەیویست چەشنی ئاو سازگار.**

**بێچووی خۆی ناونا ئاسکۆڵ، بەکچە بچووکەکەی دەوت : خەزاڵ.**

**بە کچە عازەبەکەشی : کەژاڵ، کراسێکی شینیان هەبوو : ئاسمان.**

**فەرشێکی کەسکیش : مۆسیقای دڵ.**

لەکانییەکی بسک نارنجییەوە، ئاوێکی سازگار، دەم بە پێکەنین، چاوی وەکو ئاڵئاڵ کرایەوە، ئادورۆک بەشەرمەوە، بەتیلی چاو، لەشی سەوزی شۆڕکردەوە، خۆی دایەدەست ئاوەوە. مامز دەهات، ئاوێنەبوو، لەنجەولاری خۆی دەنووسییەوە. دەیان ئەبدال لە دوورەوە دەهاتن، گەردنی پڕخاڵی خۆیان دەژمارد. ئاقۆش کونی قەد شاخیان بە یەک دوو شەققەی باڵ دەگۆڕییەوە ؛ درووديان دەبەخشییە ماسی. لەدوورەوە گوێیان لە باڕەباڕی تەگەکان دەبوو، بۆنی نێرینەیان لێوەدەهات. شوانهەڵخەڵەتێنەش، بە بەرخۆڵەی سەرەتای بەهار پێدەکەنی. واشەش لە ئاسمانی وەنەوشەیی، بازنەی دروست دەکرد، دەجار لە هەتاو گەورەتر. جوغزەی کۆترەشینکەی تەنگ دەکردەوە. هەڵۆژە لەوبەرەوە، جگە لە سووریی هەندێ شیلەی لێ دەتکی و دەکەوتە نێو کەسکەکانەوە. دەیان مێشی سەوزی شینباو، رەنگیان دەلێستەوە، رەنگیان دەکردەبەربووک.

بۆ ئەوەی هاوکێشەی ژیان رەنگی لاکێشەیی وەرگرێت، سیسارکەکەچەڵە، بەرامبەر ئاوێنەی داهاتوو، لەکەللەی خۆی رادەما. بەلالووک وەکو کیژی چورادە ساڵە، ئەتڵەسی لە دەورخۆ کۆدەکردەوە، هەوری دەکردە سەیوان، تەزرەش لە بالای زرافییەوە

وەک دەنکــە شــیعر هــاڕەی دەهــات. مۆســیقا لــە دوورەوە رەش دەچووەوە، دەریا بوو، هاژەی دەهات وەک ئاژەڵێلی ئەفسانەیی دەستی میهرەبانی خۆی بە سەر جەستەی سروشت دا دەهێنا.

ئاوڕگ لەدەم ئەشکەوتانەوەئەڤینی لێ دەباری.

### ئەشکەوت  مێژووی  ئەوڤین

ســاڵ* کــۆنگرەی نــەهــەنگــانی دا بــەئۆقیــانووس، چارۆگــەی دا بەدەریاوان،

چاوی با–ی پێ رەش کا

*دۆڵکەی چەرخی هەڵدا، لەکەوشنێ جێ گیربوو، سپی دەچووەوە.

دەغدان، لەسەرمان سوور هەڵگەڕابوو، دەیوت :" خۆشتانم دەوێ"

* کەدانی چەرخ داگیرسا، دەسووڕایەوە، تیرێکی لێوە دەرهات، لە دڵی زەمەن چەقی.

*کۆنگرەی دووپشک، وەکو ژیلەمۆ، بە دووی لەشمان دا دەگەڕێ،

دوو چزووی پێوەیە، یەکێ بۆ ژیان ئەوی تریش لە بۆ مەرگ.

*کۆنگرەی ترازوو، لە حەلحەلەی ئاسمان، لە لای راستی کتێبێ،

لە لای چەپی ئەهریمە، خوداش دەداتە قاقای پێکەنین.

هەواڵنامەی کتێب

ئێمەش بە غەریبی فڕێ دراینە سەر

ئەم دەشتە پان و تەسکە

*هێشوی چەرخ، پایزان پێ دەگات، شەرابێکی ئاڵ، بەرد سەرخۆش دەکات.

*کۆنگرەی شێریی، لەدارستانێکی تاریکەوە، هەردوو چاوەکانی دوو هەڵماتی دۆزەخین، دەبریسکێنەوە، باڵندەی نەفام لەسەر پشتی دەنیشتەوە.

*کۆنگرەی قرژاڵ، بە تەنیشتان هەنگاو دەنێت، سێ پێ

بۆ لای چەپ سێ بۆ لای ڕاست، گوێ بۆ نهێنی ئاو هەڵدەخات.

*جووتەئابیدەی چەرخ، ماوەیەک لە یەکتر دووریان دەخاتەوە، ماوەیەک بەهێز بەرەو ڕووی یەکتر ڕایان دەکێشێ.

*گای چەرخ، گای ئاسمانی دەشتاییەکانی میزۆپۆتامیای دەلێستەوە.

وەکو تیر لە ناو جەرگەی هەورانەوە، بروسکە ئاسا دەردەپەڕی.

*بەرخی چەرخ، لەپێ دەشتەکانی وڵاتی کوردان دا، پانتایی ئارەزووی خاڵخاڵ دەکرد. سپی هەر وەکو شیری دڵ.

# بەشی حەوتەم

## مەرگ

**رۆژ : کوڕە**

**شەو : کچە**

**وردە وردە مرۆڤ لە درەخت و میوەی قەدەغەکراو نزیک بووەوە.**
**درەختی بە قین هێنایە لەرزە و ڕەنگی سووریشی لەمیوەکان ڕفاند.**
**مرۆڤ لە قڵیشی سەختی و ئازاری بەردەوە هاتە دونیا ناوی لە درەخت نا، ناوی لەئاو نا، ناوی لە مانگ نا، ناوی خۆی سڕییەوە.**
**ئەمنیش لەسەر شۆستەکەی ئەم بیابانە، بەردی خڕ و ڕێک کۆ دەکەمەوە.**
**دەڵێم : "بەلکو ڕێبوارێ بە ئێرەیا تێپەڕێ، دڵی بەم کارەی من بکرێتەوە.**
**ڕێبوار، بە قەراغی ژیانێکی دیدا هەنگاو ماچ دەکات.**
**لەشارێکی دوورەوە، بەرەو وڵاتی تەپ و تۆز دەڕوات،،ناوبەناو**

هەوپێنامەی کتێب

ئالآیەکی سپی

هەڵدەگرێت و ترسی خۆی لە ئاگر دەردەکات.

سەیری هەنگاوی خۆم دەکەم، بە سەر سێبەری جوانی دا

تێدەپەڕی.

درووود لەتەپ و تۆزی جوانی،

درووود.................درووود

رۆژگار هەورێکی ئیسفەنج ئاسا

لەزەریای جەستەم هەڵدەکێشرێت.

تەنها گۆرانییەکم دەزانی،

با مۆسیقای بوو،

گەڵای درەخت نۆتەکانی،

شەوی تاریکیش دەینووسییەوە،

ئاو تەڕی دەرکرد،

گوڵاو دەچووە ژووانێ،

منالآنی ئەم بیابانەش شەوان خەونیان پێوەدەبینی.

گۆرانی نەبوو

کتێبێک بوو، دەیانوت دونیایە،

لاپەڕەیەکی سپی، ڕووناک، لەبەر هەیوانی عیشق دایە،

هەواڵنامەی کتێب

دەیڕوانییە ڕابردوو.

لاپەڕەیەکی، ئەستێرە تیایە هەڵدەهات،

پەڕەسێلکەیێ دەبووە دوو،

پۆڕی سەما دەهاتە قەراغی،

تەنیا ئەوم بە تەنها دەزانی.

یاداشتم دەلێی بیابانیکی بێدەنگە،

ئاسمانیش پێچراوەتەوە، مانگ مەستە و ئەستێرەش لە زینداین.

چەند درەختێکی زڕ، لەبەر باهۆز کرۆشکیان داوە،

هەوریش لەنێو بەتاڵیی، سەری لێ شێواوە.

یاداشتم،

ڕەش تیایە سپی بوو،

پەڕی مەل و شاپەڕی شیعر تیایەهیشک بوو.

بەڵام

دەستێکی نەرم وناسک، هەروەکو دەستەکەی خۆم،

دەسەسڕێکی سپی گوڵدار ڕادەوەشێنێ،

لەسەر ئاوازی بوژانەوە، لەسەر ئاوازی ژیانەوە :

بەلای باکوور،

هەواڵنامەی کتێب

**دەبێ جارێکی دی ئاسکۆڵ بگەڕێتەوە![3]**

**بەلای باشوور،**

**دەبێ جاریکی دی کەژاڵ نامەم بۆ بنووسێ!**

**بە لای ڕۆژهەڵات،**

**دەبێ جارێکی دی هەواڵ بگاتە لمی دڵم!**

**دەستی نەرمی ڕادەوەشێنێ.**

**دەسەسڕێک، تەنها دەسەسڕێک،**

**شەماڵ کۆشکی بۆ دەڕازێنێتەوە.**

**پاڵتۆیەکی تاریک وەکو چاوی ڕۆژگار**

**دەدەمە سەر شانم،**

**باران تەڕم ناکا،**

**با بەرەو ڕووم هەڵناکا،**

**ئەستێرە ناجروێنێ،**

**هەتاو هوردەهوردە دەکوژێتەوە.**

**شەوی پیر و ئوفتادە دەداتە قاقا.**

**مرۆڤ پاشایە و شەویش تاجی سەر،**

**ئای شەوی نازدار، نازدارتر لە پاڵتۆی چرچولۆچم.**

**دەڕۆم، کازێوەی ملکەچ، شەفەقی بێڕەنگ، سپێدەی کاڵ،**

---

[3] بڕوانەقەسیدەی "سروشت و من و وشە".

هەواڵنامەی کتێب

**بوڵێڵی مەلوول، ئاسۆی هەرزەکار، ئەو کەمە ئاسمانەی کەماوە،**

**دەکەمە ژوانگەی ڕۆحی سپیم.**

**مەگەر تەنها ئاسمان،**

**ببێتە نیشتمان بۆ ڕۆحی فراوان.**

**هەنگاوی نەرم، کاشییە چەمەنتۆییەکان ختم دەکات.**

**بەتەنیشت وێسگەکانا تێدەپەڕم،**

**ڕێبوارانی باکوور بەرەو باشوور دەچن،**

**ڕێبوارانی ڕۆژئاوا لە کێشوەری هەتاو دەگەڕێن.**

هەواڵنامەی کتێب

**ئەدی ئەمن!**

**منیش لەتۆ.**

**دەڵێن هات و گەڕایەوە،**

**دەڵێن ئەو ڕووبارەیە کە لە تەنیشتت دایە،**

**یا چەند کۆترێکە دەدەنە شەققەی باڵ،**

**ئاوازی مەلانە،**

**کتێبێکە تۆڕ هەڵدڕاوە،**

**یارییەکی منداڵانەیە،**

خەونێکی خۆشە،

وردە شووشەی کۆکراوەی دەستی شێتێکە،

چەند حەوزێکە ماسی تیایە سەوز دەبێ،

گوڵێکە بەهارستان سەری لێ دەدا،

چەند دلۆپیکی سەر لێشیواوی بارانە.

لەبەر هەیوانی شەوەزەنگ دا

باوەشم بۆ خۆ کردەوە

لەبەر هەیوانی ڕووناکیی دا

دەستی خۆشەویستێکم گووشی

لەبەر هەیوانی رۆژگاردا

دەستم دەبێتەتراوێلکە

هەواڵنامەی کتێب

(یەکەم هەنگاوم نا، هەستم کرد سنوور وەکو پێویست شتێکی گرینگ

نییه. هەنگاوی دووەمم لەبەر سنووری ئەویتردا ئۆقرەی گرت. هەنگاوی سێیەمم بوو بەغاردان، بەرەو ئاسۆ، لەوێش سنوور بەهەتاوی دەوت :"ئاوا بە. فرمانی دەدایەئەستێرە: " کە بە کۆمەڵ هەڵنەیەن، چونکەشەمشەمەکوێرەڕانەهاتووە". هێواش هێواش گەڕامە دواوە، گەیشتمەوە جێی هەنگاوی یەکەمم، هەستم کرد سنوور وەکو پێویست شتێکی گرینگ نییە.)

دەستم بۆ مەمکۆڵەی بەردینی پەیکەری ئەم شەوەدرێژدەکەم، گیانم
سارد هەڵدەگەڕێنێ،
لەشم دەبێتەبەستەڵەک،
فرمێسکێکی سارد و سڕ!

هەواڵنامەی کتێب

کوانێ ئەو شەوانەی دیواری ماڵی بابم گوڵدار بوو؟
کوانێ ئەو شەوانەی، لەسەر ڕایەخێکی ئاوریشمین،
دەستم بۆ رۆحی سپی شەو درێژ دەکرد؟
ئەو شەوانەی،
کۆتری تاریکیی گمەیان دەهات،
چۆڕەی دەهات ئاوی ژیان،
حەوزی لەززەت دەتەقی،

**درەخت، بە خشپەی گەڵاکانی، گۆرانیان دەچڕی،**

**هەور چاوی خامەکین،**

**ماڵی کازیوەی جێدەهێشت،**

**لە شاژن دەگەڕا.**

**چەند زارۆکێکی حیکایەتە کۆنەکانیش،**

**دوای گوڵەئەستێرە دەکەوتن،**

**سەیریان بەوەدا دەهات کە دیوار دەدرەوشێتەوە.**

**ئەسپی بابانەکان، تۆزی لە کتێبی حوجرەکان هەڵدەساند،**

**بەیاز و کەشکۆڵی فەقێ موو نەرمەکان،**

**لە دەلاقەی دڵداری خەویان لێ کەوتبوو :**

**خەویان بە مستوورە و زولیەخاوە دەبینی.**

**فەقێش بە غەمناکییەوە سەیری ئاوێنەی دەکرد : " دەبێ وەکو یوسف جوان بم!**

**جحێڵەکانی ئاوایش،**

**لەژێر تریفەی مانگەشەودا**

**قەسیدەیان بۆ کاروان دەهۆنییەوە،**

**درێژ تر بوو لە بسکی خاتوون.**

**مزگەوتە حەوش فراوانەکان،**

**لۆکسی ژیان تیایە دەدرەوشایەوە:**

گوڵی مافوور دادەگیرسا.

ئەستێرە کرنوشی بۆ هونەرووەران دەبرد،

میحراب پڕی لە شەهۆتی دەسبازی دەبوو،

گومبەز گڕی دەگرت،

نووراو تێکەڵی جەستەی وشکەسۆفی دەبوو،

شەم، مۆمە ڕەنگ زەردەکانی کۆ دەکردەوە،

خۆی لە نێوەند حەوزەکانی دا ڕووت دەکردەوە،

پەڵکەرەیحانە، گەڵای قەڵەمتۆز، پونگە و نەعنا،

گوڵەباغی باغەوان :

کێ دەیزانی لەکوێیەوە دەڕژانە سەر لەشی گەرمی!

گوڵی هێشکەوەبووی دەشێلا،

عەتری لە شیعری وەفایی دەردەهێنا.

دێوانەش، ڕیشێکی سپی بەڕەلا کردبوو،

دەتووت لە پەڕی پەری دروست ببوو،

دوو چاوی گەش : چاوگەی میرەبانی

دوو چاوی گڕ : عیشقی یەزدانی،

دوو ناو لەپی سپی.......

قژێکی هۆنراوەی بۆندار،

بە شیعری تەڕوپاراو جەستەی شەمی دەشۆرد :

هەڵمێکی وەنەوشەیی،

هەموو فەقێیانی حەپەساندبوو.

چ دەروێش هەبوون زکریان دەکرد،

دەفەکانیان وەکو مانگی چواردە خەرمانەی دابوو،

هەموو مەست بوون،

خەیامیش بە تارێکەوە

سەمتوور و زیلی دەیهێنایە هۆش.

دەستم بۆ دەمی پەیکەری بەردینی ئەم شەوە درێژ دەکەم.

موچڕکەی سارد هەموو لەشم داگیر دەکات.

دەستم دەنێمە سەر شانی،

زەمهەریر شاڵاوم بۆ دەهێنێ.

ئاوڕێکی منداڵانە دەدەمەوە.

ئەوالەمەی کتێب

شەوەزەنگ پیرەژنێکی جادووباز، وەکو جرجی زەمەن زریکەی دێت.

بە خۆم دەڵێم!

کوانێ کۆشکی بابم؟
منارەکەی لە قوببەی ئاسمان دەسوا،
چنارەکانی دەگەیشتنە بەهەشتی خوا،
کۆترەکانی بە باڵەفڕ تیشکیان بۆ دەهێنا.
سیروان لە ژووری نوستنەوە چاوی دەکردەوە.
زێی گەورە،
لە دیوەخانەوە کۆچی دەکرد.
دەریاچەی وان،
لە ناو حەشەمان.
ئەرارات تەپۆلکەی زارۆکەکان :
بە کۆلارە گەمەیان لەگەڵ ئاسمان دا دەکرد.
گریان، زەمهەریری رۆحم چراخان دەکات؟
دەستەکەی ترم دەخەمە سەر شانی
پەیکەری بەردینی ئەبەدی.

هەواڵەمەی کتێب

لەژێر ئەم تاریکەئاسمانە،

لەژێر ئەم دوکەڵستانە،

لەم بێ لمییە لەم بیابانە،

دەیخەوێنم.

بە ناولەپ، غوباری مەرگی لەسەر ڕا دەتەکێنم.

سەهۆڵبەندانە،

جوگرافیای جەستەم.

ئاگربارانە،

میژووی ژیانم.

ئاوڕێکی غەریبانە دەدەمەوە.

زارۆکێکی شەرواڵ لەپێ، بە دووی سەرابا غاردەدا،

تەپ و تۆزی جەستەی نوقمی نێو ناشرینی دەکا.

بە بێدەنگ هاوار دەکەم، گازی دەکەم،

قوڕگم دەڵێی شەوێکی تاریکی بێ بنە،

دەنگ دەداتەوە.

زایەڵەی مەرگی لێ هەڵدەستێ.

لە تەنیشتم پەیکەرێکی ئافرەتێکی بەردین،

لووت یۆنانی،

هەواڵنامەی کتێب

کەزی لوول لوول، یاقووتی لێ دەباری ؛

تەوێلی کچە عوسمانلی،

قەدی بەرزی حوری،

تووڵێکی ئاوریشمینی کشمیری وەکو تاڤگە جەستەی جێ دەهێڵێ.

دەبێتەلم،

دەبێتە تەم،

دەبێتە چوار گشەیەکی تاریک،

دەبێتە سێ گۆشەیەکی بێ بۆن،

دەبێتەبازنەیەکی گێل،

دەبێتەتەم،

دەبێتە لم،

دەبێتە سەهۆڵ،

لەم بیانانە،

لەم دەشتەچۆڵە.

ئاسۆ بە ئاسن تەنراوە،

ئەستێرەی شەش پاڵوو دەکەونە خوارێ.

پەیکەرێکی

هەواڵنامەی کتێب

ئاسنینم،

لەم دارستانە،

قورقوشم دەخۆمەوە.

لەم پەنجەرە بەرزەوە دەڕوانمە گەردوون.

زەمین بێوەژنێکی سۆزانییە،

دەستی ناوەتە ژێر چەناگەی :

لەسەر گاشەبەردێ دانیشتووە،

هاڵاوی بزەیەکی لێ هەڵدەستێ.

پێیە زەبەللاحەکانم هەڵدەگرم،

بەرەو ئاسۆی بەتاڵیی...........

شەقاوێ هەڵدەدەم

شەقاوی دووەم

شەقاوی سێیەم

شەقاوی چوارەم

شەقاوی پێنجەم

شەقاوی شەشەم

شەقاوی حەوتەم

شەقاوی

هەوالنامەی کتێب

شه ق ا و

ش ه قا

شه ق

شه

ش

ش

س

–

•

•

هەوالنامەی کتێب

# فەرهەنگۆک

**کتێب : زیندانە**

**شیعر : سەربەستییەکی موتلەقە**

**پێشەکی : هەیوانی گەردوونە.**

**وشە :ماسییەکی سرتە. پرچی ئایشەو فاتمەیە. شاعیر دەیەوێ لەزیندانی کتێب دەریبهێنێ.**

**رەنگ : ناوی یەکەمی هەموو تەنێکە. ناوی راستەقینەیە. پێش ئەوەی ئەو شێوانەی کە لە پێش چاوی ئێمەدا هەبن، لە شێوەی رەنگدا بەدەردەکەوتن.**

**گریان : زەنگوڵی وشەن، لەچاوانەوە دەردێن. لە چاوگی دڵەوە هەڵدەقووڵێن، بۆیە کە دەکەونە سەر لاپەڕەیەکی سپی، هیچ پاشماوەیەک جێناهێڵن، ئەگەریش کەوتنە سەر لاپەڕەیەکی نووسراو، رەنگبێ بیئاڵۆزکێنن.**

**زەمەن : مرۆڤ بە شوێنەوە گرێ دەدات. شیعریش دەیەوێ لە دەرەوەی زەمەن دا بژێت. کەواتە! پێویستە شاعیران بە هێزێکی لەرادەبەدەر، بەرەو پێشەوە غاردەن، تاکو خۆیان لەدادی زەمەن رزگار کەن.**

هەواڵنامەی کتێب

ئاو : سەرچاوەی ئاوێنەیەکی بزێوە، ڕەنگ و سیمای خۆمانی تێدا دەبینین.

ئافرەت : "با"یە، هەر ئەویشە جوولە دەداتە ئاو. ئەگەر ئاو نووست، گوێ بۆ خەونی "با" هەڵدێرن.

باڵندە: هێمای ئازادییە. ئازادی مەحاڵ. سنووری نێوان مرۆڤ و مرۆڤ دەسڕێتەوە. باڵندە قەوارە دەداتە ڕەنگ. باڵندە خەونی بەرجەستەی مرۆڤە.

دەرەخت : مرۆڤە. نە بەرەو پێشەوە دەڕوات، نە بیریش دەکاتەوە بەرەو دواوە بکشێتەوە. تەنها مەڵبەند بیری لێ بکاتەوە : ئاسمانە.

نیشتیمان : قەوارەی شوێن و زەمەنە.

ئەستێرە: خەونی مرۆڤە. ئاسمان دزی. ئاسمان کۆنترین دزی سەر زەمینە.

منداڵیی : کاتێکی مردووە. ئەگەر لە کشانەوە تووشتان نەهات، بۆی هەیە لە دوارۆژدا دەسگیرتان بێت.

شەو : وشەیە کە لە سێ پیت پێکهاتووە : ش.....ە.....و.

ژمارە: کێش دەداتە شەقاو.

ئۆقیانووس : پێغەمبەری ئاوە، خودای لێ ون بوو.

دۆست : وێنەی خۆتە لێت دوور کەوتۆتەوە.

گۆڵ : جۆرە پاسارییەکە توانای فڕینی نییە.

**کانی : ڕۆحی زەمینە.**

**ڕووبار : بیابانە.**

**باکوور : لێکدانەوەیەکی جوگرافیای گەوجە، تاکو مرۆڤ شوێنی خۆی لە گەردوون دیاری بکات.**

**مۆسیقا : ساتێکی چربوونەوەی لەززەتە.**

**ئاگر : پاکیزەیە!**

بزەسۆن/ فەرەنسا. ١٩٩١

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

## گوارە

پێیە ڕەشەکانم

درزی چەمەنتۆیە تەڕەکانی

دادەپۆشی ؛

ڕەنگی چرا دەلکایە پێیەکانمەوە.

هەنگاو هەنگاو

شڵپەی دەهات ئاو و چراو تاریکی.

نیۆنەکان تیشکە تەڵخەکانی

لە خۆ جودا دەکردەوە،دەیپڕژاندە ژێر زەمینەوە.

لە ژێر کەپری ڕووناکییەوە

جۆگەلەیەک کارمازانە

لە دڕەندەیی دارستان و

شەوارەیی قووڵیی دوڵ

دوور دەکەوتەوە ؛

بەرەو شانشینی نارنج و چاوانی ژێر ئاو.»4

هەواڵنامەی کتێب

**ئارڤ [4]ئەندێشەکانی**

**لەئەندێشەی من دەچوون.**

**دەیخستمە سەر هاژەی**

**بەردە شینەکانی،**

**هەڵدەزنان وەکو لاولاو**

**هەڵدەزناین وەکو گوڵاو**

**میوەی تەممان دەڕنی و**

**دەماندایە دەم ئاو.**

**ئاونگی وشکەوە بوومان دەهۆنییەوە،**

**ژەنگی سەر چێومان دەکڕاند،**

**گوێچکەی ماسییە پەمەییەکان،**

**هێلکەشەیتانۆکە سەدەفییەکانمان**

**دەکردە کۆشک ؛**

**بۆنی جوانی و کەژاڵیمان دەلێستەوە.**

**شڵپەی دەهات ئاو و چراو و تاریکی.**

**گوارەکانی شەم،**

**لەرۆخی ئارڤ**

**خەونەکانی دەکردینەزیوار.**

---

[4]ڕووبارێکە بەنێو شاری جنێڤ دا تێدەپەڕێ.

ئەوالنامەی کتێب

**چەند مەزنییە.**

**لە نێو هاژەو بەردی شین دا،**

**تاریکی لە تاریکی جودا بکرێتەوە**

**زیخ و چەویش ببنە هەتاو.**

**ئای لەم تاریکییە پیرۆزە،**

**بەرد خۆی لە بەرد دەخشێنێ،**

**ئاو دەمژێ بازووی کەنار،**

**جەستەو خەونەکانم دەبنە کەفاو.**

**پایز و پاوانەکانی،**

**بۆنی کاو گەڵا و چیلکەی**

**دەخستە نێو مەمکۆڵەی تەمی زاو،**

**ئەمە جەستەمە دەزرێنگێتەوە**

**یا بەردە لە قووڵای ئاو ؟**

**ئەوە سەدەفە دەکرێتەوە**

**یا تاریکییە لە جەرگەی زەمەن ؟**

جنێڤ/سویسرا. ١٢-١٩٨٧

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# هۆزی پاساری

**پاسارییەکان،**

**یاسای سرووشتیان شکاندو لەناو کەسکایی ئاسمانەکاندا توانەوە ؛**

**جرووکەجرووکیان بە سەر چڵەچێو و بەردە هەژارەکانا هێشک بوونەوە.**

**بەردە هەژار و رووتەکان گژوگیا لە لێوار لێویانەوە شین بوون.**

**دەیانوت : ئەمە نهێنی پاسارییەکانە!**

**چاوە جوانە بچووکەکانیان، تەنیایی و گرژبوونەوەی دەمارەکانی لەشی شی دەکردەوە و پڕی لە بۆنی مێخەکی هەڵگیراو و نێرگزە جوان هێشکەوە بووەکان دەکرد. چاوە قاوەییەکانیان تیشکی زەمەن و زەمانی ئازاریان دەقۆزتەوە. هەڵم ئاسا بە سەر دارتەل و پەنجەرە وازەکاندا پەرتوبڵاو بوونەوە.**

**سالیکە هیندییەکان چەندان ساڵیان بە ڕامانی هەڵفڕین و بە نیگای باڵە پەروازە بچووکەکانیان دەتاندەوە.**

پاسارییەکان،

پێیە وردیلەکانیان بۆ حەوا درێژ دەکرد و لەسەر پشت دەنووستن

لەترسی کەوتنی عاسمانی حەوتەم[5].

بە سەر ئاسمانی کڵێسەکانا زەڕیان دەهات بۆنی بریقە. ئیکۆنەکان

مریەم و زاروڵەیان ئاودیوی چوارچێوەکان دەکرد، شینایی شەقی

دەکردن.

لەسەر گومەزی مزگەوتەکان فێنکی هەتاو دەنیشتەوە،

پاسەوانی خوێنی قووربانییەکانی دەکرد،

هەزار مێردیش مۆزەخانە.

پاسارییەکان،

جووگرافیا سنوورەکانیان لێک دەترازاند، سنوورەکان لێکدەئاڵان

لەناو گڕ و

تەپوتۆزدا دەسڕانەوە.

هۆزێک لەترسی نەمان کوژایەوە، هۆزێک بە ڕێگاوبانی پاسارییەکانا

کۆچی کرد. شەو لەگەرمیان، ڕۆژ لەزۆزان، بووە، بووە سیحرێکی

ئەفسوناوی ؛

لەناو چیرۆک و داستانەکاندا هەتاویان لێ ئاوا دەبوو، شەوان

دادەگیرسان،

[5]ئەفسانەیەکی کوردییە.

**ڕۆژانیش دەبوونە زەمەنی پاسارییەکان.**

**یاسای سروشت ڕووبارێکی لێخنە، هەموو ساتێک، گەڵای درەختی**

**ژاکاوی تێدەڕژێ،**

**ڕووبەری ئەم نیشتمانە تەسک دەکاتەوە ڕووبەری ئەم ئاخرزەمانە.**

**ئاسمانیش لە فراوانی خۆی نەدەکەوت.**

**دەگێڕنەوە: هەتاو کە ئاوا دەبێت، دەڕژێتە ناو زەلکاوێکی بێ بن.**

**ڕۆژی ئایندەتەڕوپاراو لەو دیو دونیا، کەڵەگەت**

**باڵانمام هەڵدەزنێ.**[6]

هەواڵنامەی کتێب

---

[6] ئەفسانەیەکی یۆنانییە.

**هۆزی پاساری، هۆزی ئەفسانە.**

**هەر وەکو منارە بە ئاسمانا رۆدەچوو ؛ قەلآیان دەکردە لانە. قەلآ وەک هەڵمێکی لێخن بەرز دەبووەوە، هەڵمی نوورێکی تاریک. قەلآ لەناو کاڵیی بەرگری لە بەرزبوونەوەی خۆی دەکرد، سنووری لە خۆی دەشێواند.**

**بۆنی خوێن فیچقەی دەکرد لە هەموو شوێنی، لە سەر لاپەرەی رۆژنامە، لە ناو زایەڵەی ئێسگەکان، دەبوو دەنگ و دەمەیی.**

**بیریان لە شکاندنی یاسای سروشت دەکردەوە، بیریان لە خەونی پاساری.**

**خەونەکانیان دەبوونە پاساری، پاساری ئەو دیو سنووری بەرد و گیا،**
**ئەو دیو**
**ڕچەی ئاسمان، ئەو دیو نارنجێتی خاک...**

جنێڤ/سویسرا، ١٩٨٨

هەواڵنامەی کتێب

هەوڵنامەی کتێب

# جیهان

**سوپاس تارکۆفیسکی**

**ئەی جیهانە خۆشەویستەکەم،**

**بە قەراغی رستەو لە نێو درزی رەنگ و ئاوازی تاریک، وێنەی سەر شاشە سپییەکان، بە کۆڵێ تەم و چرچولۆچی دەوروبەری چاو،**

**من تۆ،**

**تۆ بۆ من،**

**هەموو رۆژێ باوەش بۆ یەک دەکەینەوە.**

هەواڵنامەی کتێب

**کە شەو دەبێتە خاڵێکی بچووک و دەرژێتە ناو جۆگەلەکان، پێستە سپییەکەم لە**

**ناو چەرچەف و دۆشەک و لینجیی قووتار دەکەم. دەڕۆم بەرەو رووی کازیوە،**

**بەرەو سەوزایی کە تازە لە ژێر خاک سەر دەردەهێنێ، کە بۆ یەکەمجار،**

**ڕەنگ لە نێو ئاو و رەشایی، ماچی تەم و دووریی دەکات.**

**دەست بۆ گەڵاو تەڕایی ئاو درێژ دەکەم، ئۆخەی، ئۆخەی، هێشتا جیهان لە**

**مەزنیی خۆی نەکەوتووە.**

**لەو کاتانەدا، هەموو شوێنێک بەر پڕشینگی جەستەم دەکەوێت،**

**لە سەرەتاوە گوڵینگەکان دەهۆنمەوە،**

**لە سەرەتاوە ئاوەنگەکانم دەژمێرم،**

**لە سەرەتاوە لە ژێر گەڵاکان، شوێن پەنجەکانم جێ دەهێڵم..**

**رووتوقووتم هەر وەکو بریسکانەوەی چەو لە ناو تەم**

**ئاسمان دەخەمە نێو پەیڤەکانم،**

**ئەستێرەکان خاڵن،**

**مانگیش حەوتی سەر پیتەکان.**

**تەسکن تاریکن، شەوەزەنگن، هەژاران،**

**سووک و پەروازەی دەم بارانن.**

**ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەمەوە،**

**ئای کە لێڵە روخسارە رەنگینەکەم.**

**کە شەو دەبێتە خاڵێکی بچووک و دەرژێتە ناو جۆگەلەکان،**

**روخساری بارانیی منداڵیم بۆ دەبێتە کەپر.**

**منداڵیی باران،**

**منداڵیی خۆڵ،**

**منداڵیی ئەندێشە.**

**هەموو پێکرا، دەست لە کاغەز و دەفتەر و مەرەکەب و شووشە بەتاڵەکان دەدەین.**

**(رەنگە منداڵیم جۆرە ورێنەیەکی پوچەڵ بێت، رەنگیشەتەنها پەیژەش بێت کە بتوانم لە سەرخۆ بەسەریدا سەرکەوم. ئەگەر وایە، تف لەمنداڵیم، پەیژەش دەڕوخێنمە ناو بیر چوونەوە.)**

**چەرخەکان**

**زۆریان بەملشۆڕی بەرەو خۆرئاوا شۆربوونەوە.**

**چەرخە لاوازەکان هەردەم**

**بەیداغی تاریکیی بە سەر کۆشکەنزمەکانی دا دەشەکایەوە.**

**هەردەم گێژەلووکە،**

**کاغەز و پەڕۆ و کتێب و گۆرانییەکانی بەرەو دۆڵەکان لوول دەدات.**

**ئەم چەرخە باریکەڵەیەی ئێمەش، لە چوار لاوە زریان، لەچوار لاوەباران، لە چوار لاوە خاپووریی گەورەترین مێوانە، گۆزەشکاوەکانمان بۆ دەهێنی.**

**چەرخە پشت کۆمەی ئێمەش، کۆڵەگەی مەرگە، باشووکەی برسییە، بەدەوری ژن و پیاو و منداڵ و خەونە کاڵەکانمان دا دەخولێتەوە.**

**ئەم چەرخە رەنگ کاڵەی**

**ئێمەش، ژەهری گوڵیلکە سوورەی بەیانیانە، پڕشینگ خۆڵاوی، دەورووبەری**

**مانگی گرتووە ئەم چەرخە زڕەی ئێمەش، پولەکەیەکە لە ژێر ئۆقیانووس دا**

**دەبریسکێتەوە، هەر چەشنی یەکەمین چەقۆ.**

**لەکەلاوەکانی ئەم چەرخەوە، بە کۆڵێ تەم و چرچولۆچی دەورووبەری چاو.**

**من بۆ تۆ، تۆ بۆ من، هەموو ڕۆژێ باوەش لە یەک دەکەینەوە.**

**لەو کاتانەدا، هەموو شوێنێک بەر پڕشینگی جەستەم دەکەوێت**

**لەسەرەتاوە گوڵێنگەکان دەهۆنمەوە،**

**لە سەرەتاوە ئاونگەکان دەژمێرم،**

**لەسەرەتاوە لە ژێر گەڵاکان شوێن پەنجەکانم جێ دەهێڵم.**

**ئەی جیهانە خۆشەویستەکەم**

**سەرفرازی موتڵەقی تۆ**

**ڕەنگی گشت ڕەنگەکانی،**

**خۆڵی، گوڵی، بارانی.**

**تۆوی بەسەر کێڵگەی زڕی گشت گۆشەکان دا دەپرژێی،**

**هەتاو لە ناختەوە**

دەوڵەمەی کتێب

بەرەو ئاو و تاریکاییەکان پەل دەهاوێت.

(ڕاستە منداڵیی من، تەنها منداڵیی خودی خۆم نییە، منداڵیی
گوند و شار و پایتەخت و وەرزەکانە، منداڵیی گەوهەری شتەکانە.
لە دەروونی گشت مرۆڤێکی گەورە، منداڵێک کرۆشکی داوە،
نووری لێ دەبارێ.)

ئەگەر تۆوی منداڵیی بە سەر کێڵگە زڕەکانا بپرژێن،
لەوەرزێکی تردا، کانی لەژێر گیای سەوز و شین
هەڵدەقووڵێت.

کە شەو دەبێتە خاڵێکی بچووک و دەڕژێتە ناو جۆگەکان،
پێستە گەنمییەکەم
لەناو چەرچەف و دۆشەک و لینجیی قووتار دەکەم،
بەرەو ڕووی کازێوە دەڕۆم،
بەرەو ڕووی سەوزایی کە تازە لە ژێر خاک سەر دەردەهێنێ،
کە بۆ یەکەم جار،
وشە لە درزی ئاو و ڕەنگ بە ئاوازی نوێ دەم دەکاتەوە.
دەست لە گشت شتێک دەدەم، ،تەماشای گشت دەکەم،

هەواڵنامەی کتێب

**هەر وەكو بۆ**

**یەكەم جار، بەرد ببینم، هەر وەكو بۆ یەكەم جار ڕەنگ ببینم.**

**ئای كە مەزنییە هێشتا جیهان شیعری بۆ دەنووسرێت.**

**ژنێڤ** 1988/3/13

هەواڵنامەی كتێب

# ئەوە کێیە بەجێم دەهێڵێ
# ئەوە کێیە بەجێی دەهێڵم

**پێشکەشە بە زەردکییەکان**

هەواڵنامەی کتێب

**بۆ کوێ بڕۆینەوە؟**

**کە ئاسمانەکەی ڕوخا بێت**

**کە ئیتر دیوارە خاپوورەکانی بۆنی پونگە و میسکی لێوە هەڵنەستێ ؟**

**بۆ کوێ برۆینەوە؟**

**کۆشکەکانی هەڵوەرین**

**چۆلەکەکانی زێڕینانە بە ئاسمانەوە چەسپین.**

**دەگونجا لە درز و کەلێنەکانی دا هێلانەی گەرم،**

**وڵاتی شەرم، خەونە نوورانییەکانم بچنم.**

**گوێسەبانە قامیشییەکان و قەوزەییەکانم دەگرتە کۆڵ،**

**وێسگەکانی جیهانم پێ ناساند.**

**دەرگای گیایی رۆحمم بۆ پیرەمێرد و کەنەفت و شێتۆکە و**

**زارۆڵەكانی دەخستە سەر پشت.**

**نێو لەپ و پشتیان سەوز هەڵدەگەڕان،**

**پەنجەیان لە چڵانی دوارۆژ دەدا و**

**بۆ ناو تریقەی دەچەمانەوە،**

**بۆنی تاریكاییان دەكرد،**

**گوڵاوی پاگژی یەزدانیان دەخواردەوە.**

**ئێواران لە قەراغ حەوزە هەورینەكاندا هەڵدەپەرین،**

**دیسانەوە هەر ئێواران لە گەڵ تیشكی فانۆزەكاندا،**

**دەگەوزانە ژێر سكی ئاسمان.**

**لە دوور زۆر، گڵكۆیەكی نزمیان لەقوڵایی یاداشت دا بۆ هەڵكەند.**

**وتیان : "كاتی ئەندێشەو خەون نەما، رەنگە رەشەبا**

**یاداشت و گڵكۆ بسرێتەوە.**

**لە دوور زۆر دوور**

**گوندیان بەرەو ئەشكەوتە پڕ ئەنجندەكان راونا.**

**ئێمەش بەرامبەر چارەنووس بیر لە دۆش دامان دەكەینەوە.**

**بۆ كوێ دەرۆینەوە؟**

**روخساری هاجەر[7] هەندێ رەنگە، لكایە قەد میحرابی مزگەوتەوە.**

**"هاجەر" بوو لەدوور ڕا قومەئاوی بۆ دەهێنایـن. هەر ئەو بوو**

---

[7] لێرە"هاجەر" خاوەن دوو رەخسارە، هی رابردووی دوور و نزیک.

زێیەکانی پێکڕا گرێ دەدا و وەک قردێلە دەیدا لە باڵای مێژوو.

ئێستا "هاجەر" فانۆزێکی ئەبەدییە.

زومەڕەد ئاسا لە قووڵایی بیرچوونەوە دەدرەوشێتەوە.

بۆ کوێ بڕۆینەوە؟

هەڵوەشانەوە، هەڵترازان، پووکن ئەندێشەکان،

دەست لە بنمیچیی دوارۆژ دەدەم

چەندە تاڵن رۆژگارە نەزۆکەکان.

رووداوەکانی شەست و سێ

بوونە هۆی راپەڕاندنی گشت بەرجەستەکانی.

دەمانبینی چۆن بە پێوە رادەوەستا.

گێڕایانەوە: "رەوە پێشمەرگەیەک لەناو کێڵگەیەکدا ئاوا بوو"

وتیان :" ئەمە خەونی باڵندەکانە، ئەفسانەیە!"

بۆ کوێ بڕۆینەوە؟

دەست بۆ نێو ئاسمانەکەی رادەوەشێنم........دەبمە چنگێ شیعر.

دەست لە دیوارەکانی دەدەم.................دەبمە بۆنی شیعر.

دەست لە بۆنی پووشەکانی دەدەم................دەبمە شیعر.

ئەسپییێکی زیوینم راچەنین ئاسا کەلاویەی وشە جێدەهێڵم،

**بە دەرپەڕینەوە دەحیلێنم،**

**ڕەشە شەوانی مێژوو سەرم بە مۆنۆلۆگێکی پواو دپێچێتەوە.**

**دوور–نزیکە**

**شەشت و سێییەکان بە سواری ئەژدەر دەهاتن،**

**ئاڵاکانیان دەمامک، شمشێرەکانیان دووفاق،**

**عەباکانیان تاریک، چاوەکانیان گوڵی لێخن...**

**هەڵگژانە قەد دیوارا، هەڵیاندایەوە خۆڵی خاک،**

**کڵپەیان خستە دێڕی کتێب،**

**چڵکنە پەڵە هەورێ بە چرچولۆچی قەراغ گوندیان داپۆشی.**

**بۆ کوێ بڕۆمەوە؟**

**شانەشێنێ دروست دەکەم**

**منارەکانی رەنگ بن،**

**وڵاتێ بێت بۆ زایەڵە.**

**کانییەکانی وەکو لاوک شەوان**

**لەسەدیم دا جێگیر بن.**

**فرمێسکە تاراوەکانی**

**گەڵای دەم خەزانی دەوری قژ و پەرچەمی شاعیرانن...**

**هەڵناوەرن**

**هەڵدەفڕن**

**هەڵنافڕن**

**هەڵندەوەرن**

**نۆتەی تەڕ ئاسا**

**سنووری جیهان تەی دەکەن،**

**بەشیعر و خەون و نامە، ئاوەدانی دەنێنەوە.**

**شانەشینێکی شیرین :**

**ماچ : پێش ئەوەی لەدەم هەڵوەرێ ببێتە پەپوولە،**

**شەهوەت : پێش ئەوەی بزریکێنێ، نووراو بخاتە جەستەی هیشکەوە**

**جەستە دابگیرسێ**

**جەستە ببێتەچراخان**

**دەم : پێش ئەوەی وەک ئاوێنە شەق بەرێت و بۆ گۆرانی بکرێتەوە،**

**بزێ، خۆی**

**دووپات بکاتەوە.**

**دەست : پێش ئەوەی درێژ بکرێت و بۆ خۆشەویستی بلەرێتەوە،**

**بگەشێ و**

**ئەنگووستە رەنگینەکانی چرۆی رەنگینی تیا کەسک ببێت.**

هەولێنامەی کتێب

قژ : پێش ئەوەی لە دانی شانە بسوێ،

پەل و پۆ دەرکات و بەراست و

چەپدا وەرچەرخێ.

پێ : ،پێش ئەوەی برژێتە ناو حەوزەوە،

کانی لە نێو قامکەکانی درز بەرێت و بشنێتەوە.

دڵ : پێش ئەوەی پڕ بێت لەنوور، کەسکایی لەش بخواتەوە،

لە بێشکەی سرووش بێتە دەم،

مەسیح ئاسا بزە بیگرێ، بگێڕێتەوە ئازاری سەردەم.

پێیەکانم خاووس دەکەم، بە ئاسپایی دەچمە ژوورەوە،

دەچمە نێو میحرابەکانی بن بناری ئاسمان.

هێمن، ئارەزووەکانم لەجەستەمدا

قەتیس دەمێنێت. دەنووشتێمەوە، چنگێ تیشکی کوژاوە هەڵدەگرم،

چنگێ ئازاری داگیرساو.

تەنها.

لە زێی تیشکی مۆم و

بۆ تاریکاییەکانی بن قوژبنەکان خۆ داڵدەدەدەم.

مەلەدەکەم.....

بێدەنگ

خودا دەبینم

لە سەر سەکۆی ژین دایە،

دەمژێ ژانی سەردەم

دەمژێ هەستی چۆڕاوەی لەشی شەم.

دەسوێ سەری، مەمکی، دەستی، چەناگەی، تاکو دەتوێنەوە،

لەبن بناری ئاسمانەوە،

دوو دڵۆپە ئاوی گومەز دادەچۆڕێنەوە خوارەوە.

هەر بە پێخواسی، لەسەر چینچک

بەرامبەر تابلۆیەکی ئاسمانیی رادەمێنم.

ئەو سەربازانە چین ئاگر لە ئاو بەردەدەن؟

ئەو زارۆڵانە چین بەرەو دۆزەخ پەلکێشیان دەکەن؟

ئەو تابووتانە چین بە ئاسمانا هەڵواسراون؟

ئەو دایکانە چین لە ئارەزوی بینینەوە باڵیان لێ رسکاوە باڵ ؟

ئەو ئاسمانانە چین هەندە دوورن هەندە دوورن ؟

گالێسکەیەکی ترازاو تابلۆ بە جێدەهێڵێ،

لە جڵەوی ئاسمان خو رادەپسکێنێ.

**ئەوەكێیەلە پەنجەرەی گالێسکەوە تێمدەروانێ؟**

**ئەوە كێیە بەجێم دەهێڵێ؟**

**ئەوە كێیە بەجێی دەهێڵم ؟**

ژنێف، حوزەیرانی 1988

هەواڵنامەی کتێب

# خەون

دەستەکانت بە کەناری رۆحما درێژ دەکرد،

ئێستا بۆنی بەرد و

هەڵمی گوڵاو

لەسەر شوستەکانی جەستەم دان.

لە قەراغی شۆستەی دەریایەک،

رووبارێک، یا جۆگەلە وشەیەکی روون،

شیعرم بۆت دەهۆنیەوە،

دەتوت : " ئەم وڕێنە و وشە ریزکردنانە چین"!

دەموت : " ئادەی تۆش وشە ریزکەو بچۆرە ناو

رووباری وڕێنەوە".

پێدەکەنین،

وشەت پێ ریز نەدەکراو

دەستەکانت ئاڵانە ناو جۆگەلەی هەڵوەرین.

ژنێڤ 1988/6/4

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# خۆڵستان

**جێ دەهێڵم ئەم دارستانە،**

**دەست وەرت دەدەمە نێو ئاسمانێک**

**کێ دەڵێ بەرەو سارا سڕەکان راو نەنراوە؟**

**هەر دە پەنجەم دەکەمە کەپری سەرم و**

**بە گریانەوە خۆ تێکەڵی خۆڵسان دەکەم،**

**بەڵکو رۆحە رۆشنەکەم بدۆزمەوە.**

**دەبێ لە سەر چ گاشەبەردێک بێناز فڕێ درابێت؟**

**دەمەوێت چەشنی با بە ئازادی**

**هەروان بچنە لەشمەوە.**

**چەشنی ئاگر حەوزە لێخنەکان داگیرسێنم بۆ سیامەستێک،**

**لە سێبەری نیشتمان دەگەڕا، ئێوارەی لێ ون بوو.**

**چەشنی ئاو لە درزی خەونە جیوینەکانەوە**

**چاو بتروکێنم،**

**لە نێو چامەیەکدا جریوەم بێت،**

**هەروەک گریان ناخی بەرد جێ بهێڵم،**

**لە ناخ چێودا بگیرسێمەوە.**

**چ ئەفسانەیەک شڕە رایەخێکم دەدانێ!**

**لە قەراغ خوڕڕەدا، لە نزیک نیشتمان رایخەم؟**

**ئەم چرە دووودە وڵاتی من نییە**

**ئەم هەورە نزم و نەویانە هێلانەیان لەسەر چێ ئاگرێ!**

**ئەم گەمییەی کە دڵمانی لەسەر پشت دایە،**

**فانۆزی نێو دەریا و ئاسمانە،**

**بەرەو کوێ بای راڕایی دەیپێچێتەوە؟**

**دەبێ تیشکی لێخنی بگاتە کوێ؟**

**ئەم دارستانە شێ دارە،**

**ژێر هەنگڵمی پڕ قەوزەکرد، روخسارمی کرد تەم،**

**چاوەکانمی چەشنی چەو سەوزاند،**

**پەنجەکانم برسییانە دەئاڵێنە نهێنی وشە و شەوان**

**بەدیار جەستەمەوە دادەگیرسێن.**

**لەدوور ڕا**

**گوێم لە ناڵەی کۆچەران، پاساری شەو**

**فڕەفڕ دەکات بەسەر سەریانا.**

**لەدوور ڕا**

کەوالنامەی کتێب

**لەوێندەرێ**

**لەولاتەکەی نالی**

**ئەستێرە قەقنەس ئاسا دەبێتە ڕەژوو،**

**بۆ ھەتاھەتایی دۆڵەکان غل دەبێتەوە.**

**(چ جەھەنمێکە ولاتەکەی نالی!)**

**قوڕگم جۆگەلەیەکی شیعرە، ھەنسک دەدات بەتاسەوە،**

**عەیامێکە، بۆنی گریانی نەکردووە،**

**عەیامێکە ئەم قوڕگەی من تووندێلێکە وشە تیایا**

**زرینگەی دێت، وشە تیایا دەکوژێتەوە.**

**کێ فڕێی دامە ئەم بیرەوە؟**

**ئازاری کێم دابوو؟**

**براکانم کە ئێوارێ گەڕانەوە خانە خراپ،**

**کراسێکی ونجڕونجڕیان خستە پێش باب.**

**بە خوێنی ئاسکێکی چاو خومار**

**یەک دوو چمکیان ئاڵ کردبوو.**

**کێ فڕێی دامە ئەم بیرەوە؟**

**برا کەڵەگەت و جەسوورەکانم ڕووی دەمیان کردە بابە**

وتیان : " ئێمە بەرەو گەمەو قۆشمەی خۆ دەچووین،

گەلەگورگ کوڕتی فڕاند بابە"

بابی بابان، کراسی هەڵگرت، نایە سەر سینە،

بۆنوبەرامەی رۆحی بابەی کردە چراخان.

کێ فریێی داینە ئەم بیرەوە؟

ئەم دارستانە کاول بووە جێدەهێڵم،

خۆم لە ژێر توێژی تەم و هەوری بۆر قووتار دەکەم،

گوڵێکی ئێجگار ئاڵیش دەدەمە تۆ،

نامەیەکیش لە ئاسمانەکانەوە هاتبێت،

نامەیەک پڕ بێت لە گمەی کۆتر و باڵای کووکووختی،

رەنگی باڵندەی دەریا.

چەند ئەستێرەیەکیش بە دەستی منداڵ کێشرابێت.

خانوویەکی بچووکیش،

بەلاری لە ئاسمانەکانەوە شۆربێتەوە.

لە قۆزاغەی وڵاتێک دا تورِ دراوین،

تیشکی بینینمان ناگاتە تۆ.

تۆش لە پشت سێبەرەکان دا

قۆزاغەی وڵاتان دەژمێری.

تۆی چارۆگە، تۆی با.

نە پەنجەرەیەکمان هەیە،

بای شەماڵ روویی تێ کات،

نە دەنکە کوولەکە، بە شێنەیی، بەهاران تیا سەر دەردەکات،

نە چۆلەکە هاجەکانیش دەنیشنەوە،

نە بەردێکی حەبیبەمان بەر دەکەوێ،

نە دەرگامان لە سەر پشتە،

نە سواڵکەرێ، داوای عانە و

نە دوای هەندێ شۆربای نیسکمان لێ دەکات،

نە منالێ لەحەژەمەتا دێتە ژووری و پێدەکەنێ،

نا هاوسێیەک بە قیژە و بۆڵەبۆڵ،

داوای مارەیی مێرد و داوای هەندێ بیبەرمان لێ دەکات،

نە سەر خانووەکانمان دەست دەخەنە باخەڵی خوا،

نە کوللە و گوێسەبانە، ئێواران چەشنی بەیداغ دەشنێنەوە،

نە نیوەشەو خوای سیاچەمانە دێتە خوارێ،

نە سەر دەخاتە نێو کۆلێت و زنج و خانووە قوڕینەکان،

نە تەماشای رەنگی زەرد و لێوبەباری منالآنمان دەکات،

نە ئاسایش بۆ داک دێنێ،

**نەهەندێ جار بە دیار نەخۆشەوە رادەمینیێ.**

**لەم دارستانە شێدارە، دەمێکە خوا عەمری خوای کردووە!**

**جارێکی تریش دەڵێم :**

**کێ فریی دامە ئەو بیرەوە؟" "**

**زایەڵەی دەنگم درەخت دەیخواتەوە**

**چۆڕاوگەی ئەڤینم بەرد قووتی دەدات.**

**لەوێندەرێ**

**لە وڵاتەکەی مام زۆراب**

**هێشووە ترێ دەلکێتە دەروون،**

**بەیانیانی زۆر رووناک، رووناک تر لە خوا،**

**ئۆخژن دەدەنە دڵ، دڵ دەکەنە نیشتمان.**

**لەوێندەرێ**

**لەوڵاتەکەی "نەجمەدین"**

**دونیا دەبێتەکەشتیەک، ئای چ کەشتییەک،**

**هەموو فێری ئەڤین دەبین فیری ناو نووسین.**

لەوێندەرێ

بە نهێنییەوە، بێدەنگ، چەشنی پێغەمبەر،

بەرەو خەڵوەتی یەکەم هەنگاو دەنێین،

بەدیار گومانی "مەحوی"یەوە دۆش دادەمێنین.

لەوێندەرێ

لەوڵاتەکەی من

خۆڵ، خۆڵ، جارێکی تریش خۆڵ،

دەیکەینە ئاسمان، دەیکەینەوە خۆڵ.

ژنێڤ، کانوونی یەکەم، 1988

# کێڵگەی پیت

تەنها بۆ منە ئەم گۆمەی ئەلف و بێی شینی لێ هەڵدەستێ.
( چەشنی پەڕەی پەرتووک ئاسمان پێچرایەوە[8]) دەبا لە شاعیرێک بگەڕێین، دەڵێی تۆزە دەلکێتە قابڵغی یاداشتمان.

ئ : مانگێکی گرژ بوو، بە ساردییەوە بەرەو کۆشی دەریاچەیەک نزیک دەبێتەوە. مانگێکی جوانە، چڵ دەگرێت، لق دەنێرێت، بیر لە ئێمە ناکاتەوە

ا : پاسەوانی دەنگە، بە بێئاگا دەچێتە ئەودیو چیا و دەریا و زێی و مێی و هەندێ شتی ترەوە.

ب : کەپری میللەتێکی هاروهاجە، کەپری قەرەجەکان، دەفری ئاگر و نانە، پاشماوەی گۆزەشکاوەکانە، بە نازداری فڕێ دراوەتە سەر ئەو تەلارانە.

پ : جوانترین بازنەی کۆکردۆتەوە، لە دوورەوە تەماشای دەکات، بسکی دەهۆنێتەوە، مێرووی ڕەشی لێ شۆڕ دەکاتەوە.

ت : زیتەزیتی چاوە ڕەشەکانی، خۆی لە سەر سک دەنوێنێ،

[8]ئێحای ئایەتێکی قورئانە.

هەزارنامەی کێبر

بیر لە راماووسانی دوێ شەو دەکاتەوە.

ج : مەمکۆڵەی نارنجە، قووت چەشنی حیلەی ئەسپ، کراس و سوخمە دەدڕی، دەگەڕێتەوە گوێی کانییە هەوەڵینەکان.

چ : شوێنەواری ماچە، مۆر دەچێتەوە، تاڵە نێرگز لە چاوانی وەنەوشەییەوە سەردەردێنێ، تۆوەکانی بۆ ژێر مامکان بە پوختی فڕی دەدات.

ح : بێکەس، تەنها، دوورخراوە، بێنیشتمان، دەڵێی ژینی شیعرە.

بەسۆز، چاو فرمێسکاوی، ئاوڕ لەزێد دەداتەوە: هوردە هوردە بەرەو لەپەکانی دەخشێن.

خ : غەمگین تەماشای ئاسمان دەکات، هەتاو کوێر بۆتەوە ،

لە نێو هەتاو و هەنار و مەمکۆڵەدا دۆش دادەمێنێ.

د : بەرەڵایە، بەگشت لایێ وردەچەرخێ، دەگەڕێ

لەدڵێ، لە جەرگێ بچەقێ.

لە نیوەی ڕێ، لەناو قەد دا دەشکێ، دەچەمێتەوە، تا دونیا ماوە

بە دەوری خۆی دەخولێتەوە.

ر : ریگایەکە بەرەو "رۆم"، بەرەو "بانە"، ریگایەکە هەر کە چاوت کردەوە بەرەو رۆخی ئاسمان لار دەبێتەوە، بەئاسپایی، بەهێمنی، رووماں تێدەکات...

ڕ: تەپ و تۆزاوییە ئەم ریچکەیە، لەژێر خۆڵ دا

هەواڵنامەی کتێب

مانگێـک چـاوەکـزەکـانی دەپـشکوێ، وەکـو بێچـووە سـەگ خـۆ دەلکێنێتە دامێنی ڕێچکەوە.

ز : مانگی سک پڕ، خەرمانەی شێوەی بازنەی دۆزیوەتەوە،

چ سنورێ هەیە پزیسکی بۆ دەهاوێژێ، ڕۆشنی دەکاتەوە.

ژ: سێ ئەستێرەی باڵا بەرز، سێکوچکەی گوێ قوڵاغ، سێ برای کوژراو، سێ بێچووە پاساری، سەریان ناوەتە سەر یەک، بیر لە سەفەر دەکەنەوە.

س : چەند پەنجەیەک بیگرێتە خۆ، بۆ سەر گوڵەگەنمەکان دەچێت، چەند پەنچەیەک دەیکاتە تاوستان.

ش : سـێ کڵاوکـوڕەی گـوێ سـوورک، بـە پێـدزە بـۆ نـاو کێڵگـەی پێکەنین.

دەفرن، لە سەر حەوزی فراوان دا چینەدەکەن.

ع : یەک دوو ڕۆژی تر دەزێ، خۆی دووپات دەکاتەوە، چ بە گریان چ بەپێکەنین نەوە دەنێتەوە.

غ : یاداشت کۆ دەکاتەوە یاداشت، وەکو پەڵە هەور بە دەور سەریا دەخولێتەوە. ( کەینێ لەدەست یاداشت رزگاری دەبێت.)

ف : هەندێ توڕە، هەندێ خەفەتبار، سەری خستۆتە ژێر مەچەکی، شەوانی زۆر درەنگ ماچی خاوێن هەڵدەستێنێ.

هەواڵەی کتێب

**ڤ : تووشی شیعر هاتووە، سرووش سەری لێ دەدات، لە عارەقەی لینج دا وڕێنە لەبەر دەکات. وڵات لە دەور سەری گرت دەبێتەوە.**

**ق : هێلکەی شەیتانۆکەی شیعرە، لە قەراغ دەریا، زەریا، دەریاچە، گۆمی شلەقاو دەردێت، خۆی ون دەکات. گەلحۆ، کەر، هێڵێکی باریک لە دەوری جێدەهێڵێ.**

**ک : پاشای پاشاکانە، ئاو و ئاوریشم لەبەر دەکات، تاجی سپی هەر وەک لۆکە دەکاتە سەر، بە هێمنی و ئاسایشەوە روو لە عەرشی چۆلەکە دەکات، چ پاشایەکە تا هێزی تیایە دەجریوێنێ!**

**گ : فریشتەیەکی دەم هارە، کە شەو دادێت، ئەم دەنوێت، هەتاو پێش هەڵاتن بیر لەم دەکاتەوە.**

**ل : فڕێی دەرە ناو ئاوەوە، یەک جار، دوو جار، سێ جار دەبێتە ماسی.**

**ڵ : لە قووڵایی ئۆقیانووسەکانا ملیۆن پەپوولە نووستوون، ملیون یاداشت لەپرخەی خەو دا بەجێ ماون. چ پاپۆڕێ لەم شوێنەوارە لەنگری گرت؟**

**م : کەنەفت بە قەراغ رابردوودا دەڕۆم، شەکەت بە لێوار رابردوودا دەگەڕێمەوە.**

**ن : وەرن بمگرنە باوەش، وەرن ئەی شێتۆکەکانی ئەم وڵاتە،**

**من شیرتان دەدەمێ، گوڵی جوان**

ۆ : پـێش ئـەوەی بـا هـەڵگـات، پرسـم پـێ دەکـات، بـەرەو دۆڵ و دەشتاییەکان دەینێرم.

و : رێویەکـی لاسار، مریشکێکی بێـدەسەڵات، شەوێ لێرەو شەوێ لەوێ، بۆقێکی پێست سەوز، مێشکێکی گێژ، رۆژی لـەوێ و رۆژی لێره.

وو : رەوە گـورگ هـات، رەوە گـورگ، هـەوریـان کردۆتـه دەمامک، پێیان لە زەمین نادات، پێتان دەڵێم گوێ بگرن له لووره لووووور.

هه : هێمن، هەژار، هـاوارێکی نـاواخن، هەمانه هەموویمان هەیه، فرمێـسک بـه هێمنـی دەرژێ، هـەژارانـه بیـر لـەئاسـمان دەکاتـەوه، گوڵێکی شکۆفەو پەمەیی، تـەمومژانه بیر لـه ئاسۆدەگـی دەکاتەوه، پێڕست چییه لای نییه.

ه : منـم تـەلیسمی ژیـان، وەرن بـه دەورمـا بخولێنـەوە، منـم دەفـی چنگتـان، زرمـەم لـێ هـەڵـسێنن، فرمێـسکتان پـێ دەڕژێـنم، مـنم تەلیسمی ژیان.

ێ : سـەرتایەکـی خـەمناکـه. کـێ دێ کـێ نـایێ، لـەبـەر چ درگـایێ چاوانێ دەپشکوێ، چۆن دێ چۆن نایێ! چەندین سەرسوڕمانی تر.

ی : گریان له بۆ نەزانین، گریانی پەنجەره له بەر بەرۆکـی زارۆکـێ، گریانی کیژۆڵه بۆ کەرتـه مانگێکی سووتاو، گریانی پیتـێ لـه خـۆ بـه دەستەوەدان.

**یی : وەکو گزگل، وەکو تیر، وەکو با، هەر وەکو "یی" دەڕوا.**

**کەسیش نازانێ لەکوێ دەگیرسێتەوە؟**

**وەکو گزگل، وەکو با، بەتەنیشت گوێمانا دەڕوا...درێژکۆڵە دەرژێتە زەریای دەنگانەوە...**

جنێڤ/سویسرا، ١٩٨٩

هەوالنامەی کتێب

# ش و گەلەگورگ

**با–رەنگ دێتە ژوورەوە، ئیتر ئەو مۆمانە داناگیرسێن ؟ تابلۆکان دەبنە خۆڵ،**

**تریفەی مانگ لە ژێر گاشەبەردە رۆح سووکەکان دەنووویت.**

**چ دارستانێکە؟**

**بارانیش ئەم تیشکانە ناکوژێنێتەوە، باران چەشنی مێوان ـ ئافرەت دەرگاکان**

**بە چاو دەکاتەوە، لە سەر پشت بە ساردییەوە چاوەڕوانی داخرانێکی ترن.**

**با– رەنگ بۆ هەوڵین جار بە سیاهیی جلوبەرگییەوە لە شەقامە قەڵەباڵغەکانەوە بە تێروتەسەلییەوە دێتە ژوورێ.**

هەواڵنامەی کتێب

**(ژیانێکی گرژە. دارستانێکی نووستووە.)**

**هەر چەشنی دەرزووڵەی ئاو لە درزی شەوق دا، لە شینیی دەگەڕێت؛ وەکو مۆسیقا بەرد و دار و چنار لە خەو هەڵدەستێنێ. پەپوولەکان لە نێو کتێبەکانەوە بۆ یاداشتەکان دەگەڕێنەوە. ئینجا**

دەڵێت :

"ئێستا کاتی لەخەو هەستانی کچی کافرۆشە، تابلۆ زەردەکانی چاخانەکان"

دەکاتەپێ و پایتەختە کۆنەکان وەکو ئاڵتوون زەرد هەڵدەگەڕێنێ.

بەرامبەر مێزی شەراب و بۆنی ئارەق و شەهوەت و تووڕەیی سۆز

دەکاتە مشتێ رۆندک و رەوانەی ئەوێندەرێی دەکاتەوە.

ئینجا دەڵیت : " ئێستا کاتی بەرەڵاکردنی کەزیی و بسکە سەوز و قەترانییەکانە، لەگەڵ بەردە خڕ و لووسەکان

ماناکان ریز کرێن بە چنگی هیچوپووچی بچوێندرێت.

ئینجا دەڵێت : "کڵاو کوڕەکان، وەکو کۆلارە بدەرە دەم با و

با ڕەنگیش هەندێکیان لەناو بیات".

با-رەنگ دێتەژوورەوە، ئیتر ئەو مۆمانە بە کەڵکی چ دێن؟

داوای بەهار دەکات سونبل، چ ڕێگایەک بگرێتەبەر ؟

خورمایی چاو..............رەشایی و گردە خەڵووزێکی نێوانمانە

زڕەی زەردک............هەندەک تەپوتۆزە لە زەرفی نامە جێی نابێتەوە..

ئەوروپا...هەندەک زەرفی نامەیە و

له وڵاتی تەپوتۆزدا دەکوژێتەوە.

شۆڕش : لەدەفری تاریکیی دەرزی وڕێنە دەڵێتەوە،
لەفەرەنگی ئەوانیش دا (ش)ەکەی کۆتایی قرتاوە.
کێ دەبێت بزانێت لە چ نزماییەکدا جێ گیر دەبێت ؟
لە فەرەنگە دەم ئاڵەکەی تۆش دا.....وەرە
با هەندێ ڕەنگ لەم دەریایە بکڕین
چاوی لەیلای پێ کەسک کەین.
رەنگ و من با
لە گۆشەی ئەم ژووره چوارگۆشەیه داین
ئەز و رەنگ و با
با چارۆگەی رەنگ دەهێنێ و مێژووی دەکاتە بەر.
سوخمەیەکی تەسک...... شیرازەکەی دەرژێتە
سەر سەکۆی ئەم کێشوەرەوە،
گیا بە رووتوقووتی خۆی لێ گیر دەکات.
چەپکە گیا چۆن دەکەوێتە دەم با ؟
دەبێ چۆن و لە لێوار چی دەم بکاتەوە؟

تامی شیعر دەچزێتە لێوم،

هەتاوی کتێبخانە جەستەم ئاودیوی تاریکی دەکات.

(هێما و نەزانین)

پەنجەکانم بەرەو خۆ درێژ دەکەم ..........

دەستم لە تاڵیی بەتاڵی دەدات.

دەستم دەچزێتە ئاسمانێکی بێ سەدا

هەواڵنامەی کتێب

(هێما و نەزانین)

ئەژدەری هەزار پێ، لەسەر باڵە چەرمییەکەی،

بۆ وڵاتانی بێ سنوور و بێ

بەیداغ و پڕ هێمام دەبا.

(هێما و نەزانین)

قیژانێک لە ناخی بەردەوە لەهی ئاسا

دەرژێتە رۆحە چرچولۆچ فراوانەکەم.

قیژانێک.....هەزاران سەرمێکوتەی سەوز

لەژێر ئۆقیانووسی بیرکردنەوەم دەجوولێنەوە.

ڕووناکی کەینێ ناخم دەکاتە دەوارێکی سپی ؟

ڕووناکی کەینێ ماوەی ئەوەم دەداتێ،

شەپۆلی ئەستێرەو جریوەی ئاو بدەمە تۆ ؟

کەینێ ڕووناکی ناخی دوورم دەهەژێنێ ؟

دەبیستم زۆر جار، خەونی بناری دەشتاییەکان،

شەوانی تەنهایی جێدەهێڵێ:

بە دەوری کانییە باڵ تەڕەکاندا دەخولێتەوە.

قیڕەی قازە مل سپیەکان......... ئاو سەرخۆش دەکات

قازەمل درێژەکان........ بە دەوری کراسی کیژۆڵیەکی

حەوایی دا دەخولێنەوە،

بۆ ئەوەی هەندێ لمیان چنگ کەوێت،

ئەوجا سەیری منارەکان دەکەن،

ئەوجا منارەکان بۆ باوەشمان دەچەمێتەوە.

بناری دەشتایی و بناری دەریاچە (ئاوابوون)

هەنگاوی هەوەڵیان بەرەو درەوشانەوە و بەرز بوونەوە هەڵدەماڵێ.

**ئای قیرەی سپێتی قازەکان..........چۆن دڵی دارستانەکانیان بۆ خاکێکی راستەقینە جێدەهێشت!**

**ئێستاش**

**ئێستاش**

**راکردنێکە بۆ دڵی قازەکان،**

**راکردنێکە بۆ دڵی سپێتی،**

**راکردنێکە راستەقینەی هەموو شتێکە،**

**راکردنی باران**

**بۆ ئەوەی وێنەی خۆی لەسەر جەستە دووپات بکاتەوە،**

**راکردنی هەور**

**بۆ ئەوەی لە ژێرِ پێ رەنگ نەداتەوە،**

**راکردنی تیشک**

**بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر قەپاڵی گەلەگورگ و**

**بۆ قورگی بیرەقووڵەکان ساتمەنەکات.**

**راکردنی لەش**

**بۆ ئەوەی نەنووسێتە ژوورە بێ پەنجەرە و بێ سەداکان.**

**راکردنی رەشایی**

**لەناخی دڵی سوورابییەوە**

هەواڵنامەی کتێب

**بۆ ناخی دڵی بێمانایی.**

**راکردنی شتەوەستاوەکان.**

**چیرۆکی حەوزە لێخنەکان جەستەم بە قەرز وەردەگرێت**

**جەستەم دەکەوێتە بەر تیشکی چاوی رەشی کۆترێک.**

**ئای چاوی رەشی گەردوون.**

**رەنگی گەڕەکە بۆرەکانم،**

**هەستەکانم تێکەڵ دەبن.**

**بە گوێ بۆنی رەنگ،**

**بە چاو تامی ماچ،**

**بە دەست رەشایی چاوەکان دەبینم،**

**بە لووت هەست بە دوورکەوتنەوە دەکەم،**

**دەگەرێیتەوە ژێرِ پێخەفە مەرمەرینەکەی خودا.**

**هەستت بە گشت ئەم فرمێسکانە دەکرد  و هیچت نەدەوت،**

**شووشە ملخوارەکانت لە ژێر پاڵتۆکەت دەشاردەوە و**

**پەنا دیوارەنزمەکانت لێون دەبوون.**

**دەستت بۆ سەو شانی تاریکی درێژ دەکرد و**

**لە قووڵایی رۆحی شووشە**

هەواڵنامەی کتێب

**بەتاڵەکاندا کارروانی تاریکیت دەبینی :**

**چۆن ساراکان جێ دەهێڵن و  ئاسمانەکان دەکەنە نیشتمان!**

**چۆن دەست بۆ ساراکان رادەوەشێنن و چیاکان دەکە نەپێ!**

**چۆن چیاکان شەق دەکەن و دەواری لێوارەکان دەژمێرن!**

**سەد دەوار و دوو سەد دەوارو سێ سەد دەوار....**

**پاشان تەماشای ئەستێرەکان دەکەن.**

**منداڵێکتان پێش ئەوەی بداتە پڕمەی گریان، غەیب دەبینێ،**

**پێش ئەوەی پەنجە ئاراستەی دووری بکات،**

**لێتان دوور دەکەوێتەوە.**

**کیژێکی بسک نارنجی، مانگ بە پرتەقاڵ دەبینێ،**

**درەختەکان وەکو با بە نێو دۆڵەکاندا شۆردبنەوە.**

**ئەی کەستان گوێتان لە زیرەی ئاو بوو ؟**

**کیژی بسک پرتەقاڵ، نارنجییەکانی کۆ دەکردەوە،**

**پێکەنینەکانی گل دەدایەوە.**

**پیرەمێردێکی گۆپاڵ لەدەست، نزیک چیا دەکەوێتەوە.**

**پێتان وت : کەوشەکەت داکەنە،کەوشەکەت،"**

**بە هێمنییەوە خۆت حەواڵەی بارەگامان کە"[9]**

---

[9] لەچیرۆکی موسا و چیای توور وەرگیراوە،

شوانەکەش خەریک بوو بە دڵ مێخەکەکانی ئاو دەدا.

نمەی شیری کۆ دەکردەوە، چڵە نێرگەکانی دەکردە دەلاقە و

سەری بۆ کارێزەکان شۆر دەکردەوە.

مێگەلی چاوەکانی پەرتوبڵاو دەبوونەوە.

هەندێکیان گیای ئاسمانی دەکرۆشت،

هەندێکیان دەبوونە خاڵی رەش و سپی بنارەکان،

هەندێکیان سێبەری دارگوێز و هەنار و سێو و

خەرنووکەکانی پڕ دەکردەوە،

هەندێکیان وەکو پەڵە هەور لەسەر خانووە نزمەکاندا

دەهاتن و دەچوون.

کێ بوو وتی : " تەماشای کازێوە کەن؟"

ئافرەتێکی سکپڕیش نزیک ئاخوڕێ هێسترە بەرەڵاکان

چنگی لە پووش و کا گیر دەکرد،

بۆنی گریان و ژان و زوخاو  بە بەردەمیا چراوگەیان دەبەست.

پووش و کا و گیا بوون هەستی پەنجە و

تەزووی دەمار.

بۆنی گریان.

دەیزریکاند.

**مەڕێکی چاو حەلوایی.... لە دەوری لمۆزی، مێشی پاس دەکرد،**

**شیرینی دەدا بەگریان.**

**کۆترێکی باریکەڵەش دەلاقەیەکی باریکەڵەی تاریکیی تورِ دا.**

**کاروانی رووناکی بە قەراغ شووشە بەتاڵەکاندا**

**دەسەسڕێکی سووری خستەگیرفان کانییەوە،**

**کاروانی رووناکی هەندێ چەوی خستەگیرفان کانییەوە،**

**کاروانی رووناکی قامیشەکانی گرد کردەوە،**

**فرمانی دایەشەماڵ،**

**کاروانی**

**رووناکی خۆی**

**بەرەلا کرد.**

جنێف /سویسرا

شووباتی ١٩٨٩

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ڕووبارێکی قەرەج

**پەردەی شۆڕبوووە هەڵدەدەمەوە.**

**پەردەی چنراو، هی سەدە کۆنەکان.**

**قژێکـی پـەخـشاو، هـوردە مێـرووی لاژەوەردی، چرووسـکانەوەی نەینۆک، شووشە مەرەکەبی ناڕێک، فەرووی ڕێوی، هەندێ ڕەنگی تێکەڵ نەبوو، ڕۆژگارێکی لارەوبوو بە سەر پەرچەم دا بە هێواشی ماڵئاوایی لە شەوی یەڵدا دەکات.**

**جیهان دەبێتە ڕۆندک.**

**جیهان لەدڵ دا قەتیس دەمێنێ.**

**ماڵئاوا، کتێب و کاغەزە گەچراوەکانی دەوروپشتم، هەندێ ئاوازی کاڵبووەوە،**

**یاداشتێکی پەرشوبڵاو، ئازاری مێژوویەک، ڕێگای دووری گەڕانەوە.**

**خەون جەستە داگیر دەکات.**

**ڕووبـاری میللـەتێکـی قـەرەج دەبیـنم، ڕووبـارێکی تینـوو، هـەنـدێ**

**باڵندەی قەتێ ئاسا، لەگەرمیانی تاریکەوە،**

**زەنگۆڵ زەنگۆڵ هێشووەئاوی بۆ دەگوازنەوە.**

**دەواری میللەتێکی بەجێماو دەبینم، دەوارێک**

**بەهێز سنگە دارینەکانی لە زەمین داکوتراون،**

**رەشەباش بەسواری ئەژدەر، گڕ، ئاسن، تەپوتۆز،**

**دەمامک، چەقۆی تیژ نەکراویان بۆ دەهێنێ.**

**زارۆکە کراس خەتخەتەکان، هێڵی تەریبین، چاو فرمێسکاوی،**

**بە دەوری فەلەک دەخولێنەوە، بۆ تێکئاڵان.**

*** دەشتاییە تاریکەکان، بە پانتایی مێژوو دا راخراون، تک تک خەونیان لێ دەچۆڕێ، خەونێکی بێرەنگ، چەشنی جلوبەرگی سەربازێکی بەزۆر بردروا.**

***تەپۆڵەکان هوردە هوردە بە ترسەوە لە پشت پەرێزە سووتاوەکانەوە قووت دەبنەوە، چوشنی ئەنگوستی ناسکی منداڵێکی قووتابخانە.**

*** گردە باڵا بەرزەکانیش هەر لە حیلەی ئەسپێکی جوانوو کوژراو دەچن.**

**پەردەی شۆڕبووەوە هەڵدەدەمەوە،**

**پەردەیەکی چنراو، هی سەدە کۆنەکان.**

* چیا : ئەی تراوێلکەی ئەبەدییەت

چیا : ئەی تاریکستانی مێژوو

چیا : ئەی کارژۆڵەی لەدەست گورگ راکردوو

چیا : ئەی برینی شۆڕ بووەوەی ناخی ئاخ

سەرکەش بەرەو خانووە شەیتانییەکان هەڵدەگژێی بەحەوایا ؛

دەست لە بنمیچێ دەدەی کاڵ بۆتەوە.

ئەی میللەتە لە دەست راکردووەکەم........

بوخچەی کۆنی رابردووەکان دەدیتەکۆڵ و بەبێ ناونیشان جێم دەهێڵی، گۆپاڵێکی دارساجیش بە دەستەوە دەگرێت و بەرەو وڵاتە نادیارەکان رایدەوەشێنێ.

گەر کراسە ونجڕ ونجڕەکەی منیشت دەسکەوێت دەیکەیتە ئاڵا.

ئەی میللەتە راکردووەکەم...

پایزێکی هورووژاو و بێڕەنگ، سنورێکی

گەلێ سووری لە نێوانماندا نەخشاند.

تۆ بەرەو شێوە قووڵەکاندا شۆڕ بوویتەوە، ئەو کەمە گۆرانییانەی کە لە بیرت مابوون، بەهێمنییەوە دەتچڕی،

زریکەت دەخستە دڵ داروبەردەوە.

هەوالنامەی کتێب

دەروازەی ئاسمانم بە دڵ کردەوە جریوەیان دەهات

پاساری

بریسکەی دەهات پیتی ڕەنگاورەنگ، دەدرەوشایەوە خەتی

مراوی

بەرەو کێشوەرێ سەرم خستە نێو کزەبایەکی دەم بە

گۆرانی

چێوی سووتاو بکاتە ڕەزو بلەرێتەوە هێشوە

جوانی

کێشوەرێ:

مانگە ڕەگارەکان، چێوی بەردار جێ دەهێڵن،

دەڕژێنە سەرچاوەیەک سەمای لێ هەڵدەقووڵێ.

گژوگیا ڕووناکی دەدەنە دەلاقەی خانووی خاپوور،

زەردەواڵە کەسکەکانیش زیوینانە گزەیان دێت،

هەتاوێکی گەرم لە بەر دەروازە گوڵەبەرۆژەیی دەتریقێتەوە،

گەمییە بەڕەڵاکان، لە کەناری لمین دا وەکو بەیداغ دەلەرێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**تۆش ئەی وڵاتە لە یاد چووەکەم، چەشنی زارۆڵێکی راپەڕیوی ناو خەونێ، بە دووی تیشک دا غار دەدەی، لە نێوو کەفی دەریاو هەڵمی زەرد دا دەبێتە زایەڵە و تیشکاو دەتباتەوە...**

جنیف ٩-٤-١٩٨٩ /سویسرا

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

## هەنگاو بەرەو مەرگ
## هەنگاو بەرەو جوولە

**تاریکی شەو لەسەر چ بنیشێتەوە لە لوغزی خۆی تێ دەگات ؟**

**مەگەر شیعر ئەم ڕێگایە یەکالآ بکاتەوە.**

**دەچمە نێو سروشت، سەوزیی چێو و چەم و ئاسمان کۆ دەکەمەوە،**

**باسی باران و پایزەکانی خۆیم بۆ دەکات**

**ئەدی ئەمن باسی چ بۆ سەوزایی بکەم ؟**

* * *

**کە زانست ئەستێرەی بە شیعر ناساند**

**تیشکێ هەڵوەی کەوتە خوارەوە.**

**ئا لەم رووبارەوە سەرەتای ئاو دیاری دەکەین،**

**پەنجە بۆ لەشی وی درێژ دەکەین،**

**پەنجە دەساوینە هەموو شوێنێکی،**

**بە جێپەنجە باسی شەو و رەشایی و لەززەتی مەرگ دەکەین.**

* * *

**پێش ئەوەی شیعری بزێ،**

**شەو بسکەکەسکەکانی بۆ قوولایی مەرگ شۆر دەکردەوە.**

**لەوێندەرێ وشە دەدزێت،**

**لەوێندەرێ ئەو لە دایکبوو.**

**نارنجێتی بە دزە بەرەو کۆشکی رەنگ شەوێ کەوتەرێ،**

**بسکی خۆی دەساوییە هەموو شوێنی،**

**بە پەنجە....دیسانەوە هەر بە پەنجە،**

**هەندێ مانای دا بەخۆ.**

* * *

**شوێن پێی ئاژەلێ....ئاژەلێکی کێوی**

**بوو بە سەرچاوەی درەوشانەوە.**

هەوالنامەی کتێب

* * *

پێش ئەوەی مرۆڤ لە سەرزەمین بڕوێت،

ئاسمان شینیی کۆ دەکردەوە

بۆ رشتنی لێوی گوڵێ.

* * *

ئەشکەوت بۆنی شێ و تەڕایی و سێبەری لەخۆ مارە دەکرد ؛

سێبەر بۆ قژە گڤەکەی،

تەرایی بۆ دەمولێوی،

شێ بۆ خەونی شەوانی.

هەواڵنامەی کتێب

لاسکێ بە قەد نیشانەی پرسیارێ،

لە دەم جۆگەلەیێ سەوز بوو،

جۆگەلە ناوی لە خۆی نا لاسک،

بۆ دەمە جوانەکەشی پرسیارێ.

* * *

**هەندێ تاریکی رژایە ساراوە**

**هەور لمی بژار دەکرد**

**هەتاو گۆنای خۆی.**

* * *

**پێش ئەوەی لە سەرزەمین مرۆڤ بڕوێ،**

**کتێبێ بە دەستی با دەکرایەوە،**

**کتێبی سپی وەک دەستی بەهەشت،**

**باووتۆز هەڵیکرد، چاوی رشت.**

* * *

**نەیدەزانی بە چ لایێ خۆی وەرچەخێنێ،**

**نەیدەزانی چۆن گڤە لە خۆ هەلسێنێ.**

* * *

**بەردی یەکەم غللەی هات و بۆ گوێی رووبار کەوتە خوارێ،**

**رووبار دایە قوڵپەی گریان،**

**بەردیش راچەلەکی بەداماوی خۆی دایە دەست بوونەوە.**

* * *

هەوالنامەی کتێب

له ئەشکەوتێکی بە چاو نەبینراو،
هەرە کۆنترین تەپوتۆز تەکێندرا،
بۆ ناو رۆشنایی ژیان تۆقێندرا.

* * *

دەریاچەیەکی ژێر زەمین،
لە نێو خەونێکی ملیۆن ساڵدا هیچی نەدەبینی،
درزێ، ملی بەرەو هەتاو بەرز کردەوە،
تەنها درزێ،
ئەوی خستە جوولەی مەرگەوە.

* * *

دانەگەنمی، نە بای بینیبوو نە باران.
تاڵە دەزووڵەیەکی سپی لە ناوکییەوە بزوا،
دانەگەنم کەسک هەڵدەگەڕا ؛
بڕوای بەخۆی بڕا.

ئەوانەی کتێب

*   *   *

کپیی، ئاسمانەی شەوگار و ڕۆژگار،

شەوگاری سیا وەکو ئاسمان،

خشپەی چڵەداریّ، زریکەی لە ژیان هەڵسان.

*   *   *

مانگ، سەربەخۆ، باوەشی بۆ خۆ کردبووەوە،

نەیدەزانی بەرامبەر هەتاو دەبێتە چرا،

نەیدەزانی شەوان دەکوژێتەوە.

*   *   *

جۆگەلە ئاوێکی ڕوون،

ڕۆژگار سەری لێ نەدابوو.

زەمەن پەڕەی خۆی لەسەر هەڵنەوەراندبوو

ڕوون هەروەکو نەبوون.

هەواڵنامەی کتێب

* * *

**باوەشێ هەوری خۆڵەمێشین،**

**باوەشێنی زەمینی دەکرد،**

**خۆی رادەژەند.**

**بۆ سەر دەریاچەیەکی پێ لووس خۆی دادەکەند.**

* * *

**ئۆقیانووسی کەسک و سووک هەر وەکو هەور،**

**بایەکی سپی بەرەو لێژیی ژیان دەیبرد،**

**لەقەراغ رۆژگاردا بەجییّهێشت،**

**تاکو شەوی یەڵدای بەسەردا هات.**

* * *

هەواڵنامەی کتێب

هەتاو پەپوولەیەکی سوور ئاسا،
قۆزاغەی خۆی جێهێشت و فڕی
مێژووی دا بەمرۆڤ،
مەرگی خستە نێو هەگبەیەوە.

* * *

حەوز و کانی بە فڕەفڕ شەویان جیهێشت،
گەندەموویان لێ هەڵوەری،
چ گەندەموویەک! هەموو بوونەپاساری.

* * *

درەخت، بە نەرمە گۆرانی لق و چڵ و
گەڵای لە خۆ جوودا دەکردەوە،
لە نێو کۆڵانە سەوزەکانییەوە،
سێو پێ گەیشت،
هەنار پێکەنی،
هەموو بوونە قۆچی قوربانی.

هەواڵنامەی کتێب

* * *

**رۆژ بوو بە پیاو،**

**شەو بوو بەژن.**

* * *

**کۆتر و باڵندە سپییەکانیش دایانە تریقەتریق،**

**باڵەخانەکانی ئاسمان هەمووی لێوەرگرتن،**

**لەو رۆژەوە ئەستێرە جریوانی.**

بوزەنسۆن/فەرەنسا
١٣-٨-١٩٩٠

هەوالنامەی کتێب

هەوڵنامەی کتێب

# ڕەنگی غەریبی و شینایی دڵم

**لە قەراغی شەو چەپکێ تاریکی دەکەمە مێوان،**

**لە سوراغی باڵندەدا، یاداشتەکانم ون دەبن.**

**هەموو ئێوارەیێ دەگەرێمەوە سەر حیکایەتی رەنگ.**

**لە زەمەن دەپرسم، بۆم هەڵدەریژێ وشەی لە گۆچوو.**

**ئێواران دەگەرێمەوە بەردەرگا، بەردەرگا شینەکەی ئاسمان.**

**هەر دوو دەستە سپییەکانم بە ئاستەم وەک رۆشنایی بەرز دەکەمەوە،**

**تێکەڵ دەبن، ئاوازی جەستە و ئاسمانێکی بێدەنگ.**

**رۆژگار بە سەر قژ و هەورە کۆبووەکانی سەر شانم تێدەپەرێ،**

**ئەوەی رەشە سپی دەکات،**

**ئەوەی سپیشە رەنگی خۆڵی بەسەردا دەرژێنێ.**

**کۆڵان بێدەنگە،**

**شەقام تەنهایە،**

**شاریش بە قەراغ ژیانا پیاسە دەکات.**

**لە باخچەکەی ئەو بەریشەوە،**

**منداڵیم دەسکێ گوڵی سووری لەتاریکی شەو دزیوە،**

**پەڕەکانی لەگەڵ خۆڵ تێکەڵ دەبێتەوە،**

**منداڵیشم هوردە هوردە کاڵ دەبێتەوە.**

**لەودیو رووبارەکەی تەنیشتماڵمانەوە،**

**پیرەمێردێ بە دەنگێکی زوڵاڵ، کتێبێ دەخوێنێتەوە،**

**پەرەکانی لە خودا بێدەنگترن،**

**وشەکانی وەک ئەستێرەی بێمانا دەجریوێنەوە،**

**رستەکانی قەفەزی کراوەن، کوونەپەپوو تیایا دەگرێن.**

**هەموو ئێوارانێ دەگەرێمەوە بەردەرگا شینەکەی ئاسمان،**

**بە ناولەپ،**

**ناو لەپێکی رۆشن دەساومە سەر شینایی دڵم.**

**فوارەن ئەم تەنهاییە،**

**بە گژ سەوزایی ژیانا دەچن.**

**دەدەنە شەقەی باڵ، باڵندەی ئازار،**

**لەسەر شانی رووناکی دەنیشێتەوە.**

**بەرد دادەگیرسێ،**

خاک رەنگین دەبێت،

یاسا دەبێتە کیژۆڵەیەکی پێپەتی،

لە تۆڵەکەی رۆح، شیعر و قافییەی بۆندار دەدزێ.

سنووری نێوان من و تۆ

دەبێتە تەقینی کانییەک، بەرەو خۆرئاوا،

نارنجێتی خۆی پەرشوبڵاو دەکاتەوە.

کە لە شینی بەر دەرگا رادەمێنم،

رۆح بە زمانێکی پاراو،

بە زمانی تەڕایی ئاو،

ئاوازێ بەژێی ژیان دەچرپێنێتە بناگوێ گژوگیای دونیا.

کەستەک دەم دەکاتەوە،

خڕنووکە دەم دڕکینەکان لار دەبنەوە،

پووشوپەڵاشی خەرمانەی گیان دەسووتێی.

لە تەنیشت کلێسایەک، ئافرەتێکی جوان گۆرانی دەچڕێ.

لە تەنیشت مزگەوتێ، گوڵی مافوورەکان سەما دەکەن.

ئەمن چ شتێک دەربارەی شینیی دەزانم ؟

خۆشەویستی سۆز شیعریان پێ ناساندم،

بەرامبەر ئاسمان شیعریش واقی وڕماوە:

سۆزی حەوزە هیشک هەڵگەڕاوەکانی رۆژهەڵات.

**ئاخ  رۆژ هەڵات!**

**ئاوینەیەکت بە کۆڵ هەڵگرتووە.**

**لە بەهەشتی لەززت دا هورد و خاش دەبێ.**

**مەرگت لە زیندانی رۆحت دا شاردۆتەوە.**

**لەسەر تابووتی رابردووت دا: جەنگ....جەنگ......جەنگ.....**

**رابردووت نابڕێتەوە.**

**گزنگی یەکەمین بەیان، وەکو کفنێ جەستەم دادەپۆشێ،**

**شەوی قەترانی، تاڵ، تاڵ قژی بۆت دەڕنێ،**

**گورگێکی چاو سوور، نیوەڕوانی زەمەن، دێتە سەر کەلاکت.**

**دەستێکت ناوەتە ناوقەدی نەرم و نیانی سەمەرقەندەوە،**

**دەستێکی ترت لە حەوزی ناوەراست دا، لە ماسی هۆش دەگەرێت.**

**پێیەکت بۆنی بخوور دەکات لە پەرستگاکانی بەخارا**

**پێیەکی ترت ناوەتە مزگەوتێکی سەر دەردەنیل،**

**بە چاوێکیش تەماشای شەقامە زیرەکەکانی شاران دەکەیت.**

**دڵت ترپەترپ لێ دەدات.**

**ئەرێ هیچ سۆراغێ دەربارەی ئەمن دەزانن ؟**

**ئەمن هەموو ئێوارەیێ، دەگەڕێمەوە بەر دەرگای ئاسمان.**

**قژم شانە دەکەم وەک قەرەجەکانی دەم ئاو،**

**بە ناو لەپ روخسارم دەشۆم،**

**بە پەنجە بۆنی رەنگ دەکەم،**

**کە پایز و کۆچ دەلوورێنن، دێمەوە بەر سێبەری تۆ.**

**دەمەو عەسرانی، نمامی لەززەتم لەدەشتی تەنهایی چاند،**

**وشە ئاوی دەدا،**

**بارانێکی غەریبیش دەیشواتەوە.**

**عەسرانەکانم بە دەزووڵەیەکی ئاوین گرێ دا،**

**ئەستێرە پێکەنی،**

**دەنکە هەناری مزر شاگەشکە بوون،**

**بیرە قووڵەکەی ناو حەوشەمان پڕ فریشتە و رۆشنایی بوون.**

**سوێند بەعەسران و شەوان،**

**ئەگەر هات و بە تەنیشت بەهارا تێپەریم،**

**بۆ خالۆزایەک، بەرێز بنووشتێمەوە،**

**خاڵەکانی سەر پشتی بژمێرم.**

**سوێندم بە عەسر و تاریکی**

**ئەگەر هات و بەتەنیشت شینایی دا تێپەڕیم،**

**کاغەزی سپی هیچ لێ نەنووسراوی بدەمێ،**

**بەهێزی دڵ کۆلارەبە ئاسمانا گڕ بدا.**

**سوێندم بەعەسر و تاریکی،**

**ئەگەر هات و شەوم تووش هات، ماچی بکەم.**

**هیچ سۆراغێکتان ئەرێ دەربارەی من چنگ کەوت ؟**

**لا پەرەیەکی سپی وەک گەردنی خودا،**

**پیتێ چییە لام گیر نابێت،**

**توانای دەستەمۆکردنی پیتێکم نییە.**

**ئەدی ئەمن چۆن شیعرم پێ دەنووسرێ؟**

بوزەنسۆن/فەرەنسا ١٩٩١

هەواڵنامەی کتێب

# وێردی با و لەناوچوون

تێنینی : پیتی واو بە بێدەنگی دەخوێنرێتەوە ،ئەگەریش کرا لاسایی با ی پێ بکرێت.

**بەکزی**

**وو وو وو وو وو وو وو**

**سپێتی  داگیرمان  دەکات**

**وو  وو وو  وو وو  وو  وو**

**هەوریش نزمە : رۆحی زەمینە**

**وو  وو  وو  وو  وو  وو وو**

**با**

**لەچکی خودایە**

**گەڵاداری لێ دەوەرێ**

**وو  وو  وو وو وو وو وو وو**

**بۆ   کوێ  دەچیت ؟**

**وو  وو وو وو وو وو وو ووو**

**تەمەن   دەتـــــــــــــخوات**

هەواڵنامەی کتێب

**وو وو وو وو وو وو وو وو**

**بەتەنها، بەتەنها، بەتەنها، بەتەنها**

**ووووووووووووووووووووووو**

هەواڵنامەی کتێب

# کات و نەزانین ١

**شیعر ئا ئەم جیهانەیە کەتیایا دەژین، بەڵام نایبینین. رەنگبێ جیهان شیعرێک بێت نەنووسرێتەوە.**

**پێشکەشە بەو پیرەژنەی، لە کۆڕەوەکەدا، بە پێخواسی هەنگاوی دەنا و هەنسکی دەدا و قوڕ و چڵپاوی مێژووی دەشێلا، هەروەک سەرداری بێدەنگیی.**

**١**

**چوارگۆشەیەک لەگەڵت دا گەورە دەبێت ؛ سنووری نێوان تۆ و خۆی دیاری دەکات. کەمجار بیر لەبێهەستی ئەو دەکەیتەوە. ماددەیەکی لووس و بریقەدارە. پەیوەندی تۆ لەگەڵ ئەو دا، پەیوەندی خۆت و خۆتە. گەر بچیتە دیداری خۆت، دەچیتە دیداری ئەو.**

**پەنجەرەیە؟ نەخێر. ناڕوانێتە دەرەوە، بەڵکو دەڕوانێتە ژوورەوە. هەر دە پەنجەت بلکێنە قەدی و تەماشای کە. چەند رچەیەکی کات روخسارت دەخوات، دەیکرۆژێ، دەیمژێ، چرجولۆچی دەکات. زیاتر بڕوانەو بڕو، بڕۆ تا دەگەیتە مەنگییەکی بێمانا. بەڵام کات**

**دەڕوا و دەڕوا، گوێ نە بە تۆ نە بە مەنگیی دەدا.**

**نامانەوێ هەندە بەرەو رووی خۆمان بینەوە. نامانەوێ دەرەوەی خۆمان ببینین، چونکە هەستێکی قووڵ بە تێپەڕبوونی ژیان دەکەین.**
**چەند سەختەو کارەساتێکی مەزنە، ژیان بە بەردەمت دا تێپەڕێت!**
**ئەی تۆ چیت ؟ لە دەرەوەی یا لە ژوورەوەی؟**

**برۆ پێش ئەو دەلاقە چوارگۆشەیەو سەیری شەقامی دوور بکە. بزانە تۆ لەکوێی ژیان دای. بە پەنجە دەماری شاخوێنبەری گەورەت بگرەو بزانە هەست بە لێدان و ترپەی دەماری خوێن دەکەی؟**
**ژیان هیچ نییە. لەخەو هەڵسەو گوێ بۆ تریفەی "خولەک" رادێرە:**
**تەک.........تەک...تەک**
**ئا ئەمەیە ژیان! لەپشت ئەم "تەکانە" هیچ نییە، ئەوەی هەبێت دروستکراوە.**
**ت.....ە.....ک : سێ دەنگن.**

## ٢

ویستم مانایەکی تر بدەمە دەنگی "ت".

ویستم مانایەکی تر بدەمە دەنگی "ە".

ویستم مانایەکی تر بدەمە دەنگی "ک".

## ٣

نەزانین : فەرامۆشکردنی هەموو زانینێکە. قووڵبوونەوەیە بۆ نێو نهێنییە تاریکەکانی جەستە. شیعری زیندوو، لە ئۆقیانووسی لەیادچووی جەستەدا وەکو بورکانێک دێت و دەگەڕێتەوە. چڕبوونەوەی هەموو ساتە وەستاو و بزێوەکانی مرۆڤە.

ئارەزوو : ئارەزووی ئەویتر. توانەوە لەویتردا، تا رادەیەک لەش نوقمی نێو دوو "تەک" دەبێت.

خەون بە ئازادییەکی راستەقینە کە سنووری سیاسەت و جوگرافیای زەمین تەی دەکات.

## ٤

کتێب لە سەر کتێب، لە تەنیشت کتێب. رەف لە سەر رەف، لە تەنیشت رەف، لە خوارەوە رەفی تر، لە سەرەوە رەفی تر، بەرامبەر..پشتەوە...رەفە و رەفە تا ئەو پەڕی دونیا.

وشەکان مردوون، هەموو رەشپۆشن، لە هەندێ شوێن دڵۆپە مەرەکەبی قرمزی لە سەر جەستەیان مەیون. کاغەزی زەرد و بۆر، بۆنی کۆنیی و تاریکیی مێژووی ئێمەی لێ دێت. دەڵێی دەرژێیتە ژێر زەمینێکی قووڵەوە. باران رم لە دەست بەرامبەر بە بێدەنگی جیهان راوەستاون. دەڵێی دەرژێیتە ژێر زەمینێکی تاریکەوە. لەوێ گوێ لە برینی یادچووی منداڵێکی ساوا رادەهێڵی کە ناویان لەسەر هیچ لاپەڕەیەک نەنووسیوە. دەرژێیتە ژێر زەمینێکی تاریک و قووڵ و بێماناوە، وەکو کەشتیوانێ، نە با هاوڕێیەتی نە باران. چارۆگە وەکو کراسێکی دڕوای بەر پاشایەکی بێ پێ، تاکو مردنیش نەیزانی بۆتە پاشا، دەلەرێتەوە.

رەف جێدەهێڵی، دوو رەف جێدەهێڵی، سێ رەف جێدەهێڵی.

پەنجەرەیەک کراوەتەوە، پەردەیەکی سپی بە بایەکی نەشمیل خۆی فێرە سەما دەکات ؛ بۆنی سەرداب و ژێرزەمینی نەزانین دەپشکنێ.

سەر دەبەیتە نێو رستە رەشەکانی زانیاری مرۆڤەوە.

چ دەبینی؟

پیرەژنێکی سەدساڵە، تۆپەڵە مێزەرێکی خامەکی لەسەر ناوە. دوو بسکی نارنجی بە پەرۆشەوە لە کەسکایی رادەمێنن. کراسێک تا ئاودامان، باس لە کۆڵەگەی ئاسمان دەکات.

لەدووی ناوی دەگەڕێیت، ناو نەنووسراوە.

چۆن لە نەزانین بگەین! چۆن ڕەنگی کراسی تا ئاودامان شیتەڵ بکەین؟

دەڕۆم لەوێ دەژیم. لەژێر ئەو زەمینە تاریک و تنووکانە. لەوێ لە تەنیشت شێ و بۆنی ڕمی ژەنگن و زرینگانەوەی قەڵغانی دارین و غارغارێنی ئەسپی بێ زین و بەزینی زین و غارغارێنی کات.

لەوێ، چاوەڕوانی هاتنی کەسێ دەکەم، هەندێ هێما و هەندێ زانیاری دەربارەی نەزانینم بداتێ :

بۆچی لە نێو ڕستە ڕەش و خواروخێچەکان باسی گالێسکەیەکی تێکشکاو نەکراوە؟

بۆچی لە نێو وێرگوڵ و خاڵە پڕشوبڵاوەکان باسی سڵاوی ژنێ نەکراوە کە دەستی بۆ دەسکی پەنجەرەیەک برد و شەوی هێنا.

بۆچی لە جەنگە هورد و درشتەکان باسی ڕەقییەتی ئاسن بۆ ئاو نەکراوە؟

دەڕۆم، لەوێ دەژیم. لە وڵاتی وڵاتان. سڵاو لە تاریکی دەکەم کە سەوزی خۆی دەکاتە زمان و چەپکێ گوڵ دەکاتە وەڵام.

دەرۆم. لەوێ دەژیم. لە هەڵاتنی وڵاتان، گوێ بۆ نووزانەوەی خامۆشکراوی ئاگر هەڵدەخەم.

**دەڕۆم، لەوێ دەژیم. لە ناو جەرگی بێمانایی.**

**بەڵکو خۆڵ بێتە زمان، بە ئاسپایی پێم بڵێ :**

**" تۆی رۆحی رەوان".**

**دەڕۆم، بەڵکو شەو ناسیمییەوە.**

**تەنها ئەوە هەموو شتێ دەخاتە زەرفە چرچولۆچەکانی خۆیەوە.**

**تەنها منم بە پێپلیکانەکانی نەزانینەوە دێمە خوارێ...**

**رووتوقووت و بێ موحیبەت.**

بوزەنسۆن/فەرەنسا
١٩٩٢/١٢/١١

هەواڵنامەی کتێب

# کات و نەزانین ٢

**شاڵاو لە کەندڕی نەزانینەوە، بە باوەش باڵندەی تەڕ و سپی بەرەو**

**رووومان دەهێنێ.**

**ئێمەی هەژار و رووتوقووت و بێ کزەبا، خۆ لەبەر هەتاوی تاریکیی**

**هێشک دەکەینەوە.**

**هەندێ جار لەخۆ دەپرسین، دەبێ خاوەنی سەری خۆمان بین!**

**لەتەنیشت گاشەبەردە بێ هەتاوەکان، قارچکە سەگانە سەگانە زمان**

**درێژ دەکەن.**

**شاڵاو چنگ لە تاریکی گیر دەکات و دەربارەی ئاوازی دەریا،**

**رێبازی نوێ**

**دەکاتە نیشانە.**

**نە شیعر فریای ئاسمانێکی بێ سەدا دەکەوێت، نە وشەی زانایەکی**

نووستووی سەر فەرشی وشە.

زەمین لەژێر چنگمان وەکو کەفی بێمانا هێشک دەبێتەوە.

زەمەن وەکو خەونێکی ئاویین، تاریکی مارەدەکات.

هەموو چراکانمان لە دەور خۆ کۆ کردەوە،

ئینجا زارۆکێکی بچکۆلانە، هەر وەکو شیرینی

گوندێکی قەراغ شیعرێ، دەیگۆ : "کوانێ بۆ داسی مانگ

لە ناو تەپ و تۆزدایە"؟

هاژە، رەنگی خۆی لە بێدەنگیی مرۆڤی ئەم سەردەمە بە قەرز

وەردەگرێت،

کە جارِی خۆی لێ دەدا، ماسییە سەوزەکانی دەریا، لە ئەستێرە

دەگەرێن،

گوڵە ژاکاوەکانی نێوان لاپەرِە بۆرەکانی حوجرەکانیش دەژاکێن و

دەلاقەیەکیش نادۆزنەوە

بۆ ئەوەی سەری خەون و سەری کەون بشکێنن.

دەڵێن: " زەمین بۆتە گۆڕستانی شیعرو وشەش

عەبایەکی رەش دەکاتە بەر

بە دەوری کێڵی خۆی دا دەخولێتەوە."

ئەمنیش لەسەر گاشەبەردێکی دڕ، لە ناوەندی ئەم گۆرستانە ساردەدا، سەرم دەخەمەسەر رانی مانگێکی بوراوەوە،
بە دەستێکیش خۆڵی نامووراد دەخەوێنم.

هیچم پێ نەما،
رووتوقووت و بێ موحیبەت.
نازانم خەوتووم یان هۆشیارم، قسان دەکەم یان بێدەنگم،
دەنووسم یا دەخوێنمەوە.
ئا لەم گۆڕستانە ساردەدا، بەرد و چەو و خۆڵی ناموراد دەلاوێنمەوە؛
شالاویش
کەندڕان جێدەهێڵن و دەدەنە شەققەی باڵ.
کەس نازانێ ئەمە تاریکییە ئاسمانی
داگیرکرد یا باڵندەی وشەن ؟

وڵات دەگەرێنمەوە فەرهەنگەکەم و بە تەنها دادەنیشم، کزومەلوول،

بەدیار زەرفە چرچولۆچەکانی ژیانەوە.
لەنێو کتێبخانەکەم، کتێبێ دەکەمەوە، پیتەکانی دەفڕن؛
لاپەڕە دوای لاپەڕە وەک داهاتووی دەریا

هەوالنامەی کتێب

**سپی هەڵدەگەڕێن.**

**شیعرەکۆنەکان هەڵدەوەرن،**

**تەنها مۆسیقایەکی نارنجی دەمێنێتەوە، سووک و ئاسان و سەوز:**

**گۆرانین بۆ زانین و نەزانین**

**سەمان بۆ لەش و سەوا**

**چیرۆکن بۆ ئەڤین و نەمان**

**بۆ مەرگ و ژیان**

هەواڵنامەی کتێب

شـاعیرێکیان لـەلاپـەرەی حـەفتـا و سـێی دیوانـەکـەی ئەمەی نووسیبوو ::

**سەمەنکات و سەرابات و شیفەنی کاس**

**هەرەن تەڕ بوو، زەرەن بەر بو هەرامات**

**چنین چەو بوو کەمار و سیوەن عارات**

**حەتەت یاسە و کەمەن باسە و سەرابات**

**دەریاش خەونی بە منەوە دەبینی، بۆیە کە هەڵسام، سەرتاپام لە کەسکاییەکی رەش هەڵکێشرابوو،**

**حـوجرەکـەم بـە فانۆزێکـەوە جێهێـشت، چوومـە قـەراغ رووبـارە**

**کاڵەکەی ناو قەدی شار[10] ، مەنگ و بێڕەنگ و خەوتوو، سەرمابردەڵەی بێ ناخ و بێ ئاخ. بایەک هەر لە باڵندە دەچوو، کەمۆکەیەک دەیلەراندەوە،**
**درەختەکانی قەراغ لێوی، شێدار و بێزار، لە گوڵە کۆنەکانی مێژوو دەچوون،**
**چڵ و پۆپ بێدەسەڵات، یەک لەدوای یەک لە سەربازی دوای جەنگ دەچوون.**

**بەناو لەپ شەوم نووساندە قەدیان**
**بە روومەت وشەم چزاندە قەدیان**
**سەر بەتاڵە و دڵ بەتاڵەو لەش بەتاڵ**
**کەی دەنگی شیعرێکی نوێ دەگاتە ماڵ؟**

هەواڵنامەی کتێب

**ئیتر پێویست ناکات ئێمەمانان قەڵەم بگرینە دەست وکاغەزی سپی بە شیعری رەش رەش کەینەوە ؛ سروشت بەرانێکە چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە.**
**سرووشت لاپەرەیەکی بەرینە، بەرد پیتن، چەو وێرگوڵ و خاڵ، خۆڵیش مەرەکەب،**

[10] رەنگە ئاماژە بێت بۆ رووباری "دوو" کە بە ناوشاری بوزەنسۆن دا تێدەپەڕێ. **وەک داهاتووی دەریا**

**چیا پەڕەگراف، ئاسمان بەرگی نەخشینی کتێب.**

**ئێمەش بە تەنیشت ژیانا تێدەپەڕین، سەر بەتاڵەو دڵ بەتاڵەو لەش بەتاڵ.**

**کەینێ ئاوازی شیعرێکی نوێ دەگاتە...**

بوزەنسۆن/فەرەنسا
١٩٩٢/١٢/١٨

هەواڵنامەی کتێب

# بێ ناونیشان

**چی بڵێم ؟**

**شەو چمکی خۆی دەداتە دەست؛**

**ئەم گەڵارێزانەش سەرەتای سەرەتایە!**

**چیی بڵێم،**

**شەو دامانی خۆی بەرڵا دەکات،**

**ئێمەش هوردە ئەستێرەی برسی،**

**دەنووک لەتەڕایی دەدەین.**

**خۆ تورڕ دەدەینە ژێر ئەم فەوزایە، ئەم فەزایە،**

**بەڵکو**

**خەزان بمانووسێتەوە.**

**چی بڵێم ؟**

**لە قەراغ ئەم سارایە،**

هەواڵنامەی کتێب

**شەو پەراوێزی یەزدانە.**

**لە شانشینە خاپوورەکانەوە،**

**دەروانێتە باڵای شەکاوەی ئاو.**

**چی بڵێم ؟**

**چی بڵێم ؟**

**جارێکی دیش**

**کڕنوش بۆ خەون دەبەین،**

**بە پێخواسی**

**نەفرەتی شەیتانیش لە دوومانەوە.**

**ئەم دەرگا ئاسنینە دەکەینەوە:**

**ئاو پاشایەکی بێ سنوورە،**

**تاجی هەڵمی بوونە،**

**درەختە پەریزادەکانیش،**

**شیعر لق و پۆپ، وشەش نەغمەی باڵندە کاغەزییەکانە.**

**تەمەن وەکو زڕەی زەمەن شی بۆتەوە.**

**لە دوورەوەش چرووسکەی گڕێ،**

**نوزەی با،**

هەواڵنامەی کتێب

چەند ئاژەڵێکی ئەفسانەیی،
بە چرنووک کراسی ئاسمان دەدڕن،
بە شاباڵە تیژەکانیان،
بۆشایی قووت دەدەن،

ئا لەوێ،
گرمەی پیت و شەمشەمەکوێرەی دڵ،
باران دەکەنە نەخشەی سڕینەوە.
ئا لەوێ،
لە پشت دەرگا ئاسنینەکانەوە:
قاقای پێکەنین،
شەرابی رژاو،
کەرتە نانی پیرۆز،
تێکەڵوپێکەڵ
هیشکایی دەکەنە نەخشەی سڕینەوە.

چی بڵێم ؟
کـــــەی بـــــەرینـــــەئـــــەم فـــــەزایـــــە؟
کەی بەرینە ئەم فەوزایە؟

هەواڵنامەی کتێب

**با بگەڕێینەوە،**

**با بگەڕێینەوە،**

**دەست بۆ چمکی شینایی ئاسمان درێژ کەین و**

**خانووچکە بۆ رۆح،**

**پەیژە بۆ دڵ،**

**بۆ زەمینێکی بەیاریش رەنگی کاغەز و باڵای ئێمەش پیتی زیندوو.**

**با بگەرێنەوە.**

**تەمەن پێشکەش بە ئاو و**

**بۆ سارای بەرینیش جریوە.**

بوزەنسۆن/فەرەنسا
١٩٩٤/٢/٢٠

هەوالنامەی کتێب

# سەکۆی ئەبەدییەت

تریقانەوەی تەرم لەسەر سەکۆی ئەبەدییەتدا چەشنی دەمەشێرێ بۆ شینایی بەرد و گەورەیی ئاسمان خۆی دەداتە دەست و پەردەی پاکیزەیی خۆی لەدەست دەدات. دەبێتەمشت و مرِ لە نێو بەگزادەکانی قەبیلە پەرت و بڵاوەکانی ئەم دیو و ئەو دیو گردە نزمەکەی کە لە پشت مێژووەوە نەفرەتی ئەجندە و دەستی موبارەکی پیرەکانی بە سەر دا هێنراوە. مشت و مرِ زیاد دەکات، حەسیرە درێژەکان لە ژێر پێی شەیتانە باڵا بەرزەکان رادەکێشرێن و لەپشت خانووە نزمەکان ئاڵای کەسک و رەش بەرز دەکرێنەوە:

رەش بۆ رۆژی رووناک، کەسکیش بۆ ئەوەی گەردنی مردووان لە بێدەسەڵاتی ئازاد بێت. مردووەکان جارێکی دیش مردن و
ئەوانەی کە هێشتا بە زیندووی ماونەتەوە، دەمامکی ئەوان هەڵدەگرن و رێبازی سەختی خۆیانیانی پێ دەشارنەوە ؛
تاکو دەگەنە سەر کارێزە دەم بە هەنسکەکان و لەوێندەرێ لەسەر

چینچک دادەنیشن و دەوارەکانیان هەڵدەدەن و بەڵای قەبیلە بەرز دەکەنەوە دەبێتەوە مشت ومڕ.

ئەمە مێژووی ئەم قەرەجانەیە کە ڕۆژێکی تاریک، لەسەر سەکۆی هەورە تەڵخەکانەوە نێررانە سەر زەوی؛ هەر ئەوانیش بوون سەریان لە فرزەندەکانی ئادەمیش شێواند و تاڵە خوێنیان کردە گوڵاڵە سورەی دەم مێرگە نارنجیەکان.

قەتارەیان بەست و چاوە حەلواییەکانیان هەمیشە سەیری رابردوویەکی دەکرد، نزمتر بوو لە خانۆچکەکانیان، رابردووش گاشەبەردێکی هەندە زل بوو، غلۆر دەبووەوە نێو دۆڵە هەزاربەهەزارەکان و لەشکری غەریبەکانیش ئاودیوی سنوورە سوورەکان دەبوون.

دەهۆڵەکانیان لە ڕۆژە تاریکە ناهەموارەکان دەردەهێنا، ژنە هێسک سووکەکانیان دەستنیشان دەکرد و ئەو ژنە بچکۆلانەیان دەخستە سەر پشتی ئەسپە کێویەکان و شەوانی تووشی زستانیان دوو هەندەی تر درێژ دەکرد و چەشنی داستانە لەبننەهاتووەکانیان تووشی گێرانەوە دەبوون.

سیحرباز و جادووکەر بوون. لەپشت خانووەنزمەکانیان، ئاوێنەی گەورەیان هەڵدەواسی و بەو شەوگارە پیرەژنە چاو بە سوورمەکانیان بە دیار مووررووی مۆر و داهاتوویەکی نادیارەوە رادەمان، باسی جەنگە لە بنەهاتووەکانیان بۆ دەکردن ؛ جەنگی دۆڕاو کەڵەکەی دەبەست و بەقەد باڵای رۆژگارێکی جووتیارانە بەرز دەبوونەوە و خوێنی لێ دەتکا.

شاعیرەکانیان، قەسیدەکانیان بە بەنی کڵاشە پەرۆییەکانیان دەهۆنیەوە، خوێنی زینیان دەکردە قافیە و خۆشیان دەبوونە سوارچاکی ئەو جەنگە یەک یەکانە؛ عەسرانی بەهارانیش حەوشی مزگەوتەکانیان جێدەهیشت و بە ناو مێرگ و دەشتاییە قاوەییەکان دا پیاسەیان دەکرد و خەونیان بە چینە ئاسمانەکانەوە دەبینی و سروشت برووسکە ئاسا دادەبەزێ و کەشکۆڵە پەڕە زەردەکانیان پڕ
لە بەرەکەتیی پیا هەڵدان و خەونی زڕی شۆڕشە نۆییەکان. دڵی ئەو شاعیرانە فانۆزێکی شکاو بوو، دەزووڵە بایەک تیشکی کورت دەکردەوە و شەمەکان لە دوورەوە خەونەکانیان شیتەڵ دەکرد و دەیانزانی دونیا گەورەیە و پەیڤیش بچووک. مردووەکان جارێکی دیش مردنەوە. چەک لەدەستەکان، چەک لەشانەکان، ئەوانەی

خزمی چەک و خزمەتکاری چەکن، بەو رۆژگارە لە پاڵ دیوارە گڵەکان دادەنیشتن و هوبەلە ئاسنینەکانیان چەور دەکرد و فرمێسکی هەتاویش زەردی هەڵدەگەڕاند، مینا پارچە زێری زەوی.

تریقانەوەی تەرم لەسەر سەکۆی ئەبەدییەت دا رژایەوە.
لەشکر هات و لەشکر چوو. مێژووش لەخەو هەڵسا و بە دۆڵە پڕ لە فریشتەکانا غاری دەدا، شەیتانێکی بێ نسیب، خەمیان دەخوارد کە نزا و دوعاکانیان ناگەنە بۆنی هەرمێ، نابنە تەمی رێگا، نابنە خەمی سەر دڵی بێچووە ئەهریمەنەکان. لەشکرەکان کە دەگەرانەوە، تریقەیان ئاوێنەی شکاو، مێژوو باڵی خۆی دەتەکاند و لە حەوزی شەهوەت دا خۆی دەشۆرد و ئەوانیش دەچوونە  سەر سەکۆکان و سەیری شەفەقی دوریان دەکرد.

سەرکردە مەزنەکانیان تەنها هەر قولانجێ لە دیوارە نزمەکان بەرزتر بوون ؛ لەقووڵایی رۆحیی تەڕیان، بڕوایان بەو دیوارە کورتەبنانە نە دەکرد.
هەتاو هەڵدەهات، هەتاو ئاوا دەبوو،
ئەمەش ببووە ئەفسانە مەزنەکەی قەبیلە سەرچڵەکەی کە درەختی

**عومریان خەزانێکی ئەبەدی بوو.**

**غەریب و دەسکورتی حەوشەی خۆیان بوون.**

**بە بەزەییەوە تەرمەکانیان ریز دەکرد خەمی نوێژیان بەسەردا دەباراند. پەڕەسێلکە باڵ نەخشینەکان لە هەوارە دوورەکانەوە دەهاتن و جوزوعەمەیان لەبەر بوو. دەیانوت : 'بەڵکو خوێنی گەشی ئەم مردووانە لە قەراغ ئەم سەکۆیانە بینەبنچکەروەکی موحیببەت."**

**بەڵام ئەفسوون!**

**مردووەکانیان بۆ دوا جار بە ئاوی سازگاری بێهودەیی بسمیل کرد. مردووەکان مەلۆتکە بوون، خاوێن، پێستە سپییەکانیان زەمەنی بریقدار بوو، بۆنی میسکی لێوە دەهات : بۆنی مەرگ.**

**دەیان پیرەژنی تەمەن فرمێسکاوی، سەرئەنجامی ژیانیان، گلۆڵەیەک تەڕایی، لەدەوری سەکۆی بەردین کۆ بوونەوە، ئالای ڕەشیان بەرزکردەوەو شەیپوورە شەیپوور.**

**جارێکی تریش، شاعیرەکانیان کۆبوونەوە، بە زمانێکی پاراوتر.**



هەوالنامەی کتێب

فرمێسکەکانیان دەهۆنیەوە و زەنگیانەی ئاڵیان پێوەهەڵدەواسی، دەیانوت : "ئەمە بەشێکە لە زمانی زەمەنمان". قەسیدەکانیان بە دەور سەکۆکان هەڵدەواسی، کاتێ رێبوارن بە تەنیشت هۆبەکانا تێدەپەرین، کرنۆشیان دەبرد ؛ کڕنۆشی بێ سنوور، کرنووشێ بوو بۆ مەرگ.

بەڵام مردوان جارێکی دی ناژینەوە. خۆشیانیان دەوێ، چونکە ژیانیان ئاسۆییە، چونکەنوستوون، چونکە
ژیرن، چونکە رەخنە لە ژیان ناگرن.
دوو شتیان خۆش دەوێ : هوبەلە ئاسنینەکان و مردووان.
دوو شت ئەوان ناناسن : مردووەکان و هوبەلەکان.

سەکۆش تا دێت پڕ دەبێ لە ئاهوناڵەی بێدەسەڵاتیی،
تریقەی تەرم بۆ
کەشکەڵانی فەلەک بەرز دەبێتەوە.

*   *   *

**ئا ئێستا وشەیەکمان دەویٚ، شێوەی ئاو و فراوانی با**

**ببێتە تەمەنی،**

**بێتە زمان لە نێو رۆحی بەردینی سەکۆوە،**

**ژیانی بەردی هەبێت هۆشیاری خۆڵ، بێدەنگیی مەرگ بنووسێتەوە،**

**لاڵانەوەی هەتاو،**

**سەرکردەی تەمەنی خۆی بێت،**

**هەڵگری توانا.**

**ئا ئێستا وشەیەکمان دەوێت**

**شێوەی تەم، فراوانی زەمەن،**

**گلۆڵەی تاریکیمان بۆ راڤەکات،**

**بمانهێنێتە ئاستی سەکۆ.**

**ئەسرینی هەتاو ئاڵای بێت،**

**سنووری بێدەسەڵاتیشمان چرۆ.**

**مەرگ گۆرانی بێت!**

هەواڵنامەی کتێب

**ئا ئێستا تەنها وشەیەکمان دەوێت،**

**شەم رەگەزی مێینە، گەڵای داریش پەرچەم،**

**لە لارێ دەم کانەوە،**

**بۆ رێبواری بێ سەردەم.**

بزەنسۆن :فەرەنسا
1994/2/26

هەواڵنامەی کتێب

# سروشت و من و وشە

ئارەزووی ئەوەم هەیە کە ژنەکانم،
یەکێکیان لە  قەراغ شارەکانی قورتوبەدا کەزی بداتە دەم با و
چاوەڕوانی کۆترە دەنووک ئاڵەکان بکات کە چۆن سپێتی خۆیان
تێکەڵ بە ئێوارە دەکەن،
کاتێ دەگەڕێنەوە کونی دیوارەکانیان.

یەکێکی تریان گۆزە خاڵخاڵەکان پڕ بکات لە شەونم،
موسیقای گەرمی لێوەبتکێت، کاتێ بە بن درەختە ئیستواییەکان
ڕاوی خەون دەکات و سەیری قەترانی دەریا.
ئەوەی تریان بەرامبەر بە شنەی
دەریا ناوەڕاست، دەست بۆ پاپۆرە ژەنگەکانی پەناهەندەکان
ڕادەوەشێنێ، لە نێوان ڕەفز و باوەش پێدا کردن دا،
لە نێو تەمی بەیانیان دا ون دەبێت.
ئارەزووی ئەوەش دەکەم، کەژنەکانم، شەوان بەبێ گوێدانە دەنگی
پێی سەرما، بەفر لەژێر جزمەکاندا بشێلن و
لەگەڵ کلۆ بەفری شەوان، ماڵ بەجێبهێڵن و

سبەینانی زۆر زوو  بە بۆنی شەراب و ئاوی جۆ

بگەڕێنەوە باخەڵی ڕایەخە ساردە و سڕەکانیان و منیش تەنها هەر خەونێکی بەردین بم.

ئارەزووی ئەوەشم هەیە کە کەزی ژنەکانم جوانتر بن

لە پەلکی شیعر و وشە لە بیرچووەکان بلکێتە قەدیان

وەکو کازیوەی دەم هەڵوەریو.

سوخمە سوورمەدار و کەوا سەوزە،

پاوانەکانیش وەک گەڵای خەزانێکی درەنگ

زرەیان بێت.

ئارەزووی ئەوەم هەیە، ژنە لەشولار پەمییەکانم، دەنگیان بە ئاوی گوڵاو بشۆن،

مەمکە ترنجەکانیان بدەنە بەر هەتاو تا پێبگەن شەمامەی ئەم کێشوەرە.

عەسرانی درەنگ، پایزێکی قەڵەرەش، جەنگەلێکی بێ گەڵا، جەنگێکی کوشندە، ماندوو، شەکەت، بگەڕێمەوە باخەڵیان،

باسی داستانە لە

بننەهاتووەکانیان بۆ بکەم،

باسی ڕمەکان بکەم

چۆن توولی زەردی ئاسمانیان شەق دەکرد و خوێن فیچقەی

هەواڵنامەی کتێب

دەکرد و لە

قەبرغەی خەونەوە چوڕەی دەهات ئازادی!

چۆن ئەسپە لاسارەکان باڵیان لێ دەڕواو هەوریان دەکردە

عەردی غارغارێن!

چۆن شمشێر و رم دەبوونە خاچ،

راست و چەپ فیچقەی دەکرد خوێن!

چۆن ئەو بەیارە دەبووە تەختەی دامە و پێشمەرگە هەرزەکارەکانیش

داشی

بەرداشی دوای ئاش بوون!

چۆن لەسەر سنوورەکان، بەنی مێژوو

لە پێی ئاژەڵەکان گیر دەبوون!

چۆن چەتەکان دەبوونە پاڵەوان!

چۆن داستان دەنووسرایەوە!

ئارەزووی ئەوەم هەیە،

شەوان پێش نووستن، لە سەر خانووەکان دا، باسی رەنگی پەریووی

ئەستێرە بۆ مانگ بکەم،

بە دەزوویەکی نهێنی سروشتی لێکترازاو پێکەوە بلکێنم ؛ هاوار

بکەم :

هەواڵنامەی کتێب

**ئەی ژنە خۆشەویستەکانم!**

**ماڵئاوا.**

**لەم سەرەتایەوە بۆ ئەم سەرەتایە،**

**لەم لەشکرە گەوجەوە بۆ ئەو لەشکرە،**

**بە پێشما تێدەپەرن، زەوقم دەشێوێنن، قەستەقولی رۆژگار بە سەر شۆستەکانا**

**جێەهێڵن.**

**شەڕی دۆڕاو، مرۆڤی گۆڕاو.**

**سەرمامە دایە ئەم باهۆزە کۆتای نایەت!**

**کەی جارێکی دی ئەم شەوە دەبێتەوە دوو چاوە رەشەکانی کۆترەکانی**

**قورتووبە؟**

**کەی منیش دەگەڕێمەوە نێو کووچە راستەقینەکانی خەونەوە.**

**جارێکی دیش بەیداغە ئاوییەکان**

**کەسکیی لێ بتکێ و لە تەنیشت رەشماڵەکەم دا**

**بیچەقێنم، خۆم فێرەگۆرانی بکەم ؟**

**ئاواز وشەی ئاوە، مۆسیقا شینیەکی بەڕەڵایە.**

هەواڵنامەی کتێب

دەگەڕێمەوە نێو مەنگیی ئەو زەمەنەی کە لە ئاسمانەوە بە سەرمانا بە

یەکسانی

دابەش دەبێت.

منی پێپەتی، کراس خەتخەت، دڕاو، قژ گڤ، چاو خورمایی، دەست

بۆ

ڕەنگی بە جێماوی مامزە کێوییەکان درێژ دەکەم

کاتێ بە غاردان دوای پەپوولە

کێوییەکان دەکەون ؛ دەگەڕێمەوە نێو حیکایەتەکانم.

لەبەردەم کوانووی ژیان دا،

خۆ لە زوقمی کتێب دەتارێنم، تاکو مردن سەیری قووتیی کڵاوی

پەپوولە

سلێمانی دەکەم.

سەیری هەتیویی ئاسمان دەکەم.

دەست لە بەردە سەرەتاییەکان دەدەم.

گیای ساڵی ڕابردوو دەکرۆژم.

بۆنی بەفری ساڵاتی بەجێماو دەکەم.

دەست بۆ دووکەڵی بووراوە درێژ دەکەم،

بە هێما ڕەوانەی ژێر عەرشی ئەستێرەکانی دەکەم،

دەپرسم بۆچی وەکو مانا دەجریوێنەوە؟

هەواڵمەی کتێب

مانگی رۆح زەردیش باوکی لاساری هەموویانە،

خۆ بۆ جەنگێکی دۆڕاو درێژ دەکات،

تا دەبێتە ئەبرۆی کەوانێکی ژەنگن ؛

تا هێز هەیە تاکە کڵاشی دڕاوی تێدەگرم.

باپیرەم دەداتە پڕمەی گریان،

لەوە دەترسێ کە فێری سیحر بووبێتم،

لەوە دەترسێ دەست تێکەڵی شینیی بکەم.

لەوە دەترسێ کە لە رەنگی دەنگ و

لەمەنگیی زەنگ و

لەجمەی جەنگ

رابێنم.

هەواڵنامەی کتێب

باپیرەم، دەست بۆ ریشە سپییە ئاوریشمینەکەی درێژ دەکات،

پێغەمبەرانە دەروانێتە سروشت،

بەدەنگێکی هێمن، هێمن تر لە نەبوون، دەڵێت:

'کوڕم هەڵسەبگەڕێوەلای ژنەکانت".

ئاوا دەبم،

وەکو جۆگەلە دەم هارەکەی بەردەم دەوار،

بە فیڕۆ بەرەو دۆڵەکان خوڕەم دێت،

**بەرد دەکەمە دۆشەک،**

**قوڕاو بە هێلانە،**

**لە لێڵی خۆم دەپرسم،**

**لە روونی خۆم دەخۆمەوە.**

**کاتێکیش دەگەمەوە لای ژنەکانم،**

**پانتاییەکی سوێراوم.**

**ئەوانیش بە دەسەسڕی دڕاوەوە**

**دوا پێشەوازیم لێ دەکەن.**

**لەبەندەری "باری"[11] دێمەوە ئاگا**

**لەقەراغ " قەزوێنی" دەریادا،**

**لە فڕوفێڵ و بەدبەختی و ئاوارەیی دەپرسم،**

**لەقەراغ دەریای "لێمان[12]" دا**

**ئاوارەیی خۆم دەناسمەوە،**

**یەکەم هەژانی رۆحم تووش دەبێت.**

**لە"بەرسەلۆنە" رۆحی داهێزراوم دەدەمە بەر کزەبا،**

**کازێوەی غەریبیی دەرگای لێ دەکاتەوە.**

**لە"نۆرماندی[13]" لەبەر بای باکوور رادەچەڵەکێم.**

هەواڵنامەی کتێب

---

[11]بەندەرێکە لە باشووری ئیتالیا.

[12]دەریاچە بەناوبانگەکەی شاری ژنێڤە.

که دەگەڕێمەوە بوومەتە پانتاییەکی سوێراو ؛
ئەوانیش بە دەسەسڕی سوواوە،
تەمی چڕ دەبووڕێننەوە.

دەگەمەوە،
ناگەمەوە،
دێمەوە،
نایەمەوە.

ئەم بارانەش کۆتای نایە.
ئەم سەدایە وجوودی منە.
ئەم سەرابی ڕۆحی منە.
بوومەتە قەرەج واتە پاشا.
بەڵام تیغی زەمەن لەسەر ملمە.
بوومەتە قەرەج واتە سوڵتان،
زیندانی وڵاتانم،
بوومەتە قەرەج واتە شاعیر،
بەڵام بێ زمانم.

---

[13] ناوچەیەکە کەوتوتە باکووری رۆژئاوای فەرەنسا.

هەواڵنامەی کتێب

– تۆ وڵاتمی تۆ.

– نەخێر من جەستەیەکی شەهوانیم.

– تۆ وڵاتمی تۆ.

– نەخێر من سێبەری خەونێکم.

– تۆ وڵاتمی تۆ؛

– نەخێر من تۆم.

ئارەزوومەندم،

ئەم دوا چیرۆکە بۆ ژنەکانم بگێڕمەوە ؛

بەڵکو بمگەڕێننەوە سەر هۆشی خۆم ؛

بەڵکو دەستی میهرەبانیان بە سەر ڕۆحی ڕاکاوم دا بهێنم ؛

بەڵکو پشیلە هاروهاجەکانی پەروازەیی گیانم هێور کەنەوە ؛

بتا هەندە بەرەو دۆزەخە لەبننەهاتووەکان پەلکێشم نەکەن.

باپیرەش کۆچی دوایی کرد و

کتێبەکانیش فڕێ درانە تەنوورەوە.

باپیرەش کۆچی دوایی کرد و وشەکان توانەوە.

باپیرەش کۆچی دوایی کرد و کەواو سەڵتە بوونە سیپاڵ.

باپیرەش کۆچی دوایی کرد و کەوشەکانی فڕێ درانە بەر دەم

**توولەسەگەوە.**

**باپیرەش کۆچی دوایی کرد و منیش لاڵم.**

**ئەمە چییە لە نێوان من و سروشت دایە؟**

**بەم ئەسکەمبیلانە چ دەڵێن ؟**

**ئەم ریشۆڵانە چۆن دەبنە هێما ؟**

**ئەم پێنووسە لە بنەڕەت دا بۆچی دروست کراوە؟**

**ئێمەش هوردەماسی برسی،**

**دەنووک بۆ هێشکایی درێژ دەکەین،**

**دەم واز و دڵ واز و پەرواز**

**ماچی هەوا دەکەین.**

هەواڵنامەی کتێب

بوزەنسۆن/فەرەنسا
١٩٩٤/١٢/٢

# rama

لەشی شەو فراوانی خۆی بە دەوروبەرا بەرەڵا دەکا

سێبەری چارۆگەیەک تەپۆلکەی رۆشن تەڵخ دەکا

ئەمە سەرەتایەک بوو، عەودالّی سەرەتا بوو. رۆشناییەک بوو رەگی لە پاشماوەی پرسیارە تێکچڕژاوەکان دەئالاند.

خەونێک بوو، مرۆڤی تێر ئاوی سازگاری دەنگ دەکرد.

ئێمەش هێشتا پێیەکانمان نامۆی زەمەن، زمانی خاکیان نەدەزانی ؛ هەر هەندەی دەنگیّ ڕەنگمان دەدایەوە، هەندێکمان بە سوار، هەندێکمان بە غار، هەندێکمان وەکو خشۆکە میهرەبانەکان خۆڵیان لە جەستە مارە دەکرد و غوباریان دەلکاندە رۆحمان.

تریقە وەک تریفە بەیاریان دەکردە چراخان. سروودی

هەواڵنامەی کتێب

**سروودەکان[14]،**

**روەکی نامۆ،**

**لێواری حەوزیان بە پێخواسیی جێدەهێشت ؛ بۆن و بەرامەی رەنگ**

**چوراچێوە بێچێوەکانی رەونەق دەکرد.**

**پێغەمبەرە موو نەرمەکانیش، تووکەحەرامەی لا مل و لاجانگ، هەتاو**

**ئاڵی**

**کردبوون.**

**دەست راوەشاو، سوێندیان بە لاپەڕە هەڵوەریوەکانی ئێوارە**

**دەخوارد.**

**ئەستێرە تا دەهات بە ئاسمانەکانا رۆ دەچوو،**

**تا دەهات ئارەزوو قووڵ،**

**تا دەهاتیش لەش شەهوەتاوی، دیمەن پڕ خودا.**

**تۆ چەشنی تاڵە میهرەبانیەکی بێسەدەی ئەم سەدە قرچۆکەی،**

**لە نێو کاغەزە**

**گەچراوەکانی دەست کوێرێ ؛**

**لە کۆنە دیواری مزگەوتان دەشاردرایتەوە.**

**دەزانرا، سوورەتی قورعانی یا پەلکە کەزیی هۆنراوە،**

**قەسیدەی یا نووشتەی**

هەواڵنامەی کتێب

---

[14] بەشێکە لە عەهدی کۆن. شیعرێکە بۆ پیاهەڵدانی خۆشەویست هۆنراوەتەوە. رەمزی خۆشەویستی خودایە لە ئاینی جوولەکە و مەسیحی ؛ لە ساڵی 450 پ-ز دارێژراوە.

زەمانێکی بێزمان.

تۆ سەدای سەدەیەکی تەپیو بووی،

رۆحی ئاوت دەسازاند.

بە سەر تەپۆلکە غەمبارەکانا دەبورایتەوە؛

دەستی باڵندە سپییەکانت دەگرت بۆ ئەوەی ئەگەر هات و باهۆز هەڵیکرد،

پەنایەک هەبێت بۆ کوێرەوەری،

بۆ ئەوەی کاتێ لە نێو بەرداشی ئاسن و پۆلا،

بینایمان هەڵدەگەچرێ، دەست بۆ شۆستە خوێرییەکان بەرین،

رایەخێ بۆ خەون و

جوێنێ بۆ نیشتمان.

تۆ باوەڕمان لەلا بەتین دەکەی.

خودامان تیا زیندوو دەکەیتەوە، بە سەر مافووری ئەم کاغەزە لاڵانەدا، بەپێی پەتی، رووتوقووت، قەڵەم وەکو پەشتەماڵ نیوەی لەشمان دادەپۆشێ،

نیوەکەی تریشمان بۆ تۆ.

لە شەقی دیوارەکانا،

بۆنی میسک و عارەقی هەزارە کوێرەکان

دەبونە دەنکە تەزبێحی دەستی لاڵێ،

هەواڵنامەی کتێب

کاتێ دەستەکەی تری بۆ ریشە زبرەکەی دەبرد.

رکاتەکان شی دەبوونەوە،

هەڵم ئاسا بەقەد شووشەی لالەکانا دەلکان؛

تۆش لەنێو گرێی حەسیرەکانا بە دەستی ئەنقەست ماچی گڕی گوڵت دەکرد و لەناو ئارەزووی نووستن و خەوبینین دا دەستت بۆ پەڵکەرێحانەی رۆحی ژاکاومان دەبرد.

سۆفییە هەرزەکارەکانیش،

خۆیان لە زمانی کەشکۆڵەکان دەشاردەوە، بەپەنجە باسی تۆیان دەکرد کە بەرەو تەپۆلکە هەنگاوی غوباریت هەڵدەنا، تراوێلکە بوون، نەدەگەیشتنە هیچ شوێنێ.

سۆفییە خوێن گەرمەکان،

وەکو قومری سەربالێیان شین،

قەتارەیان دەبەست، تیترواسک

بۆ تیشکی هەتیوی ئێوارە دەچەمانەوە.

ئەوانیش قەسیدەکانیان گڕ دەدا و

سەمبۆلیان دادەگیرساند؛

لە دەرەوەش هەر لە لۆکسی غەم دەچوون. مانگی چواردە چواردە جار دەمی بۆ بیرە هێشکەکان دەبرد و وەکو کێڵ لە گۆرستانەکانا

کتێبخانەی کوردی

ڕەق دەبوونەوە.

ئەی خودای مەزن،

بۆچی بە تەنها،

دور لە ماڵان، بە ڕووتوقووتی بەرە و تەپۆڵکە نزمەکان

هەنگاوی شەکەتت دەلاوێنیتەوە و تەنها حیکایەتی تەپوتۆزی قەسیدە،

غوباری میحنەت بۆ دەشتاییەکان دەگێڕیتەوە؟

پێیە وردیلەکانت لەحەسییرەکان ختم دەبن.

هێـشووە پاسـاری دەبێتـە وشـەی لـە گۆچـوو، دەبێتـە پـەلـەوەرە نەخشینەکان، دەبێتە شیعرە لە بیرچووەکانی من.

تۆ بووی ئەوت هێنایەوە یادمان، لەزیکری ئەودا

ئەم دیوارانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ

نزمتر دەبنەوە،

لەنێو بارانی بێوچانی ئەم کێشوەرە،

پەناهەندەیی ئەم دونیایە،

دێتە بەرگوێمان نێرگزی دووریی و ئاوازی ئاژەڵە میهرەبانەکان

کەلە دەوری کەساسیمان کۆ دەبوونەوە سروودەکان.

دەگرمە کۆڵ ئاوێنەی ئەم حەژمتییە

تا دەردەکەوێ ڕوەکی بەفر و زوقمی گوڵاڵە،

**تا دەردەکەوێ لە نێو حەوزی ئاخیرەت**

**میهرەبانیی مەرگ،**

**تا دەردەکەوێ لە شەفەقی جەهەننەم،**

**سەردەمێ بۆ لەش،**

**ئاوازی زەمەن خوڕەی بێت جوێبار و جوێبار.**

**جارێکی دیش سەر هەڵدەگرم، لەش هەڵدەگرم،**

**تابووتی بێوەفای خۆم دەنێرمە**

**نێو دەشتاییەکی مەنگ و وەستاو،**

**بەڵکو مێرووولەی رۆژگار قەتارە ببەستن**

**تا دەگەنە تەپۆڵکەی عەدەم.**

بوزەنسۆن/فەرەنسا
١٩٩٥/٣/٢٠

کەوانەی کتێب

# ناونیشان

هەواڵنامەی کتێب

**تۆ چیت**

**بەردی، داری، یا هاژەی رۆحێکی برینداری ؟**

**تۆ چیت**

**وەکو سیپاڵێکی شێداری**

**نێوە گەمەی ڕەوەند و**

**پاپەندی تەم سنووری ئەفسانەی سەردەمە؟**

**ئەوا**

**لەقووڵایی یاداشتێکی هێشکەوە بوودا**

**فراوانترین گۆڕت بۆ هەڵدەکەنم،**

هەر چەشنی خەونەکانت

بۆ ئەوەی بۆ برینێکی بێدەنگمەودا ون بیت.

تۆ چیت

خاکی، یا گەرد و غوباری

قەسیدە نیوەچڵەکانی مێژووی،

وا دەشەکێیتەوە لە سەر تەلاری من؟

یا چەند ئاوازی وشەیەکی لە گۆچوو،

پیتی سەر و ژێری حوجرەکان

سێبەرە تەنکەکانی پاڵ هەتاوێکی لە خۆچوو ؟

لە شەوەوە سەرهەڵدەدەی : مانای ئاو نازانی

لە شەوەوە گۆنای خۆت دەڕنی، باڵای ئاو سارانە،

بۆ شەو لەرچەی ناوەختاندا : شەو لە پێت دەئاڵۆزکێ.

باشوور بەیداغەو

ڕۆژهەڵات چرنووکە لە بیناقاقات،

ڕۆژئاوا ئاسمانتەو کۆدیتای پێغەمبەرانەت بۆ زیندوو دەکاتەوە،

تۆش :

قاقا قاقا قاقا

باکوور تەمەنی کورتی هەڵاڵەتە: بەهار رێگاکانی لێ ون بووە.

**قاقا  قاقا قاقا**

**لەدەستی باڵای کاتەوە بۆ دەستی باڵای کات،**

**لەنێو زرینگەی کاروانەوە،**

**دەهۆنمەوە بۆت وردە چەوی ناوەخت :**

**بەچی دەچێت ؟ دوێنێ خوا مرد و ئیمرۆش مرۆ[15] .**

**غەریبێکی ئەم سەردەمەم**

**ناچمە ژوانی مەرگ دایکم[16].**

**تۆش تەمەنی خۆت دەگۆڕێتەوە**

**بە درەختێکی هەنجیری هێشکەوە بووی ڕێگاکان**

**شاباش  شاباش  شاباش**

**ئای**

**چەند فراوانە ئەم گۆڕەی کە پڕە لە کەللەسەری**

**مێردەزەمەی زەمەن و ئەجندە باڵدارەکانی تەمەن.**

**ئێسقانی شەیتانەکان**

**بریسکەی دێ لەژێر مانگێکی بێغەمی ئاسمان،**

**سپی دەچێتەوە وەک بلوور.**

هەواڵنامەی کتێب

---

[15]ئاماژەن بۆ دوو رستەی نیچە و فۆکۆ، یەکەمیان دەڵێت 'خودا مرد' و دووەمیانیش " مرۆڤ مرد'،
[16]ئاماژەیە بۆ بەسەرهاتەکەی مارسێل، لە غەریب-ی کامۆ.

تۆش دەدەیتە قاقا، وەکو ئەهریمەن ڕادەچەڵەکێی،
نایەتەوە ئاگا

قاقا  قاقا قاقا

مردنت ناو دەنێی ژیان!
لە تاریکیی گۆزەی سەردەمە کۆنەکان
پڕ دەکەی لەگ ولاوێکی ژەهراوی و
دەیبەخشێتە سەر کاسەسەرە بێنەواکان.
لەسەر مێزی کڕنۆش بردن دا،
خاچێ بۆ تۆ، خاچێ بۆ من، بۆ ئەو خاچێ.

خاچ  خاچ  خاچ

بزمارت وشەی مردووەکانە و
تەختەت قەدی درەختە بێڕەگەکانە،
مەرگیش فریات ناکەوێ.
بەیداغت تاکو قووڵایی زاکیرەی تاریکیی
شۆڕ دەکەیتەوە؛

**مەرگیش فریات ناکەوێ،**

**مردن ناوتە، ناوت مەردنە.**

**ئەی نیشتمانە لە یاد چووەکەم.**

**لەتێکشکانەوە هەڵدەستیتەوە،**

**لەشەڕی نێو ئاغا کورتەبنەکانەوە**

**کورتان بۆ مێژووی بێزڕەی ئەم زەمەنە**

**جرجینە دەدرووی.**

**کاولەسوار[17]،**

**لە سەربانی نزمی شۆڕە سوارەکانتەوە،**

**وەکو مێرووویەکی ترازاوی نێو دەستی من،**

**دەترازێ و غل دەبێتەوە.**

هەواڵنامەی کتێب

**شاباش شاباش شاباش**

**زەردکێک بووی**

**خاکوخۆڵ و سونبولی ئەندێشەی هەژاری من بووی،**

**لەنێو مەرەکەب و کاغەزە هەڵگەچراوەکانی**

---

[17] گوندێکە لە ناوچەی شیخبزێنی. یەکەم وێنەی ئاوارەبوون بە نیسبەت منەوە. خۆمان دابووە دەستی قەدەر و دەمانویست لە زێ بپەڕینەوە بەرەو دەشتی دزێیاتی لە هاوینی شەستوسێ.

**شاقامی کارۆلین[18]،**

**شەرم تۆی هێنایە بوون،**

**منی هێنایە بوون.**

**ئێستاش هەردووک لە قەراغی نەبوونەوە،**

**بەرەو کەناری نەبوون،**

**دەمم هەڵدەچزێنمە سەر کێڵی ئاگرینیت،**

**ئاگرێکێ خامۆش و بێلەززەت.**

**تۆم هەروەکو گۆرستانێکی بێناو خۆش دەوێ :**

**گۆڕستانێک کە کێڵەکانی ناوی ئێمەی لەسەر نانووسرێ.**

**گۆڕستان شۆڕشمان پێ دەکات،**

**شۆڕشمان بە گۆڕستان کرد،**

**چونکە**

**زەمینمان زەمەنێکی هەڵوەریوە،**

**بالأمان،**

**دێتە سەری باشووکەی سەردەم،**

**ئاسنی ژەنگی ڕمە کوولەکانمان.**

هەوالنامەی کتێب

[18] وێنەیەکی دیی ئاوارەبوون. سەرەتائ هەشتا. شاری ژنیف، شەقامی کارۆلئن، بێشکەی 'زەردک' و شتی دیکە.

هەر مەرگت مەرگە

هەر دەنگت مەرگە          دێتەگوێم دەنگێکی پێویست

هەر زەنگت مەرگە

ئەم چمکە بێـوەفایـەش لـە کۆتایی عەوداڵییـەوە فریامان دەکـەوێ،

فریامان

ناکەوێ!

ئەی گۆڕستانی بێوەفای کێڵەکانمان،

بە خەتی بزماری

هەڵدەکوڵێن مانای شەوەزەنگ و

ئەم درەنگە وەختە.

کاتێ فریشتەی تەم دەفڕن بە سەریانا،

دەخوێننەوە، ڕەنگە بخوێننەوە!

ئاگری کوژانەوەو

بڵێسەی فەوتان.

ئەمن مەرگم خۆش دەوێ،

چونکە زیندوویی تۆیە.

ئەمن لاشەی بێڕۆحی تۆم دەوێ،

چونکە ئەمەکدارم.

هەواڵنامەی کتێب

ئەمن لاپەڕە زەردەکانی مێژووت ناخوێنمەوە،

چونکە دەسڕێتەوە مانای نەمان.

سەردار و سەربەست،

کاتێ زەنگوڵی سوارە دلاوەرەکان

ئاڵای ڕەشیان لەسەر تەپۆڵکەکانت،

وەکو قارچکە سەگانە دەچاند.

سەردار و سەرکەوت،

کاتێ ڕمی ژەنگنی وشە سوواوەکان،

لە ناخی گوێسەبانەی مزگەوتەکاندا،

بانگی هەقیان دادەبەست :

قەتارەیان دەبەست پەرەسێلکەی بێهوودەبی.

بە جەرگ و ئازاد، بە بە جەرگ و ئازا،

کاتێ،

بە لاشاو مرۆی بێڕوخسار،

بەرەو ئەشکەوتە داماوەکانت،

مێرووستان مێرووستان جوگەلەیان دەبەست.

ئەتۆ،

کێڵێکی مەزن و بەرزی

لە ناواختی ڕۆژهەڵاتەوە،
دەنگت ژەنگنییەکی تێرە.

پڕ بە چنگم لە خاکی ئەم غوربەتستانە هەڵدەگرم،
با کوێر بێتەوە دیدە و روخسار و جۆگەلەستانم.
پڕ بە چنگم
هەڵدەگرم،
تۆزو خۆڵی ژەهراوی ئەم رهەندستانە،
با کوێر بێتەوە،
ئەم ناوەختە،
ئەم سەرابستانە.

هەواڵنامەی کتێب

پڕ بەچنگم،
ئای بۆ پەنجە هەڵوەریوەکانم!
نادۆزمەوە،
سێبەر بۆ لەشم،
تەمەن بۆ گیانم،
ئاواز بۆ پەروازەییم.
ئەمن کوێرم، گەورەترین پیری

ئەم سێبەرە هەمیشەییانە.

لە پێڕیستی شیعرەکانمەوە،

هەڵدەوەرن،

گەڵای مەرگ و خەزانی گیانم.

بۆیە ڕۆحم،

لە مێژاییە،

کێڵی سپی بلوور ئاسای بەرز کردۆتەوە:

هەر چەشنی منارە بێسەداکانی ئەم کێشوەرە.

کێڵی سپی بەرزی کفنم،

دەشەکێتەوە لە بەر ئاوازی ئەم گەردوونە :

ئەم نەبوونە دەکاتە بەرگی ئاسن و تەوێڵم بەفرین.

لە نێو هەڵەتە سەختەکانەوە،

لە نێو شیوە بەفرینەکانەوە،

لە نێو کەستەکە دەشتەکییەکانەوە،

لە نێو کاراساتە بێ ئەژمارەکانی من :

هەواڵنامەی کتێب

هەڵدەقولێ ڕەگی بێمانای،

ئاو دەدات

سەرچاوەی ئەم گۆڕەفراوانە،

ماڵئاوا !

ماڵئاوا !

ماڵئاوا !

چەندێ فراوانە ئەم گۆڕەی من.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ئاقیقی زڕ

# و

# زستانێکی زۆر

هەوڵنامەی کتێب

## ا

**ئینجانەیەک نوقمی تاریکیی دەبێت و**

**هەورێکی دیش دەڕژێتە نێو یاڵی ئەم**

**سەر لەبەیانییەوە.**

ئیمرۆ دەبێتە دوێنێ و دوێنێش ترپەترپی پێی

زەمەنە، ئاودیوی تخووبی وشە دەبێت

مـەحاڵـە ئـەم زسـتانە گوڵـەکـان

هەڵوەرێن

مەحاڵە ئەم زستانەترێ پێبگا،

مەحاڵە ئەم جەڕانە، ئەم جەلحۆ

زێڕینانە درز بەرن و

ئەم ماڵەش چەشنی پشکۆ

شکۆفە بکات ئەم زستانە.

مەحاڵەهەڵلەرزینی بەرد بەرامبەر شەپۆلی

جریوە

هەڵلەرزینی هۆ بەرامبەر گرفتی

چرکە

هەڵلەرزینی کازیوە بەرامبەر چەپکە

وەنەوشە

هەڵلەرزینی گوڵەحاجیلە بەرامبەر

تورەیی خڕنووک.

هەواڵنامەی کتێب

**ئینجانەیەک لەسەر خۆ درز دەبات و**

**تاریکیەکی فێنک دەرژێنێتە نێو یاڵە**

**چڕەکانی کاتەوە**

**لەنێو تەپۆڵکەی غوبار،**

**بەیداغی بێ رەنگمان توند لە ناو دەست**

**دەستیش وەکو تراوێلکە دەرژانە حەوزی**

**خەونەوە.**

**رەنگارەکان تێلی کارەباکانیان جێ دەهێشت و**

**ئێمەیان لە زاکیرە دەسڕییەوە،**

**ئالاّکان چەشنی گڤەی با،**

**لاپەڕەی زەمینیان هەڵدەدایەوە و زەمین سارایەک**

**هەر وەک باخچەی خودا.**

**دەگەڕانەوە بارودۆخی هەوڵین شتەکان :**

**نەخشە دەرپۆقیو و گۆڕە سێکوچکەکەی**

**فیرعەون،**

**قەڵەنگەکەی موسا،**

**هێڵە برینداەکانی حەموورابی،**

**ئاسکە بزمارییەکانی ئالاسکۆ،**

**بێژۆنە خوریيە چڕەکانی دەشتايیەکان**

**کڵاوە خوریيەکەی نەمروود،**

**خەنجەرە دارینەی پیرەمێرد و هەندێ مامری**

**ئاوی دەدەنە شەقەی نارنج و**

**قەتارەيان دەبەست قازووقوڵینگ.**

**هەندێ زەڕافەی کاغەزین، ددانیان**

**لە باخچەکانی ئاسمان گیر دەکرد و**

**ئەستێرەيان دەخوارد.**

هەوالنامەی کتێب

**هەندێ تیشکی چەماوە**

**ئایەتی ئاوین دەکەونە ناو**

**گیرفانی سەتڵەکەی هەندێ نەنکم.**

**هەندێ خاچ و هەندێ بازنە،**

**هەندێ هێڵ و هەندێ هێما،**

**هەندی جووجەڵەی تەنیا، کاغەزی**

**سپیان داگیر دەکرد.**

ئەریٚ ئەوە ئیٚمە بۆین، دەچووینە بەردەم
مزگەوتان  و ئاگرمان بەگوڵ دەکردەوە،
هەڵمان دەدایە کاغەزی بۆر و هەڵدەفڕین
پەڕەسیٚلکەی عەدەم،
هەڵدەفڕین ئەوەی لە دەوری حەوز کرۆشکی
دابوو؟
هەڵاڵەی رۆح سپی، قەسیدە پەنجە باریکەکانی
گویٚسەوانە...
لە هەندیٚ لاوەش زرینگەی دەهات کورتانی
عەجەم،
ترپەی دەهات دڵی شەربە،
ئاخوڕی ئاخیرەت لە بەر کوانووی دۆژ،
قەستەقولی بەرەکەت بەرامبەر سەکۆی ویژدان،
تڕخیٚنەی پیرۆز بەرامبەر ترسی حەبەلوول،
تیترواسکی مەغریب بەرامبەر شەقی مانگ و
تەویٚلی پیٚغەمبەران.
لە ئاسۆی گەردوونیشەوە
مـەجرومـیٚ هـەڵـدەهـات و مـەجرومـیٚ
دەکوژایەوە.

**داسەکانمان لە قەبرغەی مێژوو دەچەقین،**

**هاژەی دەهات غەددارەکان،**

**داسەکانمان گوڵەگەنمیان بە غەریب دەزانی،**

**شەنەیان بە مرۆڤ**

**داسەکانمان ژەنگیان هەڵهێنا و عەقڵێشمان**

**کەڕو.**

**ئای ڕۆژهەڵاتی ڕۆژئاوا!**

**لەسەر چ تاشە بەردێک مێژووی عەدەمم**

**بخوێنمەوە؟**

**لە سەر لاپەڕە ئیشراقییەکان سەهرەوەردی ؟**

**یا لەسەر خاکی کاکی بە کاکی مەرەکەب ؟**

**ئەی عەدەمی تۆ لەکوێ**

**بخوێنمەوە؟**

**لە بەر سێبەرە کاڵەکەی سێدارەکەی هەلاج ؟**

**یا لە پێچی کەشیدەکانی حەججاج ؟**

**لە کوێ گومەزی بێهودەیی**

**خۆم ببینم ؟**

هەواڵنامەی کتێب

بێهودە دەمەوێ نوقم ببمە نێو دێڕەکانی

شیعرەوە،

خەونێکی کەستەکین قووتم دات.

خەوێک : هەراشتر بێت لە مەفهووم

گەورەتر لە تەڕیی

رەقتر لە هیوا

درێژ تر لە مانا

بێ مانا تر بێت لە هاودەمی

کورت تر لە تەمەنی هەڵاڵە.

دەمەوێ تەمەنی خۆم قووت دەم

بژاکێم وەک کاغەزی ئەم سەردەمە

بێمانا هەر چەشنێ رۆحی قەڵەم.

ئینجانەیەکە و نوقمی تاریکیی دەبێت

و بە کەس نالێ ماڵئاوا.

لە گەڵ خۆی

بیرەوەی من و

تەمێکی تر و

ئاو دیوی زایەڵە...

بە تەنها

هەواڵنامەی کتێب

**لەسەر ئەم شۆستەیە،**

**سەیری هەتاو دەکەم، دەخولێتەوە و ئاوا نابێت.**

**سەیری ئەستێرە  دەکەم چەشنی بەردێ دەکەوێتە**

**حەوزی بەردەوە،**

**سەیری شینی ئاسمان دەکەم، چاو هەڵدەگلۆفێ،**

**هەوریش مێزەری باپیرەمە،**

**درێژ تر لە هێڵی کاکێشان، روونتر لە**

**حەوزی ئاخیرەت :**

**لە**

**خەونە شینەکەی حەراوە، لە چیا**

**رەقوتەقەکەی نوورەوە بۆ ئەشکەوتی**

**غار و**

**تەونی کەون و ئاڵۆزیی عەقلی غوبار،**

**لە**

**زەمزەمی روونەوە بۆ مەتارە چاکەت**

**گونییەکەی زەردک،**

**لە**

**خەندەقی یەکەمەوە بۆ سەنگەرە**

**جەهەننەمییەکەی کەرکووک،**

هەواڵنامەی کتێب

**له**

**غارغارێنی بەدرەوە بۆ غارغارێنی**

**فەرهوودەکان،**

**له**

**تاقی خەسرەوەوە بۆ تاقە تاریکەکانی**

**تەقتەق،**

**له**

**شیرینیی کچە ئەرمەنییەوە بۆ ساڵانی**

**پانزە،**

**له**

**دوانزە سواری مەریوانەوە بۆ**

**هەیوانەکەی یارمجە،**

**له**

**هەندەسەی لاتەوە بۆ ئاسنە گەمژەکانی**

**هوبەل،**

**له**

**ئامۆژگارییەکانی عوززەوە بۆ**

**ئامۆژگارییەکانی خاچی سوور،**

**له**

هەواڵنامەی کتێب

**حەوشەکانی کەعبەوە بۆ خەرقەکانی**

**نەقەشبەند،**

**لە**

**سەکۆکانی رەیحانەوە بۆ رۆحەکانی**

**پەپوولە،**

**لە**

**قەبرەکەی  ئیبن عارەبییەوە بۆ**

**گۆڕستانی شێمحێدین،**

**لە**

**دەشتەکانی شارەزوورەوە بۆ پردەکانی**

**عەباسی،**

**لە**

**گۆڕەپانەکانی قورتوبەوە بۆ**

**حەوزەکانی تاجمەحەل،**

**لە**

**بۆراقی چاو خەواڵووەوە بۆ هۆما باڵ**

**نەرمەکان،**

**لە**

**بەردە ڕەشەکەی مەککەوە بۆ بەردە**

هەواڵنامەی کتێب

**سپییەکەی گەڕەشێخان،**

**لە**

**لەشکری ئەبرەهەوە بۆ لەشکرەکانی**

**پار و پێرار،**

**لە**

**سورمەی چاوە ڕەشەکانی قەسیدەوە بۆ**

**دەشتاییەکانی گۆڵدەرە،**

**لە**

**قەراتی ئەهریمەنەوە بۆ گۆڕە**

**کەسکەکەی دانیال پێغەمبەر،**

**لە**

**حەوزە دەم هیشکەکانی جاهیلییەوە**

**بەرەو جەهلی پێشەوا،**

**لە**

**کەوا شۆڕەکەی ئەبوو جەهلەوە بۆ**

**شەرواڵە فلّتەکەی مام ڕەجەب،**

**لە**

**چاوە سوورەکانی ئەبوو لەهەبەوە بۆ**

**چاوە جوانەکەی سەرۆک،**

هەواڵنامەی کتێب

**لە**

**گیرفانە فراوانەکەی وەرەقەوە بۆ**

**کەشکۆڵەکانی وەفایی،**

**لە**

**دەلینگە گوڵدارەکەی خەجیجەوە بۆ**

**چاوە شیرینەکانی قزلەر،**

**لە**

**دەسماڵە بۆنخۆشەکەی زلێخاوە بۆ**

**سوخمە مۆرەکەی وەلی،**

**لە**

**بیرەکەی برایمەوە بۆ بیرە پڕ بەردەکەی**

**عەلی بەیان،**

**لە**

**کەژاوەکانی ئەبوو لەهەبەوە بۆ**

**هەورەکانی خڕی خاسە،**

**لە**

**چاوە پڕ کلەکانی پێغەمبەرەوە بۆ**

**بەرگی مەسحەفی ڕەش،**

هەواڵنامەی کتێب

له

زوڵفە ئاڵۆزەکانی حەبیبەوە بۆ

پەتیارەکانی تەقسیم،

له

خاڵەکانی ست فاتیمەوە بۆ ژنە

ئاسمانییەکانی مەحوی،

له

خڵخاڵەکانی قەدەم خێرەوە بۆ بازنە

زیوینەکانی عادیلە،

له

پەندەکانی پیرەمێردەوە بۆ جوزوعەممە

بێرەنگەکانی پاسوانزادە،

له

حیکمەتەکانی بوداوە بۆ شووشە

بەتاڵەکانی تۆپەڵ حەسەن،

له

گوێچکەی خەلیجەوە بۆ تەڵبەندەکانی

خاپوور،

له

هەواڵنامەی کتێب

**سمبێڵ خەنەیی ئاغاکانی دزەییەوە بۆ**

**فریشتەکانی حەسار مەحەتە،**

**لە**

**شەوانی قەدەرەوە بۆ شەوانی قادرزەمە،**

**لە**

**هیجرەتەوە بۆ شەستوسێ،**

**لە**

**ئەشکەوەتی هەزار مێردەوە بۆ**

**کادانەکانی تۆپزاوە،**

**لە**

**چرای گەشی ئاهوراوە بۆ تاوسە پێ سپییەکانی**

**شەنگار**

**لە**

**کوانووەکانی زەردەشتەوە بۆ**

**حەمامەکانی سەردەشت،**

**لە**

**شەرابە تاڵەکەی ڕۆستەمەوە بۆ**

**گورزەکەی زاڵ،**

له

شمشێره دوو فاقەکەی عەلییەوە بۆ

دەمانچە تۆپڵییەکەی ئەرپە،

له

مازەندەرانی غەمەوە بۆ میترۆکانی

پاریس،

له

گەراجەکانی کەرەجەوە بۆ بێهودەیی

سەری ڕەش،

له

رووباری هەندۆسەوە بۆ دەریاچەی

ژنێڤ،

له

دەردەنیلی دەردەوە بۆ قەوزەکانی

رۆحم،

له

قیڕەقیڕی بۆقەکانی تەپەوە بۆ

قەلەڕەشەکانی،

GRANVELLE

هەوالنامەی کتێب

**له**

**منارەکانی بۆخاراوە بۆ بخوورەکانی**

**کریشنا.............................**

**چۆڕێ تەڕایین، مێزەری باپیرەم**

**وەکـــــو هـــــەڵـــــم جێـــــدەهـــــێڵن.**

**تەپ و تۆز هەڵدەکات،**

**گوناه تێکەڵ شیرینیی،**

**مۆسیقاش دەگەڕێتەوە زەریا.**

هەواڵنامەی کتێب

**تەمێکی مۆر،**

**بایەکی زۆر**

**هەڵدەستێ،**

**داهاتوو دەسڕێتەوە.**

**لەسەر شۆستەی ڕۆژئاوا، ئاوا دانیشتووم**

**دوور دەڕوانم، تیترواسکێ نییە،**

**نارنجێتی دەنگی،**

**گورزەتیشکی ڕەنگی،**

**ئاودیوی سەدا،**

**لەمەودوا**

**غوربەتی خۆرنشین و نەغمەیەکێ تر**

**بخوێنێتەوە.**

**منیش قەڵەمیکی تر دەگرمە شینیی ئاسمان،**

**هەندێ وشە تێکەڵ بێدەنگی،**

**هەندێکی تر تێکەڵ بە هێما.**

**بەڵکو لە دوورێیانی شەق بردوو،**

**لەسەر زاکیرەی ئاقیقێکی زڕ**

**هەندێ ناز و هەندێ نیاز بداتە رووی دەریا.**

فەرەنسا ١٩٩٧

هەواڵنامەی کتێب

II

لەو ساڵانەی کە هاتووچۆی لامانچام دەکرد
هاتووچۆی وڵاتێکم دەکرد سێبەری خەون و
خەونی باڵندەبوو، شەوان شوێن و کات
دەگەڕانەوەدۆخی هەوەڵین :

بەرز بوو شوێنی فڕین.
منیش بە ئاسپایی سووکی پەڕەمووچ،
سەردەکەوتم و شەوانم دەبینی. تیپی شانۆکان بە
جلوبەرگی سەدەکانی ناوەند، پیاوانی دادگا
کەوا درێژو مێزەر رەنگین، سورمەی مۆر و
سپی بەر چرا، تووشی چرووسکانەوەیەکی پووچ
دەهاتن. کتێبفرۆشی ئەوبەریش، بە ئینجازە،
لە نێو دێری چیرۆکەکان دەرهاتبوو تەڕ هەروەکو
یونس کەپرەکەشی چەشنی گەڵای کوولەکە
سێبەری بۆ رۆحی دەکرد ؛ هەر دەتوت وڵەیە.
موەهەریجەکانی شاریش هەندێکیان لە

هەواڵنامەی کتێب

**شاری "نیۆن"ەوە هاتبوون ؛ ئەمان بەرماوەی**

**مۆسیقا و ئەوانیش بەرماوەی زانست، دەم و**

**لغاویان سوور و قەپیان لە ئەستێرە و**

**کەسکایی دەگرت. کۆمەڵە مەلاکانیش**

**جوببەکانیان شۆڕ وەکو کلکی تاوەسێ لە تاو**

**فیکەی مێردمنداڵێ بێتەوە ناوخۆی، ئەویش لە**

**بەر تریفەی مانگ چرووسکەی دەهات مینا بێهوودەیی.**

**ئەوان بە هێمنی سوورەتی ئاویی**

**سەردەکەوتن، ئەمانیش وەک دێوەرە لە دەوری**

**مێزەدارینەکان، شەرابی ژوورایان**

**هەڵدەقوڕاند و قەپیان لە پەنیری ڕۆکۆفۆرت**

**دەدا.**

**منش بە ئاسپایی پەڕەمووچێ،**

**شەوم شیتەڵ دەکرد و هەستم دەکرد خزمی نالی-م**

**و دەچوومە سەربانی ماڵی مەحوی و سەیری**

**ناو حەوشەیانم دەکرد : ریزێ فریشتەی ژن،**

**ڕیزێ ئەجنەی سپی گۆرانیان بۆ ناسووتەکان**

**دەوت.**

**لەو ساڵانەی کە هاتووچۆی ئەم دەشتاییانەم**

دەکرد، لە لایەک پەروانەی ئاشەکان، لە لایەک
زاکیرەی پەنجەرە. لێرە دۆنکیشۆت و لەوێش
سانچۆکان. لیرە رم بە دەست بەرامبەر بە
دەسەڵاتی یەقین، لەوێش مێشک وەکو مەشکە،
عەقڵ وەکو تۆراغ دەتەرشێ.
پەڕەمووچێ بووم، تەنها، سەردەکەوتم،
قەرەسالم دەبینی و حەزم دەکرد مێشکم ببیتە
هەتاو.
ژنێک. لاپەڕ. دەستی بۆ گەمژەیی پیاوێک
درێژ دەکرد. پاش وردبوونەوە، ئەوەمان بۆ
دەرکەوت : تازە گەمژە ژنە هەرزەکارەکەی
لە دەستی هەژاریی رفاندبوو، تەڕاییەک بۆ
ژێر پژدێن و نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ
نیشتیمان. گەمژە، دوو گوللەی پیاوانی
راسیستی بەر کەوتبوو؛ یەکێکی لە نەخشی تەوێڵ و
ئەوی تریش لە گوێچکەی راستی دڵ. لە سەر
تەرمی خەوتووش بەڵگەنامەیەک : پیاوی
گەمژە ئاسیش پەرەوەر و گەمژەیی خۆی وەکو
رۆح دەپاراست.

منیش لە دەستی سیامەستێکی چاوشین

هەراسانم نەبوو،

خۆم لە ژێرزەمینە دوکەڵییەکان دەشاردەوە،

لە نێو ئۆتومبێلی راوەستاوی گەراجەکان.

ترسی مەرگ و شێت بوون دەهات.

ژنەکەم، هێمن. کەمێ پاسەوانە دڕەکانی

دەهێنایەوە سەر عەقڵ.

ئا لەو ڕۆژانەدا بوو نامەیەکم بۆ پاریس ناردبوو

سۆراغی گوندەکانی دەوروبەری " زەردک"م

دەکرد.

وەڵام نەبوو

لە ژێر لقە دارخورماکانی شاری

Manzanares

سەرم لە پۆستەخانە و دەچوومە کتێبخانەی

شارەوانی،

بیرم لەوە دەکردەوە کە جاران هەر چەشنی دێوانە

شەقامی کارۆلین–م تەی دەکرد،

لە میسقالێ هیوا و قافییەیەکی شەل دەگەڕام

بیدەمە شوو.

هەواڵنامەی کتێب

**هاوڕێ گەلحۆکانم**

**دەیانویست بمهێننەوە سەر هۆش. یەکێکیان**

**خواردنی ئیتالی بۆ چێ دەکردم ئەوی تریش**

**هەستی دەکرد "ئۆتێللۆیە"، دوای رچەی ئەوان**

**کەوتم و کەوتمە خوارەوە، لە حەلحەلەی**

**ئاسمانەوە بۆ سەر تێراسەکانی گەڕەکی کۆن.**

**کابرایەکی سویسری،**

**دوای ئەوەی هەلیکۆپتەرەکەی لە تێلی کارەبا**

**گیر بوو، بەسەلامەتی کەوتە تەنیشتی من.**

**سەری لەوە سوڕما کە کوردێکی من ئاسا هەندە**

**بەرز دەفڕێ.**

**بڕیاری دا، سەفەری داهاتووی لەگەڵ من بکا.**

**لە گەوەکانی " ئەلب"ە وە هەتا ترۆپکی**

Mont Blanc

**لەوێو، بە هیوا و حەزێکی زۆرەوە خۆمان**

**بۆ باوەشی بەتاڵیی فڕێ دا.**

**ئەو کەوتە تەنیشت مەیدانی**

LA Monnaie

**منیش لە ژێر دارزەیتوونەکان، بیرم لە**

بەرەکەتیی هەنجیر دەکردەوە.

ئەو کەوتە باوەشی باووباپیرانی
منیش کەوتمە باوەشی ئێرەوە.
لە پاشماوەکانی زاکیرەش ریزە
مەلایەک بەرێز سەردەکەون،
هەندێ شتیان لەمەڕ حیکمەتی وانەی
زارەکییەوە دەزانی.
ماوەک بوو گەرموگوڕی موهەریجەکانیش
کۆتایی هاتبوو،
لە پاریسیشەوە هیچ وەڵامێ.
لەو ساڵانەی هاتووچۆی "لا مانچا"م دکەرد،
بە هیوای ئەوە بووم بگەمە قورتویە؛
لە مزگەوتە-کاتێدرالەکە لە سەر ئەسکەمیلێکی
بەردین، لە ژێر دارپرتەقاڵەکان دانیشم.
لە دەوری حەوزە فێنکەکە کۆتری سپی و
بەرزتر لە ژێر سێبەری تاقەکانیش هیوای
شیعر.

هەواڵنامەی کتێب

ڕەنگی دیوارەکان. بەردە لووسەکانی ژێر پێ.
منارە بێدەنگەکەی ئاسمان. گەڵاپانەکانی
دارخورما. کووکوختییە بەفرینەکان. هێڵە
کووفییە سڕاوەکان و زەخرەفەکانیش ئاوێنەی
لەش. میحرابەکانیش هەر چەشنی بڕۆی
ژنە-خوداوەندەکەی مەحوی. لە هەرێمی خەیاڵەوە
"مەلا" باسی چی دەکرد؟ ئەویش ڕووتوقووت
و بەرماڵی مەی پیا ڕژاو. دەڵێ :" مزگەوت
چۆڵکەن، کەی نوێژی قیامەت قبووڵە"؟
کراسیکی توول ئاسا. چۆڕەی دەهات ئاو و
چروسکە.
هەندێ گوڵی یاسەمین، دەکەوتنە سەر زەمین و
هەڵدەفڕین. (بەم پێیە لە کۆڵانەکانی قورتووبە،
لە گەڕەکی جوولەکە ون نەدەبووین).
ژنێکی لەش پەمەیی، وەکو سێوێ، لە نێو
سێبەرەکانی میحرابەوە، گوڵێکی بۆ هەڵدایین و
خۆی ون بوو.
توریستەکانیش، بە کامێرای کانوونەوە
دەیانویست وێنەی " موتلەق" بگرن.

هەولێرگەی کتێب

ددانە گەچینەکانی یابانییەکان و گەمژەیی
فەرەنسییەکان لە دەرەوەی وڵات، لەو دیو
دیواری مزگەوتیش بۆنی باسترمە و سیری
برژاوی گوندییەکان، حەوشی " مێسگیتا"ی
دەهێنایەوە ئەم چەند ساڵەی پێش دوو هەزار.

ئەرێ لەو ساڵانە
لە چ دەگەڕام ؟
لە خۆم یا لە ئەو ؟
لە شوێن یا لەکات ؟
لە خەون یا لە هۆشیاریی؟
دەمویست مێشکم بیێتە هەتاو،
بەڵام شەوان بە هێمنی پەڕەموچێ بەرز
دەبوومەوە.
گۆڵدەرەو
قادرباغر : قوشقایە لە دوورەوەش عەنقا لە
ئاو لە دایک دەبوو.
سەلیمی هاوڕێم، بە پشتدەست چڵمی دەسڕی و
بە دزییەوە لە ژێر حوشترەلوکە سووتاوەکان،

هەوالنامەی کتێب

هێلانەی سوێسکەی بۆ چێ دەکردم.

بۆنی پووشوپەڵاش دەهات

بۆنی خاکوخۆڵ.

بایەک لە باشوورەوە

لە شیوەکانی شیوەسوورەوە

عەدەمی منی نەدەخوێندەوە؟

لەو ساڵانەی کە دەمویست بگەمە قورتووبە،

نە دەگەیشتمە هیچ شوێنێ.

لە ئوتێلی مەنسوور لامان دا،

لە سەرخانووەکەوە، رووبارە گەرمەکە و منارە

بێدەنگەکە و کۆترە فێنکەکانی قورتووبە.

لە چ دەگەڕام؟

لەو رۆژانەی کە سەیری خشتە سوورەکانی

کڵێسام دەکرد لە مەنثەنارێس

یا لە سەر تەپۆلکەکانی " ئەلمادێن"،

لە بەر سێبەری داربەڕووەکان

کە تازە گوڵیان گرتبوو ؟

بایەک لە باشوورەوە

واتە لە باکوورەوە.

هەواڵنامەی کتێب

بایەکی نەرم، لەشمی دەخوێندەوە.

بایەک بوو بۆنی خۆڵ و گژ و گیا

بۆنی ئاسمان.

لە ناوەندی بەنداو

دوو پەرەسێلکەی گەشبین،

دەنووکیان لە ئاو دەدا،

خەونی ئاسمانیان ئەزبەر دەکرد.

سروشت زیندوو،

هەناسەی هەتاوی لاری خۆرنشین.

نەمدەزانی لە چ دەگەڕێم،

بەو شەوانەی کە ئاسمان رەش بوو

مانگ چەند رۆژیک بوو کوژابووەوە،

ئەستێرەکان بە قەستی چەشنی باخچە

دادەگیرسان.

رێویەک بە خێرایی لە جادە دەپەڕییەوە.

کەلاکی پشیلەیەک.

لە قەراغ رێگاش مشکێکی هاج گەنمی

دەکرۆشت.

دوکەڵی تراکتورێکیش، گاسن عەرزی

هەڵدەدایەوە.

بۆنی کەستەک دەهات، شانشینی غوبار.

ئا لەو شەوانەدا بوو کە تەمەنی وشەیەک دەبووە

مێوانی مانگ و خەرمانەی دەدا گوڵاڵە.

دەزگیرانەکانی مێو لە پاڵ سێبەری گیا

تفتەکانی دریا ناوەراست، یەکێتی ئاو و

جوداوازییەکانی هەتاویان شیتەڵ دەکرد.

هامووشۆی منیش لە نێوان نۆتەی مۆسیقا و

غوباری دەشت، ئاوازێکی نوێی زیندوو

دەکردەوە، مرۆڤی دەنووشتانەوە ئاستی ناوک و

ئاسۆش رەگی درەختێ. هی قەڵەمتۆزە گەڵا

موبارەکەکان کە هیمنی دەدەنە کەپوو. پونگەو

کنگرە بێ دڕکەکانیش دەبوونە چێشتی ئێواران،

کە بۆنی دوکەڵ، تێکەڵاوی پەروانەی ئاشەکان.

بایەکی شین هەڵدەکات، شین هەر چەشنی بێدەنگی

ئا لەو شەوانەدا بوو :

پیاسەم دەکرد. بە پێی پەتی، پەنجەکانم رەنگی

خۆڵ و بۆنی خۆڵەتەپانی دەناسییەوە.

تەپ و تۆزێکی ناسکیش توێژێکی لە سەر کراسە

گوڵدارەکەم دروست دەکرد. ئا لەو شەوانەدا بوو،
بچووک بووبوومەوە چەشنی زەڕڕە خۆڵێک، پێم
نزیک و چاوانم هەندە سەیری گیاوگۆڵیان کردبوو،
باوکم هەستی دەکرد غەریبی چاوی
کوڕەکەی سەوز کردووە.
هەر چەشنی دەریاوانان، خۆیان دەدەنە دەستی
قەدەری زەریا، دوای ماسی و قرژاڵ و کەلەمار و
مارماسی و لە قەراغ کەناری لمین، لە هێلکەی
کیسەڵ و هێلکە شەیتانۆکەی نێو تەڕایی
دەکەون، دەریا مرۆڤی ئازاد چاوشین
دەکات!
ئا لەو شەوانەدا بوو:
هەندێ عاشق بووم، رابردوو داهاتوو بوو.
ئێستا زەمەن نەبوو، دەسکەوت بوو.
چی ئەم شتانەی کۆ دەکردەوە؟
دەڵێن رۆح زاکیرەیە،
دەڵێن عەقڵ تەمەنی غوبارە،
دەڵێن دڵ کولانەیەکە ،
جێی ئاسمانی تیا دەبێتەوە،

هەواڵنامەی کتێب

دەڵێن جەستە کانی لەززەتە،

دەڵێن تەمەن چەماوە و بەختیاریی ڕێکە،

دەڵێن بەختیاریش هەست کردنە بە ئێستا.

بۆچی وا لە خۆڕایی بەختیارم ؟

دواى ئەوەی برا رووتەکانم فڕییان دامە بیره

بنەکەی ناو حەوشەمان،

هەستم دەکرد یوسفم و دەستم ناگاتە بسکی

زولێخا،

هەستم دەکرد پەیامم پێیە و گوێگرێ نادۆزمەوە

بۆ وێنەکانم،

هەستم دەکرد لە دەست قەبیلەکەم هەڵاتووم و

نەهەنگێ نییە قووتم بدات،

هەستم دەکرد تووشی درەوشانەوە هاتووم و

رزگارم نابێت لەو شەوە ئەنگوستەچاوە.

ئەستێرەکان دەردەچن لە مەداری خۆیان

و پەسڵانە بۆ رۆحی من!

هەستم دەکرد، قامکەکانم چەشنی فلْچە دەتوانن



هەواڵنامەی کتێب

لایەکی دونیا  دەکەنە ئاسمان و لایەکەی تریش
گەمییەک بێت چیرۆکی کۆ-ڕەو بگێڕێتەوە،
هەستم دەکرد، هەستە چۆراوگەی فیکر.
هەستم دەکرد،
چۆلەکە سپییەکان بە سەر ریێبوارە بێ
ئامانجەکانا دەفڕن و لە ئۆردوگا بێ ئەژمارەکانا
بە تەنەکە ئاو بۆ خێوەتەکان و بە فڕتوفێڵێکی
 زۆریش ناویان لە لیستی سەفەرە
پیرۆزەکان دەنووسن. سەفەر دێتە دی و
 هەندێکیان لە"مەسیف سەنترالّ" و هەندیکیان
لە دەشتاییەکانی ئەتروش دبنە گەمەی دەستی
باهۆز.
لەو رۆژانەی کە دەستی"ستار"م گووشی،
هەستم دەکرد عاشقم. عاشقێکی تەنها وەکو
روەکێکی نامۆ، لە قەراغ شۆستەیەکی خوێری
بڕوێ، نە کەسێ ئاوڕێ، نە کەسێ نیگایەکی لێ
بکاتەوە.
هەستەکانی ئەو کات :
هەستی پەناهەندەیەکی شاعیر بوو.

ویستی کۆدێتایەک دەژ بە رژێمی فاشی بکات،

ویستی کۆدێتایەک دژ بە رژێمی خێزان،

ویستی کۆدێتایەک دژ بە رژێمی موعارەزە،

ویستی کۆدێتایەک دژ بەرژێمی پەناهەندێتی،

ویستی  کۆدێتایەک دژ بە رژیمی خود،

ویستی کۆدێتایەک بکات دژ بە مەفهومی

ویژدان،

داب و نەرێتی نەتەوایەتی و حیساباتی

هارییەتی،

فرتوفێڵی رۆشنبیریی و پیرۆزیی رەخنە لە

خۆ گرتن و هەتادوایی...

بەڵام نەیزانی!

موغامەرە هەرە گەورەکە گەلێ ئاسانترە.

ئێستا هاورێیەکانی بوزەنسۆن

سەریان لە موغامەرەکانی ئێستام سور دەمێنێ،

و خۆیان بۆ تاقی کردنەوەکان ئامادە دەکەن

بۆ ئەوەی ببنە مامۆستای مێژوو و فەلسەفە، ببنە

مامۆستای زبان و زمانەوانی.

هەواڵنامەی کتێب

**هەموو ساڵێ، هەموو بەهارێ، هەمان هەواڵ :**

**ئیمساڵیش کەس دەرنەچوو.**

**نەعلەت لە سیستەمی پەروەردە و نەعلەت لە**

**سیستەمی عەقڵ!**

**ئا لەو شەوانەدا بوو،**

**چل بەهار و چل پایز بە سەر تەمەنما**

**تیپەڕیبوون،**

**لە گەڵ زستانێکی زۆر،**

**زستانی باکووری دونیا،**

**زستانی عەقڵ،**

**زستانی مەملەکەتی ئابووری و زەکاتێکی**

**رێکوپێک،**

**بۆ دابین کردنی عەقڵی دێکارتی.**

**زستانی دەرگا و پەنجەرە،**

**زستانی دیوار و شۆستە،**

**زستانی جزمە و دەستکێش،**

**زستانی پانتۆڵ و پاڵتۆ،**

**زستانی ئاسمان و ئەستێرە،**

**زستانی مانگە شەختەییەکان،**

هەواڵنامەی کتێب

زستانی کێڵە هەتاو،

زستانی لەش و بیرکردنەوە،

زستانی پەیوەندی و پەیوەست و

دەست و بازوو،

زستانی تەمەن و زستانی هێڵ و ئارەزوو،

زستانی هاوتەریب و زستانی هاوکێشە،

زستانی کاغەز و شیعر و ئەندێشە،

زستانی هونەر و زستانی مەرەکەب،

زستانی پێچەوانە:

(بەکەرەمی ناتسز و رەن و هین ئاتسز)

زستانی ئەورووپا،

لەو شەوانەدا بوو،

خەونم بە باشوورەوە دەبینی و لە باشوور بووم،

لەکێشوەرەکەی خۆم،

رزگار ببووم لە دەست وەهمی شۆرش،

رزگار ببووم لە دەست کەلەپچەی نەتەوایەتی،

رزگار ببووم لە دەست فرتوفێڵی کۆدێتا و

نەخشەی تەسکی جەمەدانی،

رزگار ببووم لە دەست باکوور و زستانە

بێ ئەژمارەکانی.

ئازادانە رزگارم بوو لە پەیوەستی ئازادی،

رزگار ببووم لە دەست نووسین و وشەسازی،

رزگار ببووم چەشنی پەرەمووچێ، شەوان بە بێ

بڕیار بەرز دەبوومەوە.

ئێستا کابرای سویسری ئێرەییم پێدا دەبا،

کە هەندە کەشخە لە ناو شانەنشینی غوبارا بە بێ

ئامانج هەڵ دەکەم.

لەو ساڵانەی کە هاتووچۆی "لامانچا"م دەکرد

هاتووچۆی وڵاتێکم دەکرد سێبەری خەون و

خەونی باڵندە بوو. شەوان : کاتوشوێن

دەگەڕانەوە دۆخی هەوەڵین :

بەخۆمم دەوت : ئیتر شەوان، هەر هەموو شەوان خۆ بە

رەشیی تەڕ دەکەم. ماچی بەردە لووسەکان دەکەم، قشپلی

کە روێشکە کێوییەکان دەناسمەوە، شوێن پێی

کەڵە کێوییەکان دەناسمەوە وەکو پشتی دوو پەنجە : هی دۆشاو

مژەو ئەزنەرووتە ؛ ئیمزای خۆیان جێدەهێڵن.

گاشەبەردەکانیش، هەتاوی ئێوارە، سیبەرەکان هەندە درێژ دەکەن

بە زەحمەت کەو و سێبەر جودا دەکرێنەوە.

تۆڵەکە بە تۆپەڵ لە پشت کلێسا سەوز دەبن.
دەنکە زیخێ دەبووە چیرۆکی پێڵاوی.

پەراوێزی پەراوێز :

خەونێکی پێغەمبەرانە
کۆچێکی بێ گەڕانەوە بەئیبن عارەبی
دەکات، دوای سێبەری خۆی کەوتبوو.
لەناو چاوە گەشەکانی خدری زیندە، لە
بەژنە رێکەکەی کیژی نیزامی، لە دوو
خشتە زێڕینەکەی کەعبەدا دەبینی. پێش
ئەوەی دوا سڵاوی ماڵئاوایی لەم گەڕەک و
لەم دەشتاییە کاکی بە کاکییە بکات،
دەگریاو دەگریا "تەرجومانـــــــی
ئەشواقی" دەخوێندەوە. شێتی رۆژهەڵات
دڵی پڕ گڕ و چنگی پڕ تیشک کردبوو.
دوای جەنازەی "ئیبن روشد" و
دوای جەنازەی دڵی خۆی کەوتبوو.
خدری زیندە بانگی دەکرد، لە هەرێمی

**خەیاڵەوە دەستی گرت و بەرەو رۆژهەڵاتی**

**زیهن بردی. رۆژهەڵاتی وی، رۆژهەڵاتی**

**دڵ بوو نەک هی رۆژئاوا.**

**من، ئەو شەوانە لە رۆژهەڵات بووم،**

**لە سیحر و سێبەری چ دەگەڕام ؟**

**گریانم نەدەهات.**

**دڵم هێمن،**

**وەک دەریاچەیەکی نوستوو،**

**رۆحمیش سروشتیانە دەسووتا.**

هەواڵنامەی کتێب

**گەلێ شت کۆتایی هاتبوو :**

**شەڕە بێ بڕیارەکانی هۆز و**

**جوێنی سەر لاپەڕەی رۆژنامەی بێ دۆز و**

**پڕ هەڵەی  رێنووس ؛**

**قۆپچە ترازاوەکانی موڕادخانی.**

**زۆر شت کۆتایی هاتبوو :**

**پەناهەندەکان گەیشتنە مەقسەد،**

**نامەکانیش هەتا گەیشتن کاڵ بوونەوە.**

**منیش لەو ساڵانە، قەدەرێ بوو، نامەیەکم بۆ پاریس ناردبوو**

هەواڵی گوندەکانی دەوروبەری "زەردک"م دەپرسی،

عەیامێ بوو،

وەڵام نەبوو.

لەو ساڵانەی کە هامووشۆی "لا مانچا"م دەکرد، خەون

شتەکانی ئاشکرا دەکرد، منیش تەنها پەڕەمووچێ

شەوم بەبێ مەرەکەب دەنووسییەوە.

چ بوو شەو ؟

"گوڵستانی راز" یا تەماشا کردنی کچە قەرەج؟

سەر تا دامان رەش، قژ تاڤگەی سیا،

لەش لە نێو تراژیدیا،

تێدەپەڕی بە تەنیشت کڵێسا.

جوانی لێ هەڵدەوەری، هەڵمی مەرگ و سەوداسەری.

کچە قەرەج،

قژ بۆنی خەنە، لە بەر ئەستێرەی بەیانا، لە نێو وەنەوشەیی و

رەشی،

زمانی دەپژا.

جوانیی بوو، کێلی گۆڕستان،

بەهێما، بە خاڵ، بە هێلی تێکشکاو

تەمەنی خۆی ئاشکرا دەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

لە نێو ئاو و کەفی زەریا،

خوێناوی دەبەخشییە هیشکایی زەمین،

زەردەخەنەیەک بۆ ژیان.

بۆ کوێ دەچی کچە قەرەج،

پێیەکانت لە ناو هەڵمی خۆڵەتەپانی،

لەنێو بۆنی پونگەی جێماو،

زرینگانەوەی زەنگۆڵی کاروان.

بۆ کوێ دەڕۆی کچە قەرەج؟

تۆش لە نێو سترانی تەماوی،

لە نێو دڵۆپە ئاوی قەد گژو گیا،

لە نێو رەنگدانەوەی قژی ئایشەو فاتمە،

دەگەڕێتەوە ناو ئاواز!

شەویش چ بوو ؟

لەپاڵ گەمییەکان، سێبەری پیاوێ،

ڕیش سپی منیا ئاورێشم،

لەنێو سیپاڵێکی کەسکا،

مانگ بوو کەوتبووە ئاوەوە،

شەپۆل بوو دەیویست رزگاری بێت،

چارۆگە بوو دەلەرییەوە،

یا وێنەی شیعرێ،

مۆسیقا بوو لە دەست مەرگ هەڵاتبوو،

یا رازی کیژی رەوەند؛

ڕۆحی گەڵا دارێ بوو،

یا ڕەگیکی بێ خاک،

چەند دڵۆپە ئاوێکی پەناهەندە بوو.

**پەراوێز بۆ کاتی ونبوون**

ئەو ئێوارەیەی کە نم نم سەوزی تەڕ دەبووم،

بۆن و بەرامەی مەیلە و پیرۆزەیی،

تێکەڵ تیشکی خۆرنشین.

لەوێ : لەو پەڕی شار،

منیش : لەم پەڕی شار،

بە کۆڵانە تەڕەکانا،

وەجد پڕ لەش،

شیعرێکی نەزاویش پڕ دڵ.

وەجد و شیعر و زاکیرە،

کاتێ تێکەڵ دەبن،

هەواڵنامەی کتێب

گەروو هەنسک و

پەنجە نا شارەزا،

دەنگیکێش هاوار دەکا :

"تیاما خەڵق بە ئەی ونبوون،

ئەی تێکەڵ بوونی ئاراستەکان،

ئەی حەوزی عەدەم، وەکو خونچە ببوژێوە."

نم نم وشە،

تەڕی دەکرد قژم،

پێیەکانم شارەزا،

دوای تیشکی نارنجی عەدەم کەوتبوون،

گۆرستانی ئەمپێدۆکل.

نزیک بوومەوە و

دار سەرووەکانی ئەو بەر و گڕەکانی ئەم بەر.

شەویش چ بوو ؟

دەستی وەک تراوێلکە بۆ درێژ دەکردم :

بسکێ بوو، کەمەندی خۆی لە ئاوازی

بادە و  یاقووتا،

لە لەرانەوەی غەمی ئاقیقا،

چ ئافاتێکی بۆ دڵ دەنایەوە!

هەواڵنامەی کتێب

ماوە لە نێوانمانا نەدەما،

هەموو لە ناو عەدەما،

لەودیو وشە،

لەودیو هەست،

لەودیو لەش و جەستە،

لەودیو شتی بەرجەستە،

لەودیو ئاو و زەنگۆڵ،

لەودیو دەنگ و مەنزڵ،

لەودیو سەراب و تەم،

لەودیو دەریا و دەریاچە،

لەودیو خەمی باڵندە،

لەودیو سەوزیی گەڵا،

لەودیو ژمارە و پێوان،

لەودیو کتێبە زەردەکان،

لەودیو پیرۆزیی خودا،

لەودیو عەدەم،

دەستێ دەگیشت و نە دەگەیشت،

لەشم بەری دەکەوت و نە دەکەوت،

لە نێو ماوەو ناماوە،

هەواڵنامەی کتێب

له نێوان  گەمی و بەرزیی ئاو،
له نێو سێبەری چارۆگه و سەفەری بێ گەڕانەوە،
له نێو گاشه بەردەکانی کۆڕنیش و بەردە خڕەکانی
خڕی خاسه،
له نێو بنچکه گیا ڕەشەکان و چاوه سیاکانی کوڕکوڕ،
له نێو دەنگی هەناسەی ماسی و تۆری ڕاوچی،
لەنێو خەونی قرژاڵ و بورجی ئاسمان،
له نێو  ئەندێشەی  بۆق و زەنگۆڵەکانی حاجی لەقلەق،
له نێو ئاو و گەڵای نیلۆفەر، باخچەکەی ماڵی مۆنێ،
له نێو ئاو و ئەستێرەی مردوو و کچی کافرۆش و
(ش و گەلەگورگ )،
له نێو ئاو و جولەیەکی زیندوو و شیعریکی خۆم،
له نێو ئاو و ئاو و تەڕایی هەتاو
لەرانەوەیەکی غەمگین له دایکدەبوو.

جوولەیەک بوو،
ڕۆحی دەدا بەدەریا،
شێوه بەمرۆڤ،
ئاراستەکان خونچەیان دەکرد،

پەڕتووکخانەی کتێب

بەرزیی لە نزمیی جودا دەبوونەوە،

ئینجا شەو لە دایک دەبوو.

چ شەوێ ؟

تاڵەموویەک شەفەق و سپێدەی ڕاڤەدەکرد.

بەرز بوو شوێنی فڕین

ئا لەو شەوانەدا بوو، لە نێوان غەمگینی بنچکە گیایێ،

لە نێوان مێشکی قاڵی غوبار

لە نێوان پەرتوبڵاوی شت و

یەکگرتوویی زەڕڕە،

لە نێوان پەرشوبڵاوی کەون و

ڕێکوپێکی فرینی پەپوولە،

لە نێوان مەرگی سەدان ئەستێرە و کەشفی

گەردوونە نوێیەکان،

لە نێوان بچووکی هەتا هەتایی و لاستیکییەتی فەزا،

لە نێوان لاریی کات و لاریی شوێن،

لە نێوان بازنە تێکهەڵکێشەکان،

لە نێوان زەمەن و عەدەم،

لە نێوان ئازادی و ستەم،

هەواڵنامەی کتێب

**لە نێوان نەخشەو سورگی،**

**لە نێوان قەڵەم و کاغەز،**

**لە نێوان زاکیرە و فەرامۆشیی،**

**لە نێوان دەسەلاتی عەقڵ و مەملەکەتی دڵ،**

**لە نێوان نەخشەی جەستەو دەوروبەر،**

**لە نێوان کورتی مەودای ئێستا و دەسەڵاتی کات،**

**بیرم**

**دەکردەوە**

**دەبێ،**

**چ شیعرێ**

**لەدوای**

**"ئاقیقی زڕ"**

**بنوسرێ...**

ئیـــــسپانیا
١٩٩٨

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

# مانگ و هەڵپەڕین

پێشەکی :

**پێش ئەوەی  پەردە هەڵدرێتەوە، دیمەن**

**غەرقی بێدەنگییەکی تایبەتە : رەنگبێ بەو**

**بێدەنگییانە بچوێندرێ کەلە هیوای بەردێ**

**بەدی دەکرێ، یا پێمانی دەبەخشێ. ئەمەش**

**بۆ لێکدانەوە ناشێت. چونکە تەنها " ئێستا"**

**سەرداریی دەکا، ئەویش بە خێراییەک کە**

**تایبەتبە رەوتێ کە تەنها خۆی بزوێنەرێتی،**

**دەسەڵاتی  خۆی دەپارێزێ.**

**هەموومان بۆ ئەم مەبەستە هاتووین کە**

**بەشداریی ئەم ئاهەنگە بکەین، دەشزانین کە**

**لاساییەکی تەواوی هەموو بەرهەمێکی**

**ئافرێندراوە، بەڵام، خەیاڵمان یارمەتی ئەوەمان**

**دەدات کە بە سەر ئەم کۆسپەیا زاڵ بین و**

**خۆمان رۆڵی تیا ببینین.**

**هەر زوو، دیمەنی پشتەوەی پەردە دەبێتە**

**دیکۆرێ کە خەیالمان دروستی دەکات و**

**لەشمان پانتاییەکانی داگیر دەکات.**

دیمەنی یەکەم

**دەنگ :**

**منداڵیم، مەبەست : کۆبوونەوەی پەراوێز**

**و پەرشوبڵاوی ئەندێشەی مەلەکووتە.**

**منداڵیم، مەبەست : چڕبوونەوەی تیشک و**

**کوژانەوەی خەونی حەبەلوولە.**

**منداڵیم : ئەشکی بێ زەمەنە بە خۆڕایی**

**دەرژێتە سەر بێهوودەیی بوون. بە خۆڕایی**

**خۆی لە ملیوانەی شەوە بێ شیرازەکان گیر**

**دەکات و دەهۆنێتەوە رستەلە دوای رستە.**

**منداڵیم، مەبەست : سەفەرێکی بێ عەهد**

**و دڵدانەوەی کرووزانەوەیە لە دەم گوێی**

**دەشتاییە نووستووەکان.**

هەوەنامەی کتێب

منداڵێم،

وا لەو پەڕ دونیا، بـــە تەنیا، بە

دووركەوتنەوە بەرەو رووم دێ.

ئەمە سەرابە لێكمان دەترازێنێ،

ئەمە ئاوە بەلەمەكان دەخاتە سەر پشتی

دەست و ئاقارەكانمان دەسووتێنێ،

ئەوە چرە دوكەڵی بۆنی شەمامە

سووتاوەكانی بەهەشتە دەكەوێتە باوەشی

مانگێكی سارد بووەوە!

بۆچی ئەی برا وا بەتەنها دانیشتووی،

لەو زیخە وردانە ورد دەبیتەوەكە رەنگبێ

رۆحی كەونیان لەناخ دا نووستبێ.

ئەی برا!

بۆچی وا، هەر بەتەنها،

لەسەر ئەم شۆستانە، بەپێی بەتی، بە

دوای تەما غار دەدەیت و لە ناو غوبارێ،

كە مەحەببەتی پێ دەڵێن، ئاوا دەبێت.

بۆنی گریان دەتدۆزێتەوەو دەتداتە بەر

هەواڵنامەی كتێب

لێشاوی میهرەبانییەکی بێوادە.

دە ئاوڕ بدەرەوە:

تاکو بەردەبارانیکی دی دونیامانی

تێکوپێک نەداو

دە ئاوڕ بدەرەوە:

بۆ ئەوەی ئەم باشووکانە، بە فێڵ و

هەڵخەڵەتاندنێکی بێسنوور لەسەر داوەڵی

ئەم کێڵگانە بنیشنەوە و لە سەوزی مێوەیەک

رابمێنن چۆن سەوز دەبێت.

دەئاوڕ بدەرەوە!

منیش بێ مەبەست بەرەو دواوە، هەموو

رۆژێ هەنگاوی گورج دەنێم،

سەرم لێشێواوە!

بەنی زەمەن، پەتی زیندەخەو، کلافەی

شەو، چرکەچرکی کاژێر، مەوداکان ناناسنەوە.

ئەمە چڕبوونەوەی کاتێکە کە ئاوا دەبێت،

تەنها بۆ ئەوەی لەناو ئاوا زیندوە بێتەوە.

ئەمن لە دەرەوەی ئەم چرکانە شەوان دەبەمە

سەر، لە دەوری ئەم کلافە کۆبووانە،

هەواڵنامەی کتێب

سەیری شەفەق دەکەم. مەوداکان تێکدەئاڵێن، هەنگاوە

گورجەکان بە خێرایی بەرەو دواوە ماچی خاک

و گەردە سووتاوەکان دەکەن.

هیچم لە دەست نایە.

منی بێدەسەڵات! شاقووڵیانە ڕۆ دەچمە

ناو تریفەی مانگی سارد بووەوە و خۆڵەمێشی

ژێر تاریکییەکی ئەستوور، بەلام ئاردین،

دەساومە لەشم.

لەقەراغ گردێکی مێژوویی، سوتاو،

ڕەش داگەڕاو، سەیری ئاسمانی بێ چاو دەکەم

و هەڵدەپەڕم.

هەموو گیانم خاڵی کوتراوە، هەموو زمانم

ئەشکی گۆڕانی.

لەقەراغ جەمسەری مێژووی ئەم

تەپۆڵکانە،

لەگەڵ کۆمەڵێ ئەجندەی باڵ سپی،

دەنووک تەورداس، هەڵدەپەڕم.

بێدەنگیی تاریکی مۆسیقایە،

ئەستێرە کوژاوەکانی دووریش،

کەستەکە ڕەژووەکان دادەگیرسێنن...

گرم،، گرم،، گرم...

هەڵدەپەڕم. هەموو لەشم دەمامکە و هەموو

گیانم خاڵخاڵ. تاریکیی مۆسیقایەو زایەڵەی

ئاسمانێکی بەرین و شەوەزەنگی فێنک

تێمدەئاڵێ، ڕۆدەچێتە هەموو موولوولەکانی.

ئەمە ئاوێزانی تەمە یا گۆرانی ؟ یا

ئاوێزانە لە گەڵ باریکیی مەودای ئێستا

گرم،، گرم ،، گرم...

پێیەکانم نوقمی خۆڵەمێش دەبن

هەڵدەستێ ئاواز و تەکانێکی دی.

دەخولێمەوە بە دەوری خۆم،

خۆم دەگەوزێنم لە ناو شڵپەئاوازی

بێسنووری تەمەنی خۆڵەمێش.

نە ئاو دیارە نە شینایی،

نە تەم تاجە

نە تەنیایی.

گرم،، گرم ،، گرم...

هەر بە خۆڕایی هەڵدەپەڕم.

هەوالنامەی کتێب

## دیمەنی دووەم

**دەمەوێ ئاهەنگێک بەرپاکەم، ئاهەنگی**

**خۆم بێ.**

**ئاهەنگی سڕینەوە و نووسینێکی تر بێ،**

**دەگونجێ باڵای ئەم وڵاتە وەکو دەزووڵە**

**ئاوی شەوین رۆبچێتە نێو خەونەکانمەوە،**

**دەگونجێ خەونی ئەم وڵاتە لە نێو**

**سەراباکانا ون بێ،**

**دەگونجێ جەستەم وەک چاکەتێکی**

**زیواڵ، لەپانتایی کێڵگەکانا، بلەرێتەوە وەکو**

**داوەڵ،**

**دەگونجێ ون بم، بۆ هەتاهەتا،**

**تاکو شۆربوونەوەی خەڕەندم نەبینیوە.**

**ئەمە هەڵسانەوەیەکی ترە.**

**دەستان سەوز و چاوان فراوان، وەکو**

پەنجەرە والاکانی ئەفسانەکان، هەمیشە بۆ لە
ئامێزگرتنی بایەکی شیرین والان.
جەستە وردە زیخە، جەستە شەپۆلێکی
هیشکاییە دیت و لە بەر تریفەی مانگ دا
خۆی دەخەوێنێ.

دەمرم...دەمرم.

بەداخەوە ئازارەکانم هی خۆم نین،
ئازاری ئاسۆن، ئازارێکی شاقۆلین و
منیش درەختم. دەمرم،
ئەو تابووتە نابینن وەکو پرچی ڕۆژهەلات
درێژە!
ئەو بەیداغە سیاهە نابینن بینایمان
دەگەچڕینێ!
دەست بۆ گەلاکانم دەبەم، ڕەگ لەپێم
دەئالێ،
دەست بۆ ناو قەدم درێژ دەکەم،
سەرم باهۆزە، کرێوەی یاداشتێکی کالەوە

هەوالنامەی کتێب

بووی لەسەر کۆبۆتەوە.

حاجیلەقلەق پووش و چیلکەو بۆنی

ئاسمانێکی دووری لە سەر جێهێشتووە.

هەتاوێکی سوور هەڵگەڕاو پێیەکانم

دەسووتێنێ!

بۆنی خوڕەی ئاوێ دەکات، تەنها هەڵم

بیرەوەری تیا جیهیشتووە.

لەناو جوولەدا ئارام دەگرم.

هاوسەنگیم لەناو بزووتنەوەدایە.

دەمرم!

سەیری خاک کەن چەند میهرەبانە،

دەستی شینباوی ئۆقیانووسە، پرچی

ئاڵۆزکاوی بیابانە ؛

پشتی، قەبرغەئاسا خاودەبێتەوە،

چاوەکانی ئاوێنەن تەنها بۆنی ئاودەکەن،

قامکەکانی تیشکن لە بەردەم هاژەی هەتاو

شەق دەبەن،

بازووەکانی موچڕکن،

گەردنی لێکدانەوەی هۆشن لە ناو

هەوالنامەی کتێب

حەوشەی دڵ دەتووێتەوە.
دڵی ئەستێرەی لێ دەچۆڕێ و لە بەردەم
عەقڵ دا، ئەفسووس، دەکوژێنەوە.
سەیری خاک کەن چەند میهرەبانە
وەک باپیرە، سەیرمان دەکات و وەک
زارۆڵەیەکیش پرسیارمان لێ دەکات،
وەک پیرەژنێ تێماندەڕوانێ و وەک
سوالکەرێ دەڕوانێتە ئاسۆی چاومان،
وەک ژنێ پڕ لەشی حەزە و وەک بووکی
لێوالێوی وەهمە،
وەک منالێ چەمکەکان تێکدەدات و وەک
شاعیرێ بورکانەکان دەهەژێنێ،
وەک سەردارێکی بێدەسەڵات،
بێدەنگ، کاتێ هەناوی هەڵدڕن،
وەک ئیمپراتۆریکی نەخوێندواریش کانیاو
دەخوێنێتەوە.

سەیری خاک کەن چەند میهرەبانە!
بەڵام تورە!

هەواڵنامەی کتێب

تورەیە لە خوا چونکە جێیهێشت

گەڕایەوە نێو حەوزە مەڕمەڕینەکانی سەدا

و رادەمێنێ :

لەگیا چۆن تک تک زەمەنی لێ

دادەچۆڕێ

لە بەرد چۆن هێمنییەکی چزوو ئاسای تیایا

دەنوێ،

لە دارخورما چۆن بە تورەیی بەرەو ئاسمان

دەچێت و لە داخا سەری شەق دەبا،

لە ماسییە سەیرەکانی بیابان، لەگەڵ

تریشقەی هەورا زیندوو دەبنەوە،

لە گەڵ کلۆ هەتاوی دۆزەخیش دەبنەوە لم.

هەتاو مەرگە

برووسکەش چیا شەق دەکات و خوڕەی

دێ لافاو،

لەو سنوورانەی وەکو زەڵکاو عەقڵی

مرۆڤی لە سەر دەنیشێ و بڵق...بڵق...

دەمی بۆ غەیب دەکاتەوە...

هەواڵنامەی کتێب

له نێو دوکەڵی سەر "سین" و لەنێو نزمیی ئاستی

بازیلیکی سان-مارکۆ،

له لێژاییەکانی هیوا و لەترۆپکی ئاوا

بوون و

له دوورڕێیانی مەبەست : عەقڵ له لەش،

لەش له دڵ، دڵ له ئاسۆکانی بینین، بینینیش

له مەوداکانی جەستە جودا دەکاتەوە،

له پۆڵینی برینگی زانست و

له ساکاریی دڵ که تەنها لمێکی ورد و

هەتاویکی ساردبووەوە به ڕێکوپێکی تیا

هەڵدی.

لەو شتانەش رادەمێنی که دروستی

نەکردوون :

* له بازنه که دەستکردێکی ڕووتی

عەقڵی ئاراستەکراوە.

* لەو ڕێیانەی که تەنها بۆ سەرکەوتن

بەردڕێژ کراون، غەریزە پیایا هەڵدەشاخێ.

* لەو جۆگەلانەی که تاقە هیوایان بوون

به ئاوە.

ئەوڵەمەی کتێب

* لەو کەنارانەی کە زاکیرەی ئاویان ون

کردووە.

*لەو بەردە ڕەشانەی کە ناوی ئەوی لەسەر

نووسراوە.

* لەو دەرگایانەی کە بۆ کردنەوە دروست

نەکراون.

* لە گەردەلوول کە شارانی سڕیوەتەوە.

* لەو وڵاتانەی کە لە سەر پشتی یەکتر

دروست بوونە.

*لە بیچمی خۆی.

*لە شەفەق.

*لەبێزاریی هەتاو.

هەواڵنامەی کتێب

گلەییەکانی
قاقلەجنۆکە

لەبەر هەیوانەکان دادەنیشتم، نیوەم
سێبەر و نیوەم ڕووناکی، ئەوبەرم چڵەتاریکیی

و بەرەکانی تریشم بەرەو هەڵم و تۆڕەیی گوڵ،

بەرو پێخەفی شەو دەڕۆیشتن. لەبەر ئەو

**هەیوانانەی کە بۆنی هەنجیری لێدەهات،**

**گەڵامێوەکانیش تا ناوقەدم شۆڕ دەبوونەوە، لە**

**سەر زەوییەکەش پەڵەی مۆر، ڕێکەوتێ**

**دروستی کردبوو،دروستکرابوو.**

**چەندەها ساڵم بەو جۆرە بردەسەر،**

**ئێستاش گەر بۆم بشێت دەڕۆمەوە بەر**

**ئەو هەیوانانەی کە بۆنی بەنەوشەشەو بۆنی**

**دەکرد.**

**پێوەرێ نەبوو بۆ زەمەن، تاکو گژوگیاش**

**ئەم مەسەلەیەیان بە جەختەوە وەرنەدگرت.**

**لایان ئاشکرابوو کە پساندن میزاجی**

**بەختیاریی دەشێوێنێ.**

**شتەکان چووبوونەوە سەر شیوەی سەرەتاییان.**

**بۆ ئەوەی دەست بەسەر نهێنییەکان دا**

**بگرم، پاشان تێگەیشتم کە نەدەبوو هەندە**

**پرسیار لەخۆ کەم. کەشفی غەیب شتەکان**

**پووچ دەکاتەوەو جۆرە بەهشتێکمان دەداتێ،**

**پاشان تەنها تامی گوژاڵێکی خۆڕسک بە**

**مەلاشوومانەوە دەنووسێ، بۆنێکی سەیریش لە**

هەوالنامەی کتێب

نێو قامکەکانمانەوە فیچقەدەکات، چونکە

دەستی فریشتەیەکمان گووشی.

ئەو ئێوارانەی کە دەستبەتاڵ بووم،

دەچوومە سەر جۆگەلەکە و دانەکانم بە ئەسپۆن

دەشۆرد. کە دەهاتمەوە، پەڕسێلکەکان بە

دەنووک پووشی قوڕاویی و لیکاوییان

دەگوازتەوە، من نەمدەزانی ئەمە هاتنی بەهار

دەگەیەنێ، ئاووهەوا سازگار، غەریزەی

کۆچی لە هەندێکیان دەشێواند.

شەوانیش بەدیار گەرچکێکی

خۆماڵییەوە، پەرتووکە رەنگ زەردەکانم

هەڵدەدایەوە، ئەمەیان لە خەونەوە نزیک بوو

وەک لە واقیع. ئێستا زاکیرەم ئەوەم پێ دەڵێ کە

شەو بوو.

چەند شەوێک خەو تۆرا بوو. دونیا لەناو

من دا توابووە. کە سەیری گۆمە ئاویشم دەکرد،

تەنها مانگێکی ساردم دەبینی، لەگەڵ

داربییەکاندا باویشکیان دەدا. ترسێکی زۆرم

لەسەر نیشت. ترس رزگاری کردم. کاتێ

**هاتمەوە هۆش، نە هەیوان دیار بوو نە سەیوان،**

**هەتاوێکی گەرم دەسەڵاتی خۆی وەکو**

**خاکەناس چەقاندبوو. گوێم لە هاژەیەکیش**

**دەبوو، قەلەڕەشکەی میهرەبان، سەریان**

**لێ تێکچوو بوو، نەیاندەزانی بۆچی ئاسمان**

**وەکو لەشی وان سیا دەچیتەوە.**

**هەتاوێکیش لە ناو دوکەڵ غەرق.**

هەوالنامەی کتێب

## ڕێبازێکی نوێ بۆ
## ڕێیەکی کۆن

**من گڤڤەم، با لاپەڕەکانی سارا هەڵدەداتەوە،**

**نوسیەنەکان دەسڕێتەوە،**

**بۆنی شوێن پێیەکانی تۆپەڵێ حوشترەلووک**

**دەکات، غلی دەخواردەوەو بەربەستێ نەبوو.**

**دەمێکە هەڵمکردووەو ناگیرسێمەوە،**

**سەیری ئاسۆ دەکەم خۆم ناناسمەوە،**

**سەیری پشتەوەم دەکەم، هێزێکی نهێنی ڕامدەوشێنێ**

**و گڤڤەم دێ.**

**من گڤەم.**

**شوێن پاژنەکانم دەسڕمەوە و وەکو تیر**

**تێرۆ کراوم.**

هەواڵەمەی کتێب

من بام نازانم لە کوێیەوە سەرم هەڵداوەو

بەرەو چ ئاقارێ وێڵبوون دەمگرێتە خۆی،

چ زمانێک نووشتەی لێ کردووم و لە سەر

تەوێڵی چ گابەردێکدا هوردوخاش دەبم و

ناتوێمەوە.

گەڵادارەکەی جاران دەمناسێتەوە، بۆر

هەڵگەڕاوە، کەڕو تامێکی سوێری داوەتێ،

چەند سەدەیە بیر لە داڕزینی خۆی دەکاتەوە،

دەمێکیشە خەریکی گەڕانەوەیە بۆ ئامێزی.

ئەو گاشە بەردانەی دەم شەپۆل

ئامۆزاکانمن،

ئەو بنچکە، ئادگارەکانی شین هەڵگەڕاون

ئەو خوشکمە،

ئەو دارخورمایەی کە لە هەمووان

خۆراگرترە رۆحی باپیرەمە،

ئەو گوندەی لە ناو غوباری دەست

راوەشاندن دا دڵی لە ترپە ناکەوێت، ئەوە

رۆحی نەنکمە،

ئەو تەپوتۆزە موبارەکانە، قۆڵی

هەواڵنامەی کتێب

دایکمن،

ئەو شەوانەی بە قەد سوخمەی رۆژگارەوەیە،

ئەو میمکمە،

ئەو پەنجەرەیەی کە شڵپ دادەخرێت

پورزامە،

ئەو رچانەی کە هەمیشە بە تیشکی

رۆژئاوا ئاوەڕشێن دەکرێن، رەنگبێ برام بێ،

ئەو تەیرانەی کە شەو و رۆژ بە سەر سەرما

فڕەیان دێ، خزمەکانمن.

هەواڵنامەی کتێب

ئەو کۆترەشینکە بگرن، تا نەبۆتە

قومری،

ئەو ماسییانە گل دەنەوە، تا نەبوونەتە

کەنار،

ئەو کانارە سەرشێتانە بگرن تا ئاوا

نەبوونە.

گڤڤەم هی ئێوەیە، بۆیە کاتێ لە هەنیەتان

ورد دەبمەوە، لەو خەتانە رادەمێنم کە بە

ئاشکرا شۆڕشێکی سووتێنەری بەرەو

لاجانگەکان ئامادەکردووە، ئەوە.....
گڤڤەم ئێوەیە.
بۆیە کاتێ لە دەوروبەری
چاوانم ورد دەبنەوە، شەو دەبینن بۆ ناو
گەرووی شەوا دەخلیسکێ، خەڕەند دەبینین
چۆن گرمەی دێ، دوکەڵستانێکی لێوە
هەڵدەشاخێ، بورکان دەبینن تۆپەڵە گومانتان
تێدەگرێ و بە باڵای عەقڵا هەڵدەزنێ و بۆ
نشێویی کەچبینین راوی دەنێ و کەپرە لە
ژمارە نەهاتووەکانی دڵ شکۆفە پێ دەدا و لە
ناو "کیمای وشە" دەیخووسێنێ.
گڤڤەم ئێوەیە، ئەی نابینین کاتێ
دەستەکانتان بەرەو بەرزایی رادەوەشێنن، بۆنی
پێغەمبەرایەتی لەو درەختانەوە هەڵدەستێ،
کاتێ بە کومەڵ بەرەو رەزە سووتاوەکانیش،
بێچارە، خۆتان غل دەکەنەوە، هەمان
بەردەکانی جارانن کە دەزریکێنن و ئاو
دەزێتە دەمیان.

سەرەتاکان

**ئا بەم جۆرە لم شتەکانی روون**

**دەکردەوە:**

**گوڵێک پەڕەکانی ئاو بوون،**

**درەختێک رەگەکانی لە سەر شان،**

**رووبارێک ئاوڕی دەدایەوە،**

**خۆڵ شانەنشینی مەرجان.**

**دڵێک گوێچکەکانی ئاسمان بوو**

**گەڵایەک هاژەی کەسکایی،**

**شەمامە هەڵدەکرووزان،**

**هیشکایی خۆشکی شەتاو بوو.**

**مناڵێ دەستی لە بەرکی خوا،**

**پێیەکانی لەئاقاری رۆحا،**

**غاری دەدا و دەنووزایەوە،**

**رەنگی عەدەمی تیا ترنجا.**

هەواڵنامەی کتێب

کانییەک قوڵپەقوڵپ،

رستەکانی مانی راڤە دەکرد،

پزیسکێ رسکا،

پانتاییەکی داگیرکرد.

گلۆڵەکان غلبوونەوە،

تەمەن لە پێ گیر دەبوو،

ئاژەڵان هێورِبوونەوە،

رۆژگار بە شەوگار کرِ دەبوو.

هەواڵنامەی کتێب

سەرەتا لە کۆتایی گیر دەبوو،

هێڵەکان قەبرغەی یەکیان دەسوی،

گۆشەکان دەکرانەوە،

بازنەبە خاڵ ئاوس دەبوو.

تیر هاژەی دەهات،

شینایی دەبووە برین،

دڵۆپ دڵۆپ  سورایی،

دەینووسییەوە باڵای زەمین.

**پانتایی دەبووە سیاە،**

**دوو پەنجەرەی سپی تیا،**

**شەڕە رەنگ بوو،**

**موسیقایەک دەگریا.**

**خاڵخاڵ بۆریی، خاڵخاڵ سەوزیی،**

**لەبەر سێبەری زەردا هەڵدەلەرزین،**

**تا چاو پڕی دەکرد جوانیی،**

**شتێ بوو چاوی سپی دەکرد.**

هەواڵنامەی کتێب

**دوڕدونگ بەرەو ئاسمان بریسکەیان دەهات.**

**رووبەر یەک رەنگ، دونیاش کش و مات،**

**تیشک خوێنی لێ دادەچۆڕی، هەڵدەهات،**

**مانگ شپرزە، ئەستێران دەتوانەوە.**

**باران دەرزیلە، مژ دەزگیران**

**هەر گوڵەباران بوون، وەک دومەڵان،**

**دەتەقینە رووی هەوایە.**

تک تک زەمەن دادەچۆڕییە سەر مافوور،
خەتەکانی تێکەڵ دەکرد،
دەسڕایەوەرێگای دوور.

پەڵە بۆنی رەنگ هەڵووژەیی،
ناولەپی بۆندار دەکردین،
ماچی هەوامان دەکرد و
لێی دەنووستین.

شتڵەشەو بوو،
چەکەرەی دەکرد لە ناو لەپمان،
دڵمان خووساو،
پێمان لەتەڵەی عەقڵ گیر نەدەبوو.

تەنها دوو دەنووک دیار بوون،
گمەی رەنگ بوو لەفەزا،
لەنێو کازێوەی تەڕا دەڕسکا.

هەوالنامەی کتێب

دوو پیت بوون، بەپیت بوون،

دوو دەنکە غوباری پەسڵان،

دەنگێ بوو خوڕەی دەهات.

شەوم بینی رووناک و رۆژم بینی

سامناک،

بێدەنگیم بینی دەنگدار و سەدا

قرچۆک،

سپیم بینی رەنگین و رەنگم بینی

بێباک.

حەسیرم بینی وریا،

گومەزم بینی تەنها،

ئاسمانم بینی لە گەڵیا،

هۆن هۆن دەگریا.

شەربەم بینی هیشک و

چۆلەکەش بە شاباڵ،

دەیگوازتەوە تیشک و...

هەواڵنامەی کتێب

# کۆتاییەکان

**ئاو بەم جۆرە شتەکانی دەسڕییەوە:**

**لاپەڕەیەکم هەڵدایەوە، وشەی نوستوو**

**راپەڕین،**

**پەردەی شەوم هەڵدایەوە، ئەستێرە لە**

**خۆشیا هەڵپەڕین،**

**چڕنووکی رۆژگاریش دەمامکی دامێ.**

هەواڵنامەی کتێب

**زەل لە دەوری حەوز،**

**حەوز لە باوەشی گەڵا،**

**گەڵا بۆر و سەوز،**

**دەلەرییەوە بێ تەقەڵا.**

**دژاتییەکان ئەگەر بە حیکمەتەوە**

**مامەڵیان لەگەڵ نەکەین، دەبنە**

**جێگۆڕکێیەکی رووت. شۆڕش دژەشۆڕش**

دروست دەکات و دژەشۆڕشیش کۆدێتا. کۆدێتا
دەبێتە شۆڕش و جەخت کردنێکی زۆریش لە
سەر ئازادی، ملکەچی دەنێتەوە.

ئازادانە دژ بە هەموو شتێکین.
ملکەچانە دوای ئازادی دەکەوین.
تاکو لەویتر بگەڕێین ڕێگامان بۆ رۆشن
کاتەوە، بە رچەی تاریکییا هەنگاو دەنێن.
تاکو هێڵی راست و چەپ بە سەر مێژوودا
بهێنین،
مێژوو وەکو سورگی دەمانسڕێتەوە.
تاکو خۆ پڕ چەک کەین بۆ داتاشینی
سنوور، هەندە سنوور لەملمان دەئاڵێ.
تاکو خەونی کۆن بهێنیە دێ، هەندە
ئێستامان لێ هەڵدەگەڕێتەوە.
بۆ ئەوەی ئێستا لە خۆ مارەبکەین
پێویستە پاژنەمان با بێ و چاومان کلّپە.

هەوالنامەی کتێب

**تاکو هەڵبێن و بۆ ئەوەی ئازادی دابێن**

**بکەین، هەندەلە نێو تەڵبەندی تەما وەک**

**"کەڵەبابی گال" دەقووقێنین.**

**با بگەڕینەوە دواوە.**

**گوێ هەڵخەین : ئەم کێشوەرە ئەندێشەیە.**

**ئێستامان لێ دەقەپێنێ. ئەو ئێستایەی کە مەزنە**

**وەکو گەردوون،**

**ئێرەش کۆتاییە.**

هەواڵنامەی کتێب

ئیسپانیا-٦/٢٠٠٠

هەولنامەی کتێب

# درزەکانی ئاو
# درزەکانی ئاوێنە

هەواڵنامەی کتێب

١

**گەمەیەک بوو لەدرزی ئاوێنەوە**

**شەوی دەکردە دەسەسڕێک**

**گوڵێک بوو تا تەمەنی خۆی دەنووسییەوە**

**شڵەژانێک بوو**

**چڵەژانێک بوو لەنێو دەستی من**

**لەنێو جوێباری جەستەی من**

**ئەم مەرجانەلەشی ئاوە**

**ئەمە مەرجی تەواوی ژانە**

٢

گەمەیەک بوو لە درزی ئاوەوە

خەونی دەکردە بەرەبەیان

شکۆفەبوو توانای نەبوو عومری خۆی بخوێنێتەوە

دڵەڕاتێک بوو

فڕینی خۆی پێشکەشی هەوا دەکرد

هەواش لەنێو مەمکۆڵەکانم خەوی لێ کەوتبوو

٣

گەمەیەک بوو لە درزی ڕۆژئاواوا

لە درزە تا ریکەکانی مێخەکێ

بۆنی شەوی دەدا لەیەخە

لە نێو کاژێ ئاوا دەبوو

٤

ئاوا دەبوو خەونی من

دەترنجایە حەوزێکەوە

کاتێ کە کازیوە هەڵیدەستاند

حەوز دەبووە حەزێ

٥

**ترووسکایی لەخەو هەڵسا**

**شەوی لێ دادەچۆڕی**

**تریفەی بەرد بوو کزر و فێنک**

٦

**گەڵایەکی تەنک لەسەر عەقڵی ئاو**

**خەوی لێ کەوتبوو**

**کراسی شەوی لەبەر دەکرد**

٧

**چۆڕێ شینایی سەر لێشێواو**

**بەردی دڵی کۆ دەکردەوە**

**خەرمانەی دەدا تەواو**

٨

**مەچەکی سپی وەک گەردنی ئاو**

**قاسپەی بەردی دەخواردەوە**

**کەستەک دڕکاوی**

**گەوەی شاخ شێواو**

هەواڵنامەی کتێب

٩

گەردی سەحەر مەست

غوباری کۆچەران

دەلکانە لەشی دڕکوداڵەوە

١٠

مرواری جەستە

زەنگۆڵ زەنگۆڵ

ماندوویی دەشتی دەخوێندەوە

١١

پیاڵەیەک لەرزۆک وەک هۆشیاریی

شەوی لێ جودا دەبووەوە

خەونی دەتۆرا و

لەشی حەرفی تۆمار دەکرد

١٢

بەردێکی غەریب

لاتەریک و نەخۆێندەوار

١٣

**دوو کڵۆ بەفری بێ زاکیرە**

**لە هەیوانی کەشکۆڵێ**

**خەویان لێکەوت**

**توانەوە**

١٤

**ئەو دوا دێڕەی کەخوێندمەوە**

**قرتانی نینۆکێک بوو**

**لە نێو بێدەنگییەکی موتلەق**

**زەنگوڵی کلێسایەکی دەلەراندەوە**

١٥

**لە پەراوێزی هەندێ شیعرا**

**شەوی سپیم لکاندبووە قەدی**

**هێشوە شەو بوو شکۆفەی دەدا**

١٦

**سەمای پێشوو لەم دەنووسییەوە**

**حەرف بوو جریوەی دەهات!**

١٧

**له قەراغ بەرگی کتێبێکی سەد لاپەڕەیی**

**چزووی دووپشک بوو وەک بەیان**

**دوو چزووە پرسیار بوون لە گومان**

**دەدرەوشانەوە**

١٨

**گومانم خواردەوە تاڵ بوو**

**عەقڵم بینی ساردوسڕ**

**پرسیارم بینی گەرداو**

**تەمەنیش خاو هەر وەکو داو**

١٩

**ئەو دووکەڵەی لەو گێژاوەوە هەڵدەستێ**

**پرسیارێکی چەواشەیە**

**ئەو کلپەیەی کە خەونی خۆڵەمێش بوو**

**خۆڵەمێشێکی سادەیە**

٢٠

**دوێنێ ئێوارەپرسیارێکم لە بەرد کرد**

**گوڵێ هاتە وەڵام**

٢١

ڕێگایەک تەنها لە توخمی ئاو بوو

شەپۆلێک هزری گەمی دەناسی

ڕچەیەکیش بوو بەرەو سنوور

گومانێک بوو پڕتاو

٢٢

گرمەی ئاسن بوو غلۆر دەبووەوە

هاژەی تاڤگە بوو بە هێوڕی

شەڕی نێوان چرووسکە بوو

ڕەنگی لێ دەباری

٢٣

سبەینێ بڕیارە بچمە ژوانی بێدەنگیی

بچمە ژوانی گاشەبەردێک

بە بێدەنگیی باسی عەشقی گیا کەم

باسی عەشقی با کەم بێدەنگ

هەوەڵنامەی کتێب

٢٤

**هەمیشە لە تەنیشت ژنێک**

**زاکیرەی ژنێ دەبووژێتەوە**

**هەمیشە لە تەنیشت ئاوێک**

**زاکیرەی خۆڵ دبووریێتەوە**

٢٥

**ئەو تەپ و تۆزەم خۆشدەوێ**

**کە دەور لە جوانیی دەدەن**

**ئەو تەمەش هەر بۆ پەرستنە**

**کەپێش هەنگاوی هەتاو دەکەون**

٢٦

**ئەو سێبەرە وەکو لاولاو هەڵدەگژێ**

**بەرەو پەنجەرەیەک کە دادەخرێ**

**ئەو کەرتە مانگەش دەکەوێتە نێو**

**سەرابەوە کە پەردەی گومان دادەڕێ**

٢٧

**پەنجەی گیای کێوی**

**هەر وەک پەنجەی ئاوە**

**تەمەنیش کورت وەکو زاکیرەی خوناوە**

٢٨

**مێوەی زۆر پێگەیشتوو**

**مایەی توڕەیی چڵە**

**مێوەی خرچوکالیش**

**ئاسۆی خاک و گڵە**

٢٩

**ئەو گوڵانەی کە هێشتا ناویان نییە**

**عاشقی بەرد و خۆڵن**

**ئەو گوڵانەی هەمیشە لەسەر زارن**

**تەنها کاغەز بۆنیان دەکا**

هەزارنامەی کتێب

٣٠

**بڕیارە سبەی بچمەوە نێو میحرابی تاریکیی**

**جارێکی دیش بپرسم لە بێدەنگی**

**بۆچی گەورەترین گوڵە و شکۆفە دەکا**

٣١

**کاتێک رۆ دەچێتە ناو ناخی شەوەزەنگ**

**لەشم دەبینم گڕ دەگرێ**

**سەرم دەبێتەئاو و**

**گەمی رۆحێمیش پڕ دەبێ**

٣٢

**دوێنێ تەنها بووم**

**بە ئاسپاییش لەشم جریوەی دەهات**

**کە گوێم راگرت لەبێدەنگیی**

**گڕی بوو چرووسکەی دەهات**

٣٣

هەردوو بازووم سپی بوون

پشتم خاکی کاکی بەکاکی

لە ئاسۆوە رووبارێ

ئاو شەفەقی داگیر دەکرد

٣٤

لەشم حەوزێ بوو پڕ لەخەون

گەردوون تیایا شەقی دەبرد

خۆڵەمێشیش وەک گردۆکە

بەیاری مارەدەکرد

٣٥

پەنجەکانم لقەدار بوون

هەر وەک لاولاوەی برسی

لەبێدەنگی دیواریان دەپرسی

٣٦

**ئەو ئەشکەوتەی هەموو شەوێ دەکرایەوە**

**ئەو جەستەیەی لەنێو لم دا نغرۆ دەبوو**

**ئەو خەونەی لێکنەدەدرایەوە**

**لە مەتنی ئبین سیرین گیر دەبوو**

٣٧

**کەروێشکێک وەک کەرتە مانگ**

**لەو دوڵە بزر دەبوو**

**تانجییەک وەک برووسکە**

**لە رەژووی درەختێ گیر دەبوو**

هەورامان کتێب

٣٨

**ئەستێرەیەک رژایەبیرەقووڵەکەی ماڵمان**

**پەرییەک پێی لەدەوەن گیر بوو**

**نوور بوو خەونی دەبینی**

٣٩

شەو مامزە

هەنیەی تاریک چەپەری سارد

گمەی رووباری لەبەر دەکرد

٤٠

ئەو مافوورەی لە بەرەبەیانەوە

تا ئێوارە رادەکێشێ

چیرۆکی چەند گوڵێکی بێ هەناسەن

لەپێی شاژن گیر دەبن

٤١

پەردەیەک مۆسیقای لێ دادەچۆڕێ

بەسەرهاتی پەنجە بوون

٤٢

ئەو ئاوێنەیەی کە وەک بەرد راستگۆیە

مێژووی روخسار دەخوێنێتەوە

ئەو ئاوێنەیەکی کە وەک ئاو بە شکۆیە

مێژووی روخسار دەنووسێتەوە

هەولێرنامەی کتێب

٤٣

لالۆنەوەی گیام بیستووە

گویم لەپرسیاری بەرد بووە

گوێم لەسترانی گەرد بووە

شیعرم بینی نوستووە

٤٤

قوببەی مزگەوتم بینی ئاڵ

زەنگی کلێساش بەتاڵ

گوڵەپشکۆم بینی لەسەر مافوور

تەزبیحی ئاویش خاڵخاڵ

٤٥

باخچەی هەتاو شەتاو بوو

ئەستێرەش مێوەی بەهەشت

لقەچیا گەرداو بوو

لەزاکیرەی دەشت

٤٦

**تاڤگە :ئاوێکی هەرزەکار**

**زەریا :پیرێکی نوورانی**

**جۆگەلە : ژنێکی بەشەهوەت**

**کانیاو : خەمی مراوری**

٤٧

**گۆماو :پیرو ئوفتادە**

**جوێبار :شەکەت و ماندوو**

**گۆلاو : شاکاری سەراب**

**سەراب : عاشق و تینوو**

٤٨

**گەرد مرواوی بێ ئەرک**

**مرواری دەستی باژن**

**تاجەو لەش دادەپۆشێ**

**هەر وەک فەریکە ئۆخژن**

٤٩

لەش شەهوەت و گۆرانی

رۆح ئاوێکی تەنیا

سپی هەڤاڵی سیا

بنچکەگیاش لە دەوریا

٥٠

ئاو رەحەت بێت دەریایە

لەش نەزۆک بێت مانگە

٥١

لەش رەحەت بێت هەتاوە

نوستنی چەویش گۆرانی

کانیاو لەخەو هەڵسێ دەنگە

دونیاش بۆ خەونی وی تەنگە!

٥٢

شەفەقی گەڵا رەنگە

شەوی ئاو سروە

هەواڵنامەی کتێب

٥٣

**خۆڵی مێژوو بەرگی ئینسانە**

**مێژووی ئینسانیش ئاگر**

**خەونی بەردە وا دەپشکوێ**

٥٤

**خەونی ئاگر دوو جەستەیە**

٥٥

**جەستەی ئاگر شیعرە**

هەواڵنامەی کتێب

٥٦

**غلۆر دەبێتەوە لە بەردەمم**

**شەمامەی زەمان**

**یەک یەک دەکەونە حەوزی عەدەم**

**هەر وەک حەرفی زمان**

٥٧

**شۆڕ دەبێتەوە پەرچەمی شەو**

**بە نێو لەشما بروسکەی دێت**

**ئەم لەشە بۆچی وا نغرۆیە**

٥٨

**گڤڤەی دێ وشە لە ناو لەشما**

**وەک خوێنێکی تاڵ**

**گڤەی دێ رستە**

**لە جەستەی بەتاڵ**

٥٩

**جەستەش وا دادەچۆڕێ بەسەر کاغەزێ**

**هێڵ دەسرێتەوە**

**رەش و سپی دەکەونە جەنگ**

**رەنگاوی دەنگ وا دەزێ**

٦٠

**ئیمشەو لەسەر ئەم دەفتەرە دەنووم**

**با هەتاو هەڵمسێنێ**

٦١

**سبەینێ هەموو تەلیسمەکان راڤە دەکات**

**درەخت ناو لەخۆی دەنێ**

**ئاو لەسەر کۆشی هەتاو دەنوێ**

٦٢

**غوبار کاغەز داگیر دەکات**

**لەش بە تەنها شۆڕ دەبێتەوە**

**گەڵا ئاواز لەبەر دەکات**

**سەراب لە ناو وشە شی دەبێتەوە**

هەواڵنامەی کتێب

٦٣

**عەقڵ، تۆ دوورکەوە لێم**

**من خەریکی شیعر نووسینم**

**بەڵام وریا بە**

**تەنها لە دوورەوە تێم بڕوانە**

٦٤

**دڵ، دەسەڵاتی خۆت ئاشکرا کە**

**بە بێشعوور غەزوورم مەکە**

**ئەگینا شیعرم دوات دەکەوێ**

٦٥

**زاکیرە، وەک قارچک سەری خۆت بکەرە سەیوان**

**با بارانی بەرێژنە**

**هیشکایی نەخاتە نێو پەیڤەکانتەوە**

هەولنامەی کتێب

٦٦

**لەش ، وەک گەمژە**

**سەر مەخەرە نێو گیانمەوە**

**با ئەم کانییە وشک نەکات**

٦٧

**شیعر، تۆ ناکە مەقوربانی**

**دونیا بێ تۆ هیشک دەکات**

٦٨

**هەر پێنج هەستەکانم ڕەپ بوونە**

**هێشتاش شیعرێکیان پێ نانووسرێت**

٦٩

**مێژوو وەرە لە تەنیشتم دانیشە**

**مێژوو بگەڕێوە دواوە**

**ئەگینا شیعر نانووسرێت**

هەواڵنامەی کتێب

٧٠

**ئەم درەختە دەیان لقەزمان**

**دەیان چڵەئاوو و**

**دەیان گوڵەباران دەگرێت**

**لەنێو تونێلی زاکیرەوە دەردێت**

٧١

**چیا هەرگیز ناتوانێت شیعرەکانم بخوێنێتەوە**

**چونکە ڕووی هەمیشە لە خوایە**

**خۆڵ تۆ هەموو شیعرەکانمت لەبەرە**

**چونکە بەرگ و پێستی پەیڤەکانی**

٧٢

**دەتوانن وشەکانم لە ئەشکەوت ئێشک بگرن**

**دەتوانن لەبەردەم هەتاو فرمێسک بڕێژن**

**وشەکانم لەساراش خەون دەبینن**

**بەڵام ئەی بۆچی نابنە ئاو؟**

هەواڵنامەی کتێب

٧٣

**ئاگرم لە حەرفێک بەردا**

**هەتاو گریا**

**حەرفێکم ئاشت کردەوە**

**ئاو زریکانی**

٧٤

**شەوم شێلا**

**ڕۆژم هیشک کردەوە**

**خەونەکانم بوونە هۆش و**

**ساتەکانم هێور بوونەوە**

٧٥

**گرمەم لە ڕستەیەک هەڵساند**

**وێرگوڵێ کەوتە گۆرانی**

**خاڵێکم نغرۆ کردە ناو سپێتی**

**بوو بە ئاواز تا بەیانی**

هەزارنامەی کتێب

٧٦

**شەوم لە ڕۆژ مارەکرد**

**پرچی هەتاوم بە لقە ئاو هیشک کردەوە**

**ڕایەڵم بۆ ئاواز تەون کرد**

٧٧

**شەقم لە بڕگە هەڵدا**

**سەروا تووشی پەرکەم هات**

**حەرفم لەزیندان دەرهێنا**

**بوو بە لاپەڕە سارا**

٧٨

**نووزەم خستە ڕۆحی بەردەوە**

**ئاوازم لە نێو هیشکایی چاند**

**لەشم بەگڕ هێور کردەوە**

**ڕۆحم بە توخمی زوقم دەرپەراند**

٧٩

**بێدەنگیم وەک ڕست هۆنییەوە**

٨٠

**تەنافم هەڵخست بۆ وشە**

**پەڕسێلکە مانیان گرت**

**پەنجەرەم بۆ مانگ کردەوە**

**ئەستێرەیەک لە حەژمەتا مرد**

٨١

تەمم کردە دەزگیران

مەمکۆڵەکانی مژم هەڵگلۆفی

لەسەر ڕایەخ نووستم و

هەر خێرا بوو بەگوڵگیران

٨٢

ناو لەپم وەک دەشتایی دەکەمەوە

دەفڕن مانا

شتێ دەنیشێتەوە

قامکم مەست و بازووم تەنیا

هەواڵنامەی کتێب

٨٣

سەمام بە وشکایی کرد

شینیم خستە نێو لینگی وشەوە

جەستەم بە شەوق سیخناخ کرد

٨٤

**دڵم وەک عەقڵ کردەوە**

**هۆشم پڕ لەنا–هۆشیاریی بوو**

**عەقڵم وەک گوێزان تیژ کرد**

**بۆ ئاسۆی لەش کوێرایی بوو**

٨٥

**دونیام لەسەر کۆشم دانا**

**جوانیی هەر وەک هێشوە جریوە**

**دانە دانە**

**هەڵدەپرووکان**

هەوالنامەی کتێب

٨٦

**غەمم پیادە کرد**

**خۆمیش وەک رەنگ سواری با بووم**

**هەور لە نێو بازوومەوە فڕەی دەهات**

**قژم جەستەی سایەقە بوو**

٨٧

**دمم وەک ئاو هاتەدەم**

**تاڤگەم لە قورگا گیر بوو**

**وشەوە کو لافاو**

**لە جەستەما قەتیس بوو**

٨٨

**پیتێ لێم زویر دەبوو**

**رەشپۆش دەبووم**

**پیتێ بەرەو ڕووم دەتریقایەوە**

**سەرخۆش دەبووم**

هەواڵنامەی کتێب

٨٩

**تەمەنم تەنها مشتێ بێهودەییە**

**لەهەموو جۆگەلەیەکیش ئاو دەخواتەوە**

**تەمەنم سەحرایەک ژیرییە**

**ئاسمان تەڵەی بۆ دەنێتەوە**

٩٠

هەموو خەڵکم وەک بەرد خۆش دەوێ

هەر بۆیە بە زەحمەت دەبمە خۆڵ

حەزیشم دەکرد بەردێ بم

غلۆرم کەنەوە بەرەو دوڵ

٩١

حەزم دەکرد درەختێ بم

ئاسۆم لێوە دیار نەبێ

بەڵام هەورێک بکەمە لەچک

لەگەڵ رەگما تێکەڵ بێ

هەرزانامەی کتێب

٩٢

رەگم دەخەمە سەرشان

تاریکیی دەمخواتەوە

رەگم دەکەمە ئاسۆ

رووناکیی دەمشواتەوە

٩٣

**من و ڕووناکیی وەکو دوو دوژمن واین**

**بۆیە هەمیشە بە وریاییەوە**

**بیر لە یەکتر دەکەینەوە**

٩٤

**من سێبەرم**

**سێبەری درەختێک**

**وەک گوڵە بەسێبەر**

**بە دەور ئاسۆ دەخولێتەوە**

٩٥

**ئەگەر ئاسۆ بوومایە**

**هەموو ڕۆژێ دوور دەکەوتمەوە**

**بۆ ئەوەی زستان بە ئیسراحەت پاڵ نەداتەوە**

**هاوینیش وا زوو بۆگەن نەبێت**

هەواڵنامەی کتێب

٩٦

**ئەگەر پایز بوومایە**

**بەرێزەوە ماڵئاوایم لەهاوین دەکرد**

**بە دەسماڵی گڕیش دەچوومە پێشوازی**

**باران**

٩٧

**حەزم دەکرد**

**کراسێکم هەبوایە لە با**

**پانتۆڵێک لەئاو و**

**چاکەتێکیش لە خۆڵ**

**ئینجا دەمتوانی بەناو گڕا پیاسەبکەم**

هەواڵنامەی کتێب

٩٨

**ئاگرم لەکاغەز بەردا**

**ئینجا شیعرێ هاتە زوبان**

٩٩

**ئاوەڕشێنی وڵاتم دەکرد**

**بوو بە ئاگران باران**

٢٨ -٨-٢٠٠١
سیودادریال/ ئیسپانیا

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

# مشتێ غوبار له رووناکی

هەواڵنامەی کتێب

**نازانم چی بڵێم،**

**چ دەربەندێ دەروازەکانی دەکاتەوە،**

**چ وڵاتێ له نێو لەپمان سەقامگیر دەبێت و**

**چ بایەک به بێ پرسیار**

**لەسەر کۆشمان ئۆقرە دەگرێت و وەکو چرا داماندەگیرسێنێ؟**

**هیچە**

**هیچە و هیچ شەمامەکان مەبەستم ( ئاستێکی جوداوازە بۆ بیرکردنەوە)،**

**یەک له دوای یەک غڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵڵۆربوونەوە!**

**خەرەند خودایە و هەمووی کۆ کردەوە.**

**باوکەکان پیر بوون. مەبەستم لە تەمەنی سوڕانەوەیە، مەبەستم لەو بنچکە گیایەکە کەس نەیبینی و بە بێ مێژوو رۆژگاری دەبردە سەر و ناویان لێ نابوو پەپوولە،**

**باوکەکان پیر بوون،**

**تەماشاکانیان ناگەنە ئەودیو دیوار،**

**وەک ئەو زەمانانەی کە دیوار دەخووسا و تیشکی لێوە دەباری.**

**باوە گیان،**

**من لەئەزەلەوە خۆشمدەوێی،**

**لە ئەزەلەوە، واتە پێش ئەوەی رووەک لەژێر سەرینەکانمانا بڕوێ،**

**پێش ئەوەی ئاوێنەکان بەرامبەر ئاوەکان شەق بەرن و**

**کەس نەزانێ : کێ سەیری کێی دەکرد!**

**تۆ هەمیشە،**

**دەهاتیتە درزی خەونەکانمەوە، باپیرە بوو دەهاتە درزی خەونەکانتەوە، خەون بوون دەرژانە یەکترییەوە، ئاو بوون تێکەڵی یەکتر دەبوون.**

**نوێژەکانت وەکو ئاونگ، هەندێ بە خووناویان دەچواند، لە پشت پەنجەرەکانەوە دەبریسکانەوە، خودا تووڕە دەبوو.**

**دەنگە خاوەکەت لە قەد و باڵای دونیا دەئاڵا و دەمی پرسیاری دەکردە عەدەم :**

**بۆچی ئەو تەیرانە هەمیشە هەر بەرەواژ ئاسمانەکانمان جێ دەهێڵن،**

هەواڵنامەی کتێب

بۆچی ئەو تەیرانە شەوان وەکو خۆڵ دەبارێنە سەرمان،

بۆچی ئەو بێچووە ماسییانە لە خەون رزگاریان بووە و هەمیشە ئێرەکان جێ دەهێڵن و ناشگەنە هیچ شوێنێ؟

بۆچی ئەوانەی کە دێنەوە هەمیشە هەر غەریبن و ناگەنەوە باوەشی نیشتیمان؟

بێنیاز و بێئاواز و بێپەیام،

هەمیشە دوور دەکەومەوە و ناگەمە هیچ شوێنێ!

شوێنەکان هەندە لێکترازاون، زەمەنیان لێ مارە ناکرێ.

باوە گیان،

کاتێ سەیری چاوتم دەکرد،

چاوم نەدەبینی،

قەتارێ شت بوون بە بەردەمما گوزەریان دەکرد:

مەلائیکە بوون دەگریان،

غوباری عەهد بوون لە لەشمان دەئالان،

کاتێ سەیری چاوانتم دەکرد هیچم نەدەبینی :

کتێب بوون لە مەڕ سەداکانی حەقیقەتەوە دەدوان، حەقیقەتمان نەدەبینی، وەکو ئاو بە بەردەممانا تێدەپەڕین و باسی خوولانەوەی شتیان دەکرد. ئاو بوو، سوێر و سازگار، تەنک و قووڵ تاکو پاپۆڕی پەناهەندان بەرەو گەڕانەوەی وەهمی راکێشێ.

هەواڵنامەی کتێب

**بڕوام بە هیچ نەماوە.**

**لە درزەکانی هیوا تەنها وەهم ماوە،**

**بڕوام بە ویش نەماوە.**

**وڵاتەکەت،**

**وڵاتەکەم،**

**تەنها باڵای وڵاتەکەیان هەڵدەگڕێ بە حەوایا، زیندوو هەر وەکو قەتران.**

**نە دەگەڕێمەوە،**

**نە لێرەشم.**

**شوێنەکان دەمێکە لە ژێر دەستم وەکو کەفی ژێر باران فیچقە دەکەن.**

**ئا ئەمە عەهدی سەردەمی نوێیە یا**

**گۆڵەباغی ئاخرزەمان؟**

**هەموو شتێکم ون کرد : ڕەنگی ئاو و ناوی ئاو و هەتاوی لاری ئێواران.**

**بەڵام بە دزە دێیە خەوناکانمەوە،**

**هەر ئەو ماوە بێدەسەڵات دەسەڵاتی خۆی لەسەر وجوودم فەرز دەکات.**

**پیادەو بەرزی، لە دووتۆی چاوەکانتەوە زەمەن دەبینم کڕنۆش دەبا و چنگێ غوبارمان تێ دەگرێ، ڕووناک هەر وەکو گەردنی خودا.**

ئیسپانیا
٥-١٢-٢٠٠٠

هەواڵنامەی کتێب

# گۆرانییەکەی ئاوایی

**کە داهاتمەوە، لە ناوچەقی ئاوایی سەیری بێدەنگیم دەکرد،**

**گەرماییەک، گەرماییەکی هیشک،**

**لە دوورەوەش غوبار، وەک گەردەلوولێکی پیرۆز**

**لە ناوجەرگەی زەمینەوە بەرەو حەوا، وەک سەدایەکی تر ئاسمانی بە زەمین دەبەستەوە.**

**کە دەهاتمەوە، هەمیشە بە تەنها، لە نێو کۆڵانە خشتییەکان، بەرامبەر بە سەکۆ، شکۆدار،**

**بەرامبەر بە سەکۆ نسێدار، سەیری پەنجە وردیلەکانی هەردوو پێم دەکرد**

**کاتێ نغرۆی خۆڵەتەپانییەکی میهرەبان دەبوون.**

**بۆنی پووشوپەڵاش، بۆنی پەرێزی بێ سێبەر، بۆنی شینایيەکی هێمن،**

**بۆنی دووریی،**

**بۆنی خۆڵ، بۆنی بەرد، بۆنی بیر و ڕێگاکانی دەکرد.**

**کاتێکیش نە دەهاتمەوە، هەمیشە هەر لەوێ بووم:**

**ئەوێ، شوێنێک نەبوو بۆ ڕابواردن، شوێنێک نەبوو بۆ ئاوەدانی ڕۆح،**

**شوێنێک نەبوو کە موتڵەقی تیا کۆبێتەوە و کرۆشکە بدات،**

**شوێنێک بوو بەتاڵ،**

**بەتاڵ و فراوان،**

**بەتاڵ و میهرەبان.**

**بەبێ منیش ئەو شوێنە هەمیشە خۆی دەپاراست،**

**نەک تەنها بۆ پیاسەکەران و جوتیاران، یا ئەوانەی لە گێچەڵ بوونەتەوە و لە گێچەڵ دەگەڕێن، یا ئەوانەی بە ڕێککەوت ڕێیان دەکەوتە ئەوێ،**

**بەڵکو شوێنێک بوو،**

**بێ بارستایی و بێ سێبەر.**

**نە درەختێ بە تووڕەییەوە هەڵدەگژا،**

**نە بنچکە گیایەک لە ژێر هەتاو ئۆقرەی دەگرت،**

**نە سەوزاییەک باسی لەشی خۆی دەکرد،**

**نە تەڕایی بوو لەو بەیارە جێیبێتەوە.**

**هیشکایی بوو**

**بێ بارستایی**

**گەرمایی بوو**

**بێ ئاراستایی**

**لە راستی دا، قەد پێم نەکەوتبووە ئەو هەوارە.**

**رەنگە ئەمە چمکی خەونێ بێت، یا کردەی خەیاڵێکی ئافریدە،**

**یا لەو رابردووانە بێت کە ژین دەیترنجێنێتە ژینەوە،**

**رووناکی بە قەراغ سێبەرا تێدەپەڕی و تۆماوی خۆی تیا دەنێتەوە.**

**ئەم پرسیارانەم زۆرجار لە دایکم دەکرد ( کیژۆڵە جوانەکەی گەرمایی).**

**ئەو پێی دەوتم :**

**" رەنگبێ تانها خەون توانیبێتی دوورییەکان بناسێت،**

**رەنگبێ تۆ لە خەیاڵی بەردێک دا باسی وڵاتت کردبێت!**

**تۆ خەون بە شوێن و شانەشینەوە دەبینی**

**یا شەو و شوێنن خەونت پێوە دەبینن؟"**

**بەڵام،**

**ئەوەی رووی دا : [سەرم خستە نێو گێژەلووکەی زریانەوە،**

**لەشم وەکو پەیکەری سەهۆڵ**

**لە گۆڕەپانی شاران دا هیشک بووەوە و نەتوایەوە! ]**

**کاتێکیش لەخەو هەڵسام، جارێکی دیش لە باشوور بووم**

**[لەو دونیایەی کە تێی ناگەین، تەنها هەستی پێدەکەین، یا لەگەڵی دەژین، لێی توڕەدەبین و دوا جاریش لەگەڵی ئاشت دەبینەوە. هەر ئەو ژنمانە و هەر ئەویش تەڵاق دەدەین. هەمیشەش لە پڕێکدا جەڕەکان غل**

دەبنەوە و بە بن دیوارە نزمەکانا غلۆر دەبینەوە و بەردە بە زۆر فڕی دراوەکانیش تەماشامان دەکەن و دەماننناسنەوە. ]

ئا لەم باشوورە گەرمەدا،

ئەو باشوورەم تیا زیندوو دەکاتەوە.

دوێنێ دەمەو عەسران، بەو رچەیەدا پیاسەم دەکرد کە دەزووڵە رێگای یەککشەموانم بوو. بایەک بە نێو گوڵەگەنمە زەرد و هیشک هەڵگەڕاوەکانا تێدەپەڕی، بەرەو من دەهات، کاتێکیش دەگەیشتە بەردەمی من، دەیناسیمەوە و جێی دەهێشتم وەک ژنێکی هەشەری لە لەشییەوە لەززەت چۆڕاوگەی دەبەست و بە حەزێکی بێ ئەندازە لە سەر پانتایی سروشت لێی پاڵدەکەوت. چ سیحرێ بوو!

سەیری قەراغی ئاسمانیش دەکەم، گوێم لە قاسپەی کەوێک دەبێت، ئەویتر بە بەردەمما، بە خێرایی رچە خۆڵینەکە دەبڕێت. نەیدەویست بە شەققەی باڵ سەر لە قاسپەی ئەوی دی بشێوێنێ.

گوێم رادەگرت، هەستم دەکرد دەنگی قاسپەی کەو و جیرەی کلاشێکی تەسک زۆر پێک دەکەن! ئەرێ ئەمە دڵخۆشی پێیەک نییە!

ئای بۆ ئەوێ، ئەو ئەوێیەی لێرە دەبوورێتەوە!

ئەو ئێرەیەی بە ناو قامکەکانم وەکو لم دادەچۆڕێ!

بە ئەویترم وت، وەکو هاوسەر وەڵامی دامەوە.

کێ بوو وتی؟

**" تەماشای ئەو کۆشکە سوورەکە، چۆن لە بەرزایی ئەو قوتە شاخە بە قەد ئاڵیی دەنووکە کۆترێ جێی خۆی کردۆتەوە؟"**

(کۆشکی حەمرا بوو)

**لەخوارەوە،**

**ستارە گڕنی گڕنییەکان دانی مێژوو بوون، پەنجەرە کەوانییەکان برۆی شاژنێکی ئاوینی بەر سێبەر، دەرگا زلەکانی ناڵی ئەسپن، حەوشەکانی حەساری لەززەتی بێدەنگیی. ئەی ئەو حەوزانە؟ حەوزی لەشن، خوڕەی پەیژەکانیش چرنووکی دەست و دەسەڵاتن.**

**ئەو باخچەیەش پڕ یاسەمین و گوڵە ئەشرەفین، ئەو چەپەرانەش رەوکی بۆنخۆشن، سێبەرن بۆ چنار و چلوورەن بۆ چنوور. ئەو جۆگەلانە بێچووە حەزی حەوزن.**

**ئەو مانگە دەم هەراشەش، هەموو ئێوارەیەک وەکو رەشماڵێ رووناکی خۆی هەڵدەدا و بەر نابێتەوە.**

**ئەو چڵە تایکییانەش بە قەراغ دیوارەکانا شۆڕ دەبنەوە، بسکی ئاڵۆزکاوی فریشتەیەکن، هەر دوێنێ، ژنە سوڵتانێک بوو خۆی لەسەر مافوورەکان رادەخست بۆ هەموو سێبەرێکی چەمووش. لەولا کوێلەیەک گوێڕایەڵ، لەولا چاوێک لە ژێر پەچە، سێبەری بەیانی دەچنێ، لەولاش سیخوڕێک گوێقوڵاغ!**

**ئەو بنچکە گیایەی کە بە گومانەوە لە درزی خشتەکان رووان :**

یاداشتێکە بە زمانێکی دی دەدوێ، تەنها من و خۆڵ لێی تێدگەن.

ئاوڕ بدەرەوە چاوەکەم : سەیری خڕیی ئەو حەوزەکە،

توخوا لە خڕی مەمک ناکات؟

ئاوڕ بدەرەوە و سەیری تێکشکاندنی بۆن بکە،

چۆن ئارەزوویان خاو بۆتەوە و دەرژێنە دەمی یەکترەوە،

توخوا لە حەزی شێتانەی مارێک ناکات؟

ئاوڕ بدەرەوە،

لەو چنارەی کە هەر دوێنێ نمام بوون نمام، لە تەنیشت یەک روا بوون،

ئەوا ئیمڕۆ وەک دیوارێکی شیناو چڕژاونەتە نێو یەکتری،

توخوا لە سەربازی تراساو ناکەن؟

ئاوڕ بدەرەوە،

سەیری غەرناتەکە،

سپی دەچێتەوە، توخوا لە مێزەرە کەڵەکەبووەکانی تەم ناکەن؟

کەوانە و کەوان....

وەکو وشە بەرامبەر یەک، بە بێدەنگی یەکتر دخوێننەوە و یەکتر دەخۆنەوە،

قوببەی بەردن وەکو ئاسمان، قووڵ دەبنەوە،

دە سەیری ئەو بەردانە کە!

دەست بۆ دیوارە کزرەکان درێژ دەکەم،

**دەستی لێدەدەم،**

**روومەتم دەچزێنمە قەد ئەو قایە سوورانە،**

**توخوا هەمان قایەکانی قەڵا نین؟**

**ئەمەش ئەلقەسەبەیە،**

**گوێ بگرە،**

**گوێ لە دەنگی سمی ئەسپ و غارغارێنی ترس بگرە.**

**ئەمەش هۆڵی باڵیۆزان،**

**ئەمەش دڵۆپە خوێنەکانی سەر مەڕمەڕن،**

**ئەمە هێڵێکی کووفییە و لە نێو بیرەوەری ئەو بەردانە بوونەتە گیا،**

**ئەمە ستوونی دونیایە،**

**ئەمە کۆڵەگەیە نەک بۆ راگرتنی میچ،**

**بەڵکو بارستایی رۆحی دونیای لە سەرایە.**

**ئەمە مێژووەو دەرژێتە ئێستامانەوە،**

**ئەمە ئێستایە دەرژێتە قورگی رابردووەوە.**

**ئەمەش مزگەوتێکە، سەرەوەی کاتێدراڵە،**

**کۆشی لە ناو خەمە و بازووی لەناو تەم.**

**ئەمە کۆشکی شارلی پێنجەمە،**

**خڕ وەکو غەریزەکانی رۆم.**

**ئەمانەش دڵۆپە بارانن ئەم مەڕمەڕانە کون دەکەن،**

ئەمەش دڵۆپە رمن، زراوی ئاویان بردووە.

تەماشای ئەو ڕێگایە کە:

ئەمە ڕێگا نییە، بەڵکو سەمایە،

نامانگەیەنێتە هیچ شوێنێ، بە دەوری خۆمانە دەمانخوولێنێتەوە و

دەمانخوولێنێتەوە،

دوور دەکەوینەوە و ناگەینە هیچ شوێنێ!

بەڵام ئەمە غەرناتەکەی لۆرکایە،

ئەویش وەکو مانگێکی بووراوە،

بە واقوڕماوی وگەش

شۆڕبۆتەوە بە سەرشانی کۆشکی حەمرایا.

ئا لێرەوە،

لە باخچەکەی سان ڤیسێنتێ وە دەڕوانمە غەرناتە،

دڵۆپە خوێن دەبینم تاکو کۆڵانەکانی شار،

دڵۆپە خوێنن تەماشای بەرزاییەکان دەکەن!

سەردەکەوم تاکو دەگەمە بەردەم نەغمەی ئاو

لەو قوژبنە فوارەی داوە غەم،

لەو کەنارە حەزێک داپڵۆسراوە،

لە بەرزاییەکانیش قەرەجەکانن بە دەوری ئاگری ئەندێشە

غەرقی بۆنی بسک و هاڵاوی لەش

به جەستە حەکایەتی بەرد دەگێڕێنەوە.

گڕ دەگرێ سەمبۆل

سپێتی وەک لاولاو بە بەژنی

دیوارا هەڵدەگژێ،

لە لقە یادەوەرییەک دەگەڕێ

تا لەشی ماندووی خۆی پێوە هەڵواسێ.

تێکهەڵکێشەکانی دی

پێم بینی تەم تەم بە تەنیشت ئاوا تێدەپەڕی

لە بازوویەوە پەڕ دەکەوت و

لە چاوانیەوە گڕ دەپەڕی،

ڕەنگی دەخواردەوە و نغرۆ دەبوو

لە دەم کەلی وەنەوەشەیی تیرۆ دەبوو.

ڕەش بوو کەوان،

جریوانەوەی چێو بوو

شەوێک ئاوڕی دەدایەوە

قامک لە نێو لینگا دەبوورایەوە.

تۆش لەوێ بووی :

سێبەری ئەو چاوانە، سێبەرێ بوون بۆ حەوشەوبان،

هەواڵنامەی کتێب

سێبەری دەکرد لە حەوشەوان،

سێبەری چناربوون، منیان بەرەو تاریکیی بانگ دەکرد،

تاریکییەک بوو بە قەد هەموو ڕۆشنایی جیهان تەزوو بەخش،

بە قەد هەموو پانتایی زەریاش خوێاوی دەدامێ : تامێک بوو بۆ لەشی ئاو نەدیو.

تۆش لەوێ بووی :

ئەو پێیە وردیلانە وەک وردە ماسی رەنگ ترنجاو،

شینیی ئاسمانیان قووت دەداو

دەگەڕان لە تەرمی ئەستێرەی کەژراو،

لەو ئەستێرانەی کە دەمێکە

لە نێو باخچە هیشکەوە بووەکانی

ئاسمانەوە کەوتنە خوارێ و نوقمی حەوزاو بوون.

تۆش لەوێ بووی :

سمتماسی، قژفەریکە خەم، کەزی بەهارێ،

لە پایز جودا نەدەبوونەوە.

سکهەنارێ وەک حەژمەت شەقی دەبرد، پێدەکەنی.

پشت شیرازەکانی گەڵادار،

تا سنووری داروديوار خەیاڵی منی تێکدەشکاند.



هەواڵنامەی کتێب

**سمتماسی، واتە ئاهی ئاو، بووژانەوەی زاکیرەی کەفاو،**

**سمتماسی، واتەخەون و ژیانی هیشکایی.**

**تۆش لەوێ بووی :**

**گژوگیا رەش داگەڕاو بۆنی ڕێحانەیان دەکرد،**

**بەیاری نمەکیان ئاو دەدا،**

**تریفەی مانگێکی کڕێوە،**

**بریقەی بلوورینی لە شەختە هەڵدەگیرساند.**

**ماسی بوون دەڕژانە حەوزەکانی منەوە،**

**حەوزە فراوانەکان وەک حەوشەکانی دەمەو خۆرنشین**

**پاڵیان لە بەر ئارەزوو دەدایەوە.**

**کۆترێ دەیدایە شەققەی باڵ، سینەی جێدهێشتم،**

**تیترواسکێ بەرەو نارنجێتی کەل ئاوا دەبوو،**

**پاسارییەک مردارەوە بوو،**

**حاجیلەقلەقێ بە دەنووک دڵی دەدامەوە.**

**لە نێو کەرتەشاخ و کەرتە سەهۆڵ هاتمەوە ئاگا،**

**نیوەی لەشم غوباری پیرۆز و نیوەکەی ترم**

**وەکو خەیاڵی خۆڵی بەرەبەیان،**

**سەیری چاوە شکاوەکانی دەکرد.**

کتێبخانەی کتێب

تۆش لەوێ بووی :
مەمکەکانت باران،
بارانی هەتاو دەیانخواردمەوە،
لەشیان دەدامە بەر قامچی لەززەت،
لەسەر سکی بەرینم دەنووستن،
لەنێو بازووەکانمەوە بە تیلی چاو،
سەیری کاڵبوونەوەی رەنگ و
تەڕیێ دەنگ و
خەیاڵی ئاویان دەکرد.
چاوانت رێژنە فێنکایی بوون،
وەک باڵندەی باڵفراوان سێبەریان بۆ پەنجەرە دەکرد.
پەردەکان دادەرانەوە
گوڵە هیشکەکان پرووکانەوە
ئەو لاسکانەی کە سەوزییان تەنها لە خەو بینی بوو
دەگەشانەوە.
منیش لەوێ بووم :
باڵندەیەکی زەبەللاح،
باڵقورس و سپی،
تاڵی کلکم هەزار و یەک شەو،



هەواڵنامەی کتێب

شاپەڕی ڕاستم کلّپە،
شاپەڕی چەپم پاشماوەی خەون.
سینەم نەرم و ملیۆنەها گەندەمووی حەز،
ژێربالّەکانم فێنکیان دەبەخشییە گەردوون،
دونیا فراوان بۆ گڕگرتنم،
مانگ دوور دەکەوتەوە،
شەو چڕتر و ئەستوورتر و
هەنگاوی زەمەن قورستر و
ئەستێرەش سێوی خرچ دەکەوتنە خوارێ.

پانتایی پشتم شینایی،
قەرسێلێک نیوەی قاچی لە نێو سەهۆلّ
نیوەکەی دیکەی لە بەرەبەیانی بەهارا.
تەرزە دەباری لەشم خرمەی دەهات،
گەلّاکانم کرێوەیان دەلێستەوە،
سەرەتایەک بوو بۆ ئارامیی سەرماوسۆلّە.
تەرزە دەباری پشتم گۆرانی،
بە زمانێکی دی ئاوازی ژێر سەرینی دەدزی،
خەونە زڕەکانی دەبووژاندەوە.

ئارەزووە چرچولۆچەکانی نێو لێفەی دەهێنایە زمان،

خەمی بەرینی لبادی لێکدەدایەوە،

هاروهاجیی مەشکەی دەئاراماند،

دڵی گرێگرێی جاجمەکانی پڕ لە خەز دەکرد،

ڕەشماڵە پەرتوبڵاوەکانی گرت دەکردەوە،

فانۆزەکانی لە دەور هۆبەکان دادەگیرساند،

مناڵە چڵمنەکانی دەوری ریکی دەبینی

کاتێک بە غاردان لەناو پاراویی سروشت دەتوانەوە.

پشتم دەمێک بوو تەزرەی سەرشێتی وای نەبینی بوو،

دەمێک بوو قەسیدە بڵاچەی خۆی هێوڕ دەکردەوە،

پشتم لە دوێنێەوە دامێنی چیایە بۆ ئاوەدانی،

ئەشکەوتی تاریکیی حەزە بۆ داگیرسان،

شوێنێکە بۆ گڕگرتنی وشە، پەیڤی فەرامۆشکراو،

جایەکە بۆ لەززەت، ئاوایی لە سەریا باڵدەگرێ،

باڵندەی خەون دەدەنە شەققی نارنج.

خۆم سەر لە نوێ لەوێ بینییەوە:

لە ناو چەقی ئاوایی سەیری بێدەنگیم دەکرد و

گەرماییەک، گەرماییەکی هیشک و

هەواڵنامەی کتێب

**لە دوورەوەش غوبار، وەک گەردەلوولێکی پیرۆز**

**لەناو جەرگەی زەمینەوە بەرەو حەوا،**

**وەک سەدایەکی تر**

**ئاسمانی**

**بە**

**زەمین دەبەستەوە....**

ئیسپانیا ٩-١-٢٠٠١

هەواڵنامەی کتێب

# ئاسمانمان لەشەققەی باڵ بێزار کرد

**لە چی دەپرسی بپرسە، ئەم هەوایە هەند سووکە هەر لە خۆیەوە بەرزمان دەکاتەوە. ئەگەر ئەم نهێنییە لە گەورەترین شاعیریش بپرسی هەر دەڵێ نا، چونکە ئەو وەک غوباری حوجرەکانە، مینا زەڕڕەیەکە لە نێو دوو دێڕێ، وەکو بڵقە ئاوێکە تەنها زارۆڵان دەتوانن ببینن. چ سیحرێک دەوری لێداوین و چ قیامەتێکیش وا لە پشتمانەوەیە!**

**لەچی دەپرسی بپرسە، ئەمە تاقە ڕێگایەک بوو دەیبردینە بەر دەروازەکانی حەبەلوول، ئەمە تاقە هێڵێک بوو دەرژایە سەرمان، ئێمەش وەکو جاران لە نێو شەودا خۆمان ڕووت دەکردەوە. ریش سپیمان هەنار لەباوەش، چرای لە سەر شان، قژە هۆنراوەکەشی گەیشتبووە بەردەم کوانووەکانی زەردەشت، شای شاهان بوو، بۆیە ئاگر و ئاو لە بەر دەمی دەهاتنە چۆک.**

**نازانم لە کەییەوە، لە چ ڕچەیەکەوە، لە چ شەقێکی سەحەر، بە چاو هەڵگلۆفینەوە چاوە شینەکانم دەکردنەوە، قژم لە باڵکۆنەکانەوە بەرەلا دەکرد و سۆفییەکان دوا نوێژیان لە سەری دادەبەست، پڕیشکە غوبار دەکەوتنە نێو دەستیان و بە نووریان دەچواند. چ حەکایەتێکی میهرەبان بوو، سەدان جار دووپاتمان دەکردەوە هەر تێر ئاو نەدەبووین. نەهەنگ بووین، ماڵمان لە ناو ئاو و هەتاومان هەر ئاو، لەشکر و ئەسپەکانمان هەر**

**ئاو بوون. کەشتییەک چییە بەو ئاقارەوە دیار نەبوو، هەتا چاویش بڕی بکردبایە زاکیرەی کۆترێ بوو لەسەر شانمان. پیپیاح تاڵ بوو بۆنی دووریی! کاولبوون و هەڵوەشانەوە، بۆنی ترنجانە نێو یەک، شەقژنی ڕەحەتبوون بۆنێک بوو دەنووسایە بنمەڵاشووی درزە نهێنییەکانی کوونە کەپوومان. ترنجانە نێو یەکی توخمەکان : گوڵێک فەزای شەوی لێببووە جەهەننەم بۆیە لە گەڵ بەیانا سەری شەقی برد و بەردەم حەوشەمانی ئاڵ کرد.**

**تۆش نازانی لە کەییەوە، چ سڕێک لە ژێر سەرمان دایە، چ زاتێک لە شەقاری برینەکانمانا گوزەر دەکا، چ فرمێسکێ ماوە بیڕێژین، چ ئاهێک ماوە چیاکانی پێ بناسینەوە، چ هەیکەلێ ماوە بیدۆزینەوە، چ جەستەیەک هەتا هەتا ناکەوێتەوە بەر بینایمان.**

**ئێمە لە مێژایە بە غەڵبەغەڵب یەکتر دەناسینەوە، وەکو مێردمنداڵی لە بەرد دروستبوو سەیری یەکتر دەکەین، نامانەوێ نێو چاوی یەکتر ببینینەوە، نامانەوی ڕەحمەت و میهرەبانی دەروون کۆبکەینەوە. ماسوولکەکانمان شلوخاون، دەمار مردارەوە بوو، جەستە شەکەت و تیزابی لێوە دادەچۆڕێ.**

**ئای مەحببەت هەر هەڵنەهاتی! سەرمان هەڵگرت و ڕچەکانی ئازادی لە پێمان گیر دەبوو، سەرمان لە ژێر گڵ دەشاردەوە قەتارەیان دەبەست کاروانەکان، جەڕەیەکی کۆن و درزبوومان دەخستە سەر ئەستۆمان و بە**

كەوانەی كتێب

نێو مۆزەخانەکانا هەنگاومان دەنا. دەچووینە سەر شانۆ و شۆڕشمان دەکرد، لە ناو جەماوەر وەکو ڕچە ئاوێکی بێ بۆن لێژاییەکان قووتی دەداین. ئاسۆمان بە دان دەدڕی و شەقی دەبرد سەرتاپای پەردەکان : پەردەی گوێ، پەردەی کچانە، پەردەی شانۆ، پەردەی نهێنییەکان، دوا پەردەش کفنە زەرد هەڵگەڕاوەکان بوو، کەس کەس ناناسێتەوە!! جومجومەی شەق بردوو، ئێسقانی بازووی پڕ دەرزی و درز بردوو، قوولەقاپی بۆر هەڵگەڕاو، پەراسووە لە جێچووەکان، جومگە لە یەک ترازاوەکان، کاکلیلە پڕ قورقوشم و بە ئاسمانی مەڵاشووشەوە هەزاران باشووکە.

ئەم مێژووە درزی بردووە، لە هەزار لاوە خوێنی لێ دادەچۆڕێ : لە جۆبارێ خوێنەوە باڵندەی سپێ دەفڕن، لە جۆگەلە برینێ حەسرەتێ ئازاد دەبێ، لە شەقارە خەمێ نەغمەیەک بەرەڵایە، لە جەخارێ سترانێ باڵ دەگرێ....لە گەڵیانا هەر هەموو باڵدەگرین....

بەرەو دوا سنووری هەست، بەرەو دوا تنۆکی جورئەت، بەرەو پەردەی ئاسۆ و دەپرسین، لە شتە بێدەنگەکان، لە بەرجەستەکان، لە چاکەتە فلتەکان، لە جەمەدانییە خلتانییەکان، لە قەڵەمێ، لە پارچە شناسنامەیەک کە کەس دڵی پێی خۆش نەبوو، لە تەزبێحێ غرڕڕڕەی دەهات وەکو لاڵێ غرڕڕڕەی دەهات، لە پژدێنێکی بێ وێنە، لە دوا حەرفێ کە لە زارەوە دەرهاتبێ.

دەپرسین و دەپرسین و گوزەر دەکەین وەکو سایەقە. لە بەر ساباتی ناڵەیەک شینێک بۆ خۆ دەگێڕین. بەردیک تورە دەبێ، چنگە گیایەکی هیشکەوە بوو ناڕازییە، کەستەکێک غەمبار ئاگر بردوویەتییەوە...

تکایەک دەکەم :

نزایەک دەکەم :

رووی زارم دەکەمە دایکم و پێی دەڵێم : با بنیشینەوە، با لەم هەوارە بڵە بنیشینەوە، لێرە کەش و ئاووهەوا رەنگینە، هەموو شتێ چوقەرە دەکات لێرە، دایە توخوا با بنیشینەوە. خەونەکانت بۆ شیتەڵ دەکەم. تەفسیری زۆر هەڵدەگرن خەونەکانم. ئەمە بیست ساڵە دەترنجێنە لەشمەوە، لەش و بارمان قورس بووە و با بنیشینەوە، ئەم ئاقارە هەوای خۆشە. لێرووکانە کەپرەکان هەڵدەدینەوە ( دونیا هێشتا زۆری بەبەرەوە)، ئا لەم عاستە سەنگی هۆبەکانمان دەچەقێنین، دەبینی چۆن ئاو فیچقە دەکات، چۆن شینایی ئاسۆ و ئاسمان خڕ دەکاتەوە. دەبینی هەزار تەرحەگوڵ : یاسەمینی حیجازی، گوڵەهێندی پێ پڕ پەڕ، لالەعەباسی هاوسێمان، ئەشرەفی گوڵزار، شەوبۆی خوشکم، مێخەکی کەزیعەتر، گمەی جاترە، هێندەی دیکەش سەردانی حەوشەمان دەکەن.

ئەگەر لەم عاستە نەنیشینەوە قەد نانیشێنەوە. دەفڕین و دەفڕین، دایە ئەمن لەم فڕینە زۆر دەترسم، ئاسمانمان لە شەققەی باڵ بێزار کردووە، ئەستێران غەمگین تەماشامان دەکەن، ئەوە دە شەوە مانگ

هەواڵنامەی کتێب

هەڵنەهاتووە، هەتاوەکەی دراوسێمان سەفری کرد، دوورییەکان لێکترئاڵاون، کات هەراسانی لە بەر بڕاوە، شوێنیش بە تاقی تەنها هەناسەی دەوەستێ، دایە ئەگەر وا بڕوات ئاخیرەت بە پاژنەکانمانەوە دەلکێ. دەزانی ئەوەی ئاخیرەتیش بە پاژنەکانییەوە بلکێ جارێکی دیکە حەسانەوە نازانێ چییە!

هەر با تۆزێک لەم هەوارە گەرمە بنیشینەوە خەونەکانمت بۆ شیتەڵ کەم، راڤەی فرە هەڵدەگرن خەونەکانم...ئەم حەسارە دەمێکە بینایی هزری داگیر کردووم، هێشتا لە رەحمی تۆ نوتفەیەک بووم!

پێی دەچوو خەونی زارۆڵەیەکی بێ پەیام بوو بێت شیعرەکانم. دایکم گوێی لە ئێمە نە دەگرت. بۆیە ئیتر ئاگرمان لە قەراغی ئاسمان کردەوە، کوانووکانمان جۆش دا، پەیژە و ناردەوانەکانمان شوشت، ئاوێکی سازگار وەکو شاژنێ پێی دەهاتە خوارێ، دەمەو عەسرانیش، بەرامبەر بە کەل، گەلێ کائیناتی سەیر دەبوو بە مێوانمان : لە سەر سەکۆ شینەکان ئێوارەکانمان هەڵدەخست و جاجماکان بە قەراغ ئەبەدییەت دا هەڵدەواسی، لە بەڕەکانمانەوە گوڵ هەڵدەوەرین، لە لبادەکانمانەوە خەمێکی مۆر رچەی دەبەست و دەکەوتنە سەر ناسووتەکان. عەسران تا دەهات پانوپۆڕ دەبوو، دەکشان، بە هیچ شتێک نە دەپێوران، مەگەر بە دەنووکی حاجیلەقلەق نەبێت. لە قورگی مەغریبەکانیش دەیان هەتاو غلۆر دەبوونەوە و نە دەکەتنە خوارێ، شەپۆلیان دەدا ئەستێرە و هاژەی

دەهات پەیڤ....لە لێواری ئەفسوون بووخچەکانمان دانا، سنووقە بۆراق لە سەرەکانمان نە دەنیشتنەوە، باوکم دوعای لێکردبوو، شۆڕەبی لە لێوار شووقەلەتەکان هەڵدەزنان، گەرچکەکان بە رۆنی زەیتوون هەڵدایسان، بنمیچی ژووری نووستنیش لاپەڕەیەکی هیچ لێنەنووسراو بوو، تا لێی رابمایینایە شتی لە سەر دەنووسرا.

شەوانی درەنگ دەهاتنە خزمەتمان کائیناتی سەیر : هەندێکیان بە دەستێ فانۆز و بە دەستیکی دیش گوڵە عەنبەر...هەندێکیان کراسی تا ئاودامان نارنجیان لەبەر، هەندێکیان مێزەر مۆر و کەوا سەوز، هەندێکیان ریشیان گوڵە ئەشرەفیی گرتبوو، هەندێکیان هەتاو لەناو لەپیان دەنووست، هەندێکیان بە پێوە رادەوەستان سەریان لە خمی ئاسمانەکان هەڵدەکێشا و بە گیرفانەکانیشەوە کیخمە شۆڕ دەبووەوە، هەندێکیانمان دەناسییەوە، تەوێڵ رووناک، هەندێکیان خەڵکی شۆڕیجە، هەندێکیان خەڵکی زێویە، هەندێکیان ماڵیان لە ناوەندی خڕی خاسە، هەندێکیشیان بزەیەک لە ناو بیلبیلەی چاو و باوێشکیان دەدا...گەلێ شتی دیشمان بینی....

ماڵێکی غەریب بوو بۆ راهاتن، بزێو بوو بۆ سرەوتن، لاتەریک بۆ جێنشین، نزیکە دەستیش بۆ مانەوە!

دەیان ساڵ، بەڵکو پتریش لەو دەڤەرانە خەومان لێدەکەوت، هەر کەسەو بە گوێرەی خۆی لێکدانەوەی شک دەبرد. میزاجمان تێکدەچوو لەوەی کە نسبییەت دارکاری دەکردین.

**چۆن ئەم هەموو غەمە لە ناو بیلبیلەکانم جێی دەبێتەوە؟ شوێنی دیکەش نەما بۆ ئەسرین.**

**لە چی دەپرسی بپرسە. هەمووی دروستە. سنوور بە سورگی سڕایەوە و هەموو لە حەوزێکی هیشکەوە بوو کۆ دەبینەوە. خەریکە گومان کوێرایمان دابهێنێ، وەختە عەقڵ مێشکمان وەکو نارنجۆک هەپڕوون بە هەپڕوون کات، وەختە گوێچکەکانی دڵمان کرێوە بیسووتێنێ و هیشکەوەبن. وەختە و وەختە. سەفەرەکانیش کۆتاییان نایەت. دەبێ کراسێ لە ئاسمان بدروین بۆ ئافراندن. تۆ دەمت ئاراستەی چی دەکەی؟ لە چی دەپرسێ بپرسە.**

ئیسپانیا -٦-٣-٢٠٠٣

هەوالنامەی کتێب

# خشۆکێ

هەواڵنامەی کتێب

**پاش ئەوەی بە پێدزە لە لۆچی کتێبەکانەوە خۆم ئاودیوی باخچەکە کرد، کەس نەیزانی ئەوە منم. هەراشتر بووم و بازووەکانم چوست، دەنگیشم خۆش، ویستم گۆرانی بۆ مارمێلکە بڵێم. وەکو لاسکە گیایەک سەرەتایی و ون بووم.**

**گەلێک ساڵ لە مەملەکەتی تەپوتۆز دا گوڵێکی رەشم بە دەستەوە، گوڵێکی گەورە، دەتوت مانگە لە کۆشم. دەتوت مانگە جێی سکی گرتوومەتەوە، لە نێو شەقی سووربباوی ئارەزوو هەڵدەهاتم. ئاوم دەڕشت، تۆوم دەچاند، بۆنوبەرامەم دەفرۆشت.**

تەپوتۆز بوو برا گەورەکەم، هەراسانی لە دایکم هەڵگرتبوو، لە هەموو قوژبنێ ملە باریکە رووتەکەی دەردەخست. زمانی پێ نیشان دەداین، چاوی لێ سوور دەکردینەوە، دەنووست. خەونی دەبینی گەردەلوولە، شیوە سوورەکانی کردۆتە پاپەندی خۆی، پەنجەرەی خەونی لێ دەکردمەوەو دەبووە خانەخوێم. پێکڕا دەمانکردە چەقەچەق لە مەڕ فەلسەفەی جەدەلەوە : ئەو جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئاو رەحمی بوونە منیش دموت تەپوتۆزە.

قەدەرێک لە هانبانەکەی ئەودا خەون دەیبردمەوە. شەفەقم لێ هەڵدەهات، قەبرغەم بە تاڵیشک بریندار دەبوو، هەر دوو چنگم لە غەمی روەکی ئاویی گیر دەبوون، دەبوومەوە خشۆک. قەدەرێک دەنووستم، گیا تاڵەکان خەونیان پێوە دەبینیم.

نەمدەزانی چی لە خۆ کەم؟ بێزار بووم لە کەوڵی خۆم. دەمویست بە قەرزیش بێت، شەوێک، دوو شەو، هەفتەیەک لە جەستەم دوور کەومەوە، بە سەر سک دەخشام، چەندین شەو لە پەنای دارخورماکە خۆم فەرامۆش کرد، هاوسەرەکەم هات و دۆزیمییەوە و بانگی کردم :

– دە هەڵسە وا دەیەم هەتاو هەڵات، چەندین ئەستێرە بەربوونەوە، چەندین حەوز لە ئاسمان شەقیان برد، چەندین مەملەکەتی تەپوتۆز دەروازەیان لەسەر پشتە!

منیش بە ئاستەم مەودای لەشی خۆمم دەدۆزییەوە، سەیری قامکەکانم

دەکرد، لە ملی ئاسۆ گیر بوونە، نینۆکی پێم لە قەراغ کەشکۆڵی شاعیرێ، پەراسووی چەپم بە بێ روخسەت ئاوی دیجلەی دەخواردەوە، قژە قەرەجییەکەم هۆنراوە، درێژ، هەڵگژابووە سەر کۆلێک، خۆی تەڕ دەکرد. خۆم نە دەناسییەوە. جارێکی دیش گوێم لە دەنگێ بوو، وا بزانم دەنگی براکەم بوو، زایەڵەی دەدایەوە و هاواری دەکرد :

– هەڵسە برام. کەل نەما هەتاوی لێ هەڵنەیەت!

ئەمجارەیان لە قەراغ جۆگەلەیەک کرۆشکم دابوو، خۆم لە لیتەی حەرفێ وەرت دەدا، سێ بەشی جەستەم هیشک ببووەوە، بەشەکەی دیش قەوزەی هەڵهێنابوو، دەتوت تازە دروستکراوم. هەر بە وڵەم دەکرد، هێز و وزەم دەدایە خۆم. چەندێ بێ هزر، چەندێ بێ ئاواز، چەندێ بێ هێز. رۆحم داهێزراو، لەشم بۆنی قوڕی لێوە دەهات، فەریکە ڕەوک پشتمیان سەوزاند.

هەموو جێیان هێشتم. لە سەر سک دەگەڕامەوە مەملەکەتی غوبار. دەمویست بچمەوە نێو رۆحی گەردەلوول، بەڵکو خەونی براکەم بێت.

ئای بۆ ئەم لێقەومانە!!!

ئای بۆ ئەم گوڵەی کە شکۆفە دەکات

لەبەر دەروازەی ئەم ئاخرزەمانە!

ئای بۆ ئەم کانییەی کە ئاوی کولاوی لێ هەڵدەقوڵێ

خوڕەی دێ بە تەنیشتمانە!

چۆن بگەڕێمەوە؟

بگەڕێمەوە کوێ؟

نە بۆنی هەنبانە دێ، نە بۆنی خەونێ،

نە بۆنی برایەکی شیرین

دێت و دەستم بگرێ...

من تەنها هەر بە قەدەر روەکێ هەناسە دەدەم

تەنها هەر بە قەدەر دەنکە خۆڵێ ورەم هەیە

تەنها لە پانتایی خەونا پیاسە دەکەم

لەشم لە دەست داوە.

رەنگە، پەپوولەیەک بم باڵ هەڵکرووزاو

هەنارێکی شەقبردوو بم

بەرامبەر هەتاو.

رەنگە تەنها هەر حەرفێ بم

لە قورگی لاڵێ.

ئاماژەیەک بم

لە ئاسۆی کوێرێ.

دەنگێکی تاساو بم

بە باریکی برژێمە رچەی

گوێیەکی بنبەستەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ڕەنگە تەپوتۆزێک بم

بیر لە گەردەلوول بکاتەوە،

بیر لە خەونێ،

شەوقێ، درزێ،

شەقێ بخاتە ڕۆحی بەردەوە.

ڕەنگە، ڕەنگە

ڕەنگە تەنها هەر عەدەمێک بم

ترنجابێتمە شەقی خەونێ.

ڕەنگە تەنها هەر یەئسێک بم

ناوەندی سەدە دەسنیشان کات.

ڕەنگە شیعرێکی نە نووسراوی ژێر

نووکی هەیبەتی هەرزەکارێک بم

ڕەنگە تەڕایی نێو مەمکۆڵەی بەر سێبەران بم

ڕەنگە حەزێکی ئاوینی لێوێک بم

ڕەنگە ڕەشایی وشەیەک بم

وەکو کێویی شاڵاو بەرەو کاغەز بەرم.

ڕەنگە ڕەنگە...

بەڵام لە هەققەت دا تەنها هەر خشۆکێکم

تاساو تاساو

هەواڵنامەی کتێب

**تینوو تینوو**

**لەسەر سک دەمەوێ بگەڕێمەوە نێو گەردەلوول.**

**چ گەردێ دەمگڕێتە خۆی؟**

**لە سێبەری چ پەیڤێ**

**دەتوانم بحەوێمەوە؟**

ئیسپانیا١٦-٧-٢٠٠٢

هەواڵنامەی کتێب

# ئەویان مرد

دێتەوە یادم چنگێ خۆڵ بووم، هەر تەنها چنگێ خۆڵ بووم لە لێرەوارەکانی ئاواز دا پەڕپەڕەکانی خەزانم دەنووشتاندەوە. هێزێکی زۆرم شک دەبرد، وزە بوون لە لەشمەوە دادەچۆڕین، هێمای شینایی بوو تا ژێر نینۆکەکانم، تا قوولەقاپم، تا گەردنی زەردم، هەر هەمووم، تێکڕایی بەدەنم، نەخشەی لەشم، تا دوا تنۆک ئاسۆی هزرم، هەر هەمووم نغرۆی رەنگ و ئاواز و سەدای دونیایەکی دی دەبوو.

زۆر باش دێنەوە یادم، تێکڕای وردەکارییەکان : ئەو چلچرایەی کە لە هەیوانی گەردوون هەڵواسرابوو، مشتێ ئەستێرەی تۆقیو تێکەڵی جوێبارێ بوون، زایەڵەیەک بوو لە شارانەوە دوکەڵاوی، تەماوی، مژ بە

**پاژنەکانییەوە لکابوو، دەگەیشتە بەر سنووری حەوشەکەم. هێشوە زەنگوڵی سەراب بوون، لە گوڵەگەنماکانەوە بەر دەبوونەوە، شا** مێرووستان بوو بە حیکمەتی هەرەوەزیی لە نێو دوو **هێڵی شەمەنەفەر مەملەکەتی خۆیان ساز دەکرد.**

**سەرگەردان بووم، وەکو پرێشکە ئاوێ. روخساری فەرمانبەرەکانی میترۆ، قەرەجێکی رۆمانی هێشتا پەشتەماڵی خەو دەنگی داپۆشیبوو، پەناهەندەیەکی ئەفغانی لەنێوان "باربێس" و "لێ ئاڵ"، هەر هەموو ویژدانی لە کووچەکانی قەندەهار. منیش سەرگەردان. ئاوڕ لە ئاوارەیی دەدەمەوە، گوێم لەدەمەتەقێی نەزۆکی رۆشنبیرانە، لەپێوەرێ دەگەڕێن تا چەوەکانی کانی لای خۆمانی پێ بژمێرن.**

**ئاوڕ دەدەمەوە: تا سنووری دونیا دووکەڵە، رەز و بیابان و جۆگەلە و کانیاوی قووت داوە. دەڕوانم و رادەبوورم، لە روخساری مناڵانەی ئێوە، لە بەژنی چەماوەی کۆڵوانە، لە بەرانپیلی رەنگ پەڕیوی ئەو دیو.**

**تۆ کێی ئەی پەناهەندەی هەتاهەتا؟ ئەی تراوێلکەی ئەبەدی. ئەو میوانەی لە درەختەکەی تۆوە دەکەونە کۆشمان، زرکن، تاڵن، کرچن وەکو گوژاڵک، ئەی تەمەنی پێنەگەیوو. چ دەڵێی دەربارەی دونیا؟**

**کەواتە گوێ بگرن :**

## حەوت پێوانەبۆ زایەڵەکی نوێ

١

سەمای باران دایدەپۆشیم

تاریکتر لە چرای ئێواران

راپەڕیو لە کۆشی گزنگ

٢

حیکمەتی خەون راڤەی دەکردم

کڵافەی شەو تێمدەئاڵا

لە ناو دێمی ئاواز گوزەشتم

پێم لە سەروا گیر دەبوو

خەوانامەی کتێب

٣

**تا قووله‌قاپم جووینه‌وه‌یه**

**وشه به مه‌ڵاشووی په‌یڤه‌وه جیّده‌هیّڵم**

٤

**رووباریّکم قوڕاوی**

**جۆگه‌له‌یه‌کی چاوقرِژاڵم**

**به دوو باڵی پته‌وه‌وه**

**غه‌می گوڵه‌گه‌نم ده‌ماڵم**

٥

**هه‌موو هه‌ر وڕینه‌ن ئه‌م وشانه**

**وڕینه‌ی دوای وڕیّنه‌ن**

**پاشماوه‌ن له‌زاکیره‌ی ویّنه**

٦

**ناتوانم وه‌کو تۆ ژیر بم**

**کاتیّک فه‌رهه‌نگه‌که‌م ده‌که‌مه‌وه**

**منن وشه و وشه‌ش منن**

**کیّ کیّ ژیرکاته‌وه؟**

٧

**شۆڕشی نویّ**

**هی راسته‌قینه**

هەوالنامەی کتێب

**لە وشەدایە**

**نەک لەم پاینە**

٨

**شۆرشی کۆن**

**بایەکە ئاش دەماڵێ**

**شاباش لە ئاشی بەتاڵ**

## چیرۆکی نەهەنگ

**لە ئەشکەوتی سوێراوەوە تا ناو شەپۆلە تاریکەکانی زاکیرە، لە قووڵایی ئاوی رەش و لە کۆڵانە پێچیدەکانی شەوەزەنگەوە تاکو ئێرە هاتووم. من لە دامێنی ئۆقیانووسە سەرشێتەکانی باکوورەوە، لەناو جەنگەڵە کەسکە-تاریکەکانی ئەمازۆنەوە هاتووم. لەشم رەشە وەک قوڕولیتە. پێستم لینجە و تەنها ئاوە مەملەکەتی من.**

## چیرۆکی باڵندە

**من بەچکەی بام. لە رەحمی باوە کەوتمە ناو باوەشی هەواوە. تا بەرزبمەوە، ئێسقانەکانم پڕ گڕ دەبن، لەشم دەبێتە ئاواز، رۆحم پەروازە.**

## چیرۆکی کیسەڵ

**مـن بـاوکی یـادەوەری و یـادەوەری گـشت دایکـانم. لـەشـم بارسـتایی** ئێوەیە، تا خێراتر بەرەو ترۆپکی عەدەم بچن، من هەندە **لە سەرخۆ بە لێژاییەکانی بوونا، پارێزگاری ڕەوتی ئاو و شیرازەی زەمەن دەهۆنمەوە.**

## چیرۆکی شیعر

**من هـەزار و یـەک ڕەگـم هـەیـە. ڕەگـێ وا لـە نێـو لینگـی شـەهـوەتایـە، یەکێکی دی وا لە دۆڵە تەڕەکانی بەهەشتایە، ئەوەی تر لە دەروازە وازەکانی دۆزەخایە. مشتێ ڕەگم وا لە مشتی ئێوەدایە، مشتێکی دی وا لە ناو ئینجانەکانی ئاسمانایە.**

هەوالنامەی کتێب

## ئێرۆتیکای وشە

**ئاو دەزێتە هەموو درزێکەوە**

**کاتێک شەو بۆنی دەکات**

**شەمامەی بۆندار پێدەگات/**

**لەم دالانەی وەک خشۆکێک**

**بۆنی تیشک رامدەکێشێ**

**بۆنی ئاوی تاریک دەکەم**

گوێ بۆ لەشی ئاواز هەڵدەخەم/

ئەم زستانە لە نێوان دوو گابەردا نووستم
نووستن نەبوو سڕ بوو هەموو لەشم
یەکەم جریوەی ئەستێرە بوو
یەکەم دەزووڵە ئاوی شیرین
یەکەم گەرمایی بوون بوو
ترنجایە لەشمەوە/

وەکو مارمێلکە باریک و لووس و چاپووک
بۆنی پووشوپەڵاشم دەکرد
لە پەنجەرەی ئاهەنگەوە تەماشای
رووناکی لەشم دەکرد/

پەرچەم بوو، بۆندار تا سنووری کانی
چەو بوون: تریفەبوون : شێدار
تاکو شەو بە گزنگێ شەق دەبوو/

ناوڵەپی گیا، لەسەر پشتی خەونێ دەبینی

نەوازشی تەم بوو لە بنارا

نەوازشی دەنگ بوو لە شارا

ناوڵەپی گیا، تەڕایی بوو لە سەر پشتێ/

شەهوتی درەختێ بوو، شەکەتیی کانییەک

گەڵای زەردی خەزان، دەبارییە ناو دارستان

هەنگ بوو بە بەنگی گیا،

لەززەتی دەدایە دونیا/

شیلەی هەڵووژە مێروولە دەیلێسییەوە

بایەکی دێوانە هێوڕ بووەوە لەو هەیوانە/

رستێ قسەی رەحەتبووم بینی

وەکو قاقلەجنۆکە، ئەریەل لە سەر

دەزووڵە تەڕایی بوون رادەبوورین/

هەواڵنامەی کتێب

پەپوولەیەکی مەستم بینی

لە سەر گوڵەمێخەکێک بوورایەوە/

شەوم بینی

بۆنی شەوی دەکرد،

شەوم بینی  پەرچەمی ئاڵاندبووە

قەد زەنگوڵە بۆڵێکی پاراو

گوڵە دارهەرمێیەک، مێشێکی راو دەکرد/

هەواڵنامەی کتێب

پاشماوەی دەنگێک بوو،

بە قەد لاسکە گیایەک چۆڕەی دەهات

موچرکێک بوو لە رەگ گیر دەبوو/

توترکم بینی تۆڕە

پڕ لەشی زیپکە بوون

حەزێک بوو، لەززەتێک

جەخاری دەخواردەوە/

# مەرگی شتە بچووکەکان

## کاغەز

**هەڵدەکا گەردەلوولی سیا،**

**لە مەرەکەب هەڵکێشراو**

**تەڕ دەکا پەرچەم و زولفی کاغەزی عەنبەرین**

**رادەخا بۆ دوا پەیڤێ خەرەندی شەوین**

هەواڵنامەی کتێب

## کات

**قەد هەندە پەدیدەئامێز نییە شەوی خەنجەر ئاسا**

**تا چاو بڕ دەکات دەبریسکێتەوە، تیژ**

**دەبڕێ ناو قەدی با**

**تاکو ناو قوڕگی سپێدە شۆڕ دەبێتەوە**

## ژن

**لەشێ، لە شێ**

**تەڕ و بۆندار وەک خەو**

**لەشێ، لە شەو**

**بەرەو ناولەپ دەخشێ**

**دەکشێ وەک شەو**

**لە ناو ڕەحمی تاریکی دەچرووسکێتەوە**

کەوانامەی کتێب

## گوڵ

**تەزرە زرڕەی دێ، خوڕڕەی دێ**

**خرمەی دێ و بەهاژە**

**شەپۆلی بۆندار دەڕەوێتەوە**

## چیا

**دوڕدونگ کاتێک وەک مێروولە**

**دەڕوانێتە چیا، بە تەنیا**

هەر بایە دۆڵ شەق دەکات

هەر ئاوە دەبریسکێتەوە وەک پەپوولە

## خەونەکان

دەمێک بوو بەڕێوە بووم، لە وادیلکبیر رەگدانەوەی کاتێدرالەکەم بینی، لەناو قەدی منارەکەیەوە، مزگەوت بوو. سەد و پەنجا دارخورماش، لە بەرزایی دە مەترەوە، سەوزانە شەقییان بردبوو. لە قەبرغەکانیشیانەوە دارپرتەقاڵ دڵۆپە هەتاویان گرتبوو. پێکەنینی کچە قەرەجێ روونتر بوو لە حەوزەکە، گمەی کۆتریش حەوشی بۆندار دەکرد.

هەتاو بەتەواوی سووتاندبوومی، لەناو پریاسکەکەمیش تەنها هەر پەڕەمووچێ، هیشکەوەببوو. پەڕەمووچی قورینگ بوو، پڕ هەگبەکانی لەفڕین دەکردین. قافڵەکەمان سووک سووک، بە لەنجە و نەتری حووشتر پێشدەکەوت. ئێواران سارا وەکو زوقمی لێدەهات، ئاسمانیش فراون و بێگەرد وەکو ئاوێنەیەکی سارد، هەرکەسەو ئەستێرەی خۆی تیا دەژمارد. ئەستێرەکەی من دەمێک بوو لە ئاسۆوە هەڵاتبوو، کلکدار و دەجریوایەوە. فاڵچییەکەمان یەک بە یەک بەختی بۆ دەخوێندینەوە. بە حوشترەوانی وت :" تۆ دەگەیتە جێ و ژنی دووەم دەهێنی و تانجییەکی تازەتان دبێ و بیرێکی قووڵیش لەحەوشەتان لێدەدرێت و هەموو باخچەتان پڕ رووناکی و عەتر دەکات!" سەیری ئاسۆی کرد و تەوێڵی من

**کرده نیشانەو فەرمووی :" ئەتۆش تووشی پەرکەمی ئاسۆ دەبی، تاکو هەڵهاتنی مانگی تازەش هەرچی خەوێک ببینی، دێتەدی! ئەگەر هات و کۆترێکی شینیش لەسەر شانت نیشتەوە، ئەوە بەرەکەتی دەکەوێتە خونچەتان. ئەگەر هات و تووشی سەفەر هاتی، ئەوە پێیەکانت چرۆ دەکەن و دەستەکانت چووقەرە!".**

**ترسێکی زۆرم لەسەر نیشت. ویستم هەر بە تەنها خۆم لە کاروان جیاکەمەوە، بگەڕێمەوە. هەرچەندەش چەند شەوێک بوو رەوە گورگێ نێچیریان دەست نەکەوتبوو، گورگە مێیەکەش لە رەو جیا ببووەوە. ترسێکی زۆرم لە سەر نیشت کە نەگەمەوە بەر حەوشەمان. بە سەر وشە و قافیەدا ساتمەم دەکرد و لە نیو دەریای لمین غلۆر دەبوومەوە. شارەزا نەبووم، ئەستێرەکانم بە تەواوی نەدەناسییەوەو لە پریاسکەکەمیش تەنها هەر پەڕەمووچی قوڕینگێ هەبوو، ئەویش هیشکەوە ببوو.**

**شەکەت بووم. لە ناو مێرگێک، دوو وشەو دوو شەو مامەوە. گەردەلوولی لم هەڵێکرد، نیوەی ئاسمانی کربووە پۆشمەیەکی خامەکی، رەهێڵەی لم بوو دەباری. ناوچەکان شی دەبوونەوە، گردەلۆکە دروست دەبوون، هی دیکەش دەسڕانەوە. عەرد وەکو ئاڵتوون زەرد سێبەری شەوین قووتی** دەدا.

**ماندوو بووم. قوڕگم وەکو ئەشکەوتێک نە رووناکی لێوە دیار نە زایەڵەی وشەیەک. لاشەی باڵندەی تۆپیو، لە دەمی لاشەخورەکانەوە دەکەوتنە راست و چەپم. لوورەی رەوە گورگە برسییەکەش دەهات. ئەهاااااااا نێچیری خۆیان دەسکەوت...**

**قاچەکانم دوام نە دەکەوتن، لەشم وەکو قوڕقوشم قورس. سەرم وەکو پووش بەسەر هیچەوە ئۆقرەی نەدەگرت، خەیاڵم لە دەست دابوو، هێزێکی نهێنی رایدەوەشاندم!!!! نەمدەزانی سەفەر بەرەو ئاقارەکانی دونیا هەند ترسناکە. دەمویست بێمەوە ئاگا و تنۆک تنۆک ئاوی فێنک برژێنمە سەر لێوە چرچولۆچەکانم. دەوری دەم و لێوم تا سەرحەدی درەوشانەوە تامێسکە. ئاوێنەکەی ئاسمان نەیدەخوێنمەوە و ئەستێرە کلکدارەکەی ئاسۆش کلیان بڕی : وەکو کلۆ شەختەبەرەو هەتاهەتاییەکان غلۆر دەبووەوە. تووشی دوا گلکۆی خۆی بوو. کەی دەگەمەوە ناو حەوشەکەو قژم بە بۆنی پرتەقاڵ شانەدەکەم. دەست وەرت دەدەمە ناو حەوزەکەو سەیری سپێتی کۆترەکانی قورتوبە دەکەم؟ کەینێ دەگەمەوە بەر هەیوانەکان و لەسەر بەردرێژەکان دادەنیشم؟ چوارمشقیی تۆزقاڵێک دەحەسێمەوە؟**

**نەخێر...دەبوایە بە پێچەوانەی ئەستێرەکەم هەنگاو هەڵنێم و قەدەری خۆم بنووسمەوە. ئای ترس و سامناکی و تەنهایی! کەینێ لە کۆڵی خۆم دەبمەوە؟ کەینێ لەم شەوستانە دێمەوە ئاگا؟ ئای بۆ ئەم دەربەدەرییە**

**بێناونیشانە!**

کاتێک کەلاکەکەیان دۆزیمەوە، عەیامێک بوو هەواڵ گەیشتبووە حەسارەکەم و وتیان گوم بووەو گورگ وچەقەڵ خواردوێتی. وتیان کەوتۆتە بیرەکەی نێوان سەحرای گەورەو چیاکانی تیزی ئوزووەوە. وتیان لە دەشتاییەکانی لامانچا زمانیان لە بنا هەڵکێشاوە. وتیان لە نێوان چیای سەلێڤ و شارۆچکەی ئەنماس کەوتۆتە ژێر شەمەنەفەرەوە. وتیان بە تەنها لە توونێلەکەی مانشەوە کامیۆنێکی ئیتالی فلیقاندییەوە. وتیان دوو چەقۆیان کێشاوەتە نەخشی نێوچوانی و وەتەنداش کراوە. وتیان لە گەڵ دوو قاچاغچی لە کەندڕەکانی شیخ بزێنی دا رەق بۆتەوە. وتیان بە زێر و زیو گۆڕییانەوەو وتیان و وتیان!

لەهەققەت دا، لاشەکەم کەتبووە دەست بەربەرەکان. کەوتبووە دەست ئەو عەشیرەتانەی کە خوێن فڕ دەکەن و گۆرانی بە دەوری ئاگرا دەچڕن و هووووووو.....هاهاهاها دەخوولێنەوە. پێستەکەیان داماڵی بووم، شانوپیلیان کووتا بووم، ماسکیان دابومێ و تەورداسێکی دەم تیژیش بۆ ئەوەی پاسەوانی شەویان بۆ بکەم. چەندین ساڵ نەمدەزانی باووباپیرم لە چ قوڕێک درست کرابوون. چ ئاوێکە سەرچاوەکەی نەنکم، چ گەڵایەک بوو رۆحی میمکم، چ رەنگێک بوو تەمەکانی سەر شانی خوشکم، چ بۆنێکی هەبوو گۆپتەپە، چ باڵایەکی هەبوو قەرەسالم، چ دەردێک هەراسانی لە ئۆمەرمەندان گرتبوو، چ شینایەک بوو بیبانی، چ زەمینێ

بوو قادرزەمە، چ تارایەک بوو باڵەکانی قەڵا!!!

چەند بوون غوباری ئایەت لە شیوەسوورەوە تا پردەکەی تەبەقچەلی، چ خاکێکم هەیەتا پەیڤەکانمی تیا بوەشێنم. بارانێکی پەرکەم گرتوو کتێبخانەکەم بشواتەوە. لاپەڕەکانم پەڵەیان دابێ و لەنێو دێڕەکانیشەوە رێواسی بێهوودەیی سەردەدێنێ!!!

ئەو مرد. ئەمری خوای کرد. لەگەڵ سێبەری جەنگەڵا توایەوە. لەگەڵ دوا خوڕەی ئاوا ئاوا بوو، لەگەڵ دوا تیشکی خۆرنشین کەل خواردییەوە.

ئەو مرد.

ئەمە دۆناودۆنی رۆحی منە. خەونم بە گوێزان شەق کرد. ماسکم بە ئارەزوو لەتلەت کرد. چەندین شەو خۆم دایە دەستی دایکی میهرەبانی سروشتەوە. لە نێو لۆچی قوورولیتەکانی نووستم، خوڕەی ئاو لەشمی بوژاندەوە، لە درزی شینایییەوە چاوم تروکاند، چاوم تروکاند و رێگاکانم ناسییەوە. رێگایەک دەیبردمەوە بیابان، رێگایەک دەیبردمە قەراغەکانی ئاسمان، یەکێکی دی دەیبردمە ژێر سپیدارەکانی خەیاڵ. شارێیەکیش بردمییە بەر هەیوانەکانی زمان.

بوو بە مشتومڕ.

مشتومڕی شاعیرانی ژێر سێبەری مەملەکەت: ئەوانەی رمی دەستیان دارەو پاشکۆی وشەیان غوبارە. مشتومڕی دونیایەکی چکۆڵانە وەک

هەواڵنامەی کتێب

**باوەشی عەشیرەت. بچووکتر لە گۆڕەپانی خورشیدییەک. ئەوانەی کرنۆش بۆ پەیڤی دەستەمۆکراو دەبەن. ئەوانەی لات و هوبەلی هۆز دەلێسنەوە.**

**ئەوانەی نەچنە سەر سەکۆ دیار نین.**

**ماڵئاوا ئەی برادەران،**

**ئەوەی ئێمەی لە یەک نزیک دەکردەوە**

**ئەندێشەی دوارۆژ بوو.**

**ئێستاش " هەر کەسەو بە گوێرەی چەکی خۆیً"**

**ماڵئاوا،**

**با لە تەنهایی نەترسین**

**هەر ئەوە مەملەکەتی راستەقینە!**

ئیسپانیا ٢١-٦-٢٠٠٢

هەواڵنامەی کتێب

# چناریٚ له تەپوتۆز

دەمێکە دەمەویٚ بە باڵای تەپوتۆزی وڵاتەکەم دا هەڵدەم، ئەو وڵاتەی تا لێوی غەرقی غوبارە. تەپوتۆز مێردی هەمووانە،

لەسەر بالیف و دۆشەک و دووگرد، لەسەر زوڵف و پەرچەم و کاکۆڵ، لەسەر کەل و گرد و نێوەرۆکان. تەپوتۆز دەرژێتە لوولەی خوێن و شادەمار و دەگەڕیٚ، وەکو شەو و سەردەکەوێتە سەر جەستەمان.

قارەمانەکانمان وەک پووش هەڵدەگەڕێن بە باڵای غوبارا، سەردەکەون بە قەڵغانی کارتۆنەوە، قاقا دەدەنە قاقا و تێدەپەڕن. ئامۆزا و خورازامانن، بەڵام کەڵەگەت وەک چناری غوبار.

دەمێکە دەمویست قەسیدەیەک بکەمە قردێلە و لە بسکی غوباری دەم.

دەمێکە ئەم وشە تۆپوتۆزاوییانە دەلکێنە عەقڵمەوە و ئاوا دەبم و دەلەرێمەوە وەک وەهمیٚ لە ناو رەحمی غوبار. دەمێکە دڵم لە ترپە

کەوتووە و وەک خشۆکی لە ڕێگاکان دەئاڵێ و ناگاتە لێواری قەسیدە.

ئەو ڕۆژەم باش دێتەوە یاد کە سەرم تۆپەڵێ کەستەک بوو و لەشم پەیکەرێ لە نمەک، باش دێتەوە یادم لە ڕێخۆڵەی خەونەوە دەریان هێنابووم و دەگریام، دەنووزامەوە لە بەردەم دەروازە شینەکان، هەموو لەشم پینەی وشە بوو، هەموو جەستەم ختمی نەمان. دێتەوە یادم. نازانم بە دیققەت کەی بوو، بەڵام هەست دەکەم دوێنێ بوو، هەست دەکەم ئەمڕۆ بوو، هەست دەکەم سبەینێ بوو.

هەست دەکەم هەموویان بەسەر سەکۆکانا هەڵدەگژێن و دەشیرێنن و درۆ دەکەن. درۆ لەگەڵ گوڵ دەکەن، بە ریشی گیادا پێدەکەنن، ئابڕووی جۆگەلە دەبەن و پەردەی بووکێنی قەرات دەدەنە بەر خەنجەر.

تک...تک...تک....خوێن لە باڵای غوبارەوە دادەچۆڕێ و دەکەوێتە سەر ویژدانم....

دەبینم بەرەو رووم دێن... چەکوتفاقیان دوکەڵە، ئەسپەکانیان خۆڵ، تەنها ددانەکانیان دەدرەوشێنەوە و سرکەیان لێوە دادەچۆڕێ....

بێزارم دەکەن و ڕادەبوورن و دەگەڕێنەوە نێو مەملەکەتی غوبار.

دەستی ئەملاوئەولا ماچ دەکەن و تورم هەڵدەدەن. فڕێم دەدەنەوە بەر توولە سەگی عەجەمان و وەکو جاران دەمدەنەوە دەست غولامی ڕۆم.

پەیامەکان لە نێو گەردەلوول دەئاڵۆزکێن و ناگەنە بەرکی سوڵتان..

دڵم بەوە خۆشە کە نەچوومە نێو کاروانەوە، نەچوومە نێو شایی غوبار و

هەڵپەرکێی لێژایی. دڵم بەوە خۆشە کە زۆر زوو لەسەر پشتی حوشترەکانیان دابەزیم و رووم کردە بیابان.

بیابان : مەبەستم سەرەتای شتەکانە. گۆرانییە سەرەتاییەکانی ئاوە، چرایەکە و کەوتۆتە دەست زارۆکێ.. بەڵام نیازی من سەرکەتن بوو و دەمویست وەکو لاولاو هەڵگژێم و چاوی بەنەوشەیم بخواتەوە لە بەرامی حەسرەتێکی لەبار چوو. دەمویست تۆزقاڵێ بێت بە ڕاستی بخۆمەوە لەم تاڵاییەی کە لە ئەزەلەوە بە مەڵاشوومەوە نووساوە. تاڵاییەک رۆ دەچێتە نێو رۆحم و ئۆقرە دەگرێ، پەپکە دەخواتەوە، دەبێتە گۆماوێک و تیایا دەخنکێم. دەکەومە سەر هەردوو لەپم و سەوڵ لێدەدەم دەگەمەوە قەراغی ئامان. تراوێلکەن دەلەرێنەوە لەبەر چاوم ئەم نێرە پیاوانەی کە ژنەکانیان ختم لەسنوقی بۆراقەکان حەشار دەدەن و لە کوونی دەرگاکانەوە سەیری ناولینگی شەفەق دەکەن.

دەمێکە لەم بیابانە کەوتووم و وەکو پاشایەک پاشایەتی مەملەکەتی غوبار دەکەم. شەوان پێش نووستن دەست بۆ تاجەکەم دەبەم و لە سەر دایدەماڵم و لە نێو پەنجەکانم چوڕەی دێت و دەگەڕێتەوە باوەشی ساراستان.

منیش دەدەمە قاقا و دامێنی کراسە سپییەکەم دەگرم و دەدەمە غار...وەکو تیرێ لەکەوان هەڵهاتبێ، وەکو رۆشناییەک لە ئەستێرەیەکەوە کەوتبێ، وەکو زەڕڕەیەک کەوتبێتە نێو ددانەکانی غوبارەوە، وەک پیتێ

لە نووکی زمانی شاعیرێکەوە حەپس بووبێت و سیحرێ ئازادی کردبێ، وەکو پرێشکێک هەموو لە بەری هەڵبێن، وکو پزیسکێ لەبەر پەنجەرەکان بگیرسێتەوە، وەکو تۆپەڵە گرێ نەورۆزەکانی لێ ون بووبێت و لە گێژاوی ساڵنامەکانا بخوولێتەوە، وەکو ئازادییەک لە قورگی گورگێ راپسکێنرابێت و کەوتبێتە قورگی ئەژدیهاوە، وەکو...وەکو هەزاران شتی دیکەی سەربەست...

دایە من لەم ئازادییە دەترسم کە جاڕی بۆ لێدەدەن، دەترسم لەو سنوورانەی ئەنگووستەکانم دەگووشن، دەترسم لەو هەموو تەپۆڵکەیەی دەوری گوندەکەی داوین، دەترسم لەو پژدێنانەی تا دێن بەرەو گەردنم شۆڕ دەبنەوە، دەترسم لەوێنەکەی خۆم....

– کوڕم ئەمە وێنەی تۆ نییە. وێنەی تۆ ڕەشە ناگێڕێتەوە، سفتە ناکەوێتە بەر کەڵبە، کاڵە کاڵ نابێتەوە.

دەمێکە دەمەوێ بە باڵای تەپوتۆزی وڵاتەکەم هەڵدەم، ئەو وڵاتەی تا لێوی غەرقی غوبارە. تەپوتۆز مێردی هەمووانە، لەسەر بالیف و دۆشەک و دووگرد، لەسەر زوڵف و پەرچەم و کاکۆڵ، لەسەر کەل و گرد و نێوەرۆکان. تەپوتۆز دەرژێتە لوولەی خوێن و شادەمار و دەگەڕێ وەکو شەو و سەردەکەێتە سەر جەستەمان.

لەخەو هەڵدەستین گڕڕە دەستمان ماچ دەکات و کرنۆش بۆ هیچ دەبەین. شەپۆلێ بێمانایی بە بەردەم ماڵمانا تێدەپەڕێ، قەتارێ شت دێنە سەر

ستارەکانمان و کرۆشک دەدەن. چەرچەفەکانمان بە زەحمەت لەسەر روخسارە لمینەکانمان دادەماڵین و بە ناردەوانە گەچینەکانا وەک تارمایی شۆڕدەبینەوە. شایستەترین چاوگ لەزمانی باوانمەوە بۆمان جێ مابێ : شۆڕبوونەوەیە!

گەورە و بچووک، ژن و پیرەژن، ساوا و هەرزەکار، گەنج و شەهوانی، خەواڵوو و نەزۆک، عاقڵ و مێشک گندۆرە، ئازا و ترسنۆک، بارگیر و کەرێکی رێک، چێڵ و گوێرەکە، تفەنگ لەشان و چەککراو، نارنجۆک لەپشت و پژدێن خاو، شەڕکەری نەبەز و نەبەزی رووخاو، شاعیری تەنەکە و خەوخۆشی پەرۆش، بریندار و غەمگین، غەریب و حەزین، پشکۆ و ناڵە، جگەرسووتاو و بێجەرگ، ماڵوێران و ئاوارە، بێ ئەسەر و شاسوار، بێ کەس و خاوەن خێڵ، نامۆ و تەنها و بێ چارە، پەتیار و سۆزانی بە سۆز، بێ ئەمەک و نمەکحەرام، بەدمەست و بێ هۆش و غەمبار و سیامەست، سیاچەمانەو ئەوانی دیش...هەموو...هەر هەموو لەخەو هەڵدەستین و بە ناردەوانە گەچینەکانا شۆڕدەبینەوە و ییییییخ لێی پاڵ دەدینەوە، لەپاڵ بالیف و لەتەنیشت لباد، لە دەوری مێز و لە تەنیشت سۆپە، لەسەر مافوور و لەدەور سفرە. پاااااڵدەدەینەوە...کڵاوەکانمان وەکو رۆح لە تەنیشتمان دادەنێن و چاومان دەبڕینە پەنجەرە و گوێ بۆ سەرۆکانمان رادەهێڵین، لە سەرۆکە شەرمنەکانمان، لە سەرۆکە زۆربلێکانمان، لەو سەرۆکانەی کە ئازادن و لەوانەی کە ئازاد نین. گوێ لە بەچکەی سەرۆک

و بەچکەی بەچکەکان رادهێڵین... تامێکی تاڵ بە مەلاشوومەوە نووساوە.

سەرۆکە خۆشەویستەکانمان، ئەوانەی شەرواڵەکانیان خوێنی هیشکەوە بووی پەراسوومی پێوەیە، ئەو سەرۆکانەی بە شەرمەوە سەیری بێگانە دەکەن و چاوم لێ سوور دەکەنەوە، ئەو سەرۆکانەی بەرگری لەجەللاد دەکەن و خوێنی گەشی کچەکەم دەخۆنەوە، ئەوانەی لە بەردەم ئاوێنە سەرنجی داهاتوویان دەدەن و رابردوو وەکو پینە بە سمتییانەوەیە.

سەرۆکە بچووکەکانمان قەد گەورە نابن، چونکە بە بچووکی لە دایک بوون. چونکە ئەم ئاوهەوایە بە تەواوی رۆ ناچێتە نێو ریشاڵی سینەیان، چونکە کاتێ بە تەنها لەسەر بالیفەکان پاڵێ لێ دەدەنەوەو خەونێکی سووک دەیانباتەوە، دەبنەوە بە غوبار و شی دەبنەوە.

هەمیشە هەر دانیشتوون، بە دانیشتووی لە دایک دەبن، بە دانیشتووی پیاسە دەکەن، بە دانیشتووی هەڵدێن، بە دانیشتووی شەڕ دەکەن، بە دانیشتووی دەستی دوژمنەکانمان ماچ دەکەن و دەستەکانی من دەبڕنەوە. بە دانیشتووی غار دەدەن، بە دانیشتووی تەوقە دەکەن و دەروازەکانیان هەمیشە لە سەر پشتە بۆ کاروانەکانی دونیا.....

حاشییەی ئەم پاشایانە مەراسیمەکان ئامادەدەکەن :

لە پەنجەرەکانەوە، لە دەروازەکانەوە، لە بڵنگۆکانەوە حەشاماتی سەرۆک دەشیرێنن و چاومان لێ سوور دەکەنەوە. توێژ لەسەر توێژ لە بەر

**دەرگاکەمان غوبار کۆدەبێتەوە و وشە کەڵەکە دەبەستن، دەبنە گۆفەکی قسەو گەردەلوولی تەپوتۆز هەڵدەکاتەوە....**

**لەناو جەرگی زایەڵەوە دەنگێک بەرز دەبێتەوە :**

**– ئاوڕ دەنەوە، چ تەلارێک بوونمانی کۆ کردۆتەوە!**

**دەنگێکی دی لەدهاتووەوە دێت:**

**– چ غوبارێ دەوری عەقڵی داوین!**

ئیسپانیا ٢٠٠٥

هەواڵنامەی کتێب

هەوڵنامەی کتێب

# که دەگەڕێمەوە شەرم دامدەگرێ

پێشکەشە بە ڕێبوار سێوەیلی

هەوالنامەی کتێب

**هەمیشە کە دەگەڕێمەوە هەرێمەکەم، شەرمێکی کوشندە داگیرم دەکات، هەزارەها گرێکوێرە گەرووم دەسووتێنێ. لێم دەپرسن "بۆ قسە ناکەیت، بۆ دەم ناکەیتەوە، بۆ شتێک ناڵێیت : تۆی غەریب و ئاوارەی وڵاتان؟ بۆ شتێکمان بۆ ناگێڕیتەوە؟"**

**هەمیشە کە دەگەڕێمەوە سەر ئەو بستە خاکەی کە دۆست و دوژمن شەڕی تیا دەکا، شەرمێکی ئەزەلی، کوشندە وەک کابووسێکی سیا، وەک ئەختەبووتێکی لینج دەوری لەشم دەدا، قەدەرێک لەسەر تێراسێک، لە یەکێ لە قاوەخانەکان دادەنیشم و سەیری هاتوچۆکەران، سەیری رابردوو، سەیری داهاتوو، سەیری زەڕڕاتی غوبار دەکەم، لەشم سڕ دەبێت. هەست دەکەم بە هەققەت گرێکی سووتینەر لەژێر پێمەوە بەرە و**

**گەرووم بەرز دەبێتەوە!**

**شەرم دەکەم لەهەموو شتێ :**

**لە فۆتە لەسەرێ بە پڕتاو دوای سەموونێ کەوتووە!**

**لە منالێکی چڵمن بە گۆرانی وتنەوە پێڵاوەکانمان بۆیاغ دەکا!**

**لە مورادخانی لە بەرێ کە دەرزەنێ هێلکەی لە دەست دەکەوێ!**

**لە دەرۆزەکەرێ پینەی مێژوو تەوێڵی کرۆژتووە!**

**لە ژنێ کە لەوبەر ئافرەتە و لەمبەر پیلی دەگرن، بەزۆر مۆری پێ دەکەن!**

**لەو جلڕەشەی کە تا دێ جلیڕەشتر، داهاتووی رەشتر، رابردووی رەشتر لە ملێ ئێستا رەشەکەی گیر دەبێ!**

**لە شاعیرێ کە دەفتەرێکی سی لاپەڕەی لە ژێر هەنگڵ، وەسوەسەی دێڕێکی لەنگ پڕ چاوانی ئێشک کردووە!**

**لە بەڕێوەبەرێ لە سەر کوشنێکی نەرم سەدان ساڵە هەر دانیشتووە!**

**لە فەقێ شەرمنەکانی حەوشەی مزگەوت!**

**لەو مەلایانەی کە لە کۆڵی سیبەوەی و ئیبن مالیک نابنەوە! لەسەر حاشییەکان سەرخەو دەشکێنن!**

**لەو رەشە خەڵکەی کە بۆ رابواردن بە شەقامە تۆزاوییەکانا دێن و دەگەڕێنەوە، دەگەڕێنەوەو دێن : دوو دوو، سێ سێ هەزار و یەک داو مێشکیان دادەگیرسێنێ. دێن و دەگەڕێنەوە و دەگەڕێنەوەو دێن! لە**

تەنگەرێیەکانی بەهەشت پیاسەدەکەن.

لەو پەنجەرانەی کە تەنها شەرم تیایا گوزەر دەکا. پەردەیەکی دە بەرگ دەرگاکان سواغ دەدا!

لە دەرگا هەڵتەکێنراوەکانی بازاری شیخەڵڵا: کە دوو مووعەللیمی بێ مووچە هەر بۆ تاقیکردنەوە پێیا تێدەپەڕن، نە دەچنە ژووریٰ نە دێنە دەریٰ!

لە پەناهەندە گەڕاوەکان. ئەوانەی لە بەهەشت بە روخسەت گەڕاونەتەوە و پیلی عازەبان دەگرن!

لە پەناهەندەکانی دارەتوو، ئەوانەی بنەسڵاوە سڵاوتان لێ بێت!

لە تەحلیلەکانی موعارەزە کە تەنها هەر ئەمەی لای خوارەوەیە:

<>:لٌ{}[حظحیٰ©""؟؟{}[][_____))(لٌ>"لٌظط . هتد

لە سیاسەتمەدارنی ژێر سێبەر، ئەوانەی دیموکراسی لە ناو شووشە بەخێو دەکەن! بە تەوافوق ئاو دەخۆنەوە!

لە موعارەزەی بەسزمان! ئێرەیی بە تەوافوق دەبەن!

لە کورسییە بەتاڵەکان. ئەوانەی هەزار ساڵە هەر بەتاڵن! بێ تەوافوق کەس جورئەت ناکات لە سەریان دانیشێ!

لە کۆشکی پەرلەمان و لە فوارە بێ ئاوەکەی! عەرشی تەوافوق!

لە دەسبەتاڵانی مەشغوول!

لە کرێکارانی بێکار!

لەو پیرەمێردانەی کە بە کەشیدەی نارنجییەوە بوونەتە سێبەری دیوار!

لە رۆشنبیرانی مەچکۆ کە لە هەیوان بەریز و بەرێز و عاقڵ سڵاوتان لێ بێت!

لەو کچە هەرزەکارانەی کە تەمەنیان لە نیوان منداڵیی و سەرکووتکردنە!

لە مەحەلەبی فرۆشان و لە لەشکری مێش!

لەو چێڵەی ساڵدانە ساڵدانە بە پێش ماڵێ باوکما تێدەپەڕێ و بۆڕەیەک واتە سڵاوتان لێبێ ئەی مەدەنییەت!

ئێێێێێێێێێێایییییییی بۆ شەرمی موزمینی تەمەن!!!

هەمیشە کە دەگەڕێمەوە هەرێمەکەم مەبەستم ئەو بستە خاکەیە کە هەمیشە دەمەوێ بە تەواوی فەرامۆشی بکەم، شەرمێکی کوشندە داگیرم دەکات، هەزارەها گرێکوێرە گەرووم دەسووتێنێ. شەرم دەکەم لە هەموو شتێ لەهەموو شتێ شەرم دەکەم :

کاتێ سەردانی ئەموئەو دەکەم.

کاتێ بە تەنها دەبم.

کاتێ لە باخچەکەی حەوشە لە رابردوو دەکۆڵمەوە.

شەرم :

لە ئاسمان و لە زەمین دەکەم!

لە جۆگەلە سیانەی کە سەرتاپای مێژووم دەخوێنێتەوە!

لە شۆستە کەلۆسەکان!

لە باخچە رووتاوەکان!

لە بارهەڵگر و عارەبانە لە دەست!

لە دیوارە نزمەکان!

لەو حەپسخانانەی جێنیشتەجێی ئاوەرەکانی ئەودیون!

لەوانەی حەپسی ئەمدیو و ئەودیون!

لەوانەی بۆ بارمتە دەبێ کۆڵەواربن!

لەوانەی کە رێگای کەرکووکیان ون کرد!

لەوانەی رێگای هەولێر و دەشتەکانی بازیانیان ون کرد!

لەوانەی خەون بە سنوورەوە دەبینن و بێدەنگن!

لەوانەی کە هەموو رۆژێ سوێند دەخۆن و هیچ دیار نییە!

لەدیموکراسییەت کە هێشتا نایانەوێ پێناسەی کەن!

لەوانەی کە لە خوا و لەشەیتان دەترسن!

لەوانەی کە لە ئازادی و لە ملکەچی دەترسن!

لە وانەی کە هێشتا بە تەواوی دیکتاتۆر رووت ناکەنەوە!

لە بێدەنگەکان.

لەوانەی هەڵوێستیان وەرگرتووە و کەسیش پێی نازانێ!

لەوانەی بە رۆژ لە دائیرەی حیزبن و بە شەو رەخنەگرن!

لەوانەی لە وڵات هەڵدێن بۆ ئەوەی ئاورێکیان لێ بدەنەوە!

لە پۆستمۆدێرنەکان کە لە ژێر تیشکی لالە بابەتاکانیان دەنووسن!

لەوانەی وا دەزانن لە پێش  ئەوروپاوەن!

لەوانەی کە دەڵێن ئێمە قەد ناگەینە وان!

لەوانەی کەوا دەزانن تەڕ و هیشک وا لە کتێب دایە!

لەو رۆشنبیرانەی کە رەخنە لە تێکست دەگرن رەخنە لە کۆنتێکست ناگرن!

لەو نوێخوازانەی بە تەزبێحەوە دەسووڕێنەوە!

لەو تەزبێحانەی بە مەلوولی بە جامخانەکانەوە هەڵواسروان!

لەو سمێڵانەی کەس ناوێرێ گوێزانێکیان لێ دا!

لەو ریشانەی لە قەندەهارەوە گەیشتوون!

لەو مافوورانەی بە موفەڕڕک هەڵواسراون!

لەو شەڕوالانەی لە رۆح ئازیزترن!

لەو رۆحانەی کە دەکەونە دەست ئاسایش!

لەو ئاسایشانەی کە کاتی خۆی جاش بوون!

لەو جاشانەی کەئێستا سەرکردەن!

لەو سەرکردانەی کە تۆڕەن!

لەو سەرکردانەی کە شەرمنن!

لەو شەرمانەی کە یەخەی هەرزەکارمان بەرنادەن!

لەو یەخانەی دادەدڕێن و دادەڕێن!

لەو دادڕانەی کە لە کۆڵمان نابێتەوە!

**لەو کۆڵانەی کە بەردەوام ئەستوورتر دەبن بۆ بار هەڵگرتن!**

**لەو ئیقاعانەی کە میللەت دەهێنێتە سەر جادە و دەیانباتەوە کوونی ماڵ!**

**لە بێدەنگاکان :**

**مەبەستم لەوانەی کە هەشتا ساڵە هەر بێدەنگن!**

**لەوانەی کە تا نەخۆنەوە قسەناکەن!**

**لەوانەی کە بشخونەوە هەر قسەناکەن!**

**لەوانەی کە شیعر دەنووسن و نانووسن!**

**لە شۆرشگێرە کۆنەکان : ئەوانەی سواری هەموو رێبازێ بوون و بە تەنها قەد هەڵناکەن!**

**ئەوانەی لە تەنهایی دەترسن!**

**لە شۆڕشگێرە نوێیەکان : ئەوانەی بە قات و بۆینباغەوە دێن و دەچن.**

**لە مەدەنییەکان کە جەمەدانی لە سەر تەوقی سەریان دەبینم!**

**لەوانەی بە جوێن دەژین و جوێن دەجوونەوە!**

**ئەوانەی نەفرەت لە بێلایەن دەکەن!**

**لەوانەی کە لە لایەنێک نەبیت بە ترسنۆکت دەزانن!**

**لە بێلایەنە ترسنۆکەکان!**

**لەو پەناهەندانەی کە زوو گەڕانەوە و پەشیمانن!**

**لەوانەی کە دەیانەوێ و ناگەڕێنەوە!**

**لەو دایک و باوکانەی کە دڵیان خۆشە کوڕەکەیان لە دەرەوەیە!**

هەوالنامەی کتێب

**لەوانەی کە دڵیان خۆشە کە کوڕەکەیان سەفەری نەکرد!**

**شەرم دەکەم لەوەی کە ئێمە نازانین هەین یا نا! بۆیە کاتێ دەگەڕێمەوە نیشتیمانەکەم شەرمێک، شەرمێکی ئەزەلی، شەرمێکی مێژوویی ئاگر لە کراسە سپییەکەم بەردەدات. خۆم دەبینم چۆن لە ناو کوورەی شەرما هەڵدەقرچێم و حەز دەکەم وەکو پەڵەوەرێکی گڕ گرتوو بەرە و باکوورەکان بدەمە شەقەی باڵی ئاگرینم.**

ئیسپانیا ٢٠٠٥

هەواڵنامەی کتێب

# خەونی باڵندەیەکی سپی

پێی دەچێ هەروا ئازادانە ئەم باخچەیە ئاو نەدرێت، هەروەها ئەم رچانە نەچنەوە سەر دەشتاییەکانی جوانی. ئیمشەو، نازانم لەچ هەرێمێکەوە تاراکەت هەڵوەری و روخسارەکەی جارانت وەک دەنکە هەناری شەقی برد و ئاوازەکانی گرت دەکردەوە! پێی دەچێ شەماڵ رێگای لێ ون بووبێت! چ دونیایەکە!! شەماڵتان بینیەوە بە بێ ئازاری هەڵکات؟

زۆرجار هەستم کردووە تۆ لە ئەزەلەوە دێی بۆ ئۆخژن، لە دونیایەکی دییەوە بۆ هەڵکردنی شەمێ، لە ئاسمانێکی ترەوە بۆ گواستنەوەی وەرچەرخان، بۆ تاڵە ئازارێکی پێویست پێویستی.

نازانم چۆن وشە و لەش لە یەکتر جوێ کەمەوە! نازانم سنووری ئاو و هەتاو چۆن لەسەر جەستەت ئاوێتە دەبن! نازانم چۆن و کەی ئەم باڵندە سپیانە لە سەر بازووت دەنیشنەوە و خەون دەباری!

پێی دەچێ دەمێک بێت کرابێتم، دەمێک بێت زات و زەینم هی تۆ بن.

ڕەنگە تۆش پەتیارەیەک بیت، هی هەموو کەسێ و کەسیش هی تۆ نەبێت.! تۆی ئازاد و پێ سووک و لەش هەورین، دەمێکە دەباریتە سەر کەساسی.

بەرگری لەچی دەکەم؟ ئەوەی هەمبوو هی تۆ بوو، ئەوەی هەمبوو بەهای با و قورسایی ئازادی هەبوو، کەواتە چش لە کەساسییەی کە دەگمەن نمەت دەبێتە ڕێژنە، دەگمەن، دەگمەن، دەگمەن...

براکەی سەدەی نۆزدەهەمم ...مەبەست ئەوەی ئاگری لە یەزدان دزی و لە سەر ڕەفەکانا پێی هەڵوەری، بیری دەکەم...دەتبینم و نەمردووی...لە ڕچە کەسکەکانەوە دەرژێتە نێو شینایی...لە بندیواری کلێسەکانەوە دزە دەکەی...دەتبینم چۆن وەکو قوڕ دەدرەوشێیتەوە...تۆی بەچکەی هەتاو.

تۆ ئەوت خستە سەر کۆش و هەڵاتی...هەڵاتی بەرەو ئاقاری ڕۆشنایی کە ئێستا تەنها هێلانەن بۆ تاریکیی....

کەواتە منیش لە ڕەحمی تایکییەوە وەکو ئەستێرەیەکی گومڕاە هاتووم و فێرە کڕنۆش نەبوومە... فێری ئەوە بوومە ئازادیی بەرد لە ئەستۆ هەڵگرم بۆ ئەوەی بە یەکجاری لە گوناهتان خۆش بم. من ئەستێرەیەکی گەمرای بێ گوناهم...گەردنی بەرد و بنچکە گیا ئازاد بێت.

حەکایەت وا دەگێڕێتەوە: ڕەچەڵەکی من دەگەڕێتەوە سەر ڕەچەڵەکی تۆ. ئەمەش وجوودم سووکتر دەکات. بەڵام حەکایەت کۆتایی نایەت!

ئەمەش خەمی گەرچکێکە تەنها دیوارێ دەینووسێتەوە...

ئەمەش کێشی پێیە کە تەنها خوڕەی ئاو دەیخواتەوە...

ئەمەش سێبەری پەیڤێکە تەنها دەنگێ دەیناسێتەوە....

منــیش دەتخــەمــە ســەر کۆشــم و وەکــو ژەهــرێ دەتخۆمــەوە...بــەڵام

رچەیەکیش نەماوە کانییەک بێت بۆ رۆشنایی.

کەواتە گەردنتان ئازاد!

ئیسپانیا ٢٠-١١-٢٠٠٤

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# شیرین تەشی نارێسێ

هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو، مەبەسم ئەوەیە هەتاو نوستبوو، ئەتمۆسفێر بایی دوو وشە تاریک، تەنها زەنگوڵە دەنگێ دەڕژایە ناو لینگی ئاسمان. درەختێکم لەناو تاریکیی شاگەشکە وەک پەرییەکی بەجێماو. دوو بوونەوەر بەدەرەوە بوون، سێبەریش هیچ واتایەکی نەبوو. ئەویش تەنها مەبەستم لە"روخساری رووخسارەکان"ە.

خاو دەرۆیشتم پێش دەرچوونیشم رووخسارم بە پونگە شوشت،

ئەو لکانەساڵەهای ساڵە گەمەی مێتامۆرفۆز چێ دەکەن. بیرم لەوە دەکردەوە ئایا قامکەکانم لە ناو ئەو ئینجانانە تووشی کەسکبوون دێن!

ئەوانم بینی:

هاودەردەکانم، مناڵە لاسارە چڵمنەکان بوون، ئەوانەی لە ناو حەیارەکان سواری پشتی قامیش دەبوون ون دەبوون. ئەوانەی کە سرە دەگرن و

هەموو شەوێ یەک یەک، دوو دوو سەردانی پێڵووەکانم دەکەن:

سمە سوور، قژ بژ بە فەخرەوە دەیوت رەچەڵەکی دایکم گویژەیە، باوکی لەگەڵ دووکەڵی خانەقینا بە سوار پاسکیل گەیشتبووە گەرەکی شەریکە. بوخچە و بوزگوریان دوو سنووقی بۆراق، یەکیکیان لەنیوەی رێ باڵی لێ روا.

قالەی پیرداوود پێدەکەنی کاتێ باسی سمێڵە مۆرەکەی باپیرەی دەکرد و دەیوت وەکو دوو "واو" وان بەملاو ئەولادا شۆڕ دەبنەوە، بەفر دەباری کاتێ پیرخەنی فڕ دەکرد. قالە بە شیعر دەستی پێکرد و نووشتایەوە سەر مێزی ئەزنیف و داشەکان تووشی نەزیف بوون.

قوباد نوێژ نیوەڕۆ، چلەی هاوین کە تەنها هەر سەگی خوێڕی بە دەرەوە بوون، دەچووە بەر سێبەری دیوارەکانی عەرەسە و دەسپەڕی بەسەر ئەبەدییەت دا لێ دەدا. دەمەو عەسران پەشیمان دەگەڕایەوە ناو منداڵوتواڵ و چەقەنەی بۆ داهاتوو لێدەدا.

کوڕەکەی چکچکە بە سواری تایە دەهاتە ناومان، هەموو چێشتەنگاوێک کۆڵێ درۆی وەک دێوەرە هەڵدەڕشت : تەزرە خرمەی دەهات، باران و پەردە تێکەڵ دەبوون. لە بەردەم پەنجەرەکانیش بە کتێبی قووتابخانە ئاگری دەکردەوە و حەرفمان دەبینی دەبوونە ئەستێرە. پاشان وەک بەچکە سیحرباز دەسەسڕەکەی دەخستەناو لەپ : دوو کۆتری رەش دەفڕین و کەروێشکێ دەگەڕایەوە کڵاوە گندۆرەکەی باوکی.

کەواڵتمەی کتێب

ئەریٚ هەر ئەمە بوو منداڵی من؟

نازانم سەعات چەند بوو. زەنگێک هەڵیساندم، هێشتا هاوسەرەکەم لە خەو هەڵنەسابوو، کوڕە شیرینەکەم مەمەکەی بووکە شووشە بوو گرتبووە خۆیەوە، تازەفێری خەوبینین دەبوو. پێڵوەکانی وەکو کزەبا دەلەرینەوە؛ رەوەفریشتەیەک نەقیزەیان لەملی یەکتر دەدا و حریکەحریک پێدەکەنین. سەیری مەچەکم کرد، سەعاتە سویسرییەکەم دەتوایەوە. بە فانیلەیەکەوە دەرچووبوومە دەریٚ.

سەیری شەفەقم دەکرد، شەوێکی ئەنگووستە سواری گوندەکەمان ببوو. وەکو دوو دێزە خۆیان لە یەکتر دەسوی. شەو شەهوانی و گەلیٚ شتی بیر خستمەوە...

بە خۆم وت بۆ کویٚ دەڕۆی هەی ئاخر شەڕ! بگەڕێوە نێو پێخەوەکەت... هێزێکی سیحریی بەرە و دەرەوە، بەرەو شەو رایدەکێشام. بیرم بۆ زۆر شت چوو...

چەند گومەزێکی قۆقزم بینی بە درێژایی خڕیی خاسە چەناگەیان ختم. منارەکانیان ڕەشە دووکەڵ دەکۆکین...

دە دوانزە قەبرسانم بینی، دەیان کەللەسەر بادەیان هەڵدەدا، ڕۆحی شەهید بوون، لە لەززەتی وجوود ڕادەمان.

ئاڵایەکم بینی ئاو بوو، دەڕژایە هەموو سووچیٚ...ئاڵا نەبوو...شەڕی نێوان ئامۆزاو خوارزاو زاوای هەڵاتوو، چەرچەف مێزەر و ئارەزووی

تۆراو...شەڕ نەبوو...خوو بوو ... دار و بەرد دەیگرت. شەڕ نەبوو ئاشتبوونەوە بوو...ئاشتبوونەوە نەبوو خەرمانێک بوو دەسووتا، جۆگەلە بوو ماسی خۆی تەسمیل دەکرد، وردە چەویش هۆرەی پێ دەوترایەوە... هەر ئەمە بوو تاقە ئەنجەت بۆ ناسنامە!

یەک دوو شاعیری کۆڵەوار، مەنتیق کەللەیانی زل کردبوو، سمبێل بۆیاغکراو، برۆ بۆیاغکراو، زولفە ڕەشمارەکانیان بە ئیقاعی بەرەبەیان شۆڕ دەبوونەوە.

پیرەژنەکەم بینییەوە... ئەوەی هەمیشە بەرۆکی دەگرتین...لە شەست و سێوە لەگەڵمان بوو (ئەوە میمکم بوو، ئاااااخ ناوەکەیم لەسەر نووکی زمان ون کرد، لە قەراغ هەرەتەکانی شێخ بزێنی بە نوخان کونە تەیارەی بۆ دەکردین). ئەوەی تریش هەر لە شۆڕشە کۆنەکانەوە لە گەڵمان بوو (ئەمیان نەنکم بوو، کەوشەکەی نالی بەدەستەوە، بە پێی پەتی بە سەر خۆڵە تەپانییەکە غاری دەدا، لە ترسی حەرەس قەومی و لە ترسی گەرمییەکی سووتێنەر ژێر پێی هەڵدەتۆقاند، غاری دەدا و سیحری زێی گەورە رایدەکێشت. ئێمەش وەک بێچووە قەتێ دوای کەوتبووین. کەسیش نەیدەزانی ئەم کاروانە لە کوێ دەحەسێتەوە). ئەوی تریان، پیرە نەمامی شۆڕشی نوێ بوو مەشکەی خۆی دەژەنی...مەشکەی قالای دەژەنی... لە کۆڕەو دە دوانزە ریشۆڵەی بەرەڵا کرد، ترسی رێگاوبانی پێ دەردەکرد. شێفی ئۆرکێسترا بوو، بەتاڵیی دەژەنی. ئەوم بینی :

بەرامبەر بە شۆستەکەی بەرامبەر ماڵ تەنەکەیەکی لە ژێر هەنگڵ، بە نووکی تەشییەک لێی دەدا. کەزیی سەوز کردبوو، خەنەی ساویبووە ناولەپ، لێواولێوی چاوێش کل. خۆشمدەویست و لێی دەترسام. چاوە ڕەشەکانی چرووسکەیان دەهات، پزیسکێ بەرەو نادیاریی، بە پێی پەتی لە بێشەرمی ئاسۆ ورد دەبووەوە. لە تەنەکەی دەدا و پاساری دەفڕین، پاساری کارێزەکەی ئارابخا، مینا سۆلاڤ دەڕژانە خوارەوەو بەرەو بیلبیلەی شەو دەفڕین. پاساری رووناکیی بوون، هەندێکیان دەکوژانەوە، هەندێکیان بۆنی سەحەریان بە مەلاشوومەوە دەلکاند.

بە نووکی تەشییەکەی، شیرین شیرین لە تەنەکەی دەدا...ڕووناکی بوون دەفڕین، تریقانەوە بوون کەوتبوونە خنەخن...

چاوم هەڵگلۆفی و بەرەو شۆستە چووم...گوێم لە گرڕڕڕەی کۆپتەرێ بوو بە سەر ئاسمانی شەستوچوارا فڕ...فڕ...فڕ...دەفڕی...

نازانم ناوی چ بوو، حەپسەخانێ بوو، گوڵستانێ؟ بەهێی هاوسێمان بوو؟ نازانم...پیرەژنێک بوو پیر نەدەبوو.

منیش تەواو  لە گەڕەکی خۆمان دوور کەوتبوومەوە:

بڕوام دەکرد ڕێگای گەڕانەوەم جارێکی دیش لێ گوم دەبێت...دەنگێکی زوڵاڵ... لە حەساری گەرمیانەوە دەهات...ئەمیان دایکم بوو : دەموچاو کوتراو، چەرخەتێک و سوخمەیەکی مۆر و رەفتەیەکی سپی هەر لە خوترەکەی باپیرەم دەچوو...

دەگریا و دەیوت : کوڕە تا کەی و بەم نوێژنیوەڕۆیە بە سەر ستارەکانا دەڕۆی...ئاخر دوای چی کەوتووی کوڕم؟

"دایە دوای قافییەیەک کەوتووم. قافییەیەکی هەژارە، پێخواسە، دە دوانزە پینە بە ناوچەوانییەوە...دایە گیان ئەگەر کەسێ فریای نەکەوێ، دەکەوێتە بیرێکەوە..."

دایکم تێنەدەگەیشت...وای دەزانی ئەجندە دەستی لێوەشاندووم. منیش دوور دەکەوتمەوە و لەم ستارەیەوە بۆ ئەو ستارە...هەندەم زانیبوو گەیشتبوومە سەر ستارەکانی سەردەشت. لە سەربانی ماڵێکی دی، وەک توولە سەگ...کەوتبوومە سەر زگ و بە زمان عەردم دەماڵی...خۆم بووم کەوتبوومە بیرەوە.

بە دەم خەونەوە رێم دەکرد... بە هاوسەرەکەم وتبوو " بە قوربان شەوان کەلەپچە بخەرە مەچەکم، ئەگینا شەوێک ئوتومبێلێ بە دەم عەشقەوە دەمفلیقێنێتەوە." ناشزانم ئەمەم بە هاوسەرەکەم وتبوو!

بەڵام دەبوایە چارەیەک لە گۆڕێ بوایە.

دوور کەوتبوومەوە. لە گەڕەک و گوندی میگێلتووڕا قەدەرێ دوور کەوتبوومەوە. گوندی حەوت جار سووتاو. پڕ کەپووم بۆنی سوتماک، پڕ گوێم قرچە و هەڵکرووزان. پڕ بە هەستم بۆنی سوێ. پڕ بە لەشم شەققژنی تەختەیەک کاتێ شیلەیەکی داچۆڕاو وەک دۆشاوێکی تاڵ بە لاقەبرغەی دا...بڵق...بڵق دەتەقێ..گەڕانەوەیەکی شاهانەیە بۆ باوەشی

سروشت.

بۆنێک بوو...لوورەی گورگێ...شەوێکی بێ ئەنگوست. گڕڕڕڕڕەی کۆپتەرێ....

چاوێکم هەڵبڕی..ئاسمان زمانی نووساو، زەمەنی تێکەڵاو...

دوو هەزار و چوار... هەزار و نۆسەد و شەست و چوار...

من لە کامیانم و کامیانیش لە من دایە؟

کەوتبوومە ناو شۆمەکانی لامانچاوە..بەهاری لامانچا..دڵۆپە تەم دەلکێتە قەد گوڵ...دڵۆپە گوڵ دەبنە تەم. شەو شەختەی گیا لەدایک دەبێت..شینیی ڕۆ دەچێتە نێو کەسکاییەوە... قووڵ ڕۆ دەچێتە نێو کەسکاییەوە... ڕەنگ نامێنێ...گیا نامێنێ...شەختەش دەتوێتەوە...زمانی زەمەنەکان لێکتر دەئاڵێن و لێکتر دەخۆنەوە و لە دوورەوە گوێم لە دەنگی نووکی تەشییەکەی شیرینە و لە تەنەکەکەیەوە رووناکین دەبنە پاساری و بەرەو ئاسمانەکان هەڵدەفڕین...

٢٦-٥-٢٠٠٤

هەواڵنامەی کتێب

# چەند تێڕوانینێکی شیعریی
# بێ عەورەت

هەواڵنامەی کتێب

١

**ئەم فەوزایە نانووسرێتەوە:**

**تەنها**

**دوو باڵی تابووتێ دەبینم بە ئاسمانا**

**لە گەڵ زاکیرەی سیمورغێ وا دەسووتێن،**

**ئەم فەزایەش تەسکە بۆ فڕێن.**

٢

**ئەم فەوزایە زاکیرە دەبووژێنێتەوە:**

**دوکەڵێ لە هەڵەمووت،**

**دوکەڵێ لە عەقڵ**

**بەرەو ئاسۆی بنبەست بەرز دەبێتەوە!**

٣

**ئەم فەوزایە جەستەمی لە مشت دایە:**

**جەستەی سووتماکم،**

**تا ورد دەبمەوە**

**کوێرایم دادێت.**

هەوالنامەی کتێب

# سێ گۆڕانکاری دیکە

١

**فەوزا گردبوونەوەمە**

**ئاسمان جەستەی هەلاهەلامە**

**باڵەکانم دەبنە دوو کانی**

٢

**زاکیرەم کتێبێکە لە دەست ئیبنی مستەوفی**

**بە مردوویی لە دایک دەبێ**

**کەلاکێکە بە ئاسۆدا هەڵدەواسرێ.**

٣

**عەورەتم دەبێتە ئافرەت**

**ئافرەت دەبێتە عەورەتم**

هەواڵنامەی کتێب

## سێ کۆتایی

١

**جەستەم**

**جەستەم نییە**

**نازانم کێم!**

٢

**کتێبێکی مردووم**

**لە گۆڕستانی زیندوان**

هەواڵنامەی کتێب

٣

**رووتم**

**کوێرم**

هەولنامەی کتێب

## سێ بێدەنگی

١
**جەستە جەنگ**

٢
**گۆرستان**

٣
**ژنانی بێ عەورەت**

هەوالنامەی کتێب

# دوا سروود بۆ شەهیدان

١

هەواڵنامەی کتێب

بەهاری شەهادەت سەر دەکەوێتە سەر تەوێڵم و تا هێزی تێدایە بە تف سواغی دەدات. بەهارێکە بە تەوژم لە ئەشکەوتە تاریکەکانی مێژووەوە هاژژەی دێت. دەمامکێ دەکەوێت و دەمامکێکی دی بەرز دەبێتەوە. شەویکێ ئەنگووستەچاو ئاڵاوەتە پێستی رووخسار و دایدەماڵن، پێستی شەوە دەکەوێتە بەر پێمان. مێژوو...مێژوو پاچکەیەکی گڕنی گڕنییەوە و بە سەر جەستەم دا رایدەکێشن و غلۆرم دەکەنەوە، لاشەیەکی بێ رۆحم دەکەومە نێو باوەشی گەزەنگەجاڕ.

هەڵدەستەمەوە و دەمەوێ بەژن بگرم. دەمەوێ تەنها قوومە ئاوێکی

سازگار بخۆمەوە، دەمەوێ دەستم لە یەخەی هەڵگەچراوی ئەم ئاخرزمانە گیر بێت. دەمەوێ تا هێز شک بەرم تۆپەڵە گۆفەک فڕێ دەمە نێوچاوانی مێژووەوە.

بەڵام جارێکی دیش بەهاری شەهادەت رێگاکانم لێ دەشێوێنێ و دەنگ بەرز دەبنەوە:

– منم شەهید، منم شەهید. کفنی لاشەم گوڵێکی قرمزییە.

رادەبوورم، تک تک نهێنییەک چاوانم پڕ ئێشک دەکات!

دەنگێکی دی بەرز دەبێتەوە، جومجومەیەکی درزبردووە، بە ئاستەم دەجوولێتەوە و خۆڵ لە دەمییەوە دەپرژێ و دەڵێ :

– من شەهید بووم، بەڵام خۆزگە دوو چرکەی دی دەژیام!

مانگێکی سارد لە ئاسمانێکی سپی، وەک کێردێ گۆڕستانەکان دەبرسیکێنێتەوە. تا چاو بڕ دەکات گۆڕستانە. گۆڕستانی دە نهۆم. توێژ لەسەر توێژ ئێسقانە و خرچەی دێ. دوو جومگە و دوو تاخمدان، دوو قۆڵی درزبردوو، سێ کەللەسەری هەپروون بە هەپرووون. سێ رم، سێ قەڵغان، دە قەوان، دوو پارچە ئێسکی ژەنگن....

– من شەهیدم. ئاوڕ لە من بدەنەوە. تارماییەک لەنێو گۆڕستان بەرز دەبێتەوە و کەللەسەرێکی لە نێو دەست دایە و توند رایگرتووە. هەم یان نا؟

بەهاری شەهادەتە و رێگاکان لە پێش چاوم گوم دەبن. رچەیەک پڕ

دەمی خۆڵە و لە لێژاییەکان دا ون دەبێ. ڕێگایەکی کۆن، بەردڕێژ، بە پێپلیکانەکانی شەیتانا بەرز دەبێتەوە و ملی لە ئاسۆ گیر دەبێ، کەل قووتی دەدا. ڕێگایەک قەد ناگاتەوە بانە. ڕێگایەکی ئاسنین شەق دەبات و یەخەی ئاسۆ دەدڕێ. شەقامێ لە بەردەم سەرشەقام رووت دەکرێتەوە. غەڵبەغەڵبێ شتەکان پێکەوە گڕێ دەدات.

منیش ناکەومەوە سەر ڕێگا. ملی مێژوو لە ملی ئێستا گیر دەبێت. پاسەوانەکان ڕێم لێ دەگرن و دەوروبەرم تەڵبەند دەکەن، سروودێکی بێتام دو بارە دەکەنەوە، دە بارەی دەکەنەوە، سەد بارەی دەکەنەوە، هەزار بارەی دەکەنەوە. گێژم دەکەن، لە بەر دەروازەکان دەڕشێمەوە، کێم و جەراحەت لە هەنامەوە دادەچۆڕێ. بۆنی دەکەم. بۆنی مێژوویەکی بۆگەن دەکەم. گیان دەدەم، وڕ دەبم، کاس دەبم، دەبوورێمەوە، وەکو مەیت لێی دەکەوم. سەگێک لاشەم دەباتەوە گوند. لە گەڵ یەکەم گزنگی بەیانا رادەچەڵەکێم :

بەهاری شەهادەتە و دەکەوێتە گیانم. بەهارێکی هارە، شینایی دونیای کۆ کردۆتەوە، لە خم هەڵکێشراوە. شەهید خاوەنی زۆرە. هەموو لە پڕێکدا دەبینە خاوەنی مردووی دڵسۆز، تەرمەکەی ماچ دەکەین، بەرزی دەکەینەوە بەرەو هەتاو و لە گەڵێ دەخەوین، دەست دەکەینە سەرین بۆی. عاشقی دەبین، هەست دەکەین ئێمەش شەهیدین، ئێرەیی پێدا دەبەین. جەستەی دەکەینە ئاوێنە و سەیری خۆمان دەکەین. دایکانیان

داوەت دەکەین، ناتوانین بە تەواوی سەیری ناو چاوانیان بکەین. هەست دەکەین دایکانیان لە ئێمە مەزنترن. بەڵام پێویستمان بە شەهیدە بۆ ئەوەی ئەم کۆتەرەیەی پێ ئاو دەین. کۆتەرە بە بێ شەهید، سووتماکە، خۆڵەمێشە وەک تەوێڵمان. وێنەکانیان گەورە دەکەینەوە و لە دەوری قەڵاکان هەڵیدەواسین. دەبنە تەختی-پا و بەسەر پەیژەی شەهیدا هەڵدەزنێن. هەموو مەرگێ بۆنی شەهادەتی پێوەیە.

دەست لە لاشەکەی خۆم دەدەم، گومان داگیرم دەکات. ئایا منیش شەهیدم؟ دەنگی شەهیدە و لە داهاتووەوە دەگەڕێتەوە. سنوورەکان تێکدەئاڵێن و شەرابێکی تاڵ نۆش دەکەین.

لەشم دەقەتیسێنێ. زەمەن وەکو قورقوشم دەتوێنێتەوە و دەیکەنە هەردوو کوونە لووتمەوە. جارێکی دی پاچکەی دەمزریزە لەشم دەکێڵێ. هێڵی راست و چەپێ پێدا دەهێنێ و موژدەی ئاسۆیەکی درۆزنانەم بە گوێ دا دەخوێنن. بۆنی کەلاکی زەمەنەکان رۆ دەچنە موولوولەکانی رۆحمەوە. بۆنێکی کەسکوون لە ئەشکەوتە تاریکەکانەوە گەڕاوەتەوە.

هەڵدەستمەوە و سەیری ئاسۆ دەکەم : هیچ دیار نییە! تەنها جومجومەکەی خۆم نەبێت، کەوتۆتە دەستی برایان و سروودێک بۆ شەهیدان دەپات دەکەنەوە.

لە هەموو لایەک سروود بەرز دەبێتەوە. لە هەموو لایەک مەیتی شەهید دەبەنەوە. مەیتهەڵگرەکان چاو لە یەک زەق دەکەنەوە.

**شەهید یەکە و خاوەن دوژمن، خاوەنی کۆ، خاوەن خۆی دەپات دەکاتەوە...**

**شەهید زۆرە و خاوەن یەک.**

**قەتارە دەبەستن مەیتهەڵگرەکان و یەک لە دووی یەک، مێرووڵەیی هەڵدەگەژێن و دەرژێنە گەرووی شەفافی تراوێلکەوە. دارمەیتێکیش رۆژهەڵاتی لەسەر شانە و لە دۆڵێک غلی دەکاتەوە.**

**موسیقایەکی غەمگینیش ئاوازێکی جەنازەیی پەرشوبڵاو دەکاتەوە : گەڵای خەزانن و لەسەر پەرچەممان دەنیشنەوە. حەشامات تێکەڵوپێکەڵ. شەهیدەکان ئاوێتەی یەکتر دەبن و دەبنە بار بەسەر مێژووەوە. لە هەموو سووچێکیش جاڕ لێدەدەن ناوی شەهیدی نوێ تۆمار دەکەن.**

**٢**

**زستانی شەهادەتە و ئەمجارە سواری ئەستۆم دەبێ. منی زەلیل راودەنێ. بە کۆڵانە تەسکەکانی شانەشا بێ رەخسارەکەم دا رەدووم دەکەوێ. دەمگرێ و نامگرێ. ئەم تارماییە لە کۆڵم نابێتەوە. ئەم کابووسە ویژدانمی لە مشت دایە و جەستەم وەک پەمووی دەستی هەللاج بە ئاسمانێکی تەسک دا پەرشوبڵاو دەکاتەوە. خۆم دەبینم چۆن شی دەبمەوە و چۆن سەر پەراسووەکانم دەکەون. هەر پەراسوویەک ژێیەکە و غەمێکی لێوە فیچقە دەکا، غەمێکی لینجە، رشانەوەیەکی سوێرە و دەموچاوتان**

سواغ دەدا و رادەبوورم و مەسخێکم لەمەسخ!!!!!

دوێنــێ لــەم کوونــە شــاخ بــۆ ئــەو کوونــە شــاخ لــە دەمــامکی نــوێ دەگــەڕان...لــەم قووتــەیــەوە هــەڵدەهاتن بۆ ئــەو قووتــەیــە.. دەستی شــەیتانیــشتان مــاچ دەکــرد...بــە دزییــەوە نامــەتــان لــەگــەڵ ســێبەر دەگۆڕییەوە... لەشکرتان هێنایە سەرم، لەشکری سیاهی بێ سیما.

زستانێکی تووشە و هەراسنم دەکا.

راکشاوم لەم گۆڕەی کەس نەیدۆزییەوە، کەس بە دووی دا نەگەڕا،

کــەس ســۆراغیکی نــەکــرد...وا لــەم نزیکانــەم، رەنگبــێ لــە ژێــر پێــی سەرۆکێ بم، رەنگە لە ژێر جووتێ پۆستاڵی نوێ بم، رەنگە تەنها دەمی بلدۆزەرێ کەمۆکەیەک بەرەو هەتاوی حەقیقەت بەرزم کاتەوە...

قوڕوچلپاوێــک هــەڵــساوە، بــەفــری کۆبــووەوە هــەزاران ســاڵەیــە و دەتوێتــەوە...جومجوومــە زیوینییــەکــەم دەشواتەوە...جومجومــەیــەکــی چکۆلانە بوو، جومجومەیەکی ئازیز، کەوتە دەست نەیارانەوە.. وێنەی جەللادم بینی، لێی ورد بوومەوە هەر بەمن دەچوو، هەمان خوێنی من بە دەمارەکانیا دەگەڕا، هەمان زمانی هەبوو، هەمان روانینی شیرینی هــەبــوو، بــەڵام ئــەو جــەلــلاد و مــن شــەهیــد! ئــەو شــەهیــد و مــن جەللاد...شتەکان وەک بەنێکی ئاڵۆزکاو لە گەرووم گیر دەبوون....

منی رەنگدانەوەی قووڵایی ئاوێنەکان، بە هەزار تەرح دەشکامەوە سەر خۆم و وێنەی راستەقینەم نە دەدرەوشایەوە...

منی شەهید، فرۆشرام و بە هەندێ دراوی سواو گۆڕدرامەوە!

دێتەوە یادم تۆپەڵە پەڕۆم دەجوی وشەم دەکرد قوڕ و لە شەویلاگەکەم دەگەڕام...دۆزیمەوە...بەڵام...ئێئێئاخخخخخخخ!!!!!!!

سەگێکی هار گازی لێگرتبوو...دەیلێسییەوە...کەڵبەی پێ تیژ دەکرد و پاشان لە ئاقاری عەدەمێک دا تەنها کازێوەی وشە، وشەی بەتاڵ، وشەی قاڵ دەیشووشتەوە. هەندێ جار سەیری خۆم دەکەم، پیتێکم نە دەدرکێم، نە دەکەومە سەر زارێ، نە هەڵدێم وەک ستارەیەک، تەنها نغرۆ دەبمەوە ناو خۆم و بەدیوی خۆما دەشکێمەوە.

ئێستاش هەست بە هیچ شتێک ناکەم...لە ئەشکەوتێکی تاریک دا حەپسم و نیشتیمانەکەم درۆیەکە لەسەر زاری جادووگەران...

وڵاتەکەم تەڵە لە دوای تەڵە بۆ خۆی دەنێتەوە. وڵاتەکەم هەمیشە هەر هەڵدەپەڕێ...

هەڵدەپەڕێ...هەڵدەپەڕێ بە بچووکترین ئاواز

هەڵدەپەڕێ لەسەر سووکترین نیاز

هەڵدەپەڕێ و شەقامە تەسکەکان بەسەر دەکاتەوە

هەڵدەپەڕێ و تەپوتۆزیش هەڵدەپەڕێنێ

هەلدەپەڕێ کاتێ یەکێ دەبێتە سەرۆک

هەڵدەپەڕێ کاتێ یەکێ نابێتە سەرۆک

هەڵدەپەڕێ کاتێ هەڵیدەپەڕێنن

هەڵدەپەڕێ کاتێ هەڵیناپەڕێنن

هەڵدەپەڕێ  لە دەوری ئاگر

هەڵدەپەڕێ لە دەوری زوقم

هەڵدەپەڕێ کە دەگریێ

هەڵدەپەڕێ کە پێدەکەنێ

هەڵدەپەڕێ کە دەدۆڕێ

هەڵدەپەڕێ کە دەیدۆڕێنن

هەڵدەپەڕێ کاتێ دونیا شیوەن دەکا

هەڵدەپەڕێ لەبەر دەرگای زیندان، لەبەر دەرگای سوڵتان، لەبەر دەروازە زلە داخراوەکەی نیشتیمان.

نیشتیمانەکەم چەند پەراسوویەکە و هەر کەسێ پێیدا هەڵبگژێ قوڕگی لە کازێوە گیر دەبێ....

نیشتیمانەکەم لە تاراوگە شەنگ و لە وڵات ناشرین...

وڵاتەکەم وەکو خۆمان دوو دەمامک رووخسارەکەی دادەپۆشێ...

وڵاتەکەم دووفاقەیەکە بە ملی هەموومانەوەیە...

وڵاتەکەم رەزامەندە ئازاد نەبێت...

رەزامەندانە شەرمەزارە...

وڵاتەکەم لە دەوری هیچ دا دەخوولێتەوە...

**وڵاتەکەم شاعیران بەخێو دەکات تا هەراش نەبن..**

**وڵاتەکەم لەناخی ناخی دا دەترسێ سەربەستانە سەما بکا، سەربەستانە بگرێ، سەربەستانە بترسێ.**

**وڵاتەکەم تەنها هەر شەهیدی ئازا بەخێو دەکا.**

٣

**خەزانی شەهادەتە و وێڵم. وێڵم بە قەد گەردێکی نێو چاوی گەردەلوول، وێڵم وەک قوومە ئاوێکی ون بووی نە شارەزا، گومڕاهی ڕچەکانی لێوێ، نە شارەزا و گومڕاهی سەرابێک : گومڕاهی ئەو دیوی شتەکان.**

**ئەم ڕچەیە هەمیشە دەمباتەوە سەر هیچ!**

**بەڵام بەڵێنم بە ئاو داوە، بەڵێنم بە خۆڵ داوە، بەڵێنم بە بنچکە گڕێ داوە کە ڕۆحمی لە مشت دایە...**

**مەرگ بە هێڵێکی سیاە دەمانووسێتەوە، بە هێڵێکی سیاە نووسیمییەوە.**

**ئەوەتا لە پێش لووتی پێڵاوەکانتان گیان دەدەم. هەناسەیەکی ناسک، هێمن، بەڵکو مەلوول لە ڕیشاڵی سینە سیخناخەکەمەوە دەردەچێت.**

**هەناسەی ڕۆحی یەزدانە!**

**هەردوو مەچەکم ختمی کەللەپچەن. جەستەم حەپسی زریزەیە کە دەکشێ بە سەر لاشەی ڕۆژهەڵاتا، چاوم دوو بیری کوێرەوە بووی پڕ**

ئەجندە و تەپوتۆزە، قامکەکانم دە بخووری سووتماکن، پشتم گۆڕەپانە و هەتادوایی....

شەهیدێکی زیندووم. دایک لەسەر لاشەم رۆڕۆیەتی، خوشک و برا و ئامۆزاکانم لە نێو هەردوو برۆمەوە شەفەقی ئاڵ دەبینن...برا دوژمنەکانم لە سالڕۆژ و سالْمانگ و سالْسەدەدا وێنەی تەسکەرەکەم گەورە دەکەنەوە و لە ژێر سێبەرەکەی پشوو دەدەن...پشوویەکی درێژ بە قەد سڕبوون و خەوتنی ئەهلی کاف سوودمەندە. سەگەکەیان لە تەنیشتم پاڵدەکەوێ و گوێدرێژێ لە ئاخوڕ دەگەڕێ، من دەدۆزێتەوە.

دوا پەدیدەی دونیای نوێم...

چەپڵە کاسی کردووم و رۆندک هەناوی سووتاندووم و قوڕپێوان و شەقامپێوان و رێپێوانی بێئەنجامی پشکۆم تێدەگرێ.

میللەتەکەم دەبینم چۆن گەمەی پێ دەکەن، چۆن گەمە بە خۆی دەکا.

خەزانی شەهادەتە و وێڵم. وێڵم بە قەد گەردێکی نێو چاوی حەبەلوول، وێڵم وەک درزە ئاوێکی ون بووی گومڕاە، گومڕاهی گومڕاە، نە شارەزا و گومڕاهی سەراب : گومڕاهی غەیب و ماددەی رەقوتەق.

لە نێو دەنگەکان بزر دەبم.

– بنوو هەڤاڵی دەنگخۆش، بنوو. ئازادی دونیای دابەش کردووین، سفرەی دابەش کردووین، سیمای دابەشکردووین. هەزاران جاریش داوای لێبوردن لە خاک بکەن بە فیڕۆ دەچێ تەزووی خوێن!

دەنگێکی دی لەناو حەشامەت بەرز دەبێتەوە:

– کۆتەرەی ئازادی بە ئاو ئاو نەدرێ قەد بەرگە ناگرێ...دۆست با لەبەر دەرگا ببوورێتەوە!

من کۆتەرە دارێکم و سەر ئاو کەوتووم...چارەنووسم سووک سووک بە سەر شەپۆلۆکەکانا دێت و دەچێ. لەسەر پشتی ئەم ئاوە بە لەنجە سەما دەکا.

کۆتەرە دارێکم و بەرم دەیان هێشووە خوێنە و کەوتوومەتە نێو گێژاوێک و دەگەمە ئەو کەنار و دەگەڕێمەوە...دەگەمەوە ئەم کەنار و دەگەڕێمەوە...

نە شین دەبم، نە سەوز، نە دەگەشێمەوە، نە بەژن دەگرم...بێگیان، لەنجەی سووکی خۆم لەسەر پشتی تەنکی ئەم ئاوە دەنووسمەوە.

دەنگێکی دی، دەنگی ژنێک :

– تۆ نە مردووی ڕۆحی شیرینم، نە مردووی..

دەنگی باوک :

– تۆ کۆتەرە نیت. تۆ چنارێکی تا دێی هەڵدەگژێی بە حەوایە.

– نەخێر کۆتەرە نیم. گەڵای زەردی خەزانی شەهادەتم. چاوانم پڕ لە خۆڵن و تابووتەکەم کۆتەرە دارێکە و ئەم گێژاوە دەیبات و دەیبات. دەیباتەوە گوێی کەنداو، دەیباتەوە نێو سەهۆڵبەندی ئەتلەنتیک، دەیباتەوە نێو گێژاوی نیویۆرک، دەیداتەوە دەستی گورگە بۆرەکان. لە

هەواڵنامەی کتێب

ئیجـه بـه تـف سـواغی دەدەن، لـه دەردەنیـل بـه قـوولابی ماسـیگران دەریدەهێننەوە...

دەکەومە بەر بەزەیی هاوسێ شیرینەکانم...ئەوانەی دەیان ساڵە دەستم بۆیان راگرتووە و کەس لە سەری نانیشێتەوە. دەستم بۆیان دەکەمە پرد و کـەس ناپـەڕێتـەوە. هـۆۆۆۆۆۆ..........هههـۆۆۆۆ.... هاوسـێیە شیرینەکانم :

- وەرن با ئەم نێچیرە لە نێو خۆ دابەش کەین....

بێدەنگیی....

- وەرن با مۆرێک لەم خەزینەیە بدەین...

بێدەنگێی....

دەستم وەکو تراوێلکە درێژ دەکەم و هاوسێیەک لە سەر باڵم نانیشێتەوە!

دەشیرێنم و دەڵێـم :

- ئازادیم ناوێ...ئازادیم ناوێ...تەنها بوارم دەن پڕ بە هەناسە هەوای دەسەڵات هەڵمژم...

- تۆ بڕۆ بۆ پایتەخت دانیشە و منیش لەسەر ئەم سەکۆیە سەیری بەژنـی باوباپیرانم دەکەم، تۆ برۆ بەربە گیان ئەم جلرەشانە و من خەریکـی ئەم جلشۆڕانە دەبم!! برۆ با ئەم نێچیرە لە نێو خۆ دابەش کەین...لێرەوە تا ئاسمان بۆ تۆ و لێرەشەوە تا ناخی خاک بۆ مـن... بـرۆ با سێ ئەستێرە بنە هالەی سەرت منیش تیشکی خۆر دەکەمە کڵاو..برۆ تا دەتوانیت بڕۆ

ئەوالنامەی کتێب

ئەی زرێبرای خۆشەویستم برۆ با لەسەر ئەم عەرشە کەمۆکەیەک دانیشم.
بەڵام، مەخابن...زستانێکی تووشە و چڵپاو ڕێگا نادات کاروان بپەڕێتەوە، ئەژنۆی وڵاغمان لە نێو سیان دا چەقیوە، وڵاغمان برسی و توێشوومان کەمە بۆ ئەم سەفەرە. قۆناغێک دەبڕین و دوو قۆناغ دەگەڕێنەوە. دەمێکە بەڕێوەیەن، زۆر لە مێژە. چەندین شەمەنەفەرمان گۆڕی، چەندین عەمامەمان گۆڕییەوە، چەندین دەستمان گووشی، چەندین دەستمان بڕییەوە.
زستانی شەهادەتە و ڕۆح وەکو نارنجۆک هەپڕوون بە هەپڕوون دەبێت و ناگاتە هیچ شوێنێ.

٤

هاوینە لە مەملەکەتەکەم. دەزانن هاوین یانی چی؟ هاوینی توانەوە. هاوین قورقوشمە و دادەچۆڕێ. دڵۆپە عارەقی سەر تەوێڵ و سەر مەچەک وەکو زەنگوڵە نمەک شۆڕ دەبنەوە. لە نێو ئەم هاڵاوە، لە نێوان ئەم تراوێلکەیەی کە دەشتاییەکانی کردۆتە ئاوێنەیەکی ڕووت و لەشی ڕووتمانی تیا دەبینین، هەزاران لەشی ڕووتبووە و یەک لە دووی ئەوی دیکە قەتارە دەبەستن و دەرژێنە عەدەمەوە.
دونیا خاکیی دەچێتەوە، بنچکێ بە دەرەوە نییە، قوومە ئاوێک دەست ناکەوێت...سەرابێکی ئەستوور نیشتیمانی داپۆشیوە.

هەوڵنامەی کیبر

ئەمە هاوینی شەهادەتە و چمکی ئەم وەرزە لە چمکی وەرزانی دی گیر دەبێ. تەمەن و زەمەن دوو کاژێرن دەتوێنەوە، بە سەر دیوار و ستارەکانا شۆڕ دەبنەوە و دەتوێنەوە و دەمەین. میلەکان چەماونەتەوە و قوڕمیشەکان وەکو چرێش بە پەنجەوە دەلکێن...

هەتاوێ هەڵهاتووە، دوو هەتاو هەڵهاتووە، دەیان هەتاو هەڵهاتوون و وەکو سەحەنێ دەکشێن و شینیی ئاسمان دەخۆنەوە. ئاسمان رەنگی قوڕقوشمینی تواوەی هەیە و کێڵەکان سەر قووت دەکەنەوە.

کێڵێک و دوو کێڵ و دەیان، وەکو نووکە دەرزی بە حەوایا، وەک نووکی دەبان، پەنجەی رەشیان، پەنجەی شایەتمانیان بەرز کردۆتەوە، بە مۆمی کوژاوە دەکەن. فوغانێ وەکو لوورەی گورگ لە تونێلەکانەوە دەرژێنە نێو مێشکمان...دەزووڵە فرمێسکێ تێکەڵێ عەقڵی نمەک دەبێ، تێکەڵی مەبەستی هاوین، سوێریی تێکەڵی فوغان دەبێ و لوورەی دی....لە تونێلەکانی دونیاوە جەخارێ بە پێشمانا تێدەپەڕێ.

عەقڵ دەمەیێ، بازوو دەمەیێ، هۆش سڕ دەبێ، نەبزەکانی دڵ سست سست بەڕیوەن...دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ شەرم دادەچۆرێ و گوێمان لە نووزانەوەی شەهیدێ دەبێ :

– من نەمردووم بەڵام جارێکی دی هەڵناسمەوە. نەمردووم هەر وەکو جاران بەڵام هەناسە نادەم، نەمردووم بەڵام ماندووم و دەمەێ خەوێکی کەستەکین، خەوێکی قورقوشمین قووتم بدات.

هەموو بەرجەستەیەک ئامادەیە ببێتە هەڵم. هەموو بەرجەستەیەک نغرۆ بۆتە نێو تراوێلکە و بەژنی زرافی وڵاتەکەم نابینم. هەر چەند دەکەم نابینم. دەچمە نێو دێری شیعرەوە...تەنها لە زیهنی وشەدا بە ئاستەم شتێک دەجوولێتەوە، بە ئاستەم هەناسە دەدات. سەر قەڵا دەکەوم و هیچ نابینم. سەر منارەی چۆلیی دەکەوم و هیچ نابینم. خەون دەبینم کوێرم و گۆچانێکی سپیم بە دەستەوە و هیچ نابینم. تەنها گوێم لە نووزانەوە و فوغانی شەهیدێکی تینوە. گەروویەکی هیشک دەبینم، دوو بازووی درێژکۆڵە لە ناو رۆحی سەراب دا دەتوێتەوە.

کوێرم و سەر قەندیل دەکەوم. بۆنی کلاشی دڕاو دەکەم، بۆنی جەمەدانی سووتاو دەکەم، بۆنی نەعلی هەڵکرووزاو دەکەم و هیچ نابینم. کتێبەکانی وڵات کۆدەکەمەوە و دەچمەسەریان و ملم بۆ ئاسمان درێژ دەکەم و هیچ نابینم، دەست لە جەستەی شەهید دەدەم و هیچ نابینم، لەشی وەکو وڵەیە، وەکو زەردێنەی هێلکەیە، لینجە و بە دەستمەوە دەنووسێ.

بۆن دەکەم و هیچ نابینم.

دەست دەکەم بە گریان و دڵۆپە قوڕقوشم لە جیاتی رۆندک گۆنام بە سەر دەکەنەوە. سەرم دەبێتە تۆپەڵێ پزیسک و دەسووتێ، جەستەم دەبێتە سیمورغ و گڕ دەگرێ و دەتوێمەوە...

هاوێنە لە وڵاتەکەم... شەقامەکان سڕ بوونەو دەتوێنەوە، دیوارەکان تا

دێن بە لەرێنەوەو بەرز دەبنەوە، کۆشکەکان دەڕوخێنە سەر یەکتر. بەرجەستە گڕ گرتووەکان بە خێرایی بە پێشچاوی نا-بیناما تێدەپەڕن...ئۆتومبێلی گڕ گرتوو بە خێراییەکی گێژکەر مەیتەکان دەگوازنەوە و گۆڕەکان یەک لەسەر یەک کەڵەکە دەبەستن و دەبنە تەلار. ئاسۆ سپی دەچێتەوە و کێڵەکان بەرز دەبنەوە و هیچ شتێکی دی دیار نییە تەنها ناڵەی منی شەهید نەبێ.....

قاقایەک لە تونێلی مێژووەوە دەکەوێتە بەر پەردەی گوێم. دەنگی تۆیە تۆ!

- تۆ نە مردووی! تۆ لە ڕۆحمان دەژیی، بەڵام ئەمە ویژدانی مێژووە. پێویستمان بە تۆیە. تۆ نەبیت ئێمەش نابین. بەڵام تکایە بێدەنگ بە. تۆ نەمردووی. تۆ خەوتووی. دەزانی جیاوازی نێوان خەوتوویەک و تۆ چییە. خەوتوو پرخەی دێ و تۆش بەتەواوی بێدەنگ. دە وس بە! ئێمە شەهیدمان خۆش دەوێ، بەڵام دەمانەوێ تێروپڕ بخەوێ.

دەمرمەوە و وەکو تابووتێک دەڕمێمە سەر پشتی نیشتیمان. تابووتێکی درێژ!

کاروانەکان بە سەرما ڕمبازێیانە، پاژنەی پۆستاڵم بەر دەکەوێ. نووکی قۆندەرە پەراسووەکانم دەهەنجنێ. غەڵبەغەڵبی دەسەڵاتە و ڕامدەکێشێ. دەسەڵاتی ئەزەلی بۆرەپیاوان بۆ ئەوەی من تەنها تابووتێکی ئاسۆیی بم و بەژن نەگرم. غەڵبەغەڵبی میژووە و دەنگی کپی پەتێکەو ڕایدەکێشن :

**بۆنی لاشەی شەهید دەکەن.**

**– ئەمە دەسەڵاتی نەتەوەیە یا دەسەڵاتی بۆرەپیاوانە وا لە تەنیشتمەوە ئاو دەدرێ؟**

**– ئەمە گۆڕی منە یا گەنجینەی داهاتووەو غڕڕڕڕەی دێ؟**

**– ئەمە داری ئازادییە لە ناو ڕۆحی وەرزەکان دایە، یا ڕۆحی خەزانە و هەڵدەوەرێ؟**

**– منی شەهید وەرزم نییە، لە ناو چاوی عەدەمەوە هەڵدەستمەوە.**

**– چوار وەرزن مێژووی هەڵوەرینم و وەرزێکم نییە بۆ بەرگرتن : چوار وەرزن بۆ داتەپین و وەرزێکم نییە بۆ پشکۆ. چوار وەرزن بۆ نسکۆ و ساتێکم نییە بۆ چرۆ........!**

**بەهارێکە... زستانێکە... خەزانێکە و تاوستان: بە تەوژم لە ئەشکەوتە تاریکەکانی مێژووە هاژەیان دێت. دەمامکێ دەکەوێت و دەمامکێکی دی بەرز دەبێتەوە. شەویکی ئەنگووستەچاوە و ئاڵاوەتە پێستی رووخسار و دایدەماڵن، پێستی شەوە و دەکەوێتە بەر پێمان. مێژوو...مێژوو پاچکەیەکی گڕنی گڕنییەوەو بە سەر جەستەم دا رایدەکێشن و غلۆۆۆۆرم دەکەنەوە و..... لاشەیەکی بێ ڕۆحم دەکەومە نێو باوەشی گەزەنگەجاڕ.**

ئیسپانیا ٢٠٠٥

هەواڵنامەی کتێب

# بەشێک لە حەکایەتەکانی جەستە

**دەستێکم دەمێکە کوێرە و هەرچەند دەکات زمانەکانی ناپژێ،**

**بەڵام بێوچان هەندەی چۆلەکەیەکی سەربڕاو هەڵدەپەڕێ،**

**هەڵدەپەڕێ بەبێ زمان، بەبێ ئاقارێکی روون؛**

**دەبینم هێدی هێدی وەک تیزاب دەتوێتەوە سەر هۆشم.**

**چاوێکم لە مێژایە تۆپەڵێ پەڕۆی رزیو دەوری دەدا،**

**ئەوی دیکەش بە دیواری سەرایا چەقۆیەکی ژەنگن**

**رێچکە مێروولەی لێ دروست دەکا.**

**پێم بەربۆتەوە.**

**هەنگاو تەنها بە ڕووی خۆما دەتەقێتەوە.**

**ئەوەی دەوری سەریشی داوم، مێزەر نییە،**

**مێژوویەکی ماندوو، قورس، وەک قورقوشم**

**لە ئاستی تەوقی سەرا دەتوێتەوە.**

**حەرفێ سەرناکەوێتە**

**سەر نووکی زمان،**

چونکە زمان لاشەیەکە

لێی شین دەبێ دەیان کێرد و

دەیان دەبان.

دەستەکەی دیشم

بە تاقی تەنیا خەون دەبینێ

خەونێکی سپی، شەفاف

شۆڕ دەبێتەوە بەرامبەر گەردوون

وەک تارماییەکی بێ بوون.

هەواڵنامەی کتێب

***

ئێمە شێتەکانی خوداین لەسەر ئەم ئەرزە. پێستی عەردین. دوژمنی خۆمانین. دۆستایەتی ناکەین. بەچکەی کاغەزین. شیری مەرەکەب دەخۆینەوە. بەرامبەر بە گێلیی قەسیدە دەدەینە قاقا تاکو خوداش توڕەدەکەین. ئێمە زێدمان ناولەپمانە، ئاسمان لە بەرک بەخێو دەکەین، جریوەی بەرد دەناسینەوە. بە بەژنی بێمانایی دا هەڵدەشاخێن و واتای واتاکان لە قوڕە سوورێکی خەست دەگرین. خۆشمان نازانین کێن باوکمان، کێن دایکمان، هەتیوی ئەبەدین و تەنها لەگەڵ بادا هەڵدەکەین. ئێمە نادیارین وەک رەوە فریشتەی بیرەکان. لە چۆم دا تا قولەقاپ بە هێشووی تەپوتۆز دەشۆین. دەمێکە بەرامبەر بەم پەیکەرانە هاتووینەتە

سەر چۆک. پەیکەرن لە نمەک، لە لم، داتاشراون لە غوبار.

دێتەوە یادم پاشا بووم. لە گۆڕەپانی ناو شاردا تاجەکەم دایە توولە سەگێ و قەڵەنگێکم هەڵگرت درێژتر بوو لە رچەکانی میرستان. عەوداڵێ بووم پاڵتۆکەم لە زەمینێ دەخشا دەمێک بوو ونم کردبوو. کاتێ دەڵێم پاشا مەبەستم مێتافۆرێکە واتە دەنگێک نانووسرێتەوە.

قینم لە زمان هەڵسابوو. قەڵغانەکەم توند وەکو قەدەرێکی نامۆ لەناو چنگ هەڵگرتبوو. هەڵتووتابووم. کرۆشکم دابوو. بێمەبەست حەزم دەکرد منیش خاوەن زمانێک بن هیتران بتوانن بینووسنەوە. مەخابن! زمانیان لە گەرووم بە مەقاشێکی داغ بوو هەڵکێشا. جەستەیان پێشێلکردم. پاشان بە تەمابوون بمدەنە دەم سەگەکانی ئەودیو.

ناتوانم لەمە ئاشکراتر بدوێم.

رەنگبێ جارێکی دیش تۆڵەی خۆیانم لێ بکەنەوە.

هەموو شتێکیان پێدەکرێ.

بەڵام دەمێکە... نازانم لە کەیەوە...لە هەرەتەکانی گەڕەشیخانەوە...یا لە بالکۆنەکانی یارمجەوە...یا لە ژێر پردەکانی جنێڤەوە...یا لە تەنیشت پەیکەرەکەی سان میشێلەوە.. یا لە سەر گردە بە ئاسیاو رازاوەکانی لامانچاوە...چسوانم...

دەمێکە سوێندم بە گەڵای وەریوی خەزان خواردووە، ئەوی لە هەموومان زیندووتر، ئەوی رۆحبڵند، ئەوی موبارەکتر لە حەوشی مزگەوت، ئەوی

نەجیبتر لە عەقڵ. ئەوێک بە بێ ماڵئاوا دەگەڕێتەوە باوەشی دایکە سروشت، بەبێ مننەت دەگەڕێتەوە.

سوێندم بەوی خواردووە کە هەرگیز لەم ئاوە نەخۆمەوە کە بە پێش دەرگاکانتان داتێدەپەڕێ.

زمانم دەدۆزمەوە. ئەو بڕبڕەی پشتمە نەک ئەم لێژاییانە. کە دەیدۆزمەوەش هەرگیز ناتوانن بیناسنەوە، چونکە لە ئاوێک هەڵکێشراوە پاقژتر لەوەی ئێوە، بە نێو ئاگرێکدا تێپەڕیوە زەردەشت دەسنوێژی لێ هەڵگرتووە، بە نێو تەپوتۆزێک دا رەت بووە رۆحی هەموومانی لە مشتە.

ئەوتان لێ مارە دەکەم.

حەکایەتی ئەم زمانە لە ژێر پێستم دایە، نزیکترە لە شاخوێنبەر، هەتیوترە لە تەم.

لە تەنیشت کوانووەکان دا گەورەبووە. وەکو بەڕووی تۆقیو، وەک بنچکە گیایەکی فەرامۆشکراو، وەک رچەیەک کە زارۆکێ دەسنیشانی کردبێ، نایەڵن پێبگرێ، ئەمەم بە هێواشی چرپاندە رۆحی پەژمووردە.

جاریکی دیش بە ناو شارا تێپەڕیم. قەڵام بینی وەک توێکڵە گندۆرە، دەیان قڵیش سکی دڕی بوو، ناوەوەی بۆگەن. کەس بێزی نەدەهات سەرکەوێ، دەروازەکانی کڵۆم بەرامبەر مێوانان داخرابوو. شار دەگریا.

ڕۆندکێ کەوتە ناولەپم، ڕۆندکێکی دی چەشنی مرواریيەک هیشکەوە بوو. سەرکردەی سەرکردەکان بە قامک لە خوارەوە ئاماژەی بۆ قەڵا کرد، مێژووەیەکی تەپیو، زاکیرەیەکی تۆپیو...

مێوانە گەمژەکان دێن و لە خوارەوە دەڕواننە قەڵا، کەس ناوێرێ سەریان کەوێنن. لە بەرزایی دەترسن، دەترسن لەوەی بۆنێکی کەسکوون مێشکیان بتەنێ.

لە بڵندگۆکانەوە دەنگێک بەرز دەبووەوە: پاشاگەردانی بوو. سواڵکەرەکان چمکی دونیایان بە دەستەوە بوو وەکو ئاڵایەکی بێناو رایاندەوەشاند. حەشاماتێک لەسەر سەکۆکان تۆپەڵە پەڕۆیان دەگرتە هاتووچۆکەران. سەرکردەکان پێدەکەنین...وێنەکانیان دەجار زێتر گەورە کرابووە، مناڵانیان پێ دەترساند. سەرکردەیەک لەسەر قەنەفەیەکی مەخمەڵی دانیشتبوو، تاجەکەی لەکارتۆن. یەکێکی دی بە پێوە راوەستابوو سمێڵی دەقرتاند. گەورەکەیان ئەوەی لە پشت مێژووەکانەوە شۆڕ ببووەوە، ئەمیان پشتێنەکەی دەکردەوە، تەنافێ بوو وەک پەیژەکانی شەیتان.

حەشاماتیش چەپڵەی لێ دەدا و گەراکان دەتەقین...

لە خیابانە پانوپۆرەکانیشەوە ئاوێک دادەچۆڕی...غەریب بوو، نەساغ، شۆستەکانی دەشۆردەوە... سنەوبەرەکان ڕەگەکانیان ئاوێکی سازگاریان دەخواردەوە و گەڵاکان غوباریان گرتبوو.

ڕۆحی نەتەوە کەوتبووە دەستی فەرمانبەران.

نەمریی درابووە دەست دەغەزاران.

ئاڵایەک هەر یەکە و بە میزاجی خۆی تیشکێکی بۆ زیاد دەکرد. هەورێک وەکو خێوەت حەشاماتی رەشپۆش کردبوو. منیش بەو ئاقارەدا تێپەڕیم...لە زمانە دزراوەکەم دەگەڕام...

شار نامانناسنەوە. ئێمە لە دونیایەکی دییەوە گەڕاوینەتەوە. سەر بە قەبیلە سەرچڵەکانین و سواری پشتی ئەسپ نابین.

قەڵەمتۆزە خێچەکان، شەقامەکانیان وەک دێرە شیعری لەنگ رازاندبووە. نەوتفرۆشەکان، پێڵاو لاستیکەکان، لە سەر شۆستەکان دادەنیشتن و چاوەڕوانی وەفدە گەڕاوەکانیان دەکرد. ها هاتنەوە و رووسووریان بۆ هێنانەوە. هیچ. هێوربوومەوە تەنها هەر دەستم دەبینی، هەزاران مەچک، ملیۆنێ ئەنگوست، لە ماسی مردارەوە بوو دەچوون. دوا هەناسەیان دەدا و تێکەڵی لمستان دەبوون.

پێم لە حەرفێ ساتمەی کرد...

شیوەسوورەکان پەراسووەکانیان دەرپۆقیو، خاک بێئاواز، فەرامۆشکراو...باوەشی بۆ عەدەم کردبووەوە. نازانم سنوورەکانی ئەم مەملەکەتە لە کوێ باوێشک دەدات، لە کوێ دەبوورێتەوە، لە کوێ چوارمشق دادەنیشێ..چەتە کلاشخوارەکان گەڕانەوە، ئەوانەی لەودیو خوێنی یەکتریان لە ناو جومجومەکان نۆش دەکرد، ئەوانەی کەویان

لەسەر ساجەکان سوور دەکردەوە، ئەوانەی حەوسەلەی قەلیان دەبرژاند، دەمانچەی تۆپڵیش سمتە گۆشتنەکانیانی دەلێستەوە. بە ماڵۆمناڵەوە، بە خاووخێزانەوە گەڕانەوە، بە سەر پشتی گوێدرێژ و هێستر، گەڕانەوە بۆ گەمەیەکی گەورەتر. ئەمجارەیان ئەوان تێم بەر دەبن، وەکو سەگی هار، وەکو کەمتیارە کلکشۆڕەکان، وەکو چەقەڵە چاو سوورەکان، ئەوان لە دوا پشوو دا دەستی گورگە بۆرەکان ماچ دەکەنەوە و زمانەکەم لغاو دەکەن.

دەربەدەرم دەکەنەوە.

ئەمە پیشەیانە.

شاربەدەرم دەکەنەوە.

نەوسناکانیان سەر گردەکان دەکەوتن بۆ ئەوەی سنوور دیاریی بکەن. سنوورەکان ها لێرەن، نەخێر لێرەن....دەبێ هونەرمەندان تاشەبەرد و گاشاخەکان رەنگین کەن بۆ ئەوەی پێی عەقڵی لێ گیر بێت. عەقڵ خڕە، پێی نییە، بە دەوری خۆی دەخوولێتەوە.

لەسەر سەکۆکانیش دەهۆڵ و زوڕنای سەربەستی لێ دەدرا. جاڕ بۆ ئازادی، نەخشەکانیان بە قەد دیوارەکانا هەڵدەواسی.

شار نامانناسێتەوە. منێک بەچکەی پەرەسێلکە، لەسەر تەنافیش بێت گوزەر دەکەم. ئێمە سیحرمان لێکراوە. ئێمە شێتەکانی یەزدانین، تەواوی ئەو نامانە دەدڕێنین کە بە خەتی بزماریی نووسرابێت. ئێمە زمانێکمان دەوێ سازگار بێت، وەکو قرژاڵ، شیرین بێت وەک رەشیی

هەواڵنامەی کتێب

مەرەکەب، زیندوو وەکو نال.

منیش  نیازمە قومە ژەهرێک بخۆمەوە بۆ ئەوەی بە وڕێنە حەقیقەتەکان بنووسمەوە. ئێمە قەد نابینە شاعیر تا لەم ژەهرە نەخۆینەوە. ئەم ژەهرە حیکمەتە سەرەتاییەکانی تیا حەشاردراوە، بە رووەکە نامۆکانی زەریا گیراوەتەوە، سوورەتی بودای بە سەرا خوێندراوە، نووشتەی هەمیشەییە. ئەم ژەهرە رەگەکانی وا لە زمان دایە. پزیسکێکە گالاکانی وا لە مشتی شەودایە. شەیتان دەستەمۆی کردووە، واتە موبارەکە.

دەمێکە دوای ئەم جەردانە کەوتووم.

– مەبەستت منە؟

– نەخێر مەبەستی منە!

– نا نا منە مەبەستی!

هەموومان جەردەین تا لەم ژەهرە نەخۆینەوە. تۆ جەردەی جەنابی قازی. تۆ جەردەی سەرۆکی شەقام. تۆ جەردەی پیاوی شارەوانی. تۆ جەردەی هەی سەرۆکی جەردەکان. تۆ جەردەی پیاوی شەقام. ئێوەش بۆ دوا گەمە دەچنەوە بەرەی پیاوکوژان.

چەند بەرەمان کردەوە، چەند سەنگەرمان لێدا، چەند وێسگەمان شاردەوە، چەند لقەدارمان شکاند، چەند ژنمان تەلاق دا دوای جەژنی سەرکەوتن، چەند نامەمان شاردەوە کە باسی عەورەتی دەکردین، چەند

ڤیزەمان بۆ لێقەومان وەرگرت و سەفەرمان نەکرد، چەند چووینە هەندەران و نە گەیشتینە هیچ شوێنێ، چەند بە نووسینەکانمانا چووینەوە و کەسێک نەبوو ئاماژەمان بۆ بکات تا رۆژە مەزنەکە. هەموومان ئەو رۆژە مەزنانە دەناسێنەوە، مەبەست ئەو رۆژانەیە کە لە نێو خۆ سامانی میللەتمان دابەشدەکرد.

هەموو شتێک قابیل بە دابەشکردنە... زڕبرای خۆشەویستم. با هەموو شتێک لەنێوان خۆ دابەشکەین...نازانین ئەم گالێسکەیە تاکوێ بڕ دەکات...شاباش بۆ شەهیدان...دەمی دایکان بە خۆڵی نیشتمان سواغ دەن، تۆپەڵە قۆڕیان تێگرن.

ئای بۆ تۆی لێقەوماو، بۆ تۆی هەڵلەرزاو، تۆ مەبەستم "رۆحی نەتەوەکەم"ە، هەرچەند دەکەم ناتناسمەوە. کاتێ سەرنجی چاوەکانت دەدەم، سەرنجی شانوباڵت دەدەم، سەرنجت دەدەم ناتناسمەوە. هەمان زمانەکەی منت نییە.

من مەملەکەتەکەم بێ پاشایە!

من زێدەکەم لە ناولەپمە.

من وڵاتەکەم تەختاییە.

من نیشتمانەکەم تەیرێکە هەر دەفڕی و دەفڕێ.

من کۆچەرێکم بێ رەشماڵ،

رێبوارێکم بێ دیوار،

**وشەیەکم بێ سنوور،**

**زمانێکم وەک دەزوولە جەستە مارە دەکا.**

**ئای مەخابن رۆحی نەتەوەکەم لێم دوور دەکەوێتەوە.**

**بە سەمایەکی دیکە رەنگی خاک دەنووسرێتەوە. دیسانەوە ساڵرۆژەکان دووپات دەبنەوە و رووتم دەکەنەوە. دەرپێکەم بە سەر تەنافەکانا هەڵدەواسم، پەرەسێلکەی پیرۆز لەسەری دەنیشیتەوە و قورئانی خۆی دەخوێنێ. ساڵرۆژ بۆ ئەوەی بوونم دەپات کەمەوە. من بە ئاسپایی دیارم، شەفافم. تۆ دێی رزگارم دەکەی، تۆ لە بنی دونیاوە دێیێ گوندەکەم خاوێن دەکەیتەوە، تۆ لەوپەڕی جیهانەوە هاتووی ژوورەکەم بۆ سواغ دەدەی. بەڵام من نە رزگارم دەبێ، نە کۆڵانی ژوورەکەم بۆنی خۆشی لێوەدێ. من زمانم گیراوە.**

**هەر کاتێ قورگم بە قورقوشم دەگرنەوە، سەر قەڵاکەم دەکەوم. قەڵای من وێرانەیە وەکو ویژدانم، قەڵای من وێرانە خاکێکە وەک عەقڵی من، کەلاوەکانی مێشکی منن. سەر قەڵا دەکەوم واتە سەر دەکەومە سەر بەتاڵیی خۆم، سەر دەکەومە سەر بناغەی پووشەڵانی خۆم. سەر دەکەوم بەڵام هەمیشە لێژ دەبمەوە، لێژم دەکەنەوە، لێژت دەکەنەوە.**

**ئێمە لە سەردەمی دووبارە بوونەوە دەژین. جوینەوەی جەستەی بێ ئەمەک، جوێنەوەی رۆحی پۆک، جوینەوەی زمانێکی بی مەڵاشوو.**

**نەمزانی هەندە تاڵی ئەی ئازادی، نەمزانی وا بەتوندی زەوتم دەکەی.**

نەمزانی ئازادی زریزەیەکی پەخشانە و لە پێیەکانم گیر دەبێ. من دەمەوێ بگەڕێمەوە دەریا، هەر وەکو جاران بە دیار پاپۆڕەکانەوە دانیشم، سەرنجی مێتاڵە ژەنگنەکانی بدەم و خۆم فڕێ دەمە سەر پشتی. پاپۆڕی لمۆز ئاسنین زەریای سوێر بە کەڵبەکانی شەق دەکات و ئاسۆکان دەخواتەوە. هەتاوەکان هەپروون بە هەپروون دەبن و دەتوێنەوە. شەوێکی ئەنگووستەچاو وەک دەسماڵێکی قەترانی ئاسۆکان پێکەوە گرێ دەدات و بە تەواوی ئازادم دەکات. دەکەومەوە نێو جوولە هەمیشەییەکان و هەڵدەوەرن پێوەند و پێوەست و ئەم بستە زەمینەی کە دەتانەوێ بیکەنە پینەی شەرواڵ.

ئەم هەوایە قورسە بۆ میزاجی من.
ئەم میهرەجانە بێ میهرە.
ئەم راوێژە وەک کاوێژە.
ئەم سەرکەوتنانەی کە تۆ باسی دەکەی هەمێشە لێژە.
تۆ لە رەگ دەگەڕێی من لە رێگا،
تۆ بە چەناگە خاک دەکێڵی من بە هەناسە،
تۆ بە پێ ئەم زەمینە دەناسێتەوە من بە ناولەپ.

من ئازادیم ناوێ بەڵکو دەمەوێ ئازاد بم!!!!

ئیسپانیا ٢٠٠٥

هەوالنامەی کتێب

# گەڕانەوە بەرەو دابابا

**ئەمە خەونی ئاسنە و دەگەڕێتەوە سەردەمی با. ئەمە خەونی برادەرەکەمە، مەبەستی من روونە. هی ئەو کەسەیە کە سەیری یەکتر دەکەین و دەمانەوێ لە نێو چاوی یەکتر بخەوین. ئا ئەمەیە سەردمی زێڕین کە لە هیچ کتێبێکی مێژوودا بەرچاو ناکەوێت.**

**لە سەرەتاوە، مەبەستی من زۆر روون نییە : بەڵام مەبەستیشم مێژوویەکی دیاریکراوە : شۆڕ دەبوومەوە نێو شارە سپییەکان و لەبەر پێم هەڵدەفڕین فریشتەی کاغەز.**

**هەمیشە هەر دەمەوێ بگەڕێمەوە سەرەتا، هەرچەندە ئەم لۆغزەش زۆر روون نییە. سەرەتا وڵاتێک بوو لە دوکەڵ، شاعیران درۆیان دەهۆنییەوە و وڵات دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەک و قوولەقاپی لەنێو چڵکاو ؛ ئەمە زیهنییەتی سەدەکانی ناوەند بوو، بەڵکو هی زەمانی پێتراک.**

هەموو شتێ لە زیهن دا پەپکی دەخواردەوە. دونیا بە مووسێ شەق دەبوو. وەک وێنەیەکی نیوەی رەش و نێوەکەی سپی و بە هەودایەکیش گۆشەیەکی بە ئەستێرەیەکەوە شۆڕبووەوە.

سەرەتا دەشتاییەک بوو، ئاقارێ بوو بۆ رمبازێن. ئەوەش دووپات دەکەمەوە کە زەحمەتە لە مەبەستی خۆم نزیک ببمەوە!

کەواتە ئەمە خەونی ئاسنە : نەرمونیاترین خەون.

دەستمان بۆ بەرِکمان دەبرد، خۆڵی سەدەکانی دی دەلکایە دەستمان، دەچووە ژێر نینۆکمان، تێکەڵی خوێنمان دەبوو. هەرچەند دەکەم خوێنم ناناسمەوە. نازانم لە چ رەگێکەوە دەگاتە ئەم جەستەیەم کە تەنها هەر بە پەڕۆ دەور دراوە. نازانم لە چ کانییەکەوە هەڵدەقووڵێ و چ مەقاشکی داغ بووش زمانی لە بنەوە هەڵکێشاوە.

هەندێکی دیش لەمەڕ ئازادییەوە دەدوێن. ئەو ئازادییەی تێکەڵی خوێنی قەبیلە دەبێ، ئەو ئازادییەی هەراج دەکرێ و ئەو ئازادییەی خوێنی گەشی هاودەردەکانم ناگەڕێنێتەوە جەستە هەلاهەلاکەم.

تاراوگە لە وڵات گەلێ نزیکترە.

گەڕانەوە بەرەو دابابا....هاورێیەکەم هەمیشە پێم دەڵێ :" کەی دەگەڕێتەوە ئامێزی دابابا؟"

تەنها هەر قاقا بە لۆچی کراسەکەمەوە دەنیشێ.

دەمەوێ لە نێو خەونی مەعدەندا سەرخەو بشکێنم و پرچی شەمامەکەی

خۆم شانه بکەم. ئەمە زەمەنی ئێرۆتیکایە. واتە زەمەنی ماچکردنی بەتاڵیی.

بەڵام موژدەشم پێیە! موژدەی راستەقینە. باسی داهاتووی شکۆدار ناکات، باسی نیشتیمانێک ناکات قارەمان لە تەنەکە دروست بکات و قەڵەندەرێ لە ژێر دارێ پێش ئەوەی خەوی لێ کەوێت گیان بدا بە دەستەوە. موژدەی من لە رابردووەو دەگاتە بەرچاومان، رابردوویەک تەنها هەر لە چرکەساتەکانی ئێستا دەکات! سیحری گەڵا دارێکە تەمەنی خۆی لە نێوان لقە دارێک و خاک دا دەبینێ.

لە کۆتاییش دا شیعر دەدرێتە بەر کێرد..واتە قافیەی گوێزان ئاسا پشتی هەنجن هەنجن دەکات. ئاسۆیەکی ئاڵیش پەردەی بووکێنی دەژاکێنێ و هەتاویش هەڵنایەت! ئەم جۆگەلەیە پڕ دەمی تاشەبەردە و ئاسمانەکەی لێڵە، ئەم کەستەکە عومرکورتە رەورەوەی ژیانمانە.

تا دێت دابابا دوور دەکەوێتەوە، تا دێت ئاسمانەکان دەکرێنەوە و پەردەی گوێمان ناسکتر دەبێ، تا دێ باوەش بۆ هیچ دەکەینەوە و دڵخۆشتریش لا جاران.

تا دێت شەفاف دەبین وەکو چاوی قرژاڵ،

تا دێت تەمەن گەرای خۆیمان لە نێو رەحم جێدەهێڵێ،

تا دێت وشە کاژ دادەکەنێ و مێتامۆرفۆزەکانی بەیان دەکات،

تا دێت پێستی خاک و پێستی پەیڤ هاوشانن

تا دێت درەختێ مورادیفی خزمانە

تا دێت کاغەزێکی چەرموگ بە قەد شیعرێکی نووسراو دەمانهەژێنێ

تا دێت دەنگی زارۆکێک و پرسەکەی مۆزارت دەبنە یەک شت

تا دێت حیکمەت و بێهوودەیی لە یەک بۆتەدا کۆ دەبنەوە

تا دێت عەقڵم لە بنبەستێک دەگەشیتەوە

تا دێت سۆزەکانی دابابا دەبنەوە تەپوتۆزەکەی جاران

تا دێت شینایی ئاسمان سپی خۆی دەنوێنێ و

تا دێت زەردێنەی هێلکە و خوێنی شەهید پێکدەکەن!

تا دێت رابردوو تووشی بوورانەوەم دەکات و داهاتووش لە پێمان گیر دەبێ.

ئەمە چیرۆکەکانی دابابایە، واتە زرینگانەوەی زەنگە لە گوێی ئەبەدییەت.

چیرۆکەکانم قەڵبن...

بەدفەساڵ و

نمەکحەرام

هەڵدەگژێمەوە سەر پشتی بابوباپیرانم

وەکو سەگی هار تێیان بەردەبم

وەکو گورگێک خوێن بە کەڵبەکانمەوە دەبریسکێتەوە

ئەستێرەیەک لە تەوقی سەرم هەڵدێت

هەنارێک لە ئاستی جەستەم شەق دەبات و دەنکەکانی دەبنە هەتاوی ئاڵ

هەودایەک لە خەز لەشم دەباتەوە نێو تەونەکانی ئاسمان
گرێکی گەش لەسەر پشتم دادەگیرسێ
بە رۆنی زەیتوون هەڵیساوە و ناکوژێتەوە.
رووبارێکی روون، یەکەم رووباری گەردوون بوو لە نێو لینگمەوە دەرژێتە بوونەوە،
گیای شین لە لەشم شین دەبێت،
تاڵەگیا بڵاودەبنەوە،
دەگەڕێمەوە دابابا،
بە مەیموونم دەزانن،
دەمدەنە بەر کەستەک و لە چوارراکان بەردە بارانم دەمەن،
بە خائین و ترسنۆکم دەچوێنن،
خائین بەرامبەر بەزمان و
ترسنۆکیش بەرامبەر بە گڵکۆکان،
پیرەژنە جادووبازەکان لە سەرخانووەکانەوە بە تەشت ئاوی کۆڵاوم دەرژێنە سەر،
مناڵان قامیش دەکوتنە سەرم،
مەلاکان ئایەت بە بەرەواژی دەخوێننەوە،
داوی داوان لە پێم دەئاڵۆزکێن،
چەند فریشتەیەکی مەئیوس، لە کاغەز دروستبوو لە بەرپێم فڕەفڕ دەکەن،

هەواڵنامەی کتێب

**و شاعیرە رەسمییەکان**

**ئەوان لە سەر ئەسکەمبیلی لە پووش دروستبوو دادەنیشن،**

**گرێکوێرەک لە قورگم دەدەن،**

**دەمخەنە نێو تابووتێک لە ئاسن و شاربەدەرم دەکەن،**

**کەواتە ناگەمەوە دابابا.**

**هەر لە دوورەوە منارە دەبینم دوکەڵ دەرشێتەوە**

**گومەز دەبینم گیای گۆشتن لە درزەکانییەوە چرۆ دەکات**

**چەند سۆزانییەک**

**پانپانۆکێ لە دەوری قەڵا دەکەن**

**دەچمە تەنیشتیانەوە**

**شیعرەکانمیانی بۆ دەخوێنمەوە**

**وشەو لەش و حەز و تۆماو شەوق دەدەنەوە**

**چراخانێکە ئەبەدییەت بە پاژنەیەوە دەلکێ**

**ئەمە دابابایە**

**لەززەت لە دونیا دادەگیرسێ**

**لەش چرۆ دەکات**

**روونبین سەیری عەوەرت دەکەین و دەدینە قاقا و ناگەینەوە دابابا.....**

ئیسپانیا ١١-٥-٢٠٠٥

# قازوقوڵینگەکانی سیبریا و قەڵاکەی تولەیتەلە

**لە وڕێنەکانی ئاوێنەوە تا پرچە ئاڵۆزکاوەکانی تۆ ئەی نا دیارتر بوون کە چۆڕاوگەی ئیرۆس بە پاژنەکانتەوە دڵۆپ دڵۆپ دەکەێتە سەر هیشکایی!!! بوونی نابووت دەبووژێنێتەوە. هەر تۆ ئاو دەدەیتە ڕەگی ئەم زمانەی کە بۆتە دەعجان، ڕەنگە تەنها، بەڵێ تەنها بەرامبەر بەرابروو دەمکاتەوە..**

**چین رابردوو؟ هەزاران تەرحە ئاهە و تەنها بە دە حەرف دەنووسرێنەوە... دە...پانزە حەرفی دووبارەوە بوو، دە پانزە حەرفی جواو... ئا ئەمەیە مێژووی من!..**

**هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەڵدەستم دەستنۆێژ بە بێهوودەیی خەونەکانم دەشۆم...ئەوانن واقیعی من..من دەمێکە واقیعەکانم سەروژێر بوونە یا ژێروبنن واقیعم...کەرەسەکانی ژیانم تەنها سەرینێک و دۆشەکێک و لێفەیەکە، ئا ئەو لێفە دێرینەیە کە لە ژنێڤ/ەوە لە گەڵمایە : پڕ گەندەمووی قازوقوڵینگەکانی سیبریایە، نەرمترین عەرش و گەرمترین دونیا بۆ ئەوەی پانتایی خەونەکانم بەرەوە کەشکەڵانی فەلەک بکشێن...لەوێ مەبەستم بارەگای شەهوەتی پەرییە و داوەکانی لەززەتە،**

ئاگری عومری مەلائیکن کە لە پێی ناسووت گیر دەبن.

کاتێ دەڵێم واقیعم خەونن، تکا دەکەم بە شۆرشگێڕەکانی سەرەتای سەددەم مەزانن، چونکە تەنها هەر بە گانگۆڵە دەچمە نێو بیردۆزەکانی دونیاوە و هەر بە گانگۆڵە لە سەر حاشییەی و دامێنەکانی کاغەز هەڵدەکەم.

جاران خەون دونیایەک بوو لە ئیدیال، ئیدیالی برا گەورەکانم...ئەوانەی بە هەڵە هاوکێشەکانیان بۆ شیتەڵ دەکردین و لە نێوان گوێ رووتەکانی گوێدرێژەوە ئاسۆیان بەدی دەکرد... مەبەستم لە ئاسۆش : قەستیلەترین گوناهە!

ئەو گوێدرێژەی کە راهاتن ژێری دەکات!

جاران رابردوو و داهاتووم لەسەر یەک هێڵ دەڕست. جەدەلی عەقڵ بوو!

جاران...مەبەستم لە ئیبن سیرینە : خەون داهاتووی لێکدەدایەوە. خەون دەروازە لە سەر هەموو حەکایەتەکانمان دەکاتەوە. مەبەستم حەکایەتەکانی عەقڵە.

دیسانەوە هەر جاران، وامان لێکدەدایەوە کە خەون رابردووە تیکچڕژاوەکانمان بۆ دەهێنێتە سەرکۆش!

بەڵام ئەوەی کە ئێستا دەیزانم تەنها هەر سەرینێکە و دۆشەکێک و لێفەکەی سیبریایە....

دوو واقیع دەوریان لێداوم :

یەکێکیان لەهەراوزەنای مەخلووقات پێکدێت. لە شەڕوشۆڕە لە بنەهاتووکان کە دەیان تەبریراتمان بۆیان هەن و لەسەر هەقیشین.

دووەمیان لە بێهوودەیی خەون پێکدێت. مەبەستم خەونی راستەقینەیە.

ئەمشەو سەعات سفر لە ناوەندی قەلاّ کۆنەکەی شاری "توولەیتەلە" کە ئیسپانیان "تۆلێدۆ" پێ دەڵێن لەگەڵ سێ کەسی دیکە شەڕە شیعرمان بە فەرەنسی دەکرد. سێ کەسەکەی دی : گریگۆریۆ بوو کەمن هەمیشە بە گریگۆریۆ سامسای کافکای دەزانم، دووەمیشیان "پیلار"ی بالاّبەرز، نە ناشرین نە جوان، قورسترین بار بۆ ژنێک، سێیەمیشان ژنە پاریسییەکەی کە فەرمانبەریی لێوەکانی بێرەنگ کردووە.

بە زمان پاراویی مۆلیەر و تراژیدیا ئامێزی راسین و مۆسیقا بەخشی ڤێرلێن و بێزاریی بۆدلێر شیعرم دەهۆنییەوە...دەمبینی چۆن قەتارەیان دەبەست ئاواز و سەر کاتێدرالەکە دەکەوتن و پاشان بە کووچەکانی جوولەکە و کەوانی مزگەوتانا شۆڕ دەبوونەوە و تێکەڵی دووکەڵی ئوتومبیلەکان دەبوون....پیییاح کە سەیر بوو....

نەمدەزانی بۆ وا بەسانایی ئەم زمانە خۆی لێم مارەکردووە و وا ئاوا دەبێت!

ئەمە بوو واقیعی دەووەم...مەبەستم لەو گوزارانەیە کە بەپێشما رادەبوورن...

٢٠٠٥/١٢/١٧ ئیسپانیا

هەواڵنامەی کتێب

# سەردەمی غەریزە سەرەتاییەکان

من سەر بە چاخناوەندەکانم و ئا لەوێوە باسی حیکمەتتان بۆ دەکەم. حیکمەتە سەرەتاییەکانی من تەنها لە نێو ئەم بەتاڵییەوە دەورووژێن و بە باڵای کات دا هەڵدەزنێن. هەموو شتێک دەگەڕێنمەوە سەر زیهن. ئەو زیهنەی جەللادە بە سەرمانەوە و ئەو عەقڵەی لە کۆڵمان نابێتەوە!

هەمیشە، مەبەستم دەمێکە هەر لە سەرەتاکان دەگەڕێن، ئەو سەرەتایەی کە لە دونیا جودامان دەکاتەوە. ئەو دونیایەی تازە بۆ شیتەڵکردن و راڤەکردن ناشێت. ئەو دونیایەی کە لە دەست راپسکاوە و تازە بە حیکمەتە هەوڵێنەکان دەمانەوێت زاراوە بۆ ئەم ئاژاوەیە بدۆزینەوە.

چاخناوەند واتە لە دەرەوەی چاخان....

واتە لە بەر سفرەی هیتران دەممان دەپژێ...خۆمان هیچمان پێ نییە تەنها جوینەوەی ئەم پیتانە نەبێت کە تەرجەمە ناکرێن و کاتێکیش دەبنە هاوسەرمان شی دەبنەوە و دەبنەوە هەڵم...

تۆی ماتماتیکناس...کاوێژ دەکەی و ژمارەکان دەجوی

تۆی کۆمەڵناس لە قوژبنی عەمبارێک دا ئارد دەتەکێنی

تۆی شاعیر! ئەی فەیلەسووفی هەموو سەردەمەکان لغاوەکانت کەفی

**قافیەن و کێشی حوشترەوان میلۆدیایە : تۆ کرنۆش لە بۆ جوانیی دەبەی و بەسەر زمان دا دەرشێتەوە... تۆ لە کراس و کەوای پیاو چاک دایت، واتە یاوەری شەیتان!**

**تۆی سیاسەتمەدار...کۆرپەی باوەشی ئەبەدییەت و خوێنی شین لە دەمارەکانت دەگەڕێ و شاهەنشا نیت...میراتهەڵگری کەساسی...**

**تۆ...ئەی حەکیمی ئەزەلی...راڤەی خودا دەکەیت و بە پاشۆڵتەوە لەشکری ئەجندە سەما دەکەن...**

**تۆ ئەی کرنۆشبەری راستەقینە....کرنۆش بۆ بەتاڵیی دەبەیت و لە نێوند ئەم زەماوەندە چەق دەبەستیت....**

**منیش هەرچەند دەکەم لە چاخناوەندەکانەوە قووتارم نابێت و سەدان کتێب لە سەر دڵمە و پێم هەرس ناکرێن....**

**گوناهی گەورە لە کتێب دا نییە ( مەبەست لە گوناهە مەزنەکەیە)، ئەوەی لە نێو شەوە تاریکەکانی مێژووە سواری ئەستۆم دەبێت، گوناهە گەورەکە لە بنەما و شیرازەکانی عەقڵم دایە. من لە بنبەستەکان دا دەژێم : سەردەمی دڵ و سەردەمی عەقڵ بەسەرچوو....**

**گەڕاینەوە کووچە تاریکەکانی ئەبەدییەت و تەنها غەریزە شتەکانمان دەنووسێتەوە : ئا ئەمەیە سەردەمی پیاوکوژان!**

٤-١-٢٠٠٦ ئیسپانیا

# بوومەتە ئاژەڵ

**هەستم کرد بوومەتە ئاژەڵ! بەڵێ ئاژەڵێکی بێزەمەن و بێشوێن. تەنها غەریزە و ئینتیباعم هەبوون. لێوارەکانی لەشمم نەدەناسییەوە و دونیاش رەش و سپی. بۆنی زۆر شتم دەکرد :**

**بۆنی سەرماوەرز لەسەر پێستەکەم چلووەرەیان دەبەست...**

**بۆنی شیرینییەکان لەسەر تاڵە سمێڵە درژەکانم دا نم نم دەخەوتن...**

**بۆنی ئینسانم دەکرد، ئینسانی بریندار بە میتافیزیک، هەموار لە گەڵ دیوار و نامۆ لە گەڵ خۆی...**

**بۆنی ئەم عەردانەم دەکرد...ئەم عەردە قەستیلانەی کە شیتەڵ ناکرێن و رادەبوورم...**

**هەستم کرد بوومەتە ئاژەڵێکی لێقەماو...نە ڕێ دەبینم نە ئاسۆ...قفڵی ئێستاکان پێستەکەم دەشۆنەوە.**

**چ زەحمەتە دونیای خۆمتان بۆ باس بکەم!**

**رابردوو دەسڕێتەوە و داهاتوو دەبێتە هەڵم و هەر ئێستاکان دەمێننەوە..**

**من فەیلەسووفێکی ئاژەڵم و پێش ئەوەی جامێ ئاو بخۆمەوە بیر لە گەرد دەکەمەوە...**

**پێش ئەوەی کەڵبە لە ئێسقانێ گیر کەم دڵم بەوە خۆشە دونیا هێمنە...**

**پێش ئەوەی شیعرێ بخوێنمەوە هێلنج دەدەم..**

**پێش ئەوەی وانەکانم بڵێمەوە زاکیرەم بۆ فەرامۆشبوون دەخەمە سەر پشت.**

**من شاعیرێکی ئاژەڵ...**

**دونیا لەسەر تەناف دەبینم**

**هێڵێکە قەبرغەی هێڵێکی شەق کردووە**

**درزێکە دوو تنۆکی تیا گیر بووە**

**دونیا دەسڕێتەوە و هیچ داگیرم دەکات! واتە هیچ....دونیایەک وەک گەندەمووی ئاسنە و سپی دەچێتەوە...گەندەموویەکی بێ بارستایی و بەرزم دەکاتەوە بۆ ئەوبەری ئیرۆس...بەرزم دەکاتەوە نێو خەڕندەکانی ئاسۆ و هیچ هەموو شوێنێ غەزوو دەکات...**

**ئاژەڵێکم دەدەمە قاقا...**

**ئینسانێکی مەئیوس بە بەردەمما تێدەپەڕێ لەشقورس، ڕەزاگران دەیەوێ لە لوغزەکانی ئەبەدەییەت تێبگات.**

**ئەی هاوڕێ...ئەی برای دوو رووم[19]، دەستم دەرێ و با بۆ خەڕەندە بەرزەکان شۆڕ بینەوە...**

ئیسپانیا ٣—١-٢٠٠٦

---

[19]ئاماژەیەبۆ دێڕێکی بۆدلێر کە خوێنەر بە هاوچەشنی خۆی و دوو رووی دەزانێ.

# پێرێ بوو، ئەی غەریبان!

پێرێ بوو، راستر دەمەو گوڵ بوو، واتە شیرازەکانی خەز لە دەوری هەتاو ئـالا بـوون. پێـرێ، قـەد لـەو پێرێیانـە نـە دەچـوو کـە دەچوونـە ژێـر پێستەکەمەوە و باسی نەغمەکانی شەفەقیان دەکرد. ئۆرکسترای لم. تۆ، بە شنە لە ژێی بەیان دەدەیت. منم تاقە جەوهەری نێو چلپاو، خووناوی سەر خاشم و مۆسیقاژەنی ئەبەدی باخچەی هەڵواسراوەکان.

پێرێ بوو خەونم بینی : گەورەترین هەتیوی شیعر و ناسکترین قەدیف. لە دارستانی ئیستواییەوە دەهاتمەوە. لەشی روەک لەشی داپۆشیبووم و سەز دەچوومـەوە وەکـو ناولـەپـی پێغـەمبـەر. دوو کـانی لـە نێـو لینگمـەوە، کەوسەری لەززەت بوون دەرژانە بوونەوە.

پێرێ دەمەو ئەستێرەبوو! گەردوون وەکو قەترانی نێو رۆحی مەرجان، یاقووتی نێو لەپی شەو...حەزێک بوو چراخان و چرایەک بوو ئاشنا...

هەستم کرد ژیان لە ملیۆنەها پنت پێکدێت و نێوان پنت و پنتێکیش ملیۆنەها ساڵ مەودایانە...زەمەنەکانی من تەنها بە تیشک دەپێورێن و ئەم جەستەیەشم کەوتۆتە نێو خەرەندەکانی هەستەوە... ژیان قەد ئەو رستە نەبوو کە پێکەوە مێژوویان پێکدەهێنا! ژیان پنتێکە دەکەوێتە کۆشم.

پێرێ کاغەزێکی سپی دەموچاوی تۆمار کردم، روخساری ختم کردم. ستایشی باڵندەیەک ئاوی دەبووژاندەوە، زوقمی سەر هەنار شاگەشگەی دەدایە دیوار و تاقە ترێیەکی رەش لەسەر پانتایی سینە. قژە پەرتوبڵاوکانت رووبار بوون با شانەی دەکرد. ئەسپێکی سپی شینیی بووکێنی ئاسمانی شەق کرد و منیش رادەبوورم.

رۆمانتیک نیم و دوو زەنگوڵە چرا لە چاوانم قەتیسن. بێزاریی هەوای پاریس و شێ مەملەکەتی باران پێستەکەم دادەپۆشن. رۆمانتیک نیم و بە قەد سایەقە کەش دەخۆمەوە و دوو چێژی لەوەسفبەدەر بە سەر لێومەوەیە و رادەبوورم.

رۆمانتیک نیم و دەڕوانمە باخچەکانی هەور و کاوێژ دەکەم. بێچووە ئەستێرەیەک قووت و قاقایەک لەسەر سکم پەپکە دەخوات.

رۆمانتیک نیم و خەم دەخۆم. خەمی شۆم و خەمی کەوان : واتە خەمە پێنەگەیشتووەکانی پەڵکەزێرینە.

لە ئاقارێ پاڵدەکەوم و گیای رەشی بەهار دەتفێنمەوە.

تامێک مەڵاشووم دەچوزێنێتەوە.

بۆنێک لەسەر سمێڵەکانم خەونی ئاژەڵیی خۆی دەهۆنێتەوە.

لێی دەخەوم...بەرد و خۆڵ دەجووم و خەوی کەستەک دەگێڕمەوە.

ئیسپانیا ٢٠٠٦

# دەنگێ واتە شیعرێ

پێشکەشە بە کەنێت وایت

ئەم دەقە لە ژێر بارستایی سرووشێکی راستەقینە دەنووسم. سرووشی زەمەنە تەڕەکانی ژێر گەڵا، گەڵای رەزەکانی رەشەمێ، گەڵای شۆڕبووەوەی سەر شەهوەتی ئینسانی یەکەم. دوێنێ کەوتمە گفتوگۆیەکی پەنهان لە گەڵ کەنێت وایت/ی شاعیرە گەڕۆکەکەی ئیکۆسیا. کۆچەری نێو چواراکان. ئەوەی خوێی هێشکەوەبووی سەر دەریا بە لەپ دەگرێتەوە و گوێ بۆ نەورسەکانی بەرد و گاشەبەرد رادەهێڵێ. رەهێڵە بووم و بەسەر ئەتلەنتیکا، شینایی هەردوو چاوی پڕ زێڕ کردم.

سرووشی راستەقینە : هی پێغەمبەرە نەناسراوەکانی عەهدی نەنووسراو، هی دەنگێکی تەڕ کە جەستەمان شین دەکات و نێوچەوانمان دەکووتێ. هی زەمەنە راستەقینەکان کە ئەخلاق لە هیچ شوێنێ جێی نەدەبووەوە و بەرزترین هێماش سەمبولی لەش بوو. هی ئەو زەمەنانەی لە نێو دارستانەکان دا گوێمان لە خشپەی بێدەنگیی دەبوو، گوێمان لە سروودەکانی مارمێلکە و حەکایەتی پەیکەری پەپوولەمان دەنووسییەوە.

هی ئەو زەمەنەی کە هێشتا نە شەم تووشی گریان هاتبوو، نە عیشق بە پەڕۆی پیرۆززراو دەپێچرایەوە : مەبەستم لە ڕەهایی دەنگە کە ئاودیوی زایەڵە دەبێت و دونیا دەشواتەوە. مەبەستم لە تەهارەتی یەکەمە کە لم و خۆڵ کرنۆشیان بۆ توخمەکانی دی دەبرد. کرنۆشە شکۆدارەکان کە تەنها لە گەڵ ئەستێرە دەکەوتنە دوان.

منیش غارم دەدا و پەرکەمم گرتبوو : واتە لە گەڵ ئەستێرەیەک قسەم دەکرد و توولەسەگێکم لە باوەش. هەستم دەکرد ژنی یەکەممە.

ئەو ڕۆژەم بە باشی دەهاتەوە یاد کە یەک لە دوای یەک ژنەکانم تەلاق دەدا و ڕوونییەک بەرایی چاوی ڕزگار دەکردم. ئەو عەسرەم دێتەوە یاد، ویستم زمانەکەم لە جۆگەلەکەی بەر دەرگا بشۆم. زمانەکەم بۆنی کردبوو، کەلاکێک کەوتبووە ژێر کەڵبەی کەمتیار.

زمانەکەم دۆزییەوە : بێمێژوو، بێبارستایی، بێناونیشان، بێئیتیمۆلۆژیا، بێبەرگ، بێواتا، بێناوەرۆک، بێسەرەتا، بێئەلفوبێ، بێرێنووس، بێرەسم و فیگوور، بێرەنگ و سنوور. قافییەکانم لەناو قەد شکاند و ڕیتمێکی نوێم دۆزییەوە.

من و زمان بوینە یەک.

ئەو منە و منیش ئەوم.

سەرەتای سروودێکی نوێ بۆ وتنەوەی دەنگ.

بیرکردنەوەکانم تووشی شێوان دەهاتن و خەڵکم دەوتەوە. زاتم لە نێو ئاوێنەکان هەپروون هەپروون دەبوو. زاتە موبارەکەمم بە بێ زات دەژیا. چرووسکەیەک بوو لە دەست دەرچووبوو، پزیسکێ بوو دەستیان لێ وەشاندبوو. منیش بەردەوام لەسەر ئاوێنەکان غارم دەدا و بە سەر وێنەی خۆم دەخلیسکام و غلۆر دەبوومەوە. گرێک هەردوو باڵەکانی دەسووتاندم و بایەک وەک ئاژەڵ قووتی دەدام و کڵبەیەک بووم بە نێو خۆما دەچەمامەوە و ئاسۆ لە ملی گڕ گیر دەبوو و مانگێک وەکو ئەشکەوتی خۆڵەمێش کرایەوە.

دڵۆپە ئاوێک کەوتە خوارەوە

ئاوێنەیەک درزی برد

دەنگێک دەمی پڕا

گیایەک دەستی کردە ملی سێبەر

رۆشناییەک

وەکو مووسێ

لە بەردەم گابەردێ شاگەشگە بوو

هێمایەک لە قۆزاغەوە دەرپەڕی

دەنگێ

واتە شیعرێ لە دایک بوو.

٢٠٠٦/٣/١٨

هەواڵنامەی کتێب

هەوڵنامەی کتێب

# سەرەتاکان

ئەم چەند پارچە شیعرانەم ناونا سەرەتاکان. شیعری نێوان ساڵی ١٩٧٤ /١٩٨٢. ئەو چەند دێڕانەی کەلەساڵی ٧٥/٧٤ نووسراون، هەر لەبەر نووسیمنەوە. ئەوانی دی، بەشی "باران" لێ بترازێ کە چەند شیعرێکی نامێلکەیەکن لەشاری ژنێڤ لەنێوان ساڵی ١٩٨٣/١٩٨٢ نووسیومن، ئەوانی دیکە لە ناو کارتۆنێک دوای یانزەساڵ، لەماڵی باوکم دوزیمنەوە. ئەو شیعرانەن کە لە نێوان بەغدا و کەرکووک و هەولێر نووسراون. هەموویان نین، چونکە زۆربەی زۆری بەکەڵکی بڵاوکردنەوە نەدەشیان، ئەمانەشم هەر وەکو زانیاری لەمەڕ مێژووی شیعر نووسینمەوە، لەم بەرگە بلاودەکەمەوە؛ هەندەی وەکو سەرەتا گرینگن، هەندەکامڵ بوونیان لەرووی پێکهاتەکانی شیعرەوەپێوە دیار نییە.

**مژگانت گاهێ وەک نیش لەدڵێدا**

**وەک بڵێی خار و خەس لەگوڵێدا**

١٩٧٤ کەرکووک

**دەستە گوڵێکم دەرکرد لەباخا**

**هەموو گوڵەکان گریان لەداخا**

**گوڵی لەوانە دەگریا و دەیوت**

**بۆچیێ ئێمەت وا دەرکرد لەناخا**

١٩٧٤ کەرکووک

**ئاسمانی شینی وەک پەردەی ئەمەل**

**لە ئاهی منا تیای نەما یەک مەل**

١٩٧٥ کەرکووک

هەواڵنامەی کتێب

# غەریبێ لەسەر دەریا

**چۆلەکەی سۆزم ئەناڵێنێ،**

**وەک کەشتییە،**

**شتومەکی پەژارەیی بۆ نیشتیمانی**

**هەژاران هەڵگرتبێ ؛**

**ئاوا لە بەندەری دڵم لەنگەر دەگرێ.**

**منیش دەڕۆم و...نامۆیش لەناخمدا دەتوێتەوە**

**وەک توانەوەی وشە**

**لەناو دڵی شاعیردا،**

**دووریی هەڵپیروکاندبێ..**

**ئەی چۆلەکەی سۆزم!**

**بۆ ئەم نامۆیە لە گەڵ خۆتدا هەڵناگری و**

**بیبەی...بیبەی بۆ هەر شوێنێ خۆت بتەوێ.**

***

هەولنامەی کتێب

**ڕەشەبای شێت..گێژەلووکەی بێ ئابروو**

**روخساری شارەکەی من و ئەم شارەیان**

**هەڵپرووکاندووەو خۆیان دەخۆنەوە.**

***

**ئەم دەریایە**

**ناڵەی گوندە دووەکانی  لێوە دێ..**

**ئەم دەریایە**

**بۆنی کەزیی ئافرەتانێکی لێوە دێ؛**

**چاوەکانیان، فراوانترە لە دەریا...**

**شیرینترە لە زەردەپەڕ...**

**قومێ ئاوی ئەم دەریایە**

**هەناسەمە...پێی دەژیم**

**ئەگەر دەستبەرداری بم**

**دەسبەرداری خۆن دەبم**

**ئەگەر دەستبەرداری بم**

**ئەبمە رێبوارێ...دەڕۆم**

**بەبێ ئەوەی نیازی کۆچیشم هەبێ...!!!**

هەواڵنامەی کتێب

# پۆشتەی دڵدارێکی ونبوو

**بەشێک لەقەسیدەیەکی درێژ**

**ساڵێ، دوو ساڵ، سێ ساڵ، چوار ساڵ...**
**مێروولەکان...ونە رێیان**
**منیش دژی ئاشەوانم ،**
**ئەی نۆکەری کامەرانی،**
**نۆکەری ماف،**
**نۆکەری سەربەستی، ژیان.**
**ساڵێ، دوو ساڵ، سێ ساڵ، چوار ساڵ...**
**ئۆقیانووس ئێوارەیە.**

١٥-٤-١٩٧٧ کەرکووک

هەواڵنامەی کتێب

## چەند وشەیەک لە شێوەی خوێن

**ئاڤێستا لەسکی ئەهریمەن نوێژی کرد**

**ئێمەش خاچمان لەکۆڵایە،**

**لە ناو گەردەلوولی کارەساتا،**

**یەک دەکوژین...**

**گشت یەهودایین**

**گشت مەسیحین.**

٢٣-٥-١٩٧٨ بەغدا

هەواڵنامەی کتێب

## با برووسکەکان بمسووتێنن

**کێ داستانی ئەم هەورە ئاڵە پێنازانێ،**

**با لە زیخی ئەو کانییە پرسیار بکا**

**کە دەمی تاوان تک...تک ئاوەکەی هەڵمژی؟**

**با برووسکەکان بمسووتێنن**

**چۆلەکەکان خۆیان لەبەری گەرم کەن.**

٦-٧-١٠-١٩٧٨ بەغدا

**کاتژمێر ۷ ە هەرکەسەو خەمی خۆی لەکۆڵناوە،**

**ئاوەرەیی نێچیری راوێتی،**

**کاتژمێر ۸ ەهەرکەسەو پێی سواوە لە سەر زەوی،**

**کاتژمێر۹ ە کەس کەس ناناسێتەوە،**

**کاتژمێر ۱۰ ە دوکان داخرا،**

**دەرگا داخرا،**

**چرای ژووریش کوژایەوە.**

**هەوری زام گەواڵەیەک بوو شەقامەکانی شووشتەوە**

**دۆمەڵی روحیماواش کەرکووکی رۆشن کردەوە.**

**با ئەم شەویش وەک گشت شەوان**

**خەم لەباخەڵ با بنووین،**

**گوایەدەڵێن سبەینێ...**

١٩٧٨-٦ کەرکووک

( ئەم شیعرە بێناونیشانەی خوارەوەم لە هەولێر نووسی. یەکەم قەسیدەیە کە تەعیرێکی زاتی تەواو لەو بارودۆخە ناهەموارەم بکات کە تەنها دوو مانگ درەنگتر کوردستانم بە یەکجاری، جێهێشت. خەونی یەکێکە دەیەوێ بگاتە کێشوەرێ کە ئینسانی لێبێت)

**لە ناو گێژاوی دوو دڵێدا**

**وەک مۆمێ دەتوێمەوە،**

**سەرم ئەشکەوتە،**

**مۆزەخانەیە، سەیروسەمەرەیە.**

**لە نووکی پێم تا تەوقی سەر**

**لە ناو سەرابێکی رەشدا گینگڵ دەدەم ؛**

**نە دەتوانم پێبکەنم،**

**نە دەشتوان بگریم.**

**تاکو هەنگاوێکیش ناتوانم لەخۆم دوورکەومەوە.**

**ئای کە سەختە**

**مێشک توانای بیرکردنەوەی نەبێت!**

**ئای کە سەختە**

**دڵ بۆش و بەتاڵ بێت وەک نەبوون!**

**ئای کە سەختە**

هەواڵنامەی کتێب

مرۆڤ وەکو منی لێبێت.

بە جانتایەکی بچووکەوە،

عەودالّی شەقامە ترسناکەکانم،

لە تیشکی بەختیاریی دەگەڕێم.

هەندەی گەورەیی جوانیی،

هەندەی مەزنیی جوانیی،

بێزارم....بێزارم.

زۆرجار لە سێبەرەکەم دەسڵەمێمەوە!

لە نێوان دوو جەمسەری ترسناک دام،

ئەو سەری دووپشکێکی ڕەشە،

ئەمسەری دووپشکێکی زەردە،

چەقی ناوەندیش،

دەریایەکی ژەهرە.

بە هەردوو دەست سەرم توند دەگوشم،

تا توانام هەیە دەچمە خوارێ،

تا دەگەمە ئەو جیهانەی

کە گەورەترین نهێنییە.

دەبمە کۆلۆمبس و دەیدۆزمەوە.

کتێبخانەی کوردی

ئەو جیهانەی کە تەلیسمە،

ئەو جیهانەی کە خوای لێیە،

ئەو جیهانەی کە..........

.......................

بەڵام نا...نا

ترسنۆکم...ناتوانم بگەمە ئەو جهیانە.

جانتاکەم دەگرمە کۆڵ و

بەرەو یەکێ لە جەمسەرەکان وەردەچەرخێم.

دەمم بە قەد دونیا دەکەمەوە...

چ ژەهرە، چ کێمە، چ جەراحەتە، چ تلیاکە،

چ نیکۆتنیە هەڵیدەلووشم.

هەڵیدەلووشم...

کتێبەکان هەندێجار

نەوایەک دەبەخشنە دڵ،

زۆرجاریش کتێب سەرچاوەی ئازارە!

من دەمەوێ بێ پسوولە، بێ ناسنامە

هەموو جیهان بگەڕێم...مرۆڤ ببینم،

بەڵام

هەوالنامەی کتێب

**له هەموو سنوورەکانی جیهان**

**ژەندرمه و پیاوخۆر راوەستاون**

**چاویان زەق دەکەنەوە**

**داوای ناسنامەدەکەن.**

**ئاخ........دڵم..........وەکو دڕک له سینەم دەچەقێ.**

**سینەم وەکو زەماوەندی مردووی تیا بگێڕن.**

**سینەم وەکو تاڤگەیەکی هیچە،**

**خوڕەخوڕ و له هیچ دەدوێ.**

**سەردەکاته نێو ئەو ژەهرانه و**

**بۆ دواجار دەنوێ.**

١٦-٣-١٩٨١ هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

هەولنامەی کتێب

# باران

چەند پارچەیەک لەنامیلکەی باران

هەواڵنامەی کتێب

## بەخۆداچوونەوەیەکی خێرا

**زۆرجار دەبمە پووشێ**

**لە گێژاوی ئەم گەردەلوولە رەشەدا ون دبم**

**ئەم رۆژە مسینە دەژمێرم**

**تەمەنم کۆتەرە دارێکە**

**گەڵاکانی هەڵدەوەرن**

**لەم وەرزە تەڵخەدا**

**خۆیان بە زەمین دەناسێنن**

***

**بیر پیرە ئیفلیجێکی نیوەگیانە**

**زۆر وریا بن لە کارەساتێک**

**جاران ئاشێک بە تاڵ دەبوو**

**لەم رۆژەدا هەموو ئاشێک.**

***

**وەرزێکی وێرانەیە**

١١-١٢-١٩٨٢ ژنێف

هەواڵنامەی کتێب

**چیتان پێیە؟**

**خۆم چم پێیە؟**

**رمەکانتان گەلێ تیژە**

**چاوەڕوانی چی دەکەن؟**

**منیش پریاسکەیەکی دڕوام پێیە و**

**دوو سێ کتێب : دەربارەی**

**خۆشەویستی و خۆکوشتن.**

١٤-١٢-١٩٨٢ ژنێف

-٢-

**من كەشتییەکی پڕ لە شتی سکراب و نوێم**

**خۆم دۆزییەوە**

**لە ناوەندی ئەم ئۆقیانووسەدا**

**هەندێ جار خۆم خۆم لێدەخوڕم**

**هەندێ جاریش تەنها بایە**

**چارۆگەکەم بەرەو بەندەر دەبات.**

٨-٤-١٩٨٣ ژنێڤ

-١-

**دەمەوێ گۆرانییەکی نوێ بڵێم**

**لە ژێر ئاسمانێکی زۆر شیندا**

**وشەم نییەو**

**ئاوازیان لێدزیوم**

**بەڵام هاوار دەکەم خۆشتانمدەوێ.**

**خوێنم پیرۆزی سەرکەوتن بێت**

هەوالنامەی کتێب

**ئەگەر**

**خوێنە بۆ کانییەکان**

**قوولەرەش و پێپەتییەکان**

**رادەماڵێ**

**بەڵام خوێنم**

**هەند خۆش دەوێ**

**نازانم بیدەم بەچ**

**خۆشەویستێ.**

***

**من شاعیرێکی ترسنۆکم**

**من یاخییەکی عەنتیکەم**

**من رەفزی ئێوە دەکەم**

**من ئێستا کەم پیدەکەنم**

**من خۆمیش لەخۆم تێناگەم**

**بەڵام**

**من هەر منم**

**ئەگینا یەکێکی دی دەبووم**

١٣-٤-١٩٨٣ ژنێڤ

هەواڵنامەی کتێب

# گریانی نیوەشەوێ

بهێڵن کەمێ لەسەر شۆستەکاندا

بگریم.

نیشتیمانەکەم لە ژێر پێڵاوی هەمووتاندا

گیان دەدات.

ئێوەکێن؟

من ئێوەم لە بەهارێکدا جێهێشت

گوڵ لە بەردەم ئاغاکاندا

لەشەرما ئارەقی دەکرد.

من ناگەڕێمەوە،

ئەگەر نەگەڕێمەوە قاوغەکەم،

گۆرانییەک بڵێم کە خۆن بیڵێم.

حیزبی سۆسیالیست و

حیزبی کۆمەنیست و

حیزبی کرێکاران و

حیزبی جووتیاران و

حیزبی هەژاران و

هەواڵنامەی کتێب

**حیزبی ڕەنجدەران و**

**حیزبی بێکاران و**

**حیزبی لاوان و**

**حیزبی.........**

**حیزبی....**

**حیزبی..**

**حیزب**

**حیز**

**حی**

**ح**

**ح**

هەواڵنامەی کتێب

**دەبهێڵن کەمێ بنووم**

**با خەون بە خۆشەویستەکەمەوە** ببینن.

❋❋❋

**من هەژارێکی بێحیزبم.**

١٣-٥-١٩٨٣ ژنێڤ

# چاپکراوەکانی شاعیر

**شیعر**

1- باران، ژنیف، پۆیەزی ڤیڤان، ١٩٨٣.
2- زەردک، ژنیف، ئاگریێ، ١٩٨٨.
3- کتێبی شیعر، پاریس، ئاپکف، ١٩٩٦.
4- ئاقیقی زڕ و زستانێکی زۆر، بزەنسۆن، ١٩٩٨.
5- مانگ و هەڵپەڕین، سیوداد ریال، ٢٠٠٠.
6- ئاسمانمان لە شەققەی باڵ بێزار کرد، دەزگای گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٧.

**رۆمان**

1- زاکیرەی با، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
2- بلوژستان، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
3- پەناهەندە، رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

هەواڵنامەی کتێب

**وەرگێران**

**شیعر :**

1- ورزێک لە دۆژ و درەوشانەوە، ئارتور رامبۆ، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.

2- گوڵی خراپە، شارل بۆدلێر، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.

3- بەردی هەتاو، ئۆکتاڤیۆ پاس، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.

4- ئەکسیۆن ئێستی، ئیلیتیس ئیستی، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

**رۆمان :**

1- سەمەرقەند، ئەمین مەعلووف، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

2- خاتوون T، میلان کۆندێرا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.

**لێکۆڵینەوە :**

1- مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت دا، وێنەی مەعشووق و سەرچاوەکانی عەشق، تێزی دکتورا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

**بە زمانی فەرەنسی :**

1- دیوانی مەحوی، ئارمەتان، پاریس، ٢٠٠١.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب